"کتێبی گوڵچنێنێک لەمێژووی پادشایانی ئێرانو ئیسلاموشمشێر"



حامید رەشیدزەرزا

## Contents


بێڵانی 1400سالەی حوکمڕانانی ئیرانی موسڵمان 2
بەشی یەکەموجلدیەکم 2
پێشەکی وەرگێری کوردی: 2
تورکەکانی غەزنەوی 2
غوریەکان: 7
تورکانی ئالی ئەفراسیاب 9
تورکەکانی غەز 9
چیرۆکی ئیسماعیلییەکان 10
تورکانی سەلجوقی: 13
تورکانی خوارەزمشایی 18
هێرشی مەغوول 20
ئیلخانان 24
تورکەکانی ئەتابەک 26
چۆپانیەکان 31
باوندییەکان 34
تاتارانی تەیموور 35
تورکەکانی قەرەقۆینلوو 38
تورکەکانی ئاق قۆینلوو 38
قزڵباشەکانی سەفەوی 40
شاسمایلی هەوەڵ 44
ئیسلام وشمشیر: 52
لەیەکەمین 57
ئیسلام ئەوجۆرەی کە ئەمن تێیدەگەم(1) 65

ئیسلام ئەوجۆرەی کە ئەمن تێیدەگەم(2) 70
واقعیەتی دووەم: 73
ئیسلام ئەوجۆرەی کەئەمن لێیحالیم(3) 74
راستینی چوارەم: 75
ئیسلام ئەوەندەی کەئەمن لێیحالّیم(5). 77
ئیسلام ئاییني سەرگۆزەوی،یان ئاییني عەرەبی؟ بەشی (2) 79

## بێلانی 1400ساڵەی حوکمڕانانی ئیرانی موسڵمان

لە"حجاج بن یوسف ثقفی" هەتا "ڕووحوالله خومەینی"
(75-1400 هجری)

## بەشی یەکەموجلدیەکم

ناوی کتێب: گوڵچنینێک لەمێژووی پاڵشایان وحوکمڕانانی ایرانی ئیسلامی و ئیسلاموشمشیر.
نووسەر: مامۆستا دوکتۆر شوجاعەدین شیفا.
وەرگێرانی بۆسەر زمانی کوردی: حامیدرەشیدی زەرزا.

## پێشەکی وەرگێری کوردی:

وەک دەزانن "مامۆستادکتۆر شوجاعەدین شیفا"" نوسەرەکی دەنگینو دەستو پەنچە رەنگینو تۆژەرێکی ئاگادارو لێزانێکی کەم وێنەی فارسی زوانی ئیرانییە کە چەندین کتێبی بەوەجی لە مەر مێژوویی پڕ لە درۆو دەلەسی عارەبی دەشتەکیو کەشکۆل بە شانانەی ئاخوندی ئیران نوسیوە،یک لەوان کتێبی دوجلدی "لە دوای هەزارو چوارسەت سال مێژوی ئیسلامە" وەک بۆ خۆی دەبێژی ئەمەی لەم کتیبە نووسراوە" هەر ئێرانیەکی هەزارەی سێهەم دەبێ سەبارەت بەوڕاستیانەی چواردە سەدە مێژووی ئیسلامی ولاتەکەی بزانێت" ئەمنیش بەحالی خۆم گوڵچێنێکم لەو دو کتیبە وەرگێراوەتەوسەرزوانی کوردی کە ئەمە بەشی هەوەڵیەتی ئەگەر خدا لە عومرم موڵەت بدا بەشکانی دیکەش وەردەگێڕمەوە. حامیدرەشیدی زەرزا،سیدنی ئوستەرالیا،رێکەوت 2009/11/6ی زاییني.

## تورکەکانی غەزنەوی

بنیاتنەری زنجیرەی "غەزنەوی" غولامێکی تورک بوو بە ناوی "البتکین"، کە بە هۆی ئەمیر ئەحمەدی پاڵشای ساسانی لە بازاڕی کۆیلە فرۆشان کراو، و پاشان بوو بە غولامی کوڕی ئەمیرنەسری سامانی. ئەو غولامە وردە وردە بوو بە

خاوەنی پێنج سەت گوند، سەت هەزار هەسب، یەک میلیون پەزو دوو سەتو حەفتا مرۆی کەسینی تورک. و لە بارەگای سامانی بە پلەی "سوپاسالاری" سوپا لە"بوخارا"گەیشتو پاشان پلەی بۆ حکوومەتی خوراسان بەرز بۆوەو لە ئاکامدا دژی خودی "مەنسور" پاشای سامانی یاخی بوو. خوراسانی جێ هێشتو بۆ "غەزنەین" چوو ئەوێی بە پێتیختی حکوومەتی سەربەخۆ، ڕاگەیاند. کاتێک کە مرد شوێنی بۆ غولامێکی دیکە بە ناوی"سبکتکین" ماوە، کە بە نۆرەی خۆی بە دەستی "البتکین" لە بازاری عەبد فرۆشانی "نیشابور" کڕابوو بۆ "غەزنەین" بردرابوو. البتکین دوایی ماوەیەک ئەو غولامەی کرد بە زاوای خۆیو بەرلە مردن، ئەوی بە جێگری خوی دیاریکرد. "سبکتکین" لە سەردەمی سوپاسالاریی خۆی سنووری حکوومەتی خودموختاری غەزنەینی بە زنجیرەیەک شەڕی گچکەوگەورە بەرفرەوان کردو هەتا "نیشابوور"یش ڕۆییو بە گەلێک دەسکەوتو دیلو غولامێکی زۆرەوە گەڕاوە. "سوڵتانمەحموود" بناخەدانەری زنجیرە پاشاکانی "غەزنەوی" و ڕێگاکەرەوەی زنجیرە حکوومەتەکانی تورک لە ئێراندا، کە دوایی لە لایان شاعیرانی بارەگای خۆی بە "سوڵتان بنی سوڵتان" ناو دێرکرا، لە ڕەچەڵەی ڕاستەوخۆی ئەم دوو غولامە تورکە بوو، کە هونەریان وەک خودی وی لە شمشیرکێشانو تاڵانچییەتیدا خولاسە دەبۆوە.

ژیانی سیاسی مەحموود غەزنەوی بە براکوژی دەستی پێکرد، چونکە باوکی "سبکتکین" کوڕەکەی دیکەی بە ناوی سمایل بە جێگری خۆی هەڵبژاردبوو. بەڵام مەحموود دەستبەجێ لە دوایی مردنی باوکی لە "نیشابوور" هاتە"هرات"و دژی سمایل شورشی کردو ئەوی لە "قەڵای غەزنەیندا" خستە گەمارۆو سمایل خۆی بەدەستەوەدا، بەڵام لە دوای خۆ بە دەستەوەدان بەندی کردو لە وێی کوشت. دوای سەردەمێک مەنسوری دووەمی سامانی لە "بوخارا" دژی خانێکی تورک کە هێرشی کردبووە"سەمەرقەند"، دوای یارمەتیی لە سوڵتان مەحموودی غەزنەوی کردو مەحموود نوێنەرێکی بۆ وتووێژ ناردە بارەگای وی، بەلام لە وێ نوێنەری مەحموود بە پێی فەرمانێکی نهێنیی وی لەگەڵ فەرماندەری تورک بوونە هاودەستو ئەو دوو کەسە، "پاشای سامانییان" لە تەخت هێناخوارو، پاشان کوێریان کردو براکەیان لە شوێنی دانا، بەمجۆرە ئەو مەترسییەیان لە ناوبرد کە دەیتوانی لە لایان سامانیانەوە ڕوو لە مەحموود بکات.

لە دوای ئەمە حکوومەتی خوێناویو تاڵانچی تورکانی غەزنەوی لە ئێراندا دەستی پێکرد کە سەر زنجیرەکەیان، مەحموودی غەزنەوی، لە مێژووی ئێران بە لوتفی چوارشاعێری پەسنکار، - کە سوڵتان مەحموود بە حیساب لە سەرکردن لە بارەگای خۆی کۆکردبۆوەو بە بڕیک پارە لە باجی بەلێشاوو تاڵان، بۆ پێداهەڵگوتنی خۆی بەکرێی گرتبوون - ئەویان بە"شای شاهان "و ئەدەب پەروەرو ناساند، لە حاڵێکدا بە لێکدانەوەو تەخمینی عەباس ئیقباڵ لە کتێبی "مێژووی ئێران" ئەو هەرلە بنیاتڕا فارسی نەدەزانی هەتا باشو خەراپی لە شێعری فارسی لێک هەڵاوێرێ، ئەدەب دوستی ویش لە خۆ نیشاندان وێوەتر نەبووە. هەتا ئەو شاعیرانەی کە مەدحیان دەکرد ئەمەیاندەزانی، ڕەنگە ئەوەی لەگەڵ تەنیا دەماوەری ناماستاوچیی سەردەمی خۆی، "فیردەوسی" و تەنیا پسپۆری ناماستاوچی، "ئەبوو ریحانی بیرونی" کردی، دەربڕو لە قاودەری ئەم ڕاستییەبێت، چونکە ئەو پەیمان شکێنیەیی ئەو لەگەڵ فیردەوسی کردی، کە هەمووئاگادارن، تەنانەت فەرمانی کوشتنی بۆ"ئەبۆریحان بیرونی" دەرکرد بەتاوانی ئەمەی کە بیروبۆچوونی لەگەل ئاقیدەو دەمارگرژیی مەحمودی ڕێکنەدەکەوت، کە بە تکای "ئەبو نەسر مشکان"ی دەبیری، لە بەرپوەبردنی ئەم فەرمانە پێشگریکرا. هەروا فەرمانی کوشتنی "ئەبووعەلی سینا" و"ابوسهل مسیحی"شی دەرکرد، بە تاوانی ئەمەی کە حازر نەبوون لە بارەگای وی ببن بە ماستاوچیو ئەم دووە سەردەمێکی دوورو درێژ لە ترسی مرۆڤ کوژانی مەحموود بەشیوەی نهینی خۆیان حاشاردا لە پەنای دەرباریەکانی ئیرانی لە "زیاریان" و "دەیلەمییان"دا دەژیان.

لە نێوان ساڵەکانی٣٩٢392و ٤١٦ی کۆچی، یانی لە ماوەی٢٤ساڵاندا مەحموود حەفدەکەڕەت بەناوی خەزا لەشکری کێشایە سەر"هندوستان" کە ئامانجەکانی تەنیا تاڵانی بوتخانەکانی تەژی لە جەواهێرو شتی قیمەتی وان بوو، نەک موسڵمان کردنی دانیشتوانی. لە تاڵانی بۆتخانەکانەی "سومنات"دا، ئەم بینا کۆنە کە یەکێک لە جوانترین نموونەکانی میعماری هندبوو، بە چوارگومبەزە زێڕەکەیەوە ویران بوو، خەزینەکەی کە لەگەوهەرەکانی خەڵاتی کۆکراوە لە درێژایی سەدەکان دارماڵ و پڕبوو، تاڵان کرا. شیکردنەوەی قولینچکێک لەم ڕووداوەی دەکرێ لە "زین لاخبارگردیزی"دا ئەوها بدۆزینەوە:

((لە وێ بۆ"مەحمودغەزنوی" دەگێڕنەوە کە لە وێشکایی "دەریای محیط"دا شارێک هەیە، کە بۆ دانیشتوانی وەک "مەکەی" موسڵمانان وایە، لە وێ هەموو بوتەکانیان بە زێڕو زیو ڕازاندۆتەوەو گەوهەریان لە ناو زێڕوزیودا داناوە، سامانێکی لە ڕادەبەدەر لەو خەزینەیەدا دانراوە. کاتێک ئەمیرمەحموود ڕەحمەتی خودای لێبێت، ئەم خەبەرەی بیست، مەزاقی هەستا بچێتە ئەو شارە. دەستووری داکە لەشکربەرەو شاری"سومنات " وەڕێکەوێت. لەو شارەدا دەستیان بەکوشتو کوشتارکرد دریغیان لە شمشیرکێشی نەکرد، گەلێک کافریان کوشتنو هەموو بوتەکانیان شکاندنو هەموو ئەو زێڕو جەواهیراتو گەوهەرانەیان وەک دەستکەوت لە وشتران بارکرد، کە لە ناویان لە بن بوتەکاندابوونو هێنایاننەوە شاری"غەزنین" ... و لەکاتی گەڕانەوەدا، چونکە خەبەریان پێگەیبوو کە لەشکرەکانی هند ڕێگایان پیدەگرن بۆ پاراستنی ئەوهەموو دەستکەوتە لە دریایاندا، چونکە ئەمەیان لە شەڕ لە گەڵ دوژمن پی باشتربوو، بە ناچاری گەلێک لە لەشکرەکەو هاو ڕێیانیان لە سارای بی ئاووگیا سەرگەردان مانەوەو مردن. بایی ئەم دەستکەوتە کە محموود بە"250"فیل و53000غەلام بۆ غەزنینی برد، چل کرور دیناری زێڕبوو. و لە دەست بەسەرداگرتنی وڵاتی مولتاندا، لە سەرئەوەی دەرکەوانەکەی هەڵاتبوو دەستووری دا هەموو دانیشتوانی وێیان کوشتنو دوایی هەرچوارده گومبەزی زێڕیان وێران کردنو هەموو زێرەکانی دەگەڵ شتی بەنرخی دیکە، کە لە ژمارە بەدەربوونو لە ماوەی دەیان سەدە لە سومنات کۆکرابۆوە هەڵگرتنو لەگەڵ خۆی بردن)).

"فەڕوخیی" سیستانی کەلە سەفەری شەڕی هندوستان لەگەڵ مەحموود بووە، لە قەسیدەیەکی دوولایانەدا زوڵمو زۆریەکانی وی لە جلۆ بەرگی پێداهەڵگوتندا ئەوها باس دەکات:

آن سال خوش نخسبد و ازعمر نشمرد
کاز جمع کافران نکند صد هزار کم
تا چند روز دیگر، از قلعه های صعب
دەخشت بر نهاده نبیند کس بهم
زنشان اسیرو بردەشود مردشان تباه
تنشان حزین و خسته شود،روحشان دژم
وز خون حلقشان همه برگوشه حصار
رودی روان شود به بزرگی چو رود زم

نووسەرەکانی ڕووسی کتێبی((مێژووی ئێران لە سەردەمی دێرین هەتا سەدەی هەژدەهەم)) هەموو ئەم حەفدەلەشکرکێشیەیان بۆ سەرهندوستان، لەمەدا خولاسەکردوە کە:

((مەحموودغەزنەوی لە حەفدەکەڕەت لەشکرکێشی بۆ هندوستان، باشووری ڕۆژئاوای ئەم وڵاتەی بە سەرزەمینەکانی دەست بەسەرداگرتووی خۆیەوە لکاند. ئەو لەشکرکێشانە بە دورشمی شەڕ لە پێناوی دینو دژی بووت پرستانی هندی ئەنجامی دەگرت، بەلام بەکردەوە هیچکام لەوانە پەیوەندیی بە برەوی ئیسلامەوە نەبوو بەڵکوو سەرجەم ئامانجی ئەم شەڕو لەشکرکێشانە وەدەست هێنانی دەستکەوت بوو، هەروەک لە یەکێک لەو لەشکرکێشانەدا بیست میلیون درهەم پارەوکەلو پەلی بەنرخو57000 کویلە350فیل بە لەشکرەکانی سوڵتان مەحموود بڕا))

سناریوی وێکچوو لە مەڕ"غەزوەی ئیسلامی"ی مەحمود، لە"ڕەی" دەتوانین بدوزینەوە:

"مجدالدولەی دەیلەمی" کە لە دوای مردنی دایکی کارزانو ئاقڵی لە فەرمانگەی کارەکانی ڕەی، لە بەرامبەر کارشکێنی دژکاراند دەستەوەستان مابۆوە، داوای یارمەتیی لە سوڵتان مەحموود کرد. مەحموود کە سەردەمێک بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی"ڕەی"بە دوای پەڵپو بەهانەدا دەگەڕا، لە سەر ڕەزایەتی وی چووە شاری ڕەی، بەڵام سەرەتا خودی وی بە تۆمەتی چاوی تەماع برێن لە زوتکردنی خەزێنەی دەیلەمییان زیندانی کرد، پاشان بەم بیانووە کە ئەو پیاوێکی ڕافضی(شیعە)یەو شاری ڕەی کردۆتە شوێنی حاشارگەی ڕافزییانو فەیلەسووفان، کوشتیو کتێبخانە تەژی لەکتێبە بایەخدارەکانی ویی ئاگرداو سوتاندی. "نیزام الملک" شیکردنەوەی ئەم مەسەلەی لە سیاسەتنامەی خۆیدا ئەوها باس دەکات:

((سوڵتان مەحموود کوڕی سبکتکین ڕەحمەتی خودای لێبێت لەلایان خودای تەعالاوە، بەقۆشەنێکی زۆرەوە هاتە شاری (ڕەی)و دەستی بەسەرشارەکەداگرتو ئەوهەی دەیویستو مەراقی بووکردی کە سنوورو تخووبی نەبوو بە دوورودرێژی

لە فەتحنامەیدا نووسیو بۆ "خەلیفەالقادربالللە"ی ناردو دەستووری دا گەلێک سێدارەیان هەڵخستنو گەورە پیاوانی دەیلەمیان لە داردان، و هیندیکی لە وان لە پێستی گای وەرپێچانو بۆ "غەزنین"ی ناردنو پەنجاهەزار خەروار دەفتەرو کتێبی ڕافزیانو باتینیانو فەلاسەفەی لەماڵەکانیان هینانەدەر و فەرمانیدا لە بن تەرمی لەدار دراوەکاندا بیسووتێننو ئەوکاری لە بەر چاوی هەموو زانایانو پیاوچاکانی شاردا کرد کە حزوریان هەبوو بەزوانی خویان دەمیان پیدا هێناو ئیعرافیان بە دورستی ئەم کارەکرد))

لەم بارەوە لە(مجمل التواريخ)دا هاتووە: ((... دەستووریدا هەتا ماقوولانی دەیلەم سەرجەم لە دار بدەنو دەستەیەکی لە پێستی گایدا دروونو کتێبەکانو دەفتەرەکانی زاناو پسپۆرەلانی ڕافزیانی لە بن ئەو سێدارانەدا سوتاندن کە ئەوانیان پێوە هەڵاوەسێبوونو زێدە لە سەت هەزار بێدێنی هەرچەند لە زانیاریدا وەک بووحەنیفە بوون لە داردان)).

ناوەرۆکی ئەونامەیەی کە سوڵتان مەحموود بەدوای شمشیرکێشیی ئیسلامیدا بۆ(القادربالله) خەلیفەی بەغدای نارد، ئەوها دەگێڕێتەوە:( سەلام لە سەییدو مەولای ئیمە (امام القادربالله ئەمیرەلموئمنین. ئەو هێندەم قاقەز بەدوای یەکدا پێدەگەیشت کە؛ دەیلەمیەکان فەسادو زوڵمو دین داهێنانی بە ئاشکرایان کردوەو حاشا لە بوونی خوداو ئەهانت بە حەزرەتی ڕەسول دەکەنو نویژ ناکەن ڕۆژوو ناگرنو بۆ حەج ناچنو زەکات نادەن، خودا بەمەجاهدەتی ئەو بندەیەی، دەستی خاوەنانی کفرو بێدینی لە سەرزەمینی "ڕەی" کورتکردەوە کە ئەو شوێنەیان کردبوو بە حاشارگاو لە وێ بەئاشکرایی کفرو بێدینی خۆیان بەڕاشکاوی لەگەڵ گۆشەنشینیان تیکەڵ کردبوو. منی غولام بە سوپای خۆمەوە چوومە سەر ڕێبەری وان "ڕۆستەم کوری عەلی دەیلەمی"و کاتێک خۆی بەدەستەوەدا مەسەلەکەم بە پسپۆرو زانایانی ئایینی ئەسپاردو ئەوان بە یەکدەنگ فتوایان دا کە ئەم قەومە هەنگاویان لە بازنەی ملکەچی حوکمەکانی شەرعیەتی خودا ناوەتە دەرەوەو ڕوویان کردۆتە فەسادو گەندەڵیوگومڕاییو کوشتنو قەڵاچۆو دەستو قاچ بڕینو دوور خستنەوەی ئەوان پێویستو واجبە. پاشان لەشکری تورکم، کە موسڵمانو خاوەنی دینی پاکن، لە سەردەیلەمیانو کفرو بیدینیو بواطنە دانا هەتا تۆوی ئەوان لەبنو ڕیشەوە هەڵقەنن. بە ماوەیەکی کورت بە تەوفیقی خودای عەززە وەجەل زەویم لە لامەزەبان خاوێن کردەوە.)): "...ومەحموود بەردەوام دەیگوت کە ئەمن بۆ عەباسیان قامکم هەڵێناوە لە سەرانسەری دنیا، و بەدوای (قرمطی)دا دەگەریم، "مەبەستی گروپی ئیسماعیلیەکانە. وەرگیڕ" لە هەرشوێنێک بیاندۆزمەوە لە سیدارەیان دەدەم" ئەوها بوو کە سولتان مەحمود، ڕەحمەتی خودای لێبێت، لەدژی حاشاکەرانی خودا، ئیسلامی بە دلیلو بەڵگەی شمشیر گەڕاندەوە.))

لە دوایی تاڵانکردنی ڕەی، مەحموود هەربە برۆ بیانووی پەرەچەنگ لەگەڵ بێدینان هێرشی کردە "قەزوین، ساوەو مەلایر"و مەسعودی کوڕی خۆی بۆ بەڕیوەبردنو سەڕافەتی کردنی ئەو شارانە داناو بۆخۆی گەڕاوە. مەسعود لە دوای گەڕانەوەی باوکی، هێرشی کردەسەر ئیسفەهانو دەستی لەکوشتو کوشتارێکدا کەپێنج هەزارکەسی تێدا قەڵاچۆکران. بە چاکەی هەموو ئەوانە، مەحموود لە لایان خليفه القادر باللەوە کە بۆ خۆی لە بەغدا کایەی دەستی دەرەکیەکانی تورکی دەموو دەزگای خەلافەت بوو، بە فەرمی لە نازناوی "ييمن الدولە، ئەمين الملەو غازيی" وەرگرتو ناسناوی "سیف الدولەشی" بەرلە وی بەهۆی ئەمیرنوح سامانییەوە درابۆیە. لەگەڵ ئەو هەموەدا ئەو سوڵتانی ئیسلام پەنایە، کە بۆ شمشیرکێشی بە ناوی خودا، دایمو دەرهەم حازری بەڕیوەبردنی ئەرکی ئیسلامیی خۆی بوو، لەو شوێنەی کە باسی بەڕیوەبردنی فەرزەکانی دیکەی ئیسلامی دەهاتەگۆڕ حازر نەدەبوو، چونکە شرابخۆرێکی قەهاربوو هەروا فاسقو زیناکاریکی کەم وێنەو ئاشکرا، بە تایبەت لە غولامبازیو تەماع لە لوسکەدا بێدادی دەکرد، هەر وەک چیڕۆکی ئەوینی وی لەگەڵ (ئەیاز) غولامی تورک بۆتە یەکێک لە بابەتەکانی ئەدەبی فارسیو کەوتۆتە بەرئاماژەیەکی زۆر لە لایان عەتارو سەعدیو عەراقیو تەنانەت شێعریکی سەرجەم لەلایان زولالی قەراری گرتووە. مەحموود لە دوای ٣٢ساڵ پادشایەتی،لە تەمەنی ٦١ساڵی دا بە ئازارە باریکە"سل" مرد.

جێگری مەحموود بە پێی وەسیەتی وی محەممەدی کوڕی بوو کە بە ناوی جەلالەدین لە شوینی باوکی دانیشت، بەڵام کوڕێکی دیکەی مەحموود هەر بەمجۆرەی کە بۆ خۆی لە دوای مردنی "سبکتکين"ی باوکی لەگەڵ سمایلی برای کردبووی، پیلانێکی بەهاوکاریی مامی ڕیکخستو دەستی محەممەدی برای لە دانیشتنیکی شەرابخواردنەوەدا بەستو کوێری کردو لە بەندێی کرد. ئەزقەزا مەسعودیش لە کۆتایی سەلتەنەتی پڕلەکێشەی خویدا، غولامەکان لێی دەرهەڵبوونو شورشیان لە دژی وەڕیخستو خودی مەسعود بەفەرمانی براکەی لە قەڵایەک بەناوی "کسری" دا زیندانیکراو هەرلە وێش کوژرا. پادشایەتیی سوڵتانمەسعود بە لە سێدارەدانی حەسەنەکی وەزیر، یەکێک لە

کارزانترین لێژنەی وەزیرانی ئێرانی سەردەمی ئیسلامیی دەستی پێکردو لە بەدواداچوونی شەڕەکانی تالانچییەتیی باوکیدا لە هندوستان بەناوی دەستکەوتی ئیسلامی بەردەوام بوو، بەڵام ئەم سەرکەوتنانە دوایین سەردەمی شکۆی غەزنەویان بوون، چونکە سەرهەڵدانی تورکە تازە پێگەیشتوەکانی دیکە، بەناوی سەلجوقیان، غەزنەویەکانی ڕوو بەڕووی تێشکانی پەیتاپەیتا لە بەرامبەرئەواندا کردەوە.

ژیانی مەسعود بەشەڕو کوشتار لە هەر چوارلای حکوومەتی غەزنەوی تێپەڕیو زێدە ڕۆیی و سنوور پەڕاندن لە شەراب نۆشینو خۆش ڕابواردنو دڵچەراندندا کە ئیغیرەتە کێوییەکەی بوو، کە بە پێی عادەت لەگەڵ ئیسلام پەنایی و(قرمطی)و ئیسمایل کوژیەکەیدا شان بە شان دەڕۆیی، بوو بە هۆکاری تێشکانی. ئەم پاڵشایە تورکە زۆرگۆو براکوژوخوێنرێژە، وەکوو باوکی لە لایان شاعیرانی بەناوبانگی وەک "عونسوری"و "فەڕروخی"و بە تایبەت "مەنوچێهرییەوە، کەوتە بەرئەو مەدحو پێداهەڵگوتنەی کە بەرلە وی پێشکێش بە باوکی کرابوو. سەرجەمی بیرەوەریەکانی ژیانو پاشایەتی وی، دەکرێ لە مێژووی بێهەقیدا بدۆزینەوە.

لە دوای مردنی مەسعود،"مەودودی" کوڕی، دژی مامی کوێری خۆی، محەمەد غەزنەوی، شورشی کردو دوای چوارمانگ پاشایەتی لە دەورەی دووەمی سەلتەنەتیدا کوشتی. هەرئەو"مەودود"ە پاشان بە دەستی عەبدولڕەشیدی کوڕی دیکەی سولتان مەحموودی غەزنەوی لە تەختی پاشایەتی هێندراخوار، کە بە دەستووری وی زیندانی کرابوو پاشان کوژراو عەبدولڕەشید لە دوای سێ ساڵ سەلتەنەت بە نۆرەی خۆی لە گەڵ نۆ کەسی دیکە لە پاشازادەکانی غەزنەوی بە دەستی یەکێک لە غولامەکانی مەودود بە ناوی توغول کوشتران. ئەم پەردەدارە بە هۆی ئەو سپڵەییەی دەرهەق بە وەلینعمەتی خۆی کردبوو ناسناوی (کافرنیعمەت)ی درایە، بەڵام ئەم (کافری نیعمەتی)یە بەقازانجی نەبوو، چونکە تەنیا چل ڕۆژ دواتر بە دەستی غولامێک کوژرا، ئەو جار کوڕی سولتان لە شوێنی وی لە سەرتەخت دانیشت، ئەویش دوای سەردەمێک کوژراو پاشایەتی بۆ "برایم"ی کوڕی سوڵتان مەسعود غەزنەوی ماوە، کە کاتی کوژرانی باوکی منداڵێکی گچکە بوو لە چاخی ڕۆژەکانی حکوومەتی توغرولی کافری نیعمەت لەو قەلاتەیدا زیندانی بوو کە (فەروخزاد)ی برای تێدا زیندانی کرابوو. بەم هۆیەوە دوای کوژرانی فەروخزاد، ئەمیرانی غەزنەوی ئەویان لەزیندان هینادەرو لە سەرتەختی پاشایەتییان دانا. ئەو دەستی دۆستایەتیو ئاشتیی دایە سەلجوقیەکانو کچی خۆی دا کوڕی ئەلب ئەڕسلانو کیژی مەلیکشای بۆ یەکێک لەکوڕەکانی خۆی هێنا. هەرچەند ئیدی هیچ کەس کاری بە وی نەبوو، سوننەتی بنەماڵەی لە مەڕهیرشی ئیسلامی پڕ بەرەکەت بۆ هندوستان لە بیر نەکردو هەتا ئەو جێگایەی کە دەستی بە هندوستان رادەگەیی کۆتایی نەکرد، هەرچەند خەڵکەکەی بەدوای بیست شەڕی باوکو باپیرانیدا ئیسلام ببوون، لە وەدەستهێنانی دەستکەوتی ئیکجارزۆردا، بەردەوام بوو و تالانی کردن. خۆنواندنێکی زۆری بە شیوە ئاخوندی هەبوو. ساڵێ سێ مانگ بەڕۆژوو دەبوو، هەمووساڵێ قورئانێکی بەخەتی خۆی دەنووسی و پێشکێشی بەماڵێ کابە دەکرد. لە ئەرکی شەرعی وگوتنی لاالەالاالله،ش غافڵ نەبوو، چونکە ٤٠کیژو ٣٦کوڕی لە پاشخۆی بە یادگاربەجێهێشتن.

ساڵەکانی دوای ویدا هەتا کۆتایی سەردەمی غەزنەوی، هەمووی بە ئاژاوەو پێک هەڵپڕژانو خوێنرێژیو براکوژی تێپەڕبوو. "ئەرسەلانشاە"ی نەوەی برایم، شیرزادی برای خۆی کوشت کە داواکاری سەلتەنەت بوو. براکەی دیکەی زیندانی کرد، بەڵام لە دووەمین ساڵی پاشایەتیدا، سەنجەری سەلجوقی کە پاریزگاری خوراسان بوو هێشتا بەپاشایەتی نەگەیبوو بەپشتیوانی لە تەنیا برای ئەرسلان شا، کە گیانی لە کوشتاری بنەماڵەی ڕزگارکردبوو، هێرشی کردە غەزنەیو ئەرسەلانی شکست داو "بارامشای" لە سەرتەختی سەلتەنەت دانا بەم مەرجەی ساڵانە دووسەتو پەنجاهەزار دینار بۆ دیوانی سەنجەر بنێرێ. دوای گەڕانەوەی سەنجەر بۆ خوراسان، ئەرسەلان بۆ غەزنە گەڕاوەو براکەی لە وێ دەرکردو بۆ خۆی مانگیک بەپاشایی دانیشت، هەتا بارامشا جارێکی دیکە بە یارمەتی سەنجەر هاتە غزنەو ئەو جار ئەوی کوشت، بەڵام ئیدی لەمە بەدوا غەزنەویان سەربەخۆیی خۆیان لە بەرامبەر تورکانی سەلجوقی لەدەست دا.

سەرچاوەکان:
1-عباس اقبال (درتاریخ ایران) ص 264-.266.
2-عیون الاخبار،ج2،ص .120
3-تاریخ ایران ازدوران باستان تاسدە هجدهم میلادی،اثردستەجمعی محققان روسی،ترجمەفارسی کریم کشاورز،ص.200.

4-نظام الملک: سیاست نامه. چاپ تهران،ویراستاری عباس اقبال،ص 77.
5-مجمل التواریخ،ص 402.
6-تاریخ الاسلام السیاسی والدینی،تألیف حسن ابراهیم حسن، چاپ قاهره،ج 3،ص 168.
7-تاریخ بیهقی،ویراستار وچاپ دکترقاسم غنی وعلی اکبر فیاض،ص 183.
8-تایخ یمینی،ص 332.
9-برای بررسی بیشتردرتاریخ غزنویان: ابن مسکویه: تجارب الامم: ثعالبی: غررفی سیرالملوک واخبارهم: ابونصرالعتبی: کتاب الیمنی درتاریخ سلطنت سلطان محمود غزنوی: ابوریحان بیرونی: آثارالباقیه؛ ابن الاثیر:کامل: یاقوت حموی: معجم البلدان: گردیزی: زین الاخبار: ابوالفضل بیهقی؛تاریخ آل سبکتکین.

## غوریەکان:

لە ساڵەکانی 543 هەتا 512ی کۆچی،تورکانی غەزنەوی شوێنی خۆیان لە فەرمارِوایی دا بە چیانشینانی غوری کە لە هەزارستانی هەنۆکە دەژیان، و لە سەردەمی سامانیانو غەزنەویان بەشێک لە سەرزەمینی ئەوان بوو. دەستەیەک لە ئەمیرانی ناوچەیی ئەم ویلایەتە کە لە زەمانی سەفاریاندا خود موختاریەکی بێرنگیان هەبوو، وردە وردە دەسەڵات و قودرەتیان لە وڵاتی غور، بە دەستەوە گرتو لە سەردەمی مەحموود غەزنەویدا بە ئینکابەریو پەرەچەنگ دژی وی رابوون.   ئەم ئەمیرانە حەسلو نەسەبی خۆیان دەگەیاندەوە شنسەب ناویک لە کەسو کاری زوححاکی عەرەب، کە بە رەواڵەت لە سەردەمی خەلافەتی عەلی کورِی ابو تالیب لە سەردەستی وی موسڵمان ببوو. سوڵتان مەحموود "ئەمیرشنسەبی محەممەد سووری" تیکشکاندو زیندانی کرد، ئەو خۆی لە زینداندا کوشت، لە دوای وی غوریەکان ملکەچی پاشایەتی غەزنەوی بوون.   یەکێک لە ئەمیرانی غوری بە ناوی مەلیک عێزەدین حوسێن بوو.   کە حەوت کورِی هەبوونو دوایی لەو حەوت کورِە چواری بە سەلتەنەت گەیشتنو ناسناوی(ئەبوو سەلاتین)یان پێدا.   یەکێک لەم چوارە، یانی فەخرەدین مەسعودی کورِەگەورەی بوو کە بنیاتنەری لکی (غوری بامیان) بوو، بەڵام چونکە دایکی قەرەواشێکی تورک بوو، ماقی جێگری باوکی لە شاری حەسلی غوریە وەدەست نەهێنا. کورِەکەی دیکەی "قوتبەدین محەمەد" ناسناوی ملک الجبال بوو کە لە ترسی دووبرای خۆی پەنای بۆ بارامشاە لە غەزنین برد، بەڵام بەهرامشاەکە خەزوریشی بوو لەبەر ئێرەیيو چاوتەنگی دەرمانداوی کرد ئەمە هۆکاربوو کە برای وی سەیفەدین لەشکری بۆ غەزنین کیشاو بارامشای بۆ هندوستان دەرپەرِاندو بۆخۆی لە شوێنی لە سەرتەخت دانیشت.   بەڵام ئەو کەرِەتەش بەگەرِانەوەی غوریەکان بۆ غەزنە، بارامشاەجارێکی دیکە بۆئەم شارەگەرِاوەو ئەمیرسەیفەدینی بەدیل گرتو ئەتک سواری وشتری کرد بە دەوری شاریداگێراو دەستووریدا کە خەڵک لە باڵاخانەکان تەنکە زبڵو زاڵو پیسایی بەسەردابکەن، پاشانیش کوشتی.   ئاکامەکەی ئەمە بوو کە براکەی دیکەی، غوری عەلائەدین، لە دەرمانداوکردنی برایەک وکوژرانی براکەی دیکەی وا توورِەبوو کە سویندی خوارد شاری غەزنین وێرانو خاپوورکاتو بنەماڵەی غەزنەوی لە سەرهەربزر کات.   لەشکری مەزنی وی لە سێ شەری بەدوای یەکدا بە سەرسوپای بارامشایدا سەرکەوت و چووەنێو غەزنین، ئەوکەرِەتەش بارامشاە هەڵاتە هندوستان.   غوریەکان بەفەرمانی ئەمیری خۆیان حەوت شەورۆژ سەرانسەری غەزنینیان ئاگرتێبەردا ودانیشتوانی ئەوێیان هەموو قەڵاچۆکردنو تەرمی هەموو پاشاکانی غەزنەوییان جگە لە سوڵتان مەحموودو مەسعودو برایم لەگۆرِهێنادەرو ئاگریان تێبەردانو کتیبخانەکانی شاریشیان ئاگردان، وەها کە لە دوای ئەمە، عەلائەدین بە(سوڵتانی جهانسوز) ناو دێربوو.   ئەم سوڵتانە دنیا ئاگردەرە بۆ خۆی بەدەستی سوڵتان سەنجەر بە دیل گیراوبارامشاە بۆجاریسێهەم لەدوای گەرِانەوەی غوریەکان بۆ "غەزنە"گەرِاوەو پاشایەتیی خۆی راگەیاند، بەڵام ئەوجار دوای سەردەمێکی کورت مرد.   ناشیگەریەکانی ئەم پاشایەی براکوژو میوانکوژ وتیفیزرانوو، پێتەختی مەزنو بە سامانی وەک "غەزنەینی" بەو هەموو خەزینەودەفینەوە، کە بەهۆی تالانچییەتی پاڵشاکانی لە وێ کۆ ببۆوە، لە ناو بردو هەزاران کەسی لە دانیشتوان بە شمشیر وەشێنانی چیانشینەکانی غوری ئەسپارد.   لە سەر ئەوحاڵەش لە لایان مەسعود سعدو سەنایی پیی

هەڵگوتراوە، کە حدیقەوالحیقە، شێعری بە ناوبانگی خۆی بە ناوی وی هۆندەوە، هەروا ابوالمعالی "کلیلەو دەمەنە"ی بهرامشاهی بە ناوی وی ناودیرکرد.

عەلائەدین لە دەورەی دووەمی پاشایەتی خۆیدا هاتە سەرئایینی ئیسماعیلییە، بەڵام لە دوایی مردنی، سەیفەدینی کوڕی کە جێگری بوو، بە پێچەوانە دەستی بەکوشتوکوشتاری ئیسماعیلیەکرد. لە سەردەمی وی غەزەکان کە پاشان لە ئێران بەحکوومەت گەین تاودانی چوارناڵەی تاڵانچییەتیی خۆیان دەستپێکردو بە سەرخوراسانوسیستانوکرماندا زاڵ بوونو سەیفەدین بە سوپایەکی بەلێشاو لە غوریان چووە شەڕی وی، بەڵام لە ئولکەی شەر سوپاسالارێکی خۆی بە تۆڵەی براکەی کە بە دەستی سولتان کوژرابوو بە نیزە لە سەرپشتی هەسبی فڕیداو دوژمنانی غەز دەستبەجێ سەریانبڕی. جێگری وی، کورەمامی غیاسەدین، جگە لە غەزەکان لەگەڵ دوژمنانی تازە پشوی دیکەی بە ناوی تورکانی خوارزمشایی ڕووبەروو بوو کە هەتاکۆتایی سەلەتەنتی ژیانیان لێ تاڵ کرد. هۆکاری حەسڵی لەم کێشەو هەرایەی نیوان غوریەکانو خوارزمی شاییان، "خەلیفەی عەباسی الناسرەدین" بوو کە بەرێ باسمان لێکرد. ئەم ئەمیرالمومنینە کە هەموو سەردەمی خەلافەتی بە دوو بەرەکی نانەوە وەک ئاگری بن کایە، لە نێوان هاوسێکاندا تێپەڕکرد لە زەمانی لەشکرکێشی "عەلائەدین تەکشی" پاشای پێشینی خوارزمشاهی بۆ ڕۆژئاوای ئێرانو تێکدانی گەڵاڵەی خەلیفەی بەغدا لە لایان ئەوەوە، لەگەڵ خواڕزمشاهیان دوژمانیەتیەکی قوڵو توندی هەبوو بۆ ئەوەی لە دەستیان بحەسێتەوە، دایمو دەرهەم پێشکێشی گرانبایی بۆ پاشاکانی غور دەنارد تا بە دەست درێژی بۆ سەرملکەکانی خواڕەزمشاییەکان دنەیان بدات،و لە شکرکێشیەکانی غوریەکان بۆ سەر"خوڕاسان"یش بە دنەی ئەو سەری گرت. پاشان هەرئەو خەلیفەیە، تورکانەی قراختائیو بەتایبەت ئەو مغولانەی لە شوێنی غوریان، کە مەیدانیان بەجێهێشتبوو، دژی سوڵتان محەمەد خواڕەزمشایی تیژ کردنو تاودانو بەم ڕێگایەدا ئێرانی ڕووبەڕووی گەورەترین خوێنڕێژیو موسیبەتی مێژوویی خۆی کردەوە.

سوڵتان غیاسەدین کە نەخۆشی (نقرس)ی هەبوو لە سالی ٥٩٩مرد و سەلتەنەتی لە جیاتی کوڕی خۆی بەبراکەی ئەسپارد. لە سەردەمی وی فەخرەدین مبارەکشاە، وێژامەکی تێروپڕو موسەجەعی لەسەر وەزنو سەبکی شیعری شاهنامەی فیردەوسی سەبارەت بە مێژوو حەسڵو نەسەبو ڕەچەڵەی پاشاکانی غور لە دەورانی زوححاک هەتا غیاسەدین محەمەد هۆندوە کە بە ناوی عەلائەدین جهانسوزەوە دەستی پێکرد بوو.

"سوڵتان موعەزەدین" پاشای تازە، لەماوەی دووساڵ سەلتەنەتی خۆیدا دەستی بەسەر "سەند"و "لاهور"و "مولتانی" داگرت و بۆ لای "اجمیر" لە هندوستانی ناوەندی رۆیی، بەڵام لە وێ زۆر پیس شکەستی خوارد، کە هۆکاری ئەسلیی بەساوە ساوەییێو شلوو شەوێقی غورەکان زانی، بۆیە لە گەڕانەوە بۆ "لاهور' دایە هۆی غەزەب و تووڕەبوون دەستووریدا ئەمیرە تێشکاوەکان لە تەویلە ببستنەوە وکاو جۆیان دەبەر کەنو بۆخۆی سوێندی خوارد کە ئیدی کراسی نەگۆڕێ لەگەڵ خێزانی هاوجێو هاوسەرین نەبێت هەتا تۆڵەی تێشکانی خۆی لە "راجە اجمیر" نەکاتەوە. ساڵی دوایی ئەم تۆڵەیەی کردەوەو لە ئاکامدا سەرانسەری بەندی باشوور کەوتە دەست غوریەکان، ئەو غولامێکی خۆی بە ناوی "قوتبەدین ئاییبک" لە وێ داناو بۆ خۆی بۆ غەزنەین گەڕاوە. حکوومەتی قوتبشایی کە بەم شیوەیە زبانی فارسی بۆ هندوستان بردوو لە سەرانسەری هندی باشوورو بەنگاڵ پەرەپێدا هەتا سەردەمی دەسەڵاتی پاشاکانی "گورگانی "لەم دەڤەرە لە سەدەی دەهەمی کۆچیدا، کەئەوانیش ئەم شوێنتێکەرییەی زبانی پارسییان لە بەستێنێکی پانو بەرینتردا بەردەوام کرد بەرقەرارماوە.

موعیزەدین لە یەکێک لە سەفەرکانی شەڕیدا، بە دەستی چەندکەس لە چیانشینەکانی "گوکر" لە نزیک "لاهوور" بە زەبری بیست چەقوو کوژرا. ئەو قەتڵەیان پاشان خستە سەرسوکری فیداییەکانی ئیسماعیلی.
دوایین پادشای ئەم زنجیرە،"خوسرەومەلێک" بووکە پاش خۆ بە دەستەوەدانی غەزنە لە لاهوری هند هەروا بە ناوی پاشای غەزنەوی داواکاری سەلتەنەت بوو بە دەستی "شەهابەدین غوری" گیراو بۆ "غور" بردرا و لە وێ هەتاکوژرانی هەر لە زینداندا ماوە.


سەرچاوە:
1-بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی غوریان: طبقات ناصری سراج الدین جوزجانی،2جلد،چاپ کلکتە،1863، ترجمەانگلیسی چاپ لندن، متن فارسی چاپ تهرانو1342روضەالجنات فی اوصاف مدینەالهرات،تألیف معین الدین اسفراری.

## تورکانی ئالی ئەفراسیاب

بنەماڵەی"ئالی ئەفراسیاب"یان"ئیلک خانیان" لە زنجیرە تورکی ڕەچەڵەیەکی دیکە بوون کە لە سەدەکانی چوارەمو هەتا حەوتەمی کۆچی لە سەربەشێکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران (ماوراء النهر) بەجێنشێنیٚ سامانیان کە بە دەستی ئەوان رووخاندرابوو، حوکمڕانیان کرد. هەر وەک غوریەکان خۆیان بە کەسوکاری زوححاکی عەرەب دەزانی، ئەندامانی ئەم بنەماڵەش داواکاری میراتگری لە ئەفراسیاب پاشای چیرۆکی تورانیان بوون کە باسەکەیان بە دوورو درێژی لە شانامە خوێندبۆوە. ناسناوی ئیلک خانیان بەم هۆیە بەوان درابوو کە چەندین پاڵشای ئەم بنەماڵە ناویان ئیلک خانی بوو. زنجیرەی ئەم پادشایانە لەگەڵ ئەمە ماوەیەک بەر لە هاتنەسەرکار هێشتا موسڵمان نەببوون بۆ بە هێزکردنو هەڵکەوتو بارودۆخی خۆیان ئەوها خۆیان بەموسڵمان دەنواند کە هەتا ئاخوندەکانی مەککەو مەدینەش لەم بارەوە خۆیان پی نەدەگەیاندرا ئەوان، هەر وەک عوفی لە(لباالالباب)ی خۆیدا سەبارەت بە(تەمغاج خان)ی سوڵتانی سەمەرقەند نووسی: (ئەلسوڵتان وولعەزیم جەلالەددین وەلەدین قلیچ طمغاج خان، شەکروقەندە ئێرەیی بە لەبزی وی دەبات، خواردنی وی زۆربە لە جیرە خۆری نوسینی قورئانی کەریمەو قورئان نووسین بە خەتێکی وی وەک فەرمانی پاشایی بفرۆشیٚو لە وی خواردنی خۆی بەدەست بێنیٚ وایە. و لەوکاتەوە کە لە سەرتەختی مەلیکایەتی سەمەرقەند دانیشت لە هەموو قەراخ قوجاخدا ئاژاوە بەرپابوو، ئەو بەلوتف و ڕێنوێنی خودای کە هەمێشەشامیلی حاڵی بووە بە سەرهەموو ئەو کەندوکۆسپانە دا زاڵ بوو)

لەگەڵ ئەوهەمووەدا لوتفی باری جارێک بە هەڵە شاملی حاڵی ئەم نووسەرە قورئان نووسە نەبوو، چونکە ئەو لە دانیشتێنکی بەزمی شەوانەدا بەدەستی تورکێکی لاو کە ئیکجاری خۆشدەویست لە هەلوومەرجێکی نا لەبارداکوژرا، بەڵام دەنگۆیان ئەوها بڵاوکردەوە کە لە لایان سوڵتان محەمەد خوارەزمشاییەوە کوژراوە.

سەرچاوەکان:

1-بۆپێداچوونەوەی زیاتر بەمێژووی آل افراسیاب: تاریخ جهان آرا، تاریخ بخارا، تاریخ بیهقی، تاریخ یمینی، تاریخ جهانگشای جوینی، چهارمقالەنظامی عروضی، جوامع الحکایات. بەپێیٚ یادداشتی محمودی قزوینی لەپەراوێزی چهار مقالەدا،یەکەمی کەس کە مێژووی تەواوی ئەو هۆزەی نووسیوە، (شرف الزمان مجدالدین سرخکتی)یە.

## تورکەکانی غەز

غەزەکان کە ناویان لە مێژووی ئیسلامی ئێراندا لە مەڕ کوشتوکوشتارو خاپورو وێرانیدا هاورێزی مغولەکانە، کۆمەڵێک لەو نۆ تایفەی توسرکەکانی ڕۆژهەلاتبوون کە پاشان سەڵجوقیانو عوسمانیانو تورکمانەکان لە نیوئەوان سەریان هەڵدا. سنووری سەر زەمینی ئەوان لە نێوان دووچەمی "ئووورال"و"دەریای خزر"دابوو، لەسەردەمی هێرشی عارەبان بۆسەر(ماوراءالنهر) هەودای پەیوەندییان لەگەڵ ئێران گرێدا. تورکەکان لە ڕاپەڕینی "موقەنیع"ی پێغەمبەبری نیقابداری خوراسان لە سەردەمی خەلیفە مێهدی عەباسیدا هاتنەیاریدەیو بەڕەواڵەت لە هۆزی غەزبوون، لە سەردەمی سەلتەنەتی سوڵتان سەنجەر سەڵجوقی، هۆزەکانی "غەز" بۆ خوراسان هاتنو دەستەبەربوون کە سالانە ۲٤۰۰۰پەز بە ناوی باج بدەنە ئاشپەزخانەی سوڵتان، بەڵام چونکە بەرپرسی خوانی سەنجەر لە وەرگرتنی ئەم مەڕانەدا رەفتاری ناحەزی لەگەڵ کردن، کوشتیانو لە ئاکامدا سوڵتان هێرشی کردنەسەر، بەڵام ئەوکە تائێستا لە هەمووشەڕەکاندا سەرکەوتنی وەدەستهێنابوو ئەوجار شکەستی خواردو بۆ خۆیو خێزانی بە دەستی غەزەکان بەدیل گیرانو ماوەی سیٚ ساڵان بەدیلی مانەوە. لە دوای ئەمەدا غەزەکان هێرشیان بردە سەر"مەرو"و سیٚ شەوو ڕۆژان بەردەوام تالانیانکردو گەلێک لەدانیشوانی ئەوێیان بۆ نیشاندانو دۆزینەوەی شوێنەکانی پاشەکەوتی سامانەکانیان لە ژێرئەشکەنجەدا کوشتن. دوایە هجومیان بردەنیشابورو ئەوێشیان تالانکردو بەنووسینی"ابن اثیر"گەورەو گچگەیان وەبەرشیرانداو قەڵتوبڕیان کردن دوایە ئاگریان لەشاربەردا. شاری"تووس"یشیان بەم دەردە بردو (ئەوێیان کە بنکەی پسپۆران تۆرڤانان بوو بە تەواوی وێران کرد. مرۆڤەکانیان کوشتنو ژنەکانیان

بەدیلگرتنو خانووبەرکانیان خاپورکردنو کتیبخانەکانیان کەلەدنیادا بەناوبانگ بوون سوتاندنو لەوهەمووەدا جگە لە مەقبەرەی علی کوڕی موسێ الرضایان، بەساخی نەهیشتەوە)).

بەنووسینی راحەالصدور (گڵوخۆڵیان لە دەمو زاری هەمووخەڵکرد هەتا بخنکێنو دەستەیەکیان لە پسۆرانی دەنگین بەم شیوەیە کوشتن. لە سەریەک بێجگە لە هیراتو شارۆچکەکان، شارەکانی دیکەی خوراسانیان وێرانو تاڵانکردنو سوتاندیانن، وەهاکە شتێک لە شارەکانی وەک"مرو، بەلخ، توس،نیشابور،وسرخس"نەمابۆوە. بەگشتی مزگەوتو گومبەزوخانوو شوێنەواری زوربەی شارەکانو گوندەکان بەتەواوی ویران بوو". لەو ماوەیدا کە لە حەڵەبڕا هاتا کاشغەر، بەئولکەی سوڵتان سەنجەر زانرابوو، ئەو هەروا لەژیردیلی دابوو، هەتاڕۆژێک بەکەلک وەرگرتن لەناکۆکی نێوان سەرۆک هۆزەکانی غەز، هۆکاری ڕێگای هەلاتنی بۆ ڕەخسا،بەڵامساڵی داوایی مرد.

جێگرانی سوڵتان سەنجەریش وەکوو وی نەیانتوانی لەگەڵ غەزەکان بەربەرەکانی بکەنو لە سەردەمی مەحموودخاقان خوشکەزای سەنجەردا، جارێکی دیکە هۆزەکانی غەز بەخوراسان وەربوونو سەرلەنوێ کوشتوکوشتارو تالانی وەحشیانەیان دەستپێکرد، لە دواییدا غەزەکان بەدەستی خوارەزمشاهیان تێکشکانوپاشان لە ناوکۆی مغولەکاندا توانەوە، بەلام بەشێکی زۆریان بە ناوی تورکمەن مانەوە، کە زنجیرەی بنەماڵەکانی قاجار لەوان را سەری هەڵدا.

سەرچاوەکان:

1-راحەالصدور،چاپ موقوفە گیب،لندن،1921،ص .177

2-همانجا،ص .181

3-بروانن‌ە بەشی پەیوەندیدار بەقاجاریە لەوبەشەدا.

## چێرۆکی ئیسماعیلییەکان

مێژووی پڕلە هەراو هوریای فیرقەی ئیسماعیلییە لەسەدەی دووەمی کۆچیدا لەگەڵ مردنی نابەوەختی ئیماعیلی کوڕە گەورەی ئیمام جەعفەری سادقو جێگری ڕاگەیاندراوی بە ئیمامەت دەستی پیکرد. ئیمام سادق بەڕەواڵەت بەهۆی ئەوەی ئیسماعیل لە فەرزەکانی دینیدا تەمبەڵی دەکرد"بە دەنگۆ بە هۆی زێدەڕۆیی‌و سنووربەڕاندن لە شەراب خواردنەوە"دا لە جێگریی خۆی وەلاناو دەریکردو کوڕەکەی دیکەی بە ناوی موسێ بنی جەعفەر(ئیمام موساکاظم)ی کردە جێگرو بە هەڵکەوت خودی سمایل پێنج ساڵ بەر لە وەفاتی باوکی لە مەدینە مرد. بەڵام لەوکاتدا گروپێک لە خاوەن ڕەوانگەی دورستو پسپۆری شیعە ئەم جێگریەیان بەڕەوا نەزانی‌و بەڵگەیان ئەمە بوو کە چونکە بە پێی بیروبۆچوونو ئاقیدەی شیعە، ئیمامەکان لە سەرهەموو کاروبارو ڕابردوو دوارۆژ ئاگادارن، ئیمام سادق ئەو مافەی نەبوو کوڕی خۆی بەجێگری خۆی هەڵبژێرێ کە دەبوایە بەر لە وی بمرێ، لە سەرئەوحاڵەش ئەوی بەجێگری خۆی داناوە، دەجا ماقی دەرکردنی ئەمەو دانانی جێگری نییە، لەو حاڵەدا میراتگرانی وی لەراستیدا لەمەڕ ئیمامەتی کوڕەکانی ئیسماعیل‌و نەوەو نەتیجەکانی ئەون نەک موساکاظمو مناڵەکانی. لەوچاخیدا بوو کە ئەمانە بەناوی ئیسماعیلییە ڕیگای خۆیان لە شیعەکانی دیکە جیاکردوە. بانگهێشتنی ئیسماعیلییە بەهۆی محەمەد بنی سمایل، ناسراو بەمحەمەد مکتووم، لە دەماوەند دەستی پێکردو بۆخوراسانو ئەفغانستانو هیند پەرەی ئەستاند، لەمەبەدوا کوڕەکانی بە"ئیمامانی ون"ناودێرکران، چونکە کەس ئەوانی نەدەناسی‌و تەنیا ئیدیکە بەناوی ئەوانیان ئیمامەت دەکرد. گرینگترین ئەم داواکاریەی ئیسماعیلی کابرایک بەناوی عوبەیدوللا ناسراو بەمێهدی بوو کە حەسڵونەسەبو ڕەتەوە نامەی خۆی دەگەیاندەوە فاتمەزارای کیژی پێغەمبەرو ئەو خەلافەتی فاتمی لە ئەفریقای باشووری پێکهێنا کە دوایی لە میسر بنەگرتوو بوو و ڕەقیبی بیپەرواو بەزاتی خەلافەتی عەباسی لەبەغدا سەری هەڵدا، وەها کە بیخۆتیهەڵقوتانی توندوتیژی سەلجوقیەکان شانسێکی زۆری هەبوو کە سەرانسەری دنیای ئیسلام بۆ ژێرخەلافەتی خۆی بەرێت. لە سەردەمی" المستنصر باللەی" خەلیفەفاتمیی میسر کەسەردەمی خەلافەتی٦٠ساڵی کێشا، لە بەرئەوەی وەکوو ئیمام سادق کورەگەورەی خۆی بەناوی نزاری کە بە وەلیعهدی‌وخەلافەتی دیاری کردبوو،

بەرکنارکردو کوڕەکەی دیکەی لەشوێنی وی دانا، ناکۆکی کەوتەناوفرقەی ئیسماعیلییەو لایانگرانی نزار ئیمامەتیان بەمافی وی زانیو دوایە نزار بەدەستی براکەی مستەعلی کوژرا، نەوەکەیان بە دزیونهینی بۆ (الموت) بردو حەسەن سەباح بەلاینگری لە وی شوڕشی کرد.

مێژوو نووسانی ئیسلامی پەیوەندی حەسەن سەباحیان بە هۆزێک لە یەمەن گریداوە گووتویانە کە باوکی سەباح لە یەمەن را بۆ "قوم"و دوایە بۆ "ڕەی" هاتو حەسەن لە وێ لە دایک بوو. بە پێی ئەم لێگێڕانەوە، مەزەبی ئەوی سەرەتا اثنی عشری"دوازدەئیمامی" بوو. پاشان لە سەربانگهێشتنی چەند کەس لە"باتینیەکانی ڕەی" هاتە سەرئایینی ئیسماعلییە. لە سەردەمی خەلافەتی المستنصربالله خەلیفەی فاتمی میسر بۆ ئەو وڵاتی چوو سالونیوێک لە وێ مایەوە پاشان گەڕاوە ئێرانو بە بانگەوازی ئایینی ئیسماعیلییە خەریک بوو. "خواجەنظام الملک" گروپێکی مەعموری گرتنی کرد، ئەو بۆ دەڤەرەکانی شاخاویی دیلمانو قەزوین چوو. نوێنەری سوڵتان مەلیکشای لە قەڵای بەناوبانگی (الموت) فریووداو لە وێی دەرکردو بۆخۆی لەشوێنی دانیشت. لەوکاتەوە ئەوقەڵایە وەکوو دژێکی بەچۆکدانەهاتوو دەستەبەر نەکراوی ناوەندی حکوومەتی ئەوو جێگرانی ماوەو هەتا سەدەی دوایی کە بە دەستی هولاکۆی مەغوڵ دەستی بەسەرداگیرا، بە بەچۆکدانەهاتوو مابووەو بەشکلی بنکەی ناوەندی زنجیرە قەڵایەکانی قایم دیکە لەسەرانسەری ئیراندا دەنگین بوو.

لەم ساڵانەدا داواکاری حەسڵی ئیسماعیلی ئەحمەد بن عەبدولمالک عەتاش کە بەقسەی "راحتەلسەدر" سی هەزارکەسی لە ئیسفەهان هێنابووە سەرئەم دینە، لە دوای زنجیرەیەک پێکهەڵچوون، بە وەرگرتنی ئەمان لە سوڵتان سەڵجوقی خوی بە دەستەوەداو تەسلیم بە ویی کرد(..کە سوڵتان دەستوری دا ئەحمەدیان بەدەست بەستراوی سواری وشترێک کردو بۆ ئیسفەهانیان بردو لە وێ نزیکەی سەت هەزارکەس لە ژنو پیاوو زارۆک لە دەورەی کۆبۆنەوەو زبڵو پەینو خۆڵەمێش و کشپلیان بەسەرداکردو نەنیر نەمێ بە تەپڵو دەفەلێدان ئەویان بەوحاڵەی لە شاری گیڕا. حەوت ڕۆژ هەڵایانهاوەسیبوو تیرەبارانیان دەکرد، لە ئاکامدا سوتاندیان)).

((حەوتوویەک دوایە ئەحمەد بن عەبدولمالکی کەوڵ کرد هەتا بمرێو پێستی ئەویان بەخاک ئەسپارد بەڵام سەری ئەوو منالەکانیان بۆ بەغدا ناردە لای خەلیفەی عەباسی.)).

بە لەناوچوونی بانگەوازدەری مەزنی ئیسماعیلیو سەرکوتکردنی لایانگرانی، حەسەن سەباح ولایانگرانی لە(الموت) بەکردەوە بەیداخی پەرەچەنگی ئیسماعیلییەیان ڕاستەوخۆ بەدەستەوە گرتو لەمەبەدوا شەڕێکی بەردەوام لەنێوان ئەوان لەگەڵ هێزەکانی تورکی سەڵجوقیو لەشکری عەڕەبی خەلافەت دەستیپێکرد:

(لەم سی ساڵە(٥٣٠-٥٦٠ی کۆچی) هەربێدینی(ئیسماعیلی) کەلە دەڤەری "گردکو"و "تەبەس" "دیارالموت"و قەڵاکانی تالەقان" ون دەبوو، کاتێک بەدوایدا دەگەڕان کەللەسەرەکەیان لە "ساری" دەدۆزیەوە کە بە سەری نیزەی شاهی شاهانو مەلێکی مازەندرانەوەبوو لەشی پاروو چێژگەی سەگان، کە هەزارهەزار لەو سەگوبەرازانەی جەهەننەمی ئەوپاڵشای شیعەیان بە پەسەند کردنی ئیلاهی کردە چیژگەی دڕندەگانو جانەوەری وحشی ... وهەتا
مەلیکایەتی مازەندەران کەوتەدەست "سەرتم بنی عەلی بنی شەهریار"دەجا ٢٧٠٠٠بێدین بەتیغی ئەوکوژران، جگە لەو دەستەیەی کە کوژرانیان پێوست بە دەستوور نەبوو.

((خواجە معین الدین کاشی وەزیری سوڵتان سەنجەری مەزن ڕەحمەتی خودای لێبێت "مولاحدە خەذلەمەی" ئینکارکرد، ڕیگاکانی بەڕووی ئەواندا بەستو گەلێک باجی قورسی بۆ بڕینەوەو هەزار هەزاری لەوان گرتنوکوشتن، هەتا لەئاکامدا بۆخۆی لە شاری خوراسان بە شمشیری ئەم لەعینو نەفرەت لێکراوانە کوژرا)).

"مولاحیدە"ی لەعین کە خودا زەلیلی بکات، گەلێک لە وەزیرو پیاوچاکوئەمیرەکانی، وەک "خواجە نظام الملک" و "سەیدی عەلەوی جرجانی" پێش نوێژی "جرجان"و" سەید کیایەزدی"و "مەلێک گردبازو" کوڕی ڕۆستەم بنی عەلی شهریار" مەلێکی مازەندەرانو "خواجە معین الدین کاشی"و "مجدالملکو سعدالملک"و "زین الملک"و گەلێکی دیکەی سەربەنیست کردن)).

((ڕێگاکانی ئەو شوێنە مەترسیداربوون، موسڵمانەکان بەگیانوماڵ لە مەترسیدابوون هەموو ساڵێک جەماوەرێکی زۆر لە حاجیان لە گەڕانەوە لە حیجازدا بەدەستی ئەو بیدینو لەعینو کافرانە شەهید دەبوون، هەتا بە پەسند کردنی

خودای‌و بەرەکەتی مستەفای‌و مورتەزای پاڵشای شیعە ئیمامی فەتحی شاعی بە شانس‌و ئیقباڵی ئیمام زەمان مێهدی ابن الحەسەن العسکەری لە مازندەران راهات بەچەک‌و چۆڵێکی زۆرو سازوبەرگ‌و لەشکروسوپایەکی بەلێشاو کە کێوی مەزنەوە لەهیبەت بینینی وی وەک سەگی ترسەنۆک کلکی لەناوتلێنگانی دەگرت‌و سەرکەوتن‌و پیرۆزیی وی بۆهەرولاتێک تەپڵ توزەلەبوو، هەتا بەفەرمانی ئیلاهی دەستی بەسەر قەڵایەچەکەی ئەوان داگرت کەگرینگترین دژ بوو ئەو سەگ‌و بەرازانەی جەهەننەمییەی کردە چێژگەی سەگ‌و گورگان)).

لە ساڵی ٤٨٥، "نظام الملک" لە شاری "سەحنە"ی نزیکی دەماوەند بە گاکوژی یەکێک لە فیدائیەکان کوژرا.  لە پاش وی دووکوڕەکانی ئەحمەد لە بەغداو "فەخرەدین ئەلمەلیک" لە"نیشابور" بە چەقوی ئەوفیدائیانە کوژران‌و ئەو زنجیرە گوژران‌و تروڕانە ئیدی بەردەوام بوو. و ترسێکی زۆری لەدڵی دژکاران وەدی هینا.  ای.پ. پتروشفسکی لەکتێبی ئیسلامی لە ئێران پێرستێکی لە هەشت پاڵشاو خەلیفەو ئەتابەک، شەش وەزیری‌مەزن، حەفدە ئەمیرو سوپاسالارو پاریزگار، شەش شەهرەبان، سێزدە دادڤانی دادڤانان‌و فتوادەرو ژمارەیەک لە سەرۆکی فیرقەکانی جۆراوجۆری مەزەبی وەکوو پێشەوایانی کرامیەی نیشابور وئیمام زیدیەی تەبەرەستان‌و گروپیک لە ساداتی مەزن‌و بەرپرسابی خاوەن‌پلەوپایەو فرەزانایان وهەروا ئەوئیسماعیلیانەی کە خەیانەتیان بەفرقەی خۆیان کردبوو نیشاندا کەبەنووسینی خودی وی لەم پیرستەدا لە یەکێک  لە بابەتەکانی خودی نزاریان گیڕدراوەتەوە کە خواجە ڕەشید الەدین فەزوللە لە(جامع التواریخ)کەلکی لێوەرگرتووە.  جگەلەوتیرۆرانەی وەک کوژرانی" کنراد مونفروا" ڕێبەری شەڕی خاج پەرستان لە سورییە کە لە ساڵی ١١٩٢ مەسیحی بەدەستی فیدائیانی ئیسماعیلی کرا لەم پیرستەدا نەهاتووە.

"نیزامولمولکی" وەزیری بەدەسەلات‌و بە قودرەتی مەلیکشای سەڵجوقی‌و یەکێک لە قوربانیانی ئەم فرقە، وەک دوژمنی سویندخواردوی ئەوان ئەوها دەنووسێ: (( هیچ گروپ‌و فرقەیەک کردارخراوتر لەم قەومە نین لە ماڵی خۆیان خەراپەی ئەم مەملەکەتە دەڵێن‌و گەندەڵی فەسادی دین دەخوازن... ئەگەرشوێنتێکەری باللە، دەوڵەت زەبری وێکەوێ ئەم گەماڵانە لە کونەکانیان دێنەدەرو داوای شیعەگەری دەکەن‌و ئەوهەی لە دەستیان بێ‌و بۆیان بلوێ لە فەسادی‌و بێ ئەخلاقی‌و بیدینی‌و ئالادین بوونەوەو داهێنانی نوێ لەدین‌و مەزەبدا درێخی ناکەن.  بەقسە داوای موسڵمانەتی دەکەن، بەڵام لە مانادا بەکاروکردەوە مورتەدن‌و دینی محەمەد سەلامی خوای لە سەربێت دوژمنێکی خراوتر لەوانی نییەو سەرزەمینی خودای نەیارێکی لەوان نەحس‌و شومتری نییە.  دەجا هەرموسڵمانێک کە ڕوحمیان پێ بکات‌وکردەوەو شۆڵی ئەوان بەموسڵمان‌و خاوەنی کتێب دابنێت، وەبەرلە عنەتی خوداو فرشتەکان‌و پێغەمبەران‌و خەڵکی ئەوەڵین‌وئاخرین کەویت‌و سزای لە ڕۆژی قالەوەلای مەحشەروەربگرێ)).

چێرۆکێک کە مێژووی"اخبارالدولەالسلجوقیە" لە سوڵتان سەنجەر پاڵشای بە دەسەڵاتی سەڵجوقی لە پەیوەندی لەگەڵ فدائیەکانی ئیسماعیلیە دەگێڕێتەوە نوێنەری قسەکەر لە مەترسی وەحشەتێکە کە ئەمانە لە سەرانسەری دنیای ئیسلام وەدیانهێنا بوو:

((سوڵتان سەنجەر بەهەموو توانایەوە خۆی لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئیسماعیلییەکان پاراست، چونکە ڕۆژێک بەیانی کە لەکۆشکی خۆی لە خەو ڕابوو، بینی کە لە ڕەخ نوینوو بانەکەی چەقوەکی گاکوژ لە هەرد هەڵچەقاندراوە کە لە سەر دەسکەکەی نوسراوە: ئەمەی ئەم چەقوە گاکوژەی لە هەردهەڵدەچەقێنێ دەشتوانی لە سینگی سوڵتانی ڕۆبکات، لەو ڕۆژەوە سوڵتان سەنجەر ترسی ڕێنیشت‌و بە ئاشتی لەگەڵ سەباحییان ڕەزامەندی دەربڕی، دەجا لە سەردەمی ویدا ئەوان گەشەیان کرد)).

جێگری حەسەن سەباح" کیا بزرگ امید"بوو کە وەک وی ڕێبەرێکی بەهێزودەسەڵات بوو.  لەسەردەمی ئەم"کیا ئومید"ەدا فیدائیەکانی ئیسماعیلی "المستنصرباللە"ی خەلیفەی عەباسی‌یان لە مەراغەو کوڕەکەی "الراشدباللە"یان لە ئیسفەهان بە چەقوو کوشتن.

پڕوپاگەندەکەرانی ئیسماعیلی هەتا ئەوچاخ کە لە بانگهیشتنەکانی مەزەبی خۆیاندا لەگەل ئەو زبرو زۆرییە وحشیانەی  پاشاو ئەمیرەکانی تورک گرتبویانەبەر ڕوو بەڕوو نەدەبوون، کاری خۆیان بێ‌پەنابردن بۆ زۆری‌و توقاندن ئەنجام دەداو ئیدی پێویستییان بە دەستبردن بۆ شمشیر نەبوو بەڵام لەو کاتەیدا کە غەزنەوییەکان‌و سەلجوقییەکان

ئاکارو ڕەفتاری توندوتیژیان لەگەڵیاندا دەستپێکرد ئەوانیش پەنایان دەبردە قەڵا قایمەکانی خۆیانو حەسەن سەباحیشیاشان لە سەرئەم شێوەیە بەردەوام بوو، یانی لە ناو هۆدەی خۆی لە قەڵای الموتدا فەرمانی کوشتنی دژکارانی دەردەچواندو ئەوانیان بە زەبری چاقوی گاگۆڕی فیدائیەکان دەکوشتن.

شیکردنەوەیەکی سەرجەم لە ئاکاری پەروەردەکردنی فیدائییەکانو حەشاشین لەو سەردەمەی سەدەکانی نێوەڕاست، لە سەفەرنامەی "مارکۆپۆلۆی" گەڕیدەی دەنگینی ئیتالیاییدا هاتووە کە بۆخۆی لە سەدەی سێزدەهەمی میلادی لە سەفەرەکەیدا بۆچین، ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئێران مایەوە، کە هەڵبەتە لە ژێرکارتێکردنی گێڕانەوەی ئاسایی لەناوخەڵکدا بەبیرو بۆچوونێکی زۆر نالەبار نووسراوە.

ئێستا لە نزارەکانی ئیسماعیلیە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە سووریەوعومانو ناوچەکانی قومو باشووری ئەفغانستان ماون، لە بەرامبەردا نزیکەی هەمووادانیشتوانی بەدەخشان و دەڤەری ڕۆژهەڵاتی تاجیکستانو پامێر لەم فرقەیەن. بنکەی حەسڵی نەزاریەکان لەهندوستانە. سەرۆکی ئێستای ئەوان کەریم خانە، کەلە44ساڵ پێشئێستاوە لەم بەرپرسییەداماوەتەوە. لە هندوستان زێدەلە دووسەتو پەنجا هەزارکەس لەوان دەژین و لە ئەفریقای ڕۆژهەلاتیش نزارییەکان کەمایەتیەکی بە هێزن.

دژەکانی ئیسماعیلییان تایبەت بەقەڵاکانی (الموت)و رودبارو تاڵقان نەبوون. بەپێی نووسینی "تەبەقات ناسری" شاری ملحدستان سەت و پێنج دژی هەبوو، حەوفتا دانە لە شاری مەهستانو سی دانە لەچیاکانی ئیراق. زێدەلەمە لە دەڤەرەکانی قاینات و خوراسانو مازندەرانو قەهستانو ئەبهەرو ئیسفەهانو خوزستانو فارسیش دژی دیکەیان هەبوون کە "دکتورزەبیح اللە سەفا" پێناسی ژمارەیەک لەوان لە مێژووی ئەدبیات لە ئێراندا نووسیوە.

سەرچاوەکان:
1-راحەالصدور،ص 161.
2-ابن الاثیر: کامل،حوادث سال 500هجری.
3-النقض مثالب النواصب فی نقض بعض فضایح الروافض،تهران،1371هجری،ص 78.
4-همانجا،ص 18.
5-همانجا،ص 96و97.
6-همانجا،ص 367تا 370.
-P,petrushevskii,,
لەکتێبی: اسلام درایران، ترجمە فارسی، ص 327.
8-نظام الملک درسیاسەتنامە،چاپ تهران،ص 235-236و281.
9-اخبارالدولەالسلجوقیە،ویراستاری اقبال لاهوری،چاپ لاهور،ص 181.
10-دکترذبیح الەصفا(تاریخ ادبیات ایران) ،ج2،ص 174.
11-ڕاپۆرتی مارکوپولو لەوبارەوە بەتەواویلە (ادبیات ایران براون،ج،ص207تا 210)دا هاتووە.
12-طبقات ناصری،ص 701.

## تورکانی سەلجوقی:

تورکانی سەلجوقی کەماوەی١٦٠ساڵ وەک مێوانی سەربەخۆ، واتە چلوملو داندۆڵیی ئێرانیەکان لە سەرکورسی فەرمانڕەوایی بوون، یەکێکبوون لە لکەکانی نۆ تیرەیی "تغز اخز"(نۆ هۆزی غەز)، کە بەناوی سەرۆک هۆزی سەلجوقی، بەسەلجوقی دەناسران. سامانیەکان ئەم هۆزی تورکمانیان بۆبەرژەوەندیی نیزامی، لە شوێنی حەسلیڕا بۆ دەڤەرەکانی "مسیب رود"و "سەیحون" لە باکووری گۆلی خوارەزم گوێزتبۆوە. لە سەدەکانی پێنجەم هەتا نۆهەمی کۆچیدا پێنج لک لەم سەلجوقینانە بەناوی سەلاجوقەی مەزن وسەلاجوقەی ئێراقو کرمانو ڕۆمو شام، حوکمرانیان

بەسەر زەمینێکی پانو بەریندا کرد کە لە پاش ئەمپەڕاتووری عەڕەب، گەورەترین ئەمپەڕاتووری مێژووی ئیسلام بوو. سەرزەمینەکانی نیوان مەدیتڕانەو ئاسیای نێوەڕاستی بەخۆوە دەگرتو بەستێنی فەرمانڕەواییەکەیان لە سەردەمی توغرەڵو ئەلەب ئەرسەڵانو مەلیکشادا خۆی لە نیزیکەی سنووری ئەمپەراتووریی ساسانیان دەدا. چونکە دوای وی سەلجوقیان دەستیان بەسەرئەوەی داگرت کە لە دەست بەشی ئاسیایی بیزانس دابوو و لەگەڵ هێزەکانی خاچ پەرستی ئوروپا رووبەروو بوونەوە. لەگەڵ ئەم هەمووەشدا بەهۆی کێشەکانی بنەماڵەیی، دەسەڵاتو قودرەتیان ڕووی لەکزی وکەمیی دا.

تورکەکانی سەلجوقی لە سەرەتا ببوون بە مەسیحی، بەڵام دوایە بە پێی مەسڵەحەتی ڕۆژ موسڵمان بوون. ئەمانەش وەکوو ئیلکخانیان داواکاری میراتگریی ئەفراسیاب بوون، هەر وەک "خواجە نیزامولمولک" بەپالپشتی ئەفسانەیی، لە شێکردنەوەی ژیاننامەی ئاغاکەی مەلیکشای سەلجوقیدا نووسی: " خوداوەندی دنیا شاهەنشای مەزن لە دوو بنچینە کە پاشایی‌و پێشەوایی لە بنەماڵەی ئەواندا بوو، باپیراو باپیر هەتائەفراسیابی مەزن هاتووەو بە خشلی کەرامەتوگەورەییەکی وای رازاندەوە کە پاشاکانی دیکەی دونیا لێی بێبەری بوونە".

بنیاتنەری ئەوزنجیرەی توغرەڵ سەڵجوقی بوو کە بەقبووڵکردنی مەلکەچی بۆ خەلیفەی بێ هێزی عەباسی "القائم باللە" ئیحتوباری تازی بە خەلافەتی نێوەگیانی بەغدا بخشی. بە هۆی خۆتێهەڵقوتانی نیزامیی ئەو ئاژاوەی ناسراو بە "بساسیری" تیکشکاند کە خوتبەی بە ناوی خەلیفە فاتمی میسرخویندبۆوەو بەچاکەی ئەو خزمەتە بەفەرمانی "قائم باللە" خوتبەی سەلتەنەت بەناوی"سوڵتانی ڕۆژهەڵاتوڕۆژئاوا"لە بەغدا بە ناوی توغرەڵ خویندراوە و ئاخرین ئەمیری دەیلەمیی بەغدا بەدەستی هیزی سەلجوقی بەدیل گیراو بەم شیوەیە حکوومەتی سەت ساڵەی دەیلەمیەکان لە بەغدا کۆتایی پێهات. خودی خەلیفە برازای توغرەڵی هێناو توغرەڵیش لە دوای مەرگی خیزانە تورکەکەی، کیژی خەلیفەی خواست. هەرچەند هەتا ئەوکات لە بنەماڵەکانی خەلافەتدا، کە خوینی قورەیشان لە ڕەگدابوو کارێکی ئەوها نەکرابوو، خەلیفە لە ترسی گۆپاڵ بەدەستانی توغرەڵ ڕەزامەندی بۆ ئەو خوازبینییە دەربڕی. بەڵام پاش چەند مانگ پاڵشای بە دەسەڵاتی سەلجوقی لە شاری"ڕەی" لە تەمەنی ٧٠ساڵیدا مردو هەر لە وێ لەو دەڤەرەی کە هەنۆکە بە برجی توغرەڵ ناوی دەبەن بە خاک ئەسپاردرا.

جێگری وی، "ئەمیرئەڕساڵان"ی برازای بوو کە سەلتەنەتەکەی بەکوژرانی وەزیرکەی عەمیدالملک دەستیپێکردو دوای وی ماوەیەک شەڕگەلی دوورو درێژی دەستیان پێکرد کە دەستیان بەسەرگورجستانو ئەرمەنستانو فارس داگرتو لەشەڕێکی مەزندا کە دەیان هەزار کوژراوی لێکەوتەوە "قەیسەری بیزانس" بە دەستی وی بە دیل گیرا، بەڵام قەیسەر بەدانی یەک میلیونو نیو دینار کە هەتا ئەوکات گەورەترین بژاردە بوو لە شەڕیکدا ئازادی خۆی کڕیەوە.

مردنی" ئەلب ئەڕساڵان" بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدا، "تمغاج خان"ی جێگری پادشای "ئالی ئەفراسیابی سەمەرقەند" کە بەرێ لەم بارەیەوە دواین، لەژێرفەرمانی سوڵتانی سەلجوقی دەرچوو، سوڵتان بۆ تەمبێ کردنی بە دووسەت هەزارسوپاوە لە جەیحوون پەڕییەوە. لەسێهەمین ڕۆژدا، قەڵادار یەکێک لە دژەکانی نیزامی ئەشقیای بە ناوی "یوسف خوارزمیان" بە دەست بەستراوی بۆلای سوڵتان هینا، بەلام یوسف لە جیاتی داوای لێبوردن قسەی رەقی پێگوتو ئەلب ئەڕسەلان بە پاسەوانانی خۆی گوت کە دەستی بکەنەوە هەتابۆخۆی بە تیر بێکوژێ، بەڵام تیری سوڵتان وێی نەکەوت ئەویش هەلەکەی قۆستەوەو هەڵیکوتاسەرو بەو چەقوەی پێیبوو چەند برینی دەلەشی ئەلەب ئەرسەلان کرد کە چوار ڕۆژدوایە بەهۆی کارتێکەریی ئەو برینانە مردو لە"مەرو" بەخاک ئاسپاردرا. "سەنائی" دەماوەری بەناوبانگی سەدەی پێنجەم ئەوکات لەم بارەوە ئەوهای نووسی:

سر"الب ارسلان" دیدی ز رفعەت رفتە برگردون
بە"مرو"آ، تا کەخاک اندرسر"الب ارسلان" بینی!

جێگری ئەلب ئەرسەڵان، کوڕی مەلیکشاه بوو کە بە نۆرەی خۆی تەختی پاشایەتی بەکوشتنی یەکێک لە مەزنانی بنەماڵەی خۆی یانی مامی کە داواکاری تاجو تەخت بوو دەستپێکرد. و کیژی خۆی بە دەبدەبەوکەو کەبەیەکی زۆر دایە "ئەلمقتەدی خەلیفەی عەباسی" لە حالێکدا بۆ خۆی ئەو چاخ تەمەنی لە٣٣ساڵ زێدەترنەبو. لە سەردەمی ویدا چالاکی فیدائیەکانی حەسەن سەباح کە لە الموت دانیشتبوو بۆ سەرانسەری ئەمپەڕاتووری بەرفرەوان ببۆووە. برەوی سەلتەنەتی مەلیکشاش وەک سەردەمی پاشایی ئەلب ئەرسەڵان زێدە لە هەرشت دەینداری کارزانی خواجە "نظام‌الملک"ی سەرۆک وەزیرانی بوو، هەرچند کە ئەم گەشەو برەوە هێندە بە قازانجی ئیران بەڕیوە نەدەبردرا کە

شوێنی شیاوی خۆی لە نیوان بەشەکانی زۆری ئەم ئەمپەراتووریداهەبوو. بە تێپەڕبوونی زەمان هەموو ئەوکەسانەی بوونی "نیزاموولمولکیان" بە پێشگیری شوێنتێکەی‌و پێشکەوتنی خۆیان دەبینی هەوڵیاندا هەتا دەهۆڵی ناکۆکی لەنێوان ئەودووە لێدەن‌وئەم هەوڵوتەقەلایە هەروەک بەرێ لە بابەت"هاڕون‌الرشید"و بەرمەکیان سەرکەوتوو ببوو. دوایەش لە بابەت "ناسرەدین شاە" و ئەمیرکەبیر" لە سەردەمی قاجاردا سەرکەوتوو بوو لە مەڕ 'نظام‌الملک" کارتێکەربوو، بە جۆرێک کە مەلیکشاە بە دەستی دووکەس لە نزیکانی خوی بەناوی "تاج الملوک"و "مجدالملک" ئەم پەیامە تەژەیی لە ڕق وتووڕەییە بۆ نارد کە: ((ئەگەرلە مەملەکەتدا شەریکی منی، ئەمە شتێکی دیکەیە، ئەگەر ژێردەستی منی بۆچ ڕادەوئەندازەی خۆت ڕاناگری کوڕەکان‌و دارودەستەی خۆت تەمبێ ناکەی کەخۆیان بەسەردنیا داسەپاندوەو هەتا ڕێزی غولامانی خودی ئیمە ناگرن. ئەگەر دەتهەوێ هەتا فەرمان بدەم کە دوات لە بەردەستت هەڵگرن"مەبەست لە دەوات دەسەلات سەرۆک وەزیریانە - وەرگێڕکوردی"و نظام‌الملک بەدڵ ئێشاوی هەربەو دووکەسە دا وەڵامی داوە کە" کە بە سوڵتان بێژن کە ئەتۆ مەگین نازانی کارزانیی من بەو پلەوپایەی گەیاندووی کە شارەکانم بۆت کردنەوە ئیقلیم‌و دەڤەرەی وڵاتەکانی ڕۆژهەلات‌و ڕۆژئاوام تەسلیم کردی. ئێستاش دەوڵەتی ئەو تاجە بەم دەواتە پەیوەندە، هەرکات ئەم دەواتە هەڵگری ئەو تاجەش هەڵدەگرن. بەڕاست وەرگەڕانی پێشبینی، سێ حەوتوو پاش ئەمە کە ("نظام‌الملک" لە وەزارەت دەرکرا، لە رەمەزانی ٤٨٥ بە زەبری گاکوژی فیدائیەکی ئیسماعیلی کوژرا، مەلیکشاش لە نیوەی شەوال دا بە شیوەیەکی نادیار لە بەغدا مرد.

لە دوای مەرگی مەلیکشاە، فەرماندەرانی وی لە هەموو شوێنێک تەپڵی سەربەخۆییان لێدا. ئەتابەکەکانی مووسڵ سەربەخۆبوون‌و ئەتەبەکەکانی دیکە حکوومەتی سەلاجوقەی کرمانیان بنیات نا. لە ئازەربایجان‌و لوڕوستانیش دوو دەستەی دیکە لە ئەتابەکان سەربەخۆییان ڕاگەیاند. "بەرکیارەق"ی کوڕی مەزنی "مەلیکشا" دوو مامی خۆی بە ناوی ئەڕسەڵان‌و ئەرغەوان کوشتن. خەلیفە المقتدی باللە لە بەغدا بەپێداگرتنی تورکان خاتوونی خیزانی بیوەی مەلیکشا، "مەحمود"ی کوڕە چوارساڵەی ئەوی لە سەرتەخت دانا.

بەڵام غوڵامانی نیزامییە لە ئیسفەهان دژی مەحموود ڕاپەڕین‌و برکیارق کە هێرش کردبووە ئیسفەکان، سەرۆک وەزیرانی مەحموودی، کە تاج الملوک بوو لەت لەت کرد. تورکان خاتوون چووە تەورێزو لە وێ خاڵۆی "برکیارق" ئەمیر بە وادەی مارەکردن فریووی داو بۆ جوابەجەنگیی خوارزای دنەی‌دا، بەڵام ئەمیرەکانی "برکیارق" ئەویان کوشت. ئەوجار (برکیارق) بۆخۆی چووە بەغداو لەلایەن خەلیفە"المقتدی" بە سوڵتان ناسراو ناسناوی "رکن الدولە"ی وەرگرت‌و بەیانیی ئەو ڕۆژە خەلیفەمرد. "برکیارق" هاتە ئیسفەهان، بەڵام خەڵک بەلایانگری براکەی مەحموود بەدژی وی هەستانەوەو خەریک بوون کوێری بکەن. بەهەڵکەوت لەوکاتیدا مەحموود بەنەخۆشی مردو تورکان خاتونیش مردو "برکیارق" نەجاتی بوو. بەلام ئەوجار لە نیوان ویی‌و براکەی دیکەی، محەمەد، دا کە حکوومەتی بە سەر "گەنجە"و "ئاراندا" دەکرد ناکۆکی سەری هەڵداو پێنج شەڕی بەدوای یەکیان لەگەڵ هەوکرد کەدایکی (برکیارق) تێیدا بەدەستی وەزیری وی کوژرا. "برکیارق" لەئاکامدا بەنەخۆشی ئازارەباریکە"سل" مرد لەحاڵێکدا تەمەنی لە بیست‌و پێنج ساڵ زیدەترنەبوو.

لە دوای وی سەلتەنەت بۆ براکەی دیکەی محەمەدو پاشان بۆ کوڕی وی مەحموود ماوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەدا کە سەلتەنەتی ئەم مەحمودە لە لایان خەلیفەی بەغدا یانی "المستظهراللە" بە فەرمی ناسراو بە دەستووری وی بە ناوی"مغیث الدین" خوتبەیان بە ناو خویندەوە، سەنجەر برای محەمەد کە ئەوکاتی حوکماتی بە سەردەڤەری خوراساندا دەکرد پاشایەتی وی قبووڵنەکردو کەمێک دواتر ئەوی لە سەرتەخت هێنایەخوارو لە شوێنی دانیشت.
سوڵتان سەنجەر بە ناوبانگترین پاشای ئەم زنجیرەیەو لە حەینی حاڵدا خاوەنی درێژترین سەردەمی پاڵشایی لە ئیراندایە لە دوایی شاپووری دووەمی ساسانییەوە، چونکە ٦٢ساڵی لە٧٥ساڵ تەمەنی خۆی لە سەرتەختی پاشایی تیپەڕکرد، بەڵام دەماوەرانی مەزنی وەک معزی نیشابووری، سابیرترمندی، عەبدالواسع جبلی، ئەنووەری‌و سەنائی بەهۆی بەخشیشیەکانی لە ڕادەبەدەری وی ناویان تەژی لە ئاوازەکردووە، دەنا پالشایەتی دوورو درێژی وی جگە لە شەڕەکانی بەردەوام‌و بە سەتان هەزارکوژراو ویرانی‌وخاپووربوونی لە ڕادەبەدەر، بۆ خەلکی ئێران بەرهەمی نەبوو. بیست‌و شەش شەڕی گەورەی وی کە تەنیا لە دووانیاندا "شکەستی خوارد" بەبایی باجو خەراجێکی قورس سەری گرت کەکەمەری گوندییەکان‌و بازرگانانی شکاند. وەزێری ئیکجارلێهاتووی خۆی کوشت کە نەوەی خواجەنیزام الملک بوو ئەو دەوامی حکوومەتی خۆی لە بیست ساڵی ئەوەلی سەلتەنەتیدا دەینداری کارزانیی وی بوو، عارف مەزنی دادڤانی دادڤانانی هەمەدانی لە سێدارەدا.

سەنجەرکە ناسناوی وەک مەلیکی ڕۆژهەڵاتو سوڵتانی "معزالدینوالدین" ی وەرگرتبوو لە بیستوشەشەمین شەڕی مەزنی ژیانی خۆیدا لەگەڵ تورکەکانی "غەز"دا بە پێچەوانەی چاوەڕوانی شکەستی خواردو لەگەڵ تورکان خاتوونی خێزانی بەدیل گیران، سێ ساڵو نیوبە یەخسیری ماونەوە، سەنجەربەهۆی بەدیل گیرانی خیزانی نەیدەویست بڕیاری هەڵاتن بدا. بەلام دوایی مردنی تورکان خاتوون، دەستەیەک لە غوڵامەکانی، سەنجەریان بە بیانووی ڕاو بۆ قەراخ جەیحوون بردو لە وێ سواری پاپۆرێکیا کرد کە بۆی حازرکرابوو و ڕفاندیان، و سەنجەرجارێکی دیکە هاتە"مەرو"و لە سەرتەختی سەلتەنەت دانیشت، بەڵام دوای ماویەک بە هۆی کارتێکەریکی توندی ئەو غەمو خەفەتە مرد.

سەنجەرلەگەڵ ئەوهەموەدا کە داوای ئیسلام پەنایی دەکرد، پیاوێکی گەلێک خوشگوزەران بوو، بەتایبەت وەکوو زۆربەی پاشاکانی دیکەی تورک نێرباز بوو. (عادەتی ئەمە بوو کە غوڵامێکی لە نێو غوڵامەکان بەشێوەی حەزلێکەری هەڵدەبژاردو ماڵ گیانی بە قوربانی وی دەکردو فەرمانی سەلتەنەتی خۆی لە ئیختیاری ئەو دەنا.
بەڵام دوای ماوەیەک بە شیوەیەکی دڕندانە لە ناوی دەبردو سەر بەنیستی دەکرد. یەک لەوانە غولامێکبوو بە ناوی "سنقر". سەنجەر کە بینی ئاشقی ئەو بوو، کە کڕی فەرمانی دا بارەگایەکی وەک هی خۆی بۆ پێکبێنن‌و هەزارغولامی کری هەتا لە بن رکێفیدا بڕۆن‌و خەزێنەیەکی وەک خزانەی سوڵتان بۆ لە بەردەرگای ئاڕاستە بکەن‌و دەهەزارسواری بۆ تەرخان بکرێت. بەڵام دوو ساڵ دوایە سەنجەر بە نهێنی پیلانی بۆکێشاوفەرمانی بە ئەمیرەکانی خۆی دا کە لە هۆدەی وی کۆ ببنەوەو لە حالێکدا کە ئەو سونقوری بۆ هودەی خۆی بانگ هیشت ئەوان بەگاگوژ هیرشی بکەنە سەرو لەتو پەتی بکەن، ئەمیرەکانیش ئەوهایان کرد.))

بابەتێکی ویکچوو لەم کتێبەی "مێژووی ئەدبیات لە ئێرانەدا" ئەوها گێڕدراوەتەوە:
"سوڵتان سەنجەر ئاشقی ئیختیارئەدین جەوهەر"ی غولامی جوانچاکی دایکی بوو، بە جۆریک کە سیهەزار سوپا لە ژیرڕکێفی ئەودا دەرۆیشتن. بەڵام دیسان بۆ ویش پیلانێکی رێکخستو ئەویان لە بێڵای بارەگایەکەی بە زەبری چاقو کوشت. دەگێڕنەوە دەڵێن کاتێک کە جەوهەریان وەبەرکێردی گاگوژ دەدا هاواری دەهات، سەنجەر لە ژووری خۆی بوو، چاخێک هاواری وی بیست گوتی: گویا ئەوە جەوهەری هەژار دەکوژن! ئەوکارەی لەگەڵ غوڵامێکی دیکەشی بە ناوی "قایماز" کڵاولارکرد".

لە دوای مردنی سەنجەر، بەوەسیەتی وی "ئیسلام خاقان مەحموود"ی خوارزای بە جێگری وی لە سەرتەختت دانیشتو"مؤیدئای"، یەکێک لە غولامەکانی سەنجەر کە لە ماوەی بەدیل گیرانی ئەودا بە دەستی غەزەکان بۆخۆی لە نیشابوور دەموودەزگایەکی پاشایانەی پیکهێنابوو بە کردەوە ببوو بە سەرپەرستی. بەڵام هێندەی نەکێشا کە مەحموودوکوڕەکەی کوێرکردن‌و خوتبەی سەلتەنەتی بە شیوەیەکی ڕاستەو خۆ بە ناوی خۆی خوێندەوە،بە جۆرێک لە "توس"و "نیشابوور" بە ناوی ئەو لە"گورگان" و "دهستان" بە ناوی ئێلی ئەڕسەڵان خوارزمشاەو لە "مەرو"و "سەرەخس" بە ناوی فەڕمانڕوایانی غەز خوتبەیان دەخۆیندەوە. هێندیک دوایی سەرجەم خوراسان کەوتە بەردەست تورکانی خوارەزمشاییو خودی مؤیدئای بە ئەمری خوارەزمشاە کوێرکرا و پاشان کوژرا.

مەلیکشای کوڕی مەحموود لەدوای چوارمانگ سەلتەنەت کە هەمووی بە مەستیو دڵچەڕێنی وکەیفوو نەهەنگو ژنبازی تێپەڕکرد لە لایان ئەمیرەکان لە تەخت هیندراخوار. سولەیمان شا لەدوای وی لە سەرتەختی پاشایەتی دانیشت ئەویش بە هۆی ئالودە بە شەڕابخواردنەوەو نێربازی لە ڕادە بەدەر، لە لایان ئەو ئەمیرانە لە تەخت دابەزاندراو خرا زیندان‌و پاشان کوژرا.

دوایین پاڵشای زنجیرەی سەلجوقی ئێران، توغرەڵی سێهەم، لەڕۆژێکدا کە لە بەزمی شەوانە سەرڕاست چووە مەیدانی شەڕ لەگەڵ "قەتلەغ"کوڕی ئەتابەکی جیهان پەهڵەوان، بە خوێندنەوەی چەند شیعر لە شانامە وەکوو ڕۆستەم بەگورزی قورسو گران لە سەفی قەتڵەغی دا، بەڵام ئەم ڕۆستەمە کوژراو"تەتلەغ" سەری بڕاوی بۆخەلیفە "الناصردینالله" ناردرایە بەغدا.

لەگەڵ ئەو هەموو فەسادەدا، ئەم کوشت وکوشتارو زوڵمو زۆریانە، ئەم نێربازیو دڵچەرێنی و کەیفوو نەهەنگانەو هەموو ئەو تەوژمە کەمەر شکێنانە دەخرانەسەر گەورەوگچکەی خەڵک، ئەم حاکمو فەرمانڕەوا گۆپاڵ بەدەستانەی وەک پێشینیان‌و وەکوو جێگرانی خۆیان داواکاری باشترین شێوەی پاسداریو پاراستن لە ئیسلامی نابی محەممەدی بوون‌و لەم بارەوە شاهێدی سەرنج راکێش لە خودی "خواجە نیزام الملک" لە سیاسەتنامەدا دەتوانین بخوێنینەوە:

((سەیر ئەوەیە کە تورک خۆیان لەلایەن خوداوە مەعمووری بەهێزکردنی دین دەژمارد، هەروەک ئەلەب ئەرسەلان بە فرماندەری سوپای خۆی بەناوی" ئەردەم توندی"ی گوت: ئێمەتورکەکان موسڵمانێکی بێخەوشو خاوێنینو ئەوانی دیکە بێ مەزەبو بێ دینو بێ ئاقیدەن، ئەمڕۆ خودای مەزن تورکەکان بە خۆشەویستی خۆی دەزانی کە دەرەجەی باڵا کردوون کە باوەڕی تازە بە پێچەوانەی دین نازانن، لە حاڵێکدا کە دەیلەمانو ئێراقیەکان هەموو داهێنەری باوەڕی تازەی دژی دینو لامەزەبن. کاتێک کە کزو لەڕو بێهێزن ملکەچو غولامن، ئەگەر بروکەیەک بە هێزبوونو یان لاوازیان لە مەڕ مەزەب یان پاریزگاکان لە ئێمە بینی، یەکێک لە ئیمە تورکان بە زیندوویی ناهێڵنەوە، چونکە ئەمانە لەکەڕوگاکەمترن چونکە تەوفیر لە نیوان دۆست و دوژمن ناکەن".

بەڵام شیوەی کەلو پەلی ئەم ئیمانی ئیسلامی لە زوانی "زەبیح الله سەفا" لەمێژووی ئەدەبیاتی ئێرانی وی باشتر دەکرێ ببیسین:
((سەلجوقیان لە دژمنیو بە تەوفیردانانێکدا کە جێگای قەبووڵی مەلاکانی ئایینی سوننە نەبوون، وەکوو "قرامطە" و"باطینە"و" معتزلە" شیعەیەکان لە درۆو پێوەناندا لە ئەندازە دەر دەچوونو هەمێشە ئامادەی کوشتنو ئازاردانی ئەوان بوون، هەتا لە کوژرانی وەزیرانی خۆشیان درێغیان نەدەکرد)).

بەویکچوونێکی ڕاست بینانەتر لەم دووە راستییەکان لە دوو شوێنەواری شیعرو وێژامەی بە ناوبانگی خودی ئەو سەردەمە دەتوانین ببینینەوە کە دەنگدانەوەیان بووە:

((زاڵمانو خوینخۆرانی سەردەمی"سەلجوقییان" بۆ تاڵانکردنی خەڵک بیانووی دینیان دادەتاشین، هەر وەک "مۆیدئەددین ئەبی قەساب" وەزیری خەلیفەی بەغدا کەحکوومەتی بەسەرخوزستاندا دەکرد زۆری زوڵمو زۆری لەوەرزێرانی ئەودەڤەردەکردو قەباڵەی خانووبەرەو مڵکەکانیانی لێدوویستنو دەیگوت: کە هەرد ماڵی ئەمیرئەلمونین"خەلیفەی عەباسی"یە، کەس خاوەنی ملکو ماڵ نییە. (ماڵ گشتی لەسەردەمی ویدا بوو بە یاسایی" چ پاشایەکی پەست هیمەت بوو کە چاوی تەماعی لە بەرهەمو ماڵو سامانو کۆخو کۆختەو خانووچکەی بێوەژنان دەکرد".

خبرت هست کەازهرچە دراوخیری بود
درهمەایران امروز نماندەاست اثر؟
بربزرگان زمانە شدە دونان سالار
برکریمان جهان گشتە لئیمان مهتر
شاد الا بە درمرگ بنینی مردم
بکرجز درشکم مام نبینی دختر
برمسلمانان آن شکل کنند استخفاف
کەمسلمان نکند صد یک ازآن برکافر

سەرچاوەکان:
1-گزارش مارکوپولو دراین مورد بطورکامل درتاریخ ادبیات ایران. ج ٢،ص ٢٠٧، تا ٢١٠نقل شدەاست.
2-طبقات ناصری،ص.٧٠١
3-ذبیح اللەصفا: تاریخ ادبیات درایران،ج ٢،ص .١٧٣
4-سیاست نامە خواجەنظام الملک،ص .4
5-تجارت السلف،نقل ازتاریخ ایران عباس اقبال،ص .٣٣٦
6-ذبیح اللەصفا: تاریخ ادبیات ایران،ج ٢،ص .٧١
7-همانجا،ص .٧٢
8-سیاست مامە نظام الملک،چاپ عباس اقبال،ص .٣٠١
9-تاریخ ادبیات درایران،ج ٢،ص .١٤١
10-راحەالصدور،ص .٣٨١
11- ئەنوەری ئەو هۆزانە دوورودرێژهی لەسەرداوای خەڵکی خوراسان هۆنیوەتەوەو لەلایەن ئەوانەوە بۆخاقان ناردرابوو ولەتۆرەی ئێراندا بە (هۆزانی ڕانیە)9 ناوبانگی دەرکردووە. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر سەلجووقییان

دەتوانن ئەوسەرچاوانە بخوێننەوە: راوندی: راحەالصدور(تاریخ سلجوقیان) خواجەنظام الملک: سیاست نامەمجمل التواریخ مؤلف ناشناس،ویراستار وچاپ ملک الشعرابهار،گردیزی: زین الاخبار،اخبارالدولە السلجوقیە.

## تورکانی خوارەزمشایی

ئەو بنامەڵەی پاشایەتییەی بووبە جێگری سەلجوقیان، لە تورکەکانی خوارەزمشایی بوو کە غولامێکی دیکەی تورک، بەناوی "ئەنوشتکین" بنیاتنەری بوو. یەکێک لە ئەمیرانی سەلجوقی ئەم ئەنوشتەکینەی لە"گورجستان" کڕیبوو و بەم هۆیە بە"ئەنوشتەکین غورجە" ناودێربوو. لە سەردەمی سەنجەردا ئەمیری حەبەشی خوراسان کوڕی ئەم غولامەی کە ناوی "قوتبەدین محەمەد" بوو بە هۆی کردەوەی چاکی بۆ حکوومەتی خوارەزم ناردو ئەم پلەیە ناوی خوارەزمشا "فەرمانداری خوارەزام"ی بۆ ویو دوایی بۆ هەموو بنەماڵەکەی لەگەڵ خۆی هێنا، چونکە لە دوایی وی ئەم مقامە لە بنەماڵەی واندا بوو بەمیراتی.

لە سەرەتادا ئەم زنجیرەیەش لەگەڵ براکوژیو دایک کوژی هاوهەنگاوبوو، چونکە عەلائەدین تەکێش، دژی سوڵتانشاهی برای شۆڕشی کرد کە بەشوێنتێکەری تورکان خاتوونی دایکی ببوو بەجێگری باوکیو ئەو دووەی لە خوارەزم دەرکردنو دوایەی هەردووکی کوشتنو چونکە بەرلە وی سەردارخەلیفەی بەغدا بە ناوی مؤیدەدین قەساب بە لایانگری لە برای وی هەستابۆوە، لە هێرش بۆ سەرهەمەداندا تەرمی ویشی کە هێندیک پێشتر مردبوو لەگۆڕ هێنایە دەرو سەری بڕیو بە ناوی زارە خوارە بۆ خەلیفەی نارد.

سوڵتان محەمەدخوارەزمشاهی جێگری، بەم بیانووە کە عوسمان خان ناسراو بە"سوڵتان السەلاتین"ی حوکمڕانی سەمەرقەند کە زاواشی بوو، لە کیژەکەیدەدا، هێرشی کردە سەمەرقەندو سێ ڕۆژی تەواو دانیشتوانی وێی کوشتارکرد کە هیچ جۆرە خۆتێهەلقوتانێکیان لە پیوەندی ئەم ژن و مێردەدا نەبوو کاتێک کە بە بەرێوانیی پیاوچاکو ماقولانی شار دەستی لەکوشتو کوشتارو قەلاچووی خەڵک هەڵگرت، عوسمان خانی گرت کە بۆ داوای لێبوردن بۆ لای خەزوری هاتبوو و لەگەڵ هەموو بنەماڵەکەی کوشتنی.

لە سەردەمی ئەم محەمەد خوارەزم شایەدا بوو کە دنەی "الناصربالله"ی خەلیفەی عەباسیی بەغدا سێلاوی مغولانی ڕەوانەی ئیران کردو گەورەترین کارەسات لە دوایی هێرشی عەرەب بۆ ئەم ولاتە بەرهەم هێنا. خوارەزمشا، لەدوایی پاشەکشەی یەک بەدوای یەکیدا بۆ ذورگەی گچکەی"ئابسکون"ی لە دەریای خەزەری پەنابردو لە وێ ئەوها بە بەدبەختی و چارەرەشی مرد کە هەتا کفنی نەبوو کە تێیوەربپێچنو لە گوڕدا بینێژن. سەرئەنجام بە مەجبووری کفنیان بۆ لەجلی یەکێک لە هاورێیانی دورست کرد. سەرنج ڕاکێش ئەمەیە کە ئەم پاڵشا پاوانخوازەی خوارەزمشایی لە سەرجەمی دەورانی سەلتەنەتیدا لە ژێرکار تێکەریی دایکە قەڵەوەکەیدا بوو کە ئەویش بە تورکان خاتوون ناودێربوو. ئەم ژنە کە لە هەموو مێژوودا بە خوینخۆریو فێڵەبازیو ماڵ کۆ کەرەوەیی ناسرابوو، ئەوها بەسەر کارەکانی خوارەزمشادا زاڵ بوو کە فەرمانەکانی ناوبراو بە بێ ڕەزامەندیی وی بەرێوە نەدەچوونو لێکدانەوەی هەڵەکانی ئەم ژنەش یەکێک لە هۆکارەکانی کوشتوکوشتاری مغولان بوو.((... وئەم پیرەژنە بۆخۆی مەجلیسی کەیفوو نەهەنگی پێکدەهێناو لەو مەجلیسەدا بە فەسادو دڵچەرینیو ئەوینەوە خەریکو سەرقاڵ دەبوو بەدەستی ئەم ژنە زوڵمو زۆرییەکی لە رادەبەدەردەکردو بە دەستی تورکانی بێبەزەو بێدینوخدانەناسی خۆی کوشتوکوشتارێکی بێئامانی دەکرد، کاتێک دلی کەوتبایە سەر ملکێک، خاوەنەکەی بە دەستی ئەوان دەهینا خوارەزمو بەشەو لە چەمی جەیحوونی داویشت)).

سوڵتان جەلالەدین ملیکشای کوڕی، هەرچەند سەردارێکی بەغیرەت بوو تاقە ڕێبەرێکی شەڕی بوو کەلەگەڵ لەشکرەکانی مغول دلیرانە شەڕی کرد، بەلام پیاوەکی ئێکجار بێبەزەو کەللەڕەق و تۆڵە ئەستێن بوو، لە گەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی بە تەواوی خۆشکوزەرانو دڵچەرینو شرابخۆربوو، کاتێک ئاگربڕێکی کورت لە نێوان ئەوو سوپای مغول دەکرا، ئەو لەم هەلە ڕەخساوەی بۆ شەڕاب نۆشیو بە تایبەت نێربازی لەگەڵ غولامێکی تورک بەناوی "قلیچ" کە بەتوندی ئاشقی ببوو، دەقۆستەوەو لەم بارەوە بەربەستێکی ئیسلامیی نەدەبینی، چونکە قازی تاجەدین سەبوکی

لە"طبقات شافعیە"ی خۆی ڕوونی دەکاتەوە کە"لەم سەردەمەدا بازێک لە پسپۆرانی دین فتوای پێکەوەنوستن لەگەڵ غوڵامەکانیان‌دابوو"

عەباس اقبال یەکێک لە سەرنج ڕاکیشترین نموونەکانی ئەم لە برەو بوونەو مەقبووڵبوونی پێکەوە نووستن لەگەڵ غوڵامەکانی تورکی، لە مێژووی مغولی خۆیدا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم "سوڵتان جەلالەدین مەلیکشایەدا" ئەوها دەگێڕێتەوە:

((جەلالەدین منکبرنی غولامێکی هەبوو بەناوی" قلیج" کە سوڵتان کەوتبووە بەندی ئەوینی. ئەزقەزا غوڵام مرد. سوڵتان لە ماتەمی ویدا ئیکجارگریاو شینی بۆ گێڕاو فەرمانی دا هەتا فەرماندەرانی لەشکرو لێژنەی وەزیران تەرمی ئەویان لە شوێنی مردن هەتا شاری تەورێز کە چەند فەرسەخ نێوانی هەبوو بە پیادە وەڕێخەن بۆخۆشی بەشیک لە ڕێگای بەپێیان بڕی. کاتێک جەنازەکە گەیشتە تەورێز، ئەمری دەرکردکە دانیشتوانی شار کۆتەڵی بۆ بڕازینەوەو شینی بۆبگێڕنوکەسانێک کە لەم کارەدا درێخیان کردبوو بە توندی سزادران هەتا ئەوکەسانەی بە تێهەڵدان دەرکردن کە بۆشەفاعەتی ئەمانە هاتبوون. لەگەڵ ئەو هەمووەدا حازرنەبوو تەرمەکەی بەخاک بسپێرنو بۆ هەرشوێنێک کە دەچوو تەرمەکەشی لەگەڵ خۆی دەبردو لە سەری دەگریاو لە خواردنوخواردنەوەدا چاوەڕوانیی دەکردو ئەگەر شتێکیان بۆ وی دەبرد لە پێشدا بەشێکی لێ بۆ غولامی مردوو دەناردو کەس نەیدەوێرا بێژێ کە مەعشوقەی جەنابتان مردوەو ئەگەرگوتباشی دەیکوشت. لەم بارەوە کاتێک کە چێشتیان بۆغوڵامی مردوو دەبردو دەگەڕانەوە بەعەرزی پاشایان دەگەیاند کە "قلیج" عەرزی ئەدەب دەکاو زەمینی ئەدەب ماچ دەکاو دەڵێت: کە بە لوتفی سوڵتان حاڵم زۆر باشە)).

سوڵتان جەلالەدین، لە یەکێک لە سەفەرەکانی شەڕی خۆیدا لە ئازەربایجان ناچاربوو بۆ کوردستان تێی تەقێنێ و لە وێ، بە چارەنووسیکی وەک داریوشی سێهەمو یەزدگوردی ئاخرین پاڵشایانی هەخامەنشینیو ساسانی، بە دستی کوردێک کوژرا کە تەماعی لە جلو بەرگی گران‌قیمەتی وی کردبوو، بە مەرگی وی دوایین ڕەقیبی ڕاستەقینەی هێزەکانی مغول لە ناو چوو، زنجیرە پاشایەتی خوارەزمشاهیانیش کۆتایی پێهات. هۆکاری حەسڵی تێشکانەکانی وی لە بەرابەرمغولاندا، لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنانەدا کە بەنەسیبی بوون، بە قسەی دکتۆرسەفا، ئەمە بوو کە ئەمیرەکانی لەشکری وی، وەک هەموو تاڵانچییەکانی دیکەی کە بۆ سەرئیرانی ئیسلامی هیرشیان هێنا یان حکوومەتیان لە سەر کرد، تەنیا بە دوای تاڵانو ڕاوو ڕووت دەخولانەوەو چارەنووسی وڵاتو ئەومیللەتەی کە لە بن دەستیان دا بوو بۆیان گرینگ نەبوو، یان گرینگایەتێکی ئەوتۆی نەبوو واتە بۆیان گەلێک کەمو بێبایەخ بوو.


سەرچاوەکان:

1-ابن الاثیردر(کامل)،حوادث سال 623 هجری،تاریخ ابن خلدون،چاپ قاهره،ج 3،ص .11.2

2-تاریخ جهانگشای جوینی،ویراستاری محمد قزوینی.لیدن،1912،ج،2،ص .198

3-طبقات الشافعیەالکبری،چاپ قاهره،ج 2،ص .18

4-تاریخ مغول،عباس آشتیانی،ص 140-.141

5-بۆلێکۆڵینەوەی زیاتر لەسە خوارەزمشاییان بڕوانە: محمد بن احمد نسوی: نفثەالمصدور، سیرت سلطان جلال الدین منکوبرنی: حمدالله مستوفی: تاریخ گزیده: رشیدالدین فضل الە: جامع الیواریخ: ابن اثیر: کامڵ. Histoire Du Sultan O.Houdas, Djelaleddin Monkoberti Prince Du Kharezm.ازاصل عربی، نشریەآموزشگاه زبانهای شرقی پاریس،1891 تاریخ جهانگشای جوینی،ج 3: تاریخ خوارزمشاهیان،ص ٣٤١،

## هێرشی مەغوول

ئەو وێکچوونەی لە نیوان بنیاتنەرانی ئەمپەراتووری مەغوولو بنیاتنەرانی ئەمپەراتووری عەرەبدا هەیە، لە سەرسوورڕ هێنەرترین وێکچوونەکانی مێژووییە. هەردوو ئەمپەراتووری بەدەستی ئەو قەومانە بناخەیان بۆدارژا کە هەتا ئەو چاخ شوێنێکیان لە مێژوودا نەبوو، لە دەشتو چۆلەواری دوورکەوتوو نانیشتەجێی خۆیاندا بەشیوەی سەرەتایی دەژیانو زۆربەیان پێکەوە لە شەڕو تێکهەڵچووندابوون. ئەم هۆزە بەربڵاوانە لە عەرەبستانی سەدەی حەوتەمو لە مەغوولستانی سەدەی دوازدەهەمدا، لێرەو لەوێ بۆ یەکەم جار بە دەستی دوو کەس لە ژێر بەیداخی رێبەریکی تاکدا کۆ بوونەوە، کە دەبوایە بنیاتنەرو بناخەدانەری دوو ئەمپەراتووری لە بەرفرەوانترین ئەمپەراتووریەکانی مێژوو ببن. هەرتکیان تێنوی دەستکەوتو تالآن بوونو بە درێژایی بیست ساڵ لەڕێگای شەڕ یان لە ڕیگای رامیارییەوە خەریکی پاوانخوازی بوونو بە کەلک وەرگرتن لە هەلو مەرجیکی لە باری سیاسی نیزامی، دوو ئەمپەراتووری مەزنیان بەسەرکەوتنەکانی بەلەزی خۆیان پێکهێنا، کە هەردوو لە پانو بەرینیدا بەقەرا یەکتربوون. بەشیک لە هەرکام لەم دوو ئەمپەراتوورییە ئێران بووو لەوەیدا وەکیەک بوون، بەڵام بەشی دیکەی یەکێکیان لەلایان ڕۆژئاوا، ئەفریقای باشووریو ئیسپانیا و ئەویدیکەیان، لە لایان ڕۆژهەڵاتو باشووری چینو بەستێنەکانی باکووری ڕووسیەی دەگرتە بەرخۆ. هەردوو ئەمپەراتووری، لەگەڵ ئەو هەموو پانو بەرینیەی خۆیاندا، لە ماوەی چەند دەیەگووڕانو لە هەردوو بەستێندا، شکۆی دەسەڵاتو توانایان لە سەربناخەی تاڵانکردنی وڵاتانی سامانداری تێشکاو بنیات نرا. هەرچەند کە ئەم وڵاتە شکەست خواردووانە بە پێشکەوتوویی‌و فەرهەنگێکی ئیکجارپێشکەوتەتری خۆیان بۆ چۆل نشینانی عەرەبو بیابانگەڕانی مغولْ فەرهەنگو پێشکەوتنێکی پێکهێنا، کەهەم ئەمان وهەم ئەوان بۆ خۆیان نەیان بوو. بەڵام ئەوتەوفیرەی لەم چەندپات بوونەوەی مێژوودا لەنیوان ئەم دوو ئەمپەراتووریە بوونی هەبوو، ئەمە بوو کە یەکێک لەم دووە هەموو شمشیرکێشیەکانی خۆی بە ناوی مەزەب ئەنجام دا بەلام ئەویدیکە شمشیرەکانی بەناوی خۆی دەکێشا، هەرچەند کە لەم بابەتەش یاسای چەنگیزی گرتەبەر کە لە دونیای مغولْ هاوتەرازی قورئانی دنیای عەرەب بوو. تەفاوەتێکی دیکەش لە نیوان ئەو دووە هەبووە کە ئەگەر لە مەسەلەی عەرەبدا خودی ئیرانیان لە بابەت ئاخۆران ماخۆرانو ئاژاوەی ناو خۆیان لە بەرامبەرهێرش کەرانی بەپلە کزتر لەخۆدا بەشیکی گەورە لە بەرپەسیارەتیی کارەساتیان بەسوکرە وەبوو، لە بەسەرهاتی مغولدا، خودی ئەم ئێرانیانە لە بنەڕەتدا بایەخەکیان لە لای عارەبان نەبوو. ئەمەی لەگەڵیان دەکرا زۆرە ملیی وەحشیانەی تورکەکانی قەبچاقی لەگەڵ تورکەکانی مغولی بوو.

لەگەڵ ئەم هەمووەدا بەڵای مغولْ بە ناچاریو پیویست بەڵایەک بوو کە نەدەکرا لە بنی دەرچن، چونکە بەمجۆرەی کە هەموو ڕووداو نووسەکانی موسڵمان ئەنگوستیان بۆڕاداشتووەو بەتایبەت مێژوونووسانی ڕۆژئاوا لە سەربناخەی بەڵگەو دیکۆمەنتی ڕوون، پەنجەیان بۆ ڕاکێشاوە، کە "تموچین" ڕێبەری هۆزی مغولی"قیات" کە بە یەکگرتووکردنی نۆ هۆزەکەی مەغوول لە ژێر فرمانی خۆیدا، لە لایان ئایەتوواللەی مەزنی مغول ناوی چەنگیزخان (خانی خانانی" وەرگرتبوو، لە سەرەتای کار نییەتی دوژمنداری لەگەڵ سوڵتان محەمەد خوارەزمشایی پاڵشای بە دەسەڵاتی ئێران نەبوو، بەپێچەوانە خەرێکی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وی بوو هەربەم مەبەستە سەفیری بۆ لای وی نارد. بەلام خوارەزمشا کە بە دوایی سەرکەوتنەکانی یەک بەدوای یەکیدا، بۆخۆی هەوای پاوانخوازی بە لای ڕۆژهەڵاتداو دەست بەسەرداگرتنی "چین"ی لە مێشکیدا دەپروەراندو هێشتا ئەم تازەپێگەیشتووەی مەغولی بە هێند نەدەگرت، نەک تەنیا ڕێزی بۆ باڵوێزی وی دانەنا، بەڵکوو بەکەمتەرخەمیش لەگەڵی جۆڵاوەو هەموو کاروانەکانی مەغوڵی کە بریتی لە چوارسەت بازرگانبوون بە هاندانی وەزیری خۆی "غایرخان" بەتەماعی زەوتی ماڵی بازرگانی قەلاچۆکردنو دوایش ئامادە نەبوو وەزیرەکە بداتە دەستەوەو ئەو زەرەرو زیانە قەرۆبوو کاتەوە کە خانی مغولْ داواکاری بوو. لەم ڕێگایەوە سێلاوێکی ماڵ کاوەلکەری وەڕیخست کە دەبوایە گەورەترین وخوینڕێژترین کارەساتی مێژوویی وڵاتی ئیمەی بەدوادابێنیّ. تازەلەم بابەتەشدا هەربەمجۆرەی کە گەلێک مێژوو نووسان مەسەلەکەیان دەربڕیوە کە سوپای مغول لە سەرەتا تەنیا مەبەستی زەبرێکی تەمبێیانەو تاڵانێکی تۆڵە ئەستینەوە بوو، بەڵام وەک مەسەلەی عەرەبەکانی قادسییەو جەلەولاء کزیی نەیارو ئاژاوەو هەرکەس هەرکەسی دەمموودەزگاییەکەی، هێرشکەرانی دلگەرم کرد کە بەردەوام بەرەو پێش بڕۆنو زۆرتر بخوازنو داواکەن. بەمجۆرە لە ماوەی چەندساڵدا دەکریّ بڵێین سەرجەمی شارو دەڤەرە ئاوەدانو بەسامانەکانی ڕۆژهەلاتو باشووری ئێران ئەوها دەخۆڵو خوێن وەردران، ئەو هێندە دۆخی شمشیری مغولْ بیتاوانی لە زارۆک و پیروو پەککەوتو و دەستەوەستانو ژن و پیاوی لاوو پیر قەڵتو بڕکردو ئەوها شوێنەواری فەرهەنگیو پێشکەوتوویو پیشەییو وەرزێڕیوکشتوکاڵیو قوتابخانەکان وکتیبخانەکانی وڵاتی بە

وێرانی ئەسپارد، کە بە شایەدی ئەم لێکدانەوە پرمەترسیە کە "هاتنو کوشتاریان کردوو سوتاندیانو ڕۆیین" لە گۆرستان بەدەر لە سەرڕێگای مغولان بەساخی نەماوە.

((..و جەنگیز بە سوپای خویەوە بۆ "بوخارا" چوو و لە مزگەوتی جامیعە دابەزی. ئەسپەکانیان لە ناو مزگەوت بەستنەوەو سندوقی قورئانەکانیان کردە جۆرکی ئالێکی ئەسپەکانیانو قورئانەکانیان دڕ بە دڕکردو پەڕەکانیان خستەبەر پێی مەڕومالاَت. "ئەمیر ئیمام جەلالەدین عەلی" کە پێشەوای ساداتی دووچۆمان(ماوراالنهر) بوو، ڕووی لە ئیمام "ڕوکنەدین تەیب اللە" کرد کە لە زانایانی پایە بەرزو پسپۆری دنیا بوو، کە: مەولانا ئەمە چ وەزعیکە؟ و مەولانا ڕوکنەدین، وەلاَمی داوە کە: بێدەنگ بە! با بێفەرمانی خودا دێت، کاتی قسەکردن نییە!))

ڕۆڵی مەلاکانی ئایینی لەم کارەساتەدا، ڕۆڵێکی سەرجەم نەرێنی، پرینگانەوەو خۆ بە دەستەوەدان بوو: (( لە مێژووی سەردەمی مغولدا شمشیری تاتار نیشانەیەک لە توندوتیژیو قەهرو غەزەبی خودا دەهاتەئەژمارو بەربەرەکانی ئیرانیان کردەوەیەکی دور لە ئاوەز دەهاتە حیساب، بیروبۆچوونی مەزنانی دین ئەمە بوو کە ئیرادەو ویستی خودای بۆ لە ناوچوونو نەمانی ئەوان دالقین بووە چونکە دەسەلاَتو قودرەتی لەشکرەکانی مغول لەگەڵ ڕەزامەندیو پەسندی قەزاو قەدەر پێکەوە هاوهەنگاون، بە ناچار دەبێ فەرمانی ئیلاهی کە((ولاتلقوابایدیکم الی التهلکە)) (خوتان بەدەستی خۆتان لە موهلەکە نەهاوێژن) بکەن بەگوارەی گویچکە، یانی ملکەچی تەواو لەوان قبووڵکەن هەتا لە توندوتیژیو غەزەبی ئەوان لە ئەمان دابن)).

((سەرجەم میژووی ئەم سەردەمە حیکایەت لەمە دەکەن کە مەلاکانی خوراسان لە هەموو شوێن بەربەرەکانیو خۆراگری ئێرانییەکانیان بەکردەوەیەکی دوور لە ئاقڵ ئەژمارد کە بەدیفاعو بەرگریی ناهومێدانە لە شارەکانو گوندەکان خۆیان لە دووچۆمان "ماراوالنهر" خەریک دەبوونو ئەوان ئەوهایان لێکدەداوەو ئازەنتی دەکرد کە ئیرادەی خودای لە سەر لە ناوبردنی وانە، دەست لێدان بەمجۆرەکردەوە، دژایەتییە لەگەڵ ئەمرو ئیرادەی خوداوەندو ئەمە بۆ خۆی هۆکارێکە کە لە ناوچوونی وان سانایی تربکات))

سەرچاوە مێژووییەکان ژمارەیەکی مەترسیدار لەکوشتوکوشتاری دانیشتوانی شارەکانی ئێران بەدەستی مغولان دەدەنەدەست، هەر وەک لەکوشتوکوشتاری "هەرات"، تەنیا ٤٠ کەس لەشاردا زیندوو مابوونەو لەگوندەکانی قەراخو قوچاخدا کمترلە سەت کەس. لە "بەلخ"دا ٢٠٠هەزارکوژران. لە دەڤەری بیهەق ٧٠هەزارکەس کوژران و کوژراوەکانی "هەرات"یش ٧٠هەزارنەفەر بوون. لە دانیشتوانی شاری پڕ لە جەماوەری "مەرو"و گوندەکانی سەرجەم زێدە لە سەت کەس زیندو نەمانەوە. لە"توس" تەنیا ٥٠ماڵ ساخ مابوون کە لە هەریەک لەو ماڵانەدا زێدە لە کەسیک نەمابوو. یاقووت لە جوغرافیای بە ناوبانگی خۆیدا سەبارەت بە نیشابوور نووسی کە تاتارەکان هەرکەسێکیان لەگەنجو پیرو ژنو منالّو تەنانەت سەگو پشیلەکانیشیان کوشتن لە وێ دەژیان، پاشان شاریان تێکو پێکداو لە گەڵ هەردیان تەخت کرد.

((هەرکات شارێک بەشەڕ دەکەوتە بەردەستی مغولەکان، یان دوایی خۆ بە دەستەوەدان سەرلەنوێ شورشیان وەڕێدەخستەوە، هەربەمجۆرەی کە لە ساڵی ١١٢١لە هەڕات قەوما، فەرماندەرانی نیزامی دەستووری کوشتاری هەموو دانیشتوانی ئەوشوێنەیان دەدد. لە چاخێکی ئەوهادا هەموو دانیشتوانی شارەکەیان لە شار وەدەر دەناو ئەوانیان لە ناو جەنگاوەرانی مغولدا دەبەشیەوە، ئەم جەنگاوەرانە ئەرکی سەرشانیانبوو سەرجەمی ئەوخەڵکەی بەگوللەو کولینگو گۆپاڵو شمشیرو پێمەرەو شەنە بکوژن کە درابووەدەستیان. بە شایەدی ڕووداو نووسانی ئەوکات، ئەمجۆرەکوشتو کوشتارە بەکۆمەلاَنە لە مەرو، بەلخ، هەرات، توس، نیشابوور، سەبزەوار، رەی، قەزوێن، ساوە، هەمەدان، مراغە، ئەردەبێلو چەند شارۆچکەدا ئەنجامیان گرت. پاش ئەم کوشتو کوشارانە، دیلەکانیان ناچاردەکردن کوژراوەکان سەر ئەژمێری بکەن. بە قسەی جوەینی، تەنیا لە شاری "مەرو" سەرئەژمێری کوژراوەکان١٣ڕۆژی کێشا. ئەو دەنووسێ: کە لە یەکێک لە ناوەندی کە خەلک لە بەرامبەرمغولان دەست وەکریان کردبوو،لە١٠٠٠٠٠کەس تەنیا ١٠٠کەس دەرچووبوون)).

بە نووسینی ابن الاثیر(( لەو چاخەوە کە خودای تەبارکو تەعالا ئینسانی ئافەراند هەتا هەنۆکە کارەساتێکی ئەوها لە دونیادا ڕووی نەداوە... نسیبەتێک بوو کە وەکوو ئاورنگ گرتی و ئاگری لە تەڕو ویشک بەرداو وەکوو هەورەێکی ڕەش کە بەدەستی تۆفان بڵاو دەبێتەوە هەموو شوێنێکی داگرت)).

((پیاوێک لە مغولەکان بۆ قەڵایەک ڕۆیی کە سەت مرۆڤی لێبوو. دەستی بە کوشتوکوشتاری تاکەتاکەی ئەوانکرد هەتا هەمووی کوشتنو هیچ کام لەوانە غیرەتی ئەوهەی نەبوو کە زەبرێکی لێبوەشێنی، چونکە پێیان گوتبوون ئەمە ئیرادەی خودایە. نعوذبالله من الخذلان!)).

خودی ابن الاثیر، کە هەوچاخی مغول بووەو مێژووی وی هەتا ساڵی ٦٤٨ی کۆچی دەبەرەخۆی دەگرێ( و بەم بەڵگەیە ئەم کتێبە بە باشترین سەرچاو پەیوندار بە شەڕەکانی سەردەمی مغول ناسراوە) کە لە لێکدانەوەو ئازەنتی دوایین، لەم بارەوە دەنوسێ:

فەرماندەرەانی نیزامی سوپای محەمەد خوارەزمشا کە لە" قەنقلیان" و" قەفچاقان" و تورکانی دیکە بوون، لە خەمی ئیرانو ئێرانییەکاندا نەبوون، تەنیا بۆ پلەو پاییەی خۆیان تێدەکۆشان کە کە لە بەرمغولەکان هەڵاتن. ئەو لە شەڕەکانیاندا زوربەی شارەکانیان چۆل دەکردنو زۆرجاریش بە پەڵپ بیانووی ئەوەی لەگەڵ مغولەکان لە ڕەچەڵەیەکن، شەڕیان لەگەڵ نەدەکردن، هەروەک لە"بەلخ" بە شەو شاریان چۆلکردو بۆ خوراسان تێیانتەقاندو لە "ئەترار" هەر لە سەرەتای شەڕ خۆیان لاتەریک کردو لە سەرئەمە مکوڕبوون کە نابێ لەگەڵ هاوڕەچەڵکانیان پەرەچەنگوشەڕبکەن)).

(( لە سەرجەم ئەو ماوەیدا کە چەنگیزو چەنگیزیان لە خوراسان خەرێکی قەڵاچۆی دانیشتوانو تاڵان بوون ئەمیرەکانی لێنەهاتووی ئەودەڤەری، سەرقاڵی ناکۆکی نێوان خۆیانو لە بیری خۆ بەدەستەوەداندا بوون، خەڵکی دەستەوەستانو بیدیفاعو بێپەنای ئەم مەڵبەندە لەگەڵ ئەو هەموو ئێشو ئۆفو ئازارپێگەیاندنەدا هەرکات هەلیان بۆ دەرخسا، شوڕشیان هەڵدایساندو چالاکیی خۆیان دەنواند تا ئەگەر بۆیان بلوێ تۆڵەی خۆیان لەو خاوەنە ناپاکانە بستێننەوە، بەڵام ئەمانە هەموو جۆڵانەوەیەکی بێ کەلک بوون کە ئامانجیان نەدەپێکا)).

((مغولەکان لە هجوموهێرشی خۆیاندا لە کوشتو کوشتاری بەکۆمەڵو تاڵانچییەتی سامانو دڕینی زگو لەتوپەت کردنی ئەندامانی خەڵکو جەزرەبەو ئەشکەنجەو ویرانکردنو لە هەمە سووکایەتیو نامردایەتیو دڕندەییو بێکەڕامەتیو ناپیاوەتیو ناجوامیرییەک کەلکیان وەردەگرت وەکوو ئەو دڕندانە بوون کە بکەونە میگەلی پەزو مامزان. ئەو میژووانەی کە لەو سەردەمەدا سەبارەت بە هێرشی مەزن نووسراون، تەژین لە ناوبردنی جنیاتو کارەساتە دلتەزینەکانی مەغولو تاتار. بێگومان ئەمە دڵتەزینترین کارەسات بوو کە هەتا ئێستا لە سەرجەم مێژووی ئیراندا ڕوویداو دوایەش هیچکات شتێکی وەک وی نەقەوماو ڕوویاننەداوە)).

یەکێک لە کارەسات لێکەوتنەوەو سەرکەوتنی مغول لە ناوبردنی کەلوپەلی ئاوداشتنو زەویەکشتوکالو بەرەو کەمبوونەوەی زمینەکانی کیلگەو لەناوچونی مەڕوماڵاتو لە ناوچوونی هێزەکانی شۆڵی ئینسانی لە دێهات بوو. بە پێی ئەوهەی کە خواجە "ڕەشیدئەدین فەزلوڵڵا" لە مێژووی خۆیدا نووسیوە، هەتا نزیکەی ساڵی 780 زوربەی دیهاتەکانی ئێران تەنیا یەک لەدەی لە زەویەکانی کشتوکاڵ چاندرابوون، نۆ لە دەیەکەی دیکە بوورەو بەیاربوون. گەلێک لە شارەکان تەنانەت لەکۆتایی سەدەی حەقدەهەمی کۆچیو دوای ویشدا هەرلەو دۆخە وێرانەدا مابوونەوەو ڕەنگو ڕووی شارە مەزنو مام ناوەندییەکان بەشارۆچکەو یان بە دێهات گۆڕابوون. بە هۆی سەقامگیری وەرزێرانی کۆچەری مەغوڵ، زوربەی زەویەکانی کشتو کاڵ بە بەیارو بوورە مانەوەو ئەم ڕەوشتەی ئاژاڵداری کە بەحیسابی ویران کردنی زەویەکانی کیڵگە، مەڕوماڵاتی خۆیان تیدا دەلەوەڕاندن هۆکاری ویران بوونی سەرجەم ئابووری وەرزێری بوو، سیاسەتی بەزەخت وەرگرتنی باجوخەراجی زاڵبووان، کە لەمپەری بۆژانەوەی ئابووریی وڵات بوو شارنشینوگوندەییەکانی بە رەو وەرشکستیو موفلیسی برد.

((لە سەردەمی حکوومەتی مغولاندا ئەو کەسانەی باجی خۆیان نەدابوو بەهەموو ئەندامی بناماڵەوە بۆقەرەبووی بە شیوەی عەبد لە بازاری کۆیلە فرۆشان دەفرۆشران)).

لەگەڵ ئەم هەمووەدا میژوونووسانی ئیسلامی تێکۆشاون هەتا بە پێێ عادەت ئەم کارەساتە، وەک عەزابی خوداوند لەڕیی تاوانەکانیان بژمێرن، کە خەڵک- سروشتییە بە سەرپێچی لە ملکەچی تەواوی ئەمری ئاخوندەکان- لە بەرامبەرخوداوەند کردوویانە:

(( ئەم کارەساتە عەزابی ئیلاهی بوو لەو فەسادوگەندەڵیو سەرپێچی بۆ موسڵمانان نازل ببوو هەتا ئەو جەماوەرە لە خەوی جەهالەتو نائاگایی وەخەبەر بێنێو لەبەر نەزانی بەڵایان بەسەردابباریێ کە بۆ منالّو نەوەکانو ئەولادی وان ببێتە چاوترسێنێک)).

ئاکامی ئەم کارەساتە، لە بیروبۆچوونی نەتەوەییدا بەرفرەوانیەکی ئەوهای هەبوو کە بە تەخمینی یەکێک لە تۆژەرانی پسپۆری هاوچاخ، ئیستاش گەلێک لە شوێنەوارە نەریتیەکەی لە خوو خەسڵەتی نەتەوەیی ئێرانییەکان دا شوێنپێی دیارە:

میللەتێک کە بەشێوەیەکی ئەوها جەرگبڕو دڵتەزین لەگروپێکی کێوی تێبشکێتو ملّکو ماڵو گیانی منالانی خۆی بەئاشکرایی لەناو پەنجەی خوێناوی ئینسانکوژانی چۆلگەنشیندا بدینێ، سروشتییە هەموو بایەخەکانی نەتەوەیی خۆی لەدەستدەداتو یان ئیدی بیریان لێناکاتەوە. ئێرانیەکان لە سەدەی شەشەمدا، لە لایەک بەهۆی بیرو ئەندیشەی ئیسلامیو لە لایەکی دیکەشەوە بەسەرکەوتنی هۆزەکانو غولامانی ناحەسڵو نەسەبو زاڵمو نەزانو زەردپێست، بەشێکی گرینگ لە خووعادەتو ڕەچەڵەکی خۆی لەبیرکردو شێوەی میللەتێکی بێ ئیلاقەیان بەخۆوەگرت، کە ئیدی پەرەچەنگ بۆ پاراستنی نەتەوەیی خۆو مانەوەی ئەوی بە پێوست نەدەهێنایەئەژمار. ئەمەیە کە دەبینین خۆراگرییەکانی ناوچەیی ئێرانییەکان لەگەڵ مەغوولەکان لە بازێک دەڤەردا ڕەنگوڕووی شەڕێکی نەتەوەیی یان پەرەچەنگی ڕەچەڵەیەکی هێرشکەری دیکەی نەبوو. هیرشی مەغوول بەشێکی گەورەی لە پاشماوەی خوو خدەونەریتی نەتەوەیی لە ئیرانیان ئەستاند )).

خەلافەتی ٥٢٥ساڵەی عەباسی لەساڵی 656ی کۆچی کۆتایی پێهات. لەم ساڵەدا هلاکۆ پاڵشای مەغولی ئیران، دەستی بەسەربەغدا داگرتو پاش کوشتنی خەلیفە "ئەلمستەسم بیللاو" هەموو بنەماڵەکەی جگە لەکوڕەکەی "موبارک شا" کە هەلاکۆ بە غولامی بە خێزانە مەسیحییەکەی خۆی بەخشی، فەرمانیدایە لەشکرەکانی خۆی کە بۆ ماوەی چل ڕۆژان بەغدا وێران بکەنو دانیشتوانی قەڵاچۆکەن، بە جۆرێک کە لەکۆتایی ئەم ماوەیەدا ٨٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئەم شارە کوژرابوون. لە میژووی "گزیدە"دا، یەکێک لە سەحنە خەماوییەکانی ئەم کوشتو کوشتارە بەکۆمەڵە بەم شیوەیە باسکراوە کە((مرۆڤێک بە ناوی بایجۆ، لە سوپای مەغوول لە خانووی شیرەخۆران وەژورکەتو چلو چەند منالی بینیو بیری کردەوە کە ئەمانەش بێگومان بەڕەزیلیو برسیایەتی دەمردن، واباشە ئەوانە لەم ڕەزالّەت و زەحمەتە ڕزگاربکەم، هەمووی کوشتن. ئەم مەسەلەی بۆ یەکێک لە ماقولان گێڕاوەو پرسیاری لێکرد ئاخۆ لە بەرامبەر ئەوخیرە لە لایەن خوداوە چ پاداشێکم پێدەبڕێ؟ گوتی باشترین شوێن لە جەهەننەم!)).

((وەک "قەدەتەلمجتەهیدینی شێخ جەماڵەدینی" ڕەحمەتی خودای لێبێت لەکتێبی "کشف الحق"دا نووسیویەتی: حەزرەتی ئەمیرئەلمؤمینین عەلی، خەبەری دابوو لە سەرکەوتنی مغولو ئاسەواربڕانەوەی مەلیکی بنی عەباسو کوژرانی وان بەدەستی هلاکۆخان شکی تێدانییە، بەناچار کاتیک هولاکۆخان گەییە دەڤەری بەغدا، کۆمەلێک لە گەورەپیاوانو ماقولانو زانایانی "نەجەف"و"کوفە"و "حیللە" نامەیەکیان بۆ نووسیو داوای ملکەچیو خۆ بەدەستەوەدانیان کرد، هولاکۆ بانگیهێشتنە لای خۆیو پرسیاری لێکردن کە هۆکار چ بوو بەر لە وەی ئەمن بەسەر بەغدادا سەرکەوم داوای ئەمان وەرگرتنتان لە من کرد؟ گوتیان هۆکار ئەمە بوو کە حەزرەتی ئەمیرئەلمومینین سەلامی خودای لە سەربێ ئێمەی لە سەرهەڵدانی ئێوە ئاگادارکردبوو فەرموو بووی کە تورکێک بە سەرخەلیفەی عەباسیدا سەردەکەوێو پادشای تورکان کەسێک دەبێ کە بەسەرهەموو دژو قەڵایچەو شارەکاندا زالّ دەبێتو هیچ بەیداخێک لە بەرامبەرویدا هەلنادرێ کە سەرنخون نەبێتو سەڵا لەوکەسەی کە دوژمنایەتیی ئەوکەمبەربەستەی خودایە بکات. کاتیک هولاکۆ لە مەسەلەکە، حاڵیبوو زۆری لوتفو محیبەت دەرحەق کردنو فەرمانی ئەماننامەی

بەدانیشتوانی نەجەفو کوفەو حیلەلە خەڵات فەرموو و ئەو گومبەزە ممبارکە لە هیرشی تاڵانو بڕۆی مەغولو تاتاردا بە پیچەوانەی نیزەی منافیقان ساخ مایەوە)).

لە672ی کۆچی "ئاباقاخان" مغول لەشکرێکی بۆ بو"خارا" نارد وبە تۆڵەی تێشکانێک کە شازادە جەغتائی ئەم شارە لەسێ ساڵ بەری بەسەربازانی مغولی واردکردبوو ئەم شارەیان ئەوها تاڵان و دوایە ویران کرد کە هەتا لە سەردەمی چەنگیزیش موسیبەتێکی ئەوهای نەبینی بوو.   بەو،جۆرەی کە نووسراوە،هەتا ماوەی حەوت ساڵ بوخارا بۆ دانیشتن کەلکی لێوەرنەدەگیرا.

سەرچاوەکان:
١-تاریخ جهانگشای جوینی،ج ١،ص ٨١.
٢-ذبیح الەصفا: تاریخ ادبیات درایران،ج ٣،ص ١١.
٣-تاریخ ایران ازدوران باستان تاپایان سەدە هجدهم میلادی،ترجمه ازروسی بەفارسی،ص ٢١٥.
٤-همانجا،ص ٢١٧.
٥-همانجا،ص ٢١٨.
٦-ابن الاثیر در(کامل)،حوادث سال ٦١٧هجری.
٧-تاریخ جهانگشای جوینی،ج ١،ص ٨٣
٨-تاریخ ادبیات درایران،ج ٣،ص ١٠و١٢.
٩-تاریخ ایران لەدوران باستان تاپایان سدەهجدهم میلادی ترجمەفارسی،ص ٢١٧و٢١٨
١٠-همانجا،ص ٣٦١.
١١-تاریخ جهانگشای خوینی،ج ١،ص ١٣.
١٢-تاریخ ادبیات درایران،ج ٣،ص ٨٣و٨٤.
١٣-تاریخ گزیدە،چاپ ادوارد براون،لیدن،ص ٢٦٩
١٤-همانجا،ص ٢٧١.
١٥-بۆئاگاداریی زیاتر لەسەر مێژووی مەغوول: رشیدالدین فضل الە: جامع التواریخ رشیدی. همین مورخ: تاریخ آباقاخان(متن چاپ k.jahnدرپراگ،١٩٤١)تاریخ غازان خان(متن فارسی،چاپ K,jahnلیدن،١٩٤٠) تاریخ هلاکو(چاپ Quatremerپاریس،١٨٤٢)،نکاتبات رشیدالدین(چاپ خان بهادرمحمد شفیع،لاهور،١٩٣٧): حافظ ابرو: تاریخ سلاطین مغول(چاپ خانبابا بیانی،متن فارسی وترجمەفرانسه،پاریس،١٩٣٦)،ابن الاثیر: کامل فی التاریخ(ج ١٢،کلا مربوط بەمغول درایران)، تاریخ جهانگشای جوینی(جلد اول،ازلشکرکشیهای چنگیز تامرگ گویوک قاآن، جلەدوم، جانشینان چنگیزدرایران، جلدسوم، لشکرکشی هلاکو وسقوط الموت) متن فارسی چاپ اوقات gibbبامقدمه تاریخی وحواشی محمدقزوینی.لیدن و لندن، ١٩١٢ تا ١٩٣٧ (هێندێک دەستنووسی ئەو کتێبە وەرزێکی زیادیشیان بەقەڵەمی خواجە نصیرالدین طوسی لەسەر چۆنیەتی گیرانی بەغداو ڕووخانی خەلافەتی بغدادو عەبباسیە بەدەستی مەغولان). ازپرویز تاجنگیز، عباس اقبال، تهران،

## ئیلخانان

هولاکۆی پاڵشای مغولی ئیران لە حالێکدا کە لە جەیحون هەتا سنوورەکانی میسر لە ژێرفەرمان دابوو، لە ٤٨ساڵیدا مردو دوای وی ئەو زنجیرە پاشایانی جێگری وی لەئیراندا بە ئیلخانان ناوبراونو لەنێو ئەواندا "ئەرغون"و"گیخاتو"و "غازان"و "محمد خودابندە(اولجایتو) بەناو بانگن.   پاش مەرگی هەشتەمین ئێلخان، سەڵتەنەتەکەیان تووشی لێکداپچڕان بوو، هەر وەک تەنیا لە ماوەی بیست ساڵدا هەشت ئێلخان، کە دوو لە وان ژن بوون،  لە سەر زەمینەکانی جۆراو جۆرو پانو بەرینی حەوزەی فەرمانڕەواییەکەیدا بە ناو حکوومەتیان کرد، بەڵام لە سەردەمی ئەواندا ئیدی لە ڕاستییدا دەسەڵات لە دەست ئەشقیاو بلەوەزو ئەمیرانی جۆراوجۆردابوو.   پاڵشاکانی ئیلخان لەو هەموو ماوەیەدا  ئەوەیان بەناوی ئیران ئەنجام دەدا کە حکوومەتێکی بیانی لەگەڵ داگیرکراویکدا دەیکات. لەمەڕ"دین"یش لەگەڵ داگیرکراو نشینانی خویان ڕێککەوتنیکیان نەبوو.      هولاکۆ بۆخۆی "بودائیی"و خێزانی مەسیحی بوو.   بەم هۆیەوە چەندین بوتخانەی لە شاری "خۆی" دورست کردنوخێزانی بنیاتنەری چەندین کلیسا لە

ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان بوو. بووکی هەڵاکۆش(خێزانی ئاباقاخان) کیژی ئەمپەراتووری بیزانس بوو مەزەبی عیسەوی بوو. بەرلە ئەوان، "ئۆکتای قائان" بووت پەرست بوو. "لێوەک خان" جێگری وی کە دایکی مەسیحی بوو بۆخۆشی هەرمەسیحی بوو.

یەکەمین خونکاری مغول کە ئیمانی بە ئیسلام هیناو موسڵمان بوو "غازان خان" بوو کە حەوتەمین پاتشای ئیلخانی‌و کوڕی ئەرغونخان بوو کە لە باری سیاسییەوە ئەم شۆڵەی لێکهەڵاوارد بوو کەبۆ ڕێژیمی خۆی بە قازانج زانیبوو و دورست لەو چاخەدا بوو کە هەر وەک لە مێژووی ممبارەکی غازانیداهاتووە (( خاقان پێغەمبەر سەڵاوی خودای لە سەرببێت لە خەونیدا بینی بە دەستی وی لەگەڵ نەوەکانی حەسەن‌و حوسێن سەلامی خۆایان لێبێ پەیمانی برایەتی گرێدا)). بەڕەوالەت دوای ئەم خەونە سادقانەیە بوو کە غازانخان ملکێکی زۆروو داهاتێکی بەرفرەوانی لە سەرجەمی دەڤەرەکانی حەوزەی دەسەڵاتی خۆی بۆ ساداتو ئەولادی پێغەمبەرو بنەماڵەکانیان تەرخانکرد. غازان بۆ وەڕاستگێڕانی داواکاریی موسوڵمانیەتی خۆی فەرمانی دا کە بووتخانەکان‌و ئاگرخانەکان‌و کەنیسەکان لە شاری تەورێز وێران کەن‌و لە شوێنی وان مزگەوت ساز کەن.

وەکوو دەستەواژەیەکی ڕخنەگەر، دەربڕینی ئەم ڕاستییە بێفایدە نییە کە سەردەمی سەلتەنەتی "قوبیلای قائاندا" کە پاشان جێگری "مەنگۆ"ی برای بوو. ئێرانییەکان شوێنتێکەرییەکی هەموو لایانەیان لە وڵاتی "چین"دا وەدەست هێنا، کە ئەویش لە ژێر دەسەڵاتی مغولاندا بوو، وەهاکە "قوبیلای قائان" کاتێک دەیەویست (چین)ی باکووری بگرێ بۆ ڕەدیف کردنی هێلکال(مەنجەنیق) و حارەبەکانی شەڕ ئەندازیاری لە ئیران ویست‌و لە سەردەمی ویدا ئێرانییەکان بەڕادەیەک لە "چین" زۆر بوون کە شاری"هانگ چێو" لە باکووری"شانگهای" بەوێنەی شارێکی ئێرانی لێهات. گرووپێک لە ئەمیرەکانی لە(چین)یش ئێرانی بوون، هەر وەک سەرۆک وەزیرانی بۆماوەی ٢٥ساڵان ئیرانییەک بوو بەناوی سەید ئەجەل. لەم سەردەمەدا زبانی فارسی لە چین زۆرگەشەی کرد، کە ئێستا شوینەواری لە کتیب‌و کاشی کارییەکانی ڕازاوە بە شێعرەکانی پارسی لە مزگەوتەکانی "چین"دا دەکرێ ببینین.

ڕێگایەکی هاوبەشی هەموو ئیلخانان، چ ئەمەی بەهیزوتواناو چ ئەوەی کزو کەمدەسەڵاتیان، زەبرو زۆریوو تووڕەیی‌و دڕەندەسیفەتی بوو کە هەتا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە دابو نەریتی مغولەوەبوو، لەم بوارەدا حکوومەتی ئیلخانان ڕکۆردی بابکوژی‌و براکوژی‌و چاو دەرێنان‌و ژەهر دەرخواردداندان‌و دەرماندانوکردن‌و کۆمەڵکوژی‌و داهینانی شیوەی بێوێنەی سەرکوتکردن‌و سزادانیان بەدەستەوەبوو. بۆ نموونە "ئاباقاخان" کوڕو جێگری هولاکۆ کە"معین الدولەی" حوکمرانی ئێرانیی خۆی لەئاسیای بچووکدا بۆهیرش بردنەسەر"حەڵەب" ڕائەسپاردبوو، لە سەر ئەوەی لەم ڕووداوەدا پاشاکانی ئەیووبیی میسرسەرکەوتوو بوون، ئەوها دەرهەڵبوو کە فەرمانیدا معین الدولە لەت لەت بکەن‌وگۆشتەکەی لە مەنجڵدا بکوڵێنن‌و سەرۆکانی مغولی بانگهێشتن بکات کە هەرکامیان پشکێک لەم گۆشتە بخۆن. "نگودار"ی جێگریشی لە ساڵی ٦٨١ ئەو ڕەفتارەی لەگەڵ "مجدالمالیک ساحێبەالددیوان ئەرغەوان" کرد، بەڵام فەرمانی دەرکرد کە پشکەگۆشتی ئەندامی ئەویان بۆ ئیقلیمەکانی جۆراوجۆربنێرن. ئەرغون، پاتشای مەغوول بەناوی تۆڵە کردنەوە، تەرمی "تایب شای ئیلخانی کە تازە مردبوو لەگۆڕ هینایەدەرو هاویشتیەپێش سەگان. ئەبوسەعید ئێلخانی دیکەی تەورێز هەمووژکارانی خۆی بۆ تەورێزبانگهێشتن کردن‌و لە جەژنی قورباندا فەرمانیدا لەجیاتی پەز قوربانییان بکەن‌و کەللەسەرەکانیان لە قەڵا سوڵتانیە هەڵاوەسین. بابەتێکی دیکە بەفەرمانی ئەبووسەعید، بەهادورخانی کوڕی خواجە ڕەشیدئەلەدینی، کە مەی گێڕی ئۆلجایتۆ و١٦ساڵی تەمەن بوو، لەبەرچاوی باوکی کوشتودوایە خودی ڕەشید ئەلەدینی، کە تەمەنی ٧٣ساڵبوو، لەنزیکەی تەورێز دوو لەت کرد. پاش مردنیشی هەموو مالی وی‌و کوڕەکانی زەوت کردو مزگەوتی ڕەبیع ئەڕەشیدی بەتاڵانکردن دا کە ئەو دورستی کردبوو و خودی ویشی لە پاش مردن بە یەهۆدی تۆمەتبارکردو ئەم تۆمەتە هۆکاربوو کە سەدەیەک دوایە ئێسکەکانیان بەدەستووری ئەمیرتەیمور لە مزگەوتی ڕەبیع ڕەشیدی هینایەدەرو لە قەبرستانی یەهودەکان بەخاکیان ئەسپارد.
تاجەدین عەلیشا کەسەرجەمی ئەم پیلانەی پێکهێنابوو، بەشوکرانەی ئەوسەرکەوتنە دوو ئاڵقەئاڵتونی بۆکابە نارد کەهەرکامیان هەزارمثقاڵ بوون هەتا لە (بیت اللە)ی هەڵاوەسن.

توکودار، برای ئاباقاخانی مەغوول، یەکەمین ئێلخانی بوو کە موسڵمان بوو(و ناوی ئەحمەدی بۆخۆی هەڵبژارد). لە شەڕی ناوخۆ لەگەڵ سەرۆکانی ناڕازیی مەغوولدا تێشکاو فیزراندی، بەلام دوای سەردەمێک گیراو ئێعدام کرا. بڕبڕەی پشتیان شکاند، چونکە بە پێی نەریتی مغول، بنەچەکەی چەنگیزخان‌و ماقولانی مەغوول نەدبوایە بە شیوەیەک ئیعدام بکرێن کە خوێنیان بڕژێ، بەمجۆرەی کە ئەمیرئەلمومینەکانی"عەباس"یش دابی وایان بەپێویست دەزانی.

لە ڕووداوە سەرنج ڕاکێشەکانی ئیلخانان، بەرنامەیەکە، کە سەرۆک وەزیرانی یەهودی ئەرغونخان بۆ لەناوبردنی ئیسلام بەدەستی وی گەڵاڵەی کردو ڕێی تێبردن بۆ بەڕێوەبردنی گەورەترین مەترسی بوو کە هەڕەشەی لەم ئایینە دەکرد. لە ڕیکخستنی ئەم گەڵاڵەیدا "سەعدوالله"ی سەرۆک وەزیرانی یەهودیی ئەرغونی خان مغول بە پاڵپشت بەم بۆچوونو بڕوایەی پاش پەیوەندیی مغولان بە ئیسلام لە لایان پەیدا ببوو، کە چەنگیز بە سەرنج بە یاسای بە ناوبانگی خۆیو بۆ پاوانخوازیو دەست بەسەردنیاداگرتن بە پێوشوێنی محمددا ڕۆییوەو بەم ڕێوشوێنە، بۆ خوی پێغەمبەرایەتیی لە لایان خوداوە هەبووە، ئەو بە "ئەرغونخانی گوت: کە پێغەمبەرایەتی بە میرات بۆ وی ماوەتەوە، ئەویش دەتوانێ هەر وەک محەممەد کە بۆ لە برەو بوونی دین بە هاورێیانی ئیسلامی دەستووری قەڵاچۆی مەسیحی ویەهودیدا، هەتا لە ڕۆژێکدا گەلێکیان لە "خەندەق" سەربرین، ئەویش فەرمان بدا هەتا(( هەرکەس کە ملکەچی پێغەمبەرایەتی وی نەبێ سەری بەشمشیربپەڕیندرێو دە خوینی خۆی بگەوزێندرێو هەرکەسیش لارێ نەڕوات، لە ئەماندا بێت) فتوای پێغەمبەرایەتیی ئیلخان بە ئیمزای کۆمەلێک لە زانایانی ئایینی شەرعی سەردەم گەیەشتو بە دوای ویدا ئیلخانیی هینا سەر ئەو باوەڕە کە((دەستوربدا سەرلە نوێ کابە بکرێتەوە شوێنی بووتەکانو لایانگرانی ئیسلام لە عەبدایەتی بۆ خوداوەندرا، بە عەبدایەتیو عیبادەت بۆ بووتەکان، مەجبوور بکرێن. بەم بیروبۆچوونە، نامەگۆڕینەوە لەگەڵ عارەبەکانی یەهود دەستی پێکراو لە دورستکردنی هۆکاری سەرنج بە مەککەو ڕەوانەکردنی لەشکری ئیلخاندا، ڕاگەیاندنی بە پیویست زانیو بۆ قایم ئەنجامدانی ئەم ئەرکە یارمەتی فیل سوارانی بە روکنی پێویست دانا)و خەریکی سازوبەرگو کەلو پەلی ئەم سوپایە بوو بەلام لەوچاخیدا کە پێرستێکی لە ماقولانو خاوەنانی ماڵی بەیتو زانایانی دین بۆ کوشتن حازرکرد، ئەرغون تووشی نەخۆشیەکی پیس بوو و سەعدونیش کارەکەی لێهەڵگیراوە، بەجۆرێک لەسالی ٦٩٠ی کۆچی هەردوو مردن وئیسلام لەگەورەترین مەترسی کە هەتا ئەوکات تووشی ببوو ڕزگاری هات.

سەرچاوەکان:


1-تاریخ مبارک غازانی،ص .190

2-بۆئاگاداریی زیاتر لەسەر مێژووی ئیلخانان: تاریخ وصاف،نوشته شهاب الدین فضل الەشیرازی(درشرح زندگی خانهای خاندان مغول وزندگی اجتماعی ایرانیان درآن دوران) چاپ فارسی دربمبئی ١٢٦٩قمری(١٨٥٣میلادی)ترجمه آلمانی همراەبامتن فارسی آن،١٨٥٦،تاریخ گزیده حمدالەمستوفی(چاپی وێنەیی دەستستنووسەکەی لەلایەن ئێدوارد براونەوە لەگەڵ کورتە وەرگێڕانەکەی بە ئینگیسی، لندن 19101913) و، جیبالسیر، لباالالباب، عقدالعلی، فارسنامە ابن بلخی، شهریاران گمنام احمدکسروی.


## تورکەکانی ئەتابەک

لە سەردەمی دابەزینو دابەشکرنی ئێرانی ئێلخانیدا، گەلێک حکوومەتی خودموختار لە قەراخو قوجاخی وڵاتدا سەریان هەڵدا کە هەرچەند بەڕواڵەت بەتێکڕایی خۆیان پەیوەندیدار بە ئێلخانی ئەوکاتی دەزانی، بەڵام بەکردەوە گوێچکەیان بەقسەکانی نەدەداو لە نێوان گرینگترنی ئەوان دەکرێ "ئالی جلایر"و "ئالی موزەفەر"و "ئالی اینجوو"و "ئەمیرەکانی تاغا تەیموری"و "چۆپانی"و "سەربەداری" ناو بەرین. لە گەڵ ئەمانەدا زنجیرەی دیکەی ناوچەیی کە لە سەردەمی سەلجوقییە یان خوارزمشاییڕا مابوونەوە، وەکوو "ئەتابەکانی ئازەربایجان"و "فارس"و "یەزد"و "لوڕستان"و "قراختائیانی کرمان"و "پاشاکانی شوانکارەی فارس"و "تەبەرەستان"و "رویان"و"ئالی کرتی هەڕات"و "سلغریان" لە حکوومەت کردنی خۆیان بەردەوامبوون، بە شیوەیەک کە زێدە لە بیست بنەمالەی سەلتەنەتی جۆراوجۆر لە گۆشەو کەناری ولاتدا خەریکی فەرمارەوایی بوون. ماوەی دەسەڵاتی زوربەی ئەوان هێندە درێژ نەبوو، بەلام هاوبەشیو شەریکایەتییان لە نزم بوونەوەی هەموولایانەی ئیران لە ڕێگای ئەوهەموو شەڕو وێرانییە بەردەوامانە لە نیوان خۆیاندا گەلێک زۆر بوو. تەخمینێکی بەرفرەوان سەبارەت بە دابەزینی ئابووری سەرهەلداو لە زێدەبوونی باجو پیتاکی ڕۆژانە لەم سەردەمی تاڵانو زۆرەملیەی دەست درێژکەرانی پارێزگاکانو زەمینداارانی

ناوچەییداو ئاژاوەو تێکگیرسانی ئەمنیەتیو حکوومەتیو هۆکارەکانی دیکە بەگشتی دابەزینی کشتوکاڵو هەژاریو بەلەنگازیەکی هەموو لایانەی دێهاتەکانی بەدوا دادەهێنا کە دەکرێ لە مێژووی "وصاف"دا وەیخوێنین.

بنیاتنەری زنجیرەی ئەتابەکانی ئازەربایجان غولامێکی قەبچانی بەناوی "شەمسەدین ئەیلدگز" بوو کە سولەیمان مەسعود سەلجوقی ئەوی لە بازاری کۆیلەفرۆشان کڕیبوو. چونکە مەسعود لە کاروخزمەتی ڕازی بوو بێوەژنی برای تۆغروڵی دووەمی لێ مارەکردو کوڕی توغروڵی لە ژێر قەیومیەتی ئەودا دانا، وردە وردە ئەم"ئیلدگز"ە بوو بەپارێزگاری ئازەربایجانو ئەران (کۆماری هەنوکەی ئازەربایجان)و حکوومەتە میراتەکەی لە بنەماڵەی خۆیدا وەدیهێنا کە نزیکەی سەت ساڵان بەردەوام مایەوە. ئەیلدگز شاری(ڕەی)و (ئیسفەهان) یشێ خستەسەر حکوومەتەکەی خۆی. لەدوای مەرگی وی جیهان پاڵەوانی کوڕیو لە دوای ئەویش کوڕکەی دیکەی، قزل ئەرسەلان، لە شوێنی دانیشتنو قزل ئەرسەڵان بەهۆی کزیو بێهیزی، توغرەڵی سێهەمی دوایین پاڵشای سەلجوقیی، کە لە تەمەنی حەوت ساڵی بە پاشایەتی دانرابوو، هێشتا دەساڵە نەبببوو خستە بەندیخانەو خەریکیئامادەسازیی پێشەکی بوو بۆ سەلتەنەتی خۆی، بەڵام شەوێک ئەویان بە پەنجابرینی چاقو لە لەشی بە کوژراوی دۆزیەوە وەک عادەت بوو ئەو قەتڵەشیان لە سوکری فیدائیەکانی ئەسماعلییە قایم کرد.

لە پاش کوژرانی قزل ئەرسەڵان، توغرەڵ بۆ ئەوەی ڕێگا لە دوژمنایەتیی "قوتلۆخ"ی برای وی لەگەڵ خۆی ببەستێ، دایکی ئەم قوڵوغە (بیوەژنی جیهان پاڵەوان)ی کە هاوتەمەنی دایکی خۆی بوو و ناوی"قەتیبە خاتوون" بوو لەخۆ مارەکرد، بەڵام بووک بەیاریدەی کوڕەکەی چێشتێکی دەرمانتیکراوی بۆ لێناو توغرول کە لە ڕێگای قەرەواشیکییەوە ئاگاداری ژاراویکردنەکە ببوو ئەو چێشتەی دەرخواردی خۆیداو دوای مردنی قەتیبەخاتوون، (قوتلۆغ)یشی زیندانی کرد، بەڵام بە تکای دەستەیەک لە ئەمیرانی دەوڵەت ئازادی کرد. ماوەیەک دوایە توغرول لە شەڕێکدا لە گەڵ خوارەزمشا کوژراو خوارەمشا "قوتلوغی" بۆ سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجانو ئیسفەهان داناوە، بەڵام دوای ساڵێک سەری بڕیو بۆ خوارەزمی ناردو شوێنی وی دابە براکەی دیکەی، ئەبۆ بەکر. ئەم سەرۆک وەزیرانە ئەوهیندە خوشگوزەرانو شەڕابخۆرو لەکاروباری وڵاتو لەشکری بەستێنی ژیرفەرمانی خۆیدا کەمتەرخەم بوو کە، یەک لەفەرماندەرانی سۆپای گورجستان، بە فەرماندەری "تامارا"، مەلەکەی کارزانی ئەو وڵاتە کە بیستو نۆ ساڵ سەلەتەنەتی بە سەرئەو وڵاتەدا کرد، سوپای ئاتابەکی ئازەربایجانی تێکشکاندودەستی بەسەر"شمگور"و"گەنجە"ی داگرتو بەمجۆرە سەرجەمی ئەودەڤەرانەی باشووری "ئەرەس"کەهەتا ئەوکات بە دەستی ئەتابەکانی پێشتر گیرابو، لە دەستیان دەرچوون. ئەم "مەلەکە تامارا"یە، هەر ئەو مەلەکە ناسراوەیە کە: بە"کاترینیمەزنی گورجستان" هاتۆتە ئەژمارو یەکێک لە خووخدەو نەریتەکانی لە سەردەمی پادشایەتیدا ئەمە بوو کە هەموو شەوێ بەرلە خەوتن، حیکایەتچییەکی دەنگخۆش چەند شیعرێکی لە شانامە بۆدەخویندەوە.

بێ کەلکی ئەتابەک ئەبوبەکر، عەلائەدین ئەڕساەڵان ئەمیری مەڕاغەی بۆ دەست گرتن بەسەرئازەربایجانی ڕۆژهەلاتدا وەتەماع خست، بەڵام یەکێک لە غوڵامەکانی پێشووی جیهان پاڵەوان، ئەوی لەوهێرشە پەژیوانکردەوە. ئەم عەلائەدین ئەڕسەڵانە هەمان ئەمیرە کە "نیزامی" بارام نامەی خۆی لە٥٩٣ی کۆچی بەناوی وی هۆندۆتەوە.

لە دوای ئەم "ئەتابەکە" بێکەلکە، دوو خونکاری دیکە لە زنجیرەی خونکارانی ئازەربایجان سەلتەنەتیان کرد: یەکەمیان "موزەفەرەدین ئوزبەگ"ی برای "ئەبوبەکر" کە سەردەمی پانزدەساڵەی پاشایەتیەکەی بە عەیاشیو شەڕابخوری تێپەڕکردو چونکە لەو چاخیدا پێی مەغوولان بۆ ئیران کرابۆوە، بەدانی پارەو جلوبەرگو هەسپو گاوگۆل، سەردەمێکی دوورو درێژی بە ئاشتی لەگەڵیان گوزراند، بەڵام کاتیک پێیزانی کە جەلالەدینی مەلیکشای ڕەقیبی مەزنی لەشکرەکانی مەغوول بەرەوتەورێز دەروات، ژنخوشکۆکەی، کە کیژی توغرەڵی سێهەم بوو، لە شاری بەجێهێشتو بۆخۆی بۆ"گەنجە" هەڵاتو لەبەرامبەردا جەلالەددین ئەم ژنەی بەڕیزو ئیحترامەوە بۆ شاری "خۆی"ناردو بۆخۆی بۆشەڕی گورجییەکان چوو، ئەم جارە لەگەڕانەوە لە تفلیس بۆ تەورێز خێزانی مزەفەرەددین ئوزبەکی بۆ تۆڵە هێنا مالەخۆی، کەمێک دوایە ئەتابەک لە خەم وخەفەتان گیانیدا.

خونکاری دوایی، دوایین پاشای ئەم زنجیرەیە، کوڕی خونکار ئوزبەک بوو کە کەڕو لاڵی زکماکی بوو و بەم هۆیەوە ناسناوی "خونکاری کپی" پێدرابوو. کاتێک سوڵتان جەلالەدین لە "گەنجە" بوو ئەم خونکارە چووە لایو هەردی ماچ کرد، دوایە چووە'ئەلەمووت"و پاش مانگێک لە وێ مرد، ئەوجا جەلالەدین خێزانە بیوەژنەکەی ویی مارەکرد.

پاشاکانی فارس کە لکێکی دیکە لەم پاشایانەی سەلجوقی بوون نزیک بەسەتو پەنجاساڵ لەم دەوەرەدا سەلتەنەتیانکردو هەموو ئەو یازدەکەسە خۆیان بەغولامو غولامزادەی پاشاکانی سەلجوقی دەزانی. چونکە باپیرەگەورەیان ناوی "سولغور" بوو، ئەم زنجیرە پاشایانە بەخونکارانی سولغوری ناویان دەرکرد.

یەکێک لەگرتنگترینی ئەم پاشایانە سەعد بنی زەنگییە کە لە سەردەمی سەلتەنەتی خۆیدا کێشمەکێشێکی بەردەوامی لەگەڵ پاشاکانی ئازەربایجانو خوارەزەمشاییاند هەبوو، بەڵام لە ئاکامدا لەگەڵ سولتان محەمەدی خوارەزمشادا پەیمانی ئاشتیی بەستو پەیمانی دا کە چواردانگ لە شەشدانگی بەرهەمی فارسی هەموو ساڵێ بداتێو کیژەکەی خۆی بە ناوی مەلەکە خاتوونی، کە لە جوانی دا ناوبانگی هەبوو، بداتەکوڕی جەلالەدین منکبری (جەلالەدین مەلێکشا)و کوڕەگەورەکەی وەک بارمتە بۆ بارەگای خوارەمشا بنێرێت. بەڵام کوڕەگچکەی وی بەناوی بوبەکر ئەم پەیمانو ئاشتیبوونەوەیو بەتایبەت مارەکردنی خۆشکی لەکوڕی خوارەزمشا قبوول نەکردو لە دوایی گەڕانەوەی خوارەزمشا دژی باوکی ڕاپەڕی. ئەم دووە لەنزیکی قەڵای ئیستەخر یەکتریان برینداركردو لە ئاکامدا "ئەبووبەکر" بە یەخسیر گیراو لە قەڵا زیندانی کرا.

لەپاش مردنی وی سەلتەنەت بەکوڕی ئەبووبەکری سەعدەددبنی زەنگی بڕا کە ناوی بەهۆی "شێخی سەعدی" لە مێژووی ئێراندا بەنەمری ماوەتەوە. ئەو ملکەچی" ئوکتای قاآن"ی جێگری چەنگیز بوو و (ئیقلیمی پارسی) لە خاپور بوون بەدەستی مغولان ڕزگاکرد، کە ماوەیەک پێشتر ئیسفەهانیان لە خوێنوخوڕ وەردابوو، باجو پێتاکی فارسی دانێ. لە ساڵی پێنجەمی سەرۆک وەزیرایەتیی خۆیدا لەشکری کێشا سەرکەنداوی فارسو"بەحرین"و" مەسقەت"و"کیشو لێواری ئاوەکانی کەنداوی لە"بەسرە" هاتا"دەریای هێند" دەست بەسەرداگرت، بە شیوەیەک لە بازیک دەڤەری هێندوستان، بە ناوی وی خوتبەیان خویندەوەو ناسناوی(پاڵشای زەریاو وشکایی)یان پێدا، لە حالێکدا بۆخۆی جیرەخۆری سوڵتان خوارەزمشا بوو.

کاتی خەبەری مردنی ئەم خونکارە بەکوڕکەی سەعدگەیشت، کە بۆخۆی چووبووە لای هولاکۆی مەغوول، ئەو نەخۆش بوو بەرلە وەی بگاتەوە شیرازو لە شوێنی باوکی لە سەرتەختی (ئەتابەکی) دابنێشێ لە یەکێک لەگوندەکانی تەفرەش مرد، بەم شیوەیە پاشایەتی فەرمی وی لە دوازدە ڕۆژ زێدەتری نەکێشا. کوڕە سەغیرەکەی بە جێگری وی هەڵبژێردرا بەلام لەو12ساڵیدا لە بانی کەوتە خوارو مرد، ئەمجارە پلەو پایەی ئەتابەگی دارا بە محەممەدیکی دیکە، کە لە نەوەکانی سەعدی بنی زەنگی بوو، بەڵام ئەمیرەکانی فارس ئەویان دوای چەندمانگ بە هۆی بێڕوحمیو لە عەینی حالدا کردەوەی ناڕەواو خەراپەی لە ڕادە بەدەر قولبەست کردو ناردیانە لای هولاکۆ و برای سەلجوق شایان بەجیگری وی هەڵبژارد. ئەم سەلجوقەش دوای چەند مانگیک بە دەستی یەکێک لە سەرکردەکانی هولاکۆ کە لەلای ئەوەوە بەرسیارەتی تەمبێ کردنی وی پیدرابوو کوژراو چونکە ئیدی لەبنەماڵەی سەلجوقییەکان کەسێک نەمابوو ئەتابەکی شیرازیان لە لایان هولاکۆوە دایە"ئەبەش خاتوون"ی کیژی ئەتابەک سەعد بنی زەنگی، کە پاش سەردەمێک لە کوڕی "منگوتەیموور"مارەیان کردو بەم شیوەیە فارس بە فەرمی خرایەسەر دیوانی ئیلخانیان.

زنجیرەی قەراختائییەکانی کرمان بەدەستی یەکێک لەئەمیرانی سوڵتان "غیاسەدین خوارەزمشا" بنیاتنراو لەپاش هێرشی (مەغوول)یش بەرەزامەندی چەنگیز، هەڵویستی خۆی پاراست. پاشای گرینگی ئەم زنجیرەی سوڵتان "حەجاج" بوو کە چونکە لەکاتی جێگری باوکی بلوغ نەببوو، ژنی باوکی بە ناوی "قوتلوغ تورکان" بەرپرسی سەلتەنەتی بەسوکرگرت، بەڵام حەجاج لەدوای گەین بەتەمەنی خۆناسین بە ناحەزی لەگەڵ "قوتلۆغ" جوڵاوەو قوتلۆغ تورکان لەمبارەوە سکاڵاکەی بۆ لای زاواکەی "ئاباقاخانی ئیلخانی" مغول بردو ئیلخان حەجاجی لە خۆ تێهەڵقوندن لە کارو باری سەلتەنەت مەنع کرد، ئەویش بەشیوەی ڕەخنە بۆ هیندوستان چوو و لە وێ مرد بەمجۆرە قوتلۆغ تورکان چەند ساڵی دیکە هەروا بەرپرسی سەلتەنەتی کرمان بوو. بەڵام لە ساڵی ٦٨١ی کۆچی، "سیورغەتمش"ی برای حەجاج، بە نۆرەی خۆی فەرمانی کرمانی لە ئێلخان وەرگرت، ئەوجار قوتلۆغ تورکان چونکە نەیتوانی ئەم دەستورە پوچەل بکاتەوە لەخەمو خەفەتان مردو سیورغەتمش، بێکێشەو چەقە لە سەلتەنەت بەردەوام بوو. بەڵام ئەوجار "پاشاە خاتوون"ی خوشکی هەر لە سەرتاوە دەستی بەکارشکێنی کردو لەدوای ئەمەی کە "ئەرغونخان" داکۆکیکەری سیورغەتمش مرد، خێزانی لە شوێنی دانیشت، پادشاە خاتوون بە بیانووی سەردان لە نیشتمان، هاتە"کرمان"و "سیورغەتمش"ی قولبەست کردو لە قەڵای "بەم"ی زیندانی کرد. سیورغەتمش دوای سەردەمێک بەیارمەتیی "ئەبشخاتوون" لە زیندان هاتەدەر، بەڵام هێندەی نەکێشا کە وەبەردەستی ئیلخان کەوتو ئەویش بە خیزانی، واتە"پاشاخوتوون"ی ئەسپاردو ئەم ژنە براکەی کوشت. ئیدی بۆخۆی بوو بەفەرمانڕەوای کرمانوبەهۆی جوانیی لەڕادەبەدەری خۆی، نازناوی(جوانشاە)یان دایە...بەڵام ئەوجاریش، دووسێ ساڵ دوایە خاتوونێکی دیکە، بەناوی

"شاعالەم خانم"ی کیژی سیورغەتمش کە دەسگیرانو مارەکراوی ئێلخانی تازەبوو کرمانی لە دەست (پاشاخاتوون) دەرهێناو ئەوی بە تۆڵەی کوژتنی سیورغەمتش کوشت و"کردوجینی" بێوەژنی سیورغتمش لە شوێنی وی لە سەرپارێزگای کرمان دانیشت.

ئاخرین پاڵشای "قەراختائی" کرمان کوڕی سیورغەتمش بەناوی "قوتبەدین شای جهان" بوو کە چۆنکە لێنەهاتوو و گۆشەنشین بوو لەلایان "ئوولجایتو ئیلخان"ی مەغووڵ لە کار وەلانراو سەرافەتی کرمان لەپاشوی ڕاستەوخۆ بە"شەحەنگان"ی مەغوول ئەسپاردرا. ئەم قوتبەدینە، کیژێکی بەناوی "مەخدوم شا" هەبوو کە دوایە مێردی بەئەمیر"موبارەزەدین محەمەد مزەفەر " سەر زنجیرەی بنەماڵەی ئالیموزەفەری شیراز کردو بەشی زۆری پاشاکانی ئالی موزەفەر لەمناڵەکانی وین.

ئەوپاشایانەی کە بەر لە دوو سەدە لەسەر"لوڕستان"و دەوروپشتی وی سەلتەنەتیان هەبوو بەدوو دەستە بەناوی "لوڕەکانی مەزن"و"لوڕەکانی گچکە" دابەشدەبوون. گروپی "لوڕەکانی مەزن" کە پایتەختیان هی "ئەمیرکنوونی" بوو بە بۆنەی نازناو"ئەتابەکانی مەزن"ی خۆیان، یانی"نەسرەدین هەزارئەسپ"یان نازناو بوو و دەستەی "لوڕەکانی گچکە" بەهۆی میراتگری لە"شوجاعەدین خورشیدی لوڕ، بنیاتنەری زنجیرە حکوومەتەکە، بە"خورشیدییان" ناو دەبردنو پایتەختیان "خوڕڕەم ئاباد" بوو.

"نوسرەتەددین" هەزارئەسپ، کە دامێنی سەرزەمینەکانی هەتا ئیسفەهان دەڕۆییو زۆر لەگەڵ "ئەتەبەکەکان"ی فارس لەکێشمەکێش دابوو، نازناوی "ئەتابەکی" لە خەلیفە "ئەلناسرەددین بیللا" وەرگرتو کیژی سوڵتان محەمەد خوارەزمشای بۆکوڕی خۆی هینا، بەڵام پاشان دڵی لە وی ئێشاو بۆ وڵاتی خۆی گەڕاوە. جێگرەکەی هەرچەند لە "هولاکۆ"ی ئەمان وەرگرتبوو، لە"تەورێز" بەدەستی وی کوژرا. ئەتابەکی دوایی، یانی ئەفراسیاب، پیاوێکی تورەو تۆسنو یکدەندەو سەرەڕۆ بوو. هەرلە سەرەتای پاڵشایەتەکەیدا سەرجەم بنەماڵەی "شەمسەدین"ی وەزیری باوکی کوشتن.، پاش ماوەیەک بەکەلک وەرگرتن لە مەرگی"ئەرغون پاشای مەغووڵ"، فەرمانیدا هاووڵاتیانی خۆی هەموو مەغوولەکانی ئیسفەهان بکوژن. "ئیلخان گیخاتو" کە ببوو بە جێگری ئەرغون، هێزیکی بە لێشاوی بۆسەرکوتی وی ناردو ئەو خۆی بەدەستەوەداو داوای لێبوردنی کردو بۆ لوڕستان گەڕاوە، ئەوجار لە وێ گەلێک لە ئەمیرەکانی خۆی کوشتن. بەڵام بۆخۆشی دوای سەردەمێک بەفەرمانی "غارانخان" کوژرا. لە دوای وی نۆ ئەمیری دیکە لەم دوو بنەماڵەی لە سەرتەختی سەلتەنەت دانیشتن کە ژیانی هەموویان لەشەڕو پێکهەڵچوون دەمەتەقەو پیلان دانانەوەووکوێرکردنی یەک بە دوای یەکدا تێپەڕیو ئاخری ئەوان "غیاسەدین کاووس" بە ئەمری نەوەی تیمورکوژراو بنەماڵەی "هەزارئەسپان" دوایی پێهات.

بە هاوڕێکی ئەوان، زنجیرەی پاشایەتی گرووپی "لوڕەکانی گچکە" کە ئەوان ٢٤کەسی دەگرتەخۆ، هەرچەند زوربەیان باجو پێتاک دەری خەلیفەکانی سوننەی عەباسی بوون، بە هاتنەسەرکاری "سەفەوی"خۆیان بەئەولادی ڕاستەوخۆی "ابوالفضل العباس"ی کوڕی عەلی بنی ئەبوتالیبو زڕ برای ئیمام حوسێن لەقەڵەمدا. دواپین حوکمڕانی ئەوان ناوی"شاهوێردی" بوو کە لە سەردەمی شاعەباسی هەوەڵ کوژرا. چەندکەس لەو ئەمیرانە، ناوی کۆنی ئێرانیان وەک ڕۆستەم وگەرشاسپ وجهانگیر هەبوو و یەکێک لەوان ژنکێک وو بەناوی "خاتوون".

هەروەک "ئەتابەکەکانی" فارس بەلوتفی "سەعدیی شیرازی" شوێنێکی تایبەتیان لەمێژووی حوکمڕانیی ئێرانی ئیسلامیدا بەدەست هینا، سەرکەوتووانی ئەو سەر زەمینەش بەلوتفی "حافزشیرازی"و تاریف ومەدحەکانی لە(شاهشوجاع)،لە ناوێکی تایبەت کەلکیان وەرگرتووە، هەرچەند ئەو"شاشوجەعە" باوک کوژە لە بەستێنی بایەخەکانی ئەخلاقیدا چاکترییەکی بەسەربەشێکی مەزن لە(شاسوارانی ئەم ئیسلامە)دانەبوو کە لە سەردەمی ١٤٠٠ساڵەدا لە مێژووی ئیران بە سەرئەم ولاتەدا فەرمانڕەواییان کردوە.

بنەماڵەی "ئالی موزەفەر" کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی بە سەر"فارس"و ماوەیەکیش بە سەر"کرمان"و"یەزد"و"ئیسفەهان"دا حکوومەتیان کرد، لە بنیات ڕا لە دوڕگەی عەرەبڕا هاتبوونە خوراسان. ئەمیرموبارەزەدین، بنیاتنەری ئەم زنجیرەی، نەوەی کابرایەک بوو ەناوی"غەیاسەدین"، کە لە کاتی سەرکەوتنی مەغوول بەهەمووکارەی شاری"خەواف" دەهاتە ئەژمارو هەروەک لە تاریفی ویدا نووسیویانە شمشیرێکی هەبوو کە

قورساییەکەی لە(سێ من و نیو)زێدەتر بوو(یانی ۱۰/۵کیلۆ چونکە (من)سێ کیلۆی تەورێزییە، وەرگێڕ). موبارەزەدین کە لە ساڵی ۷۰۰ی کۆچی لە دایک بوو بەهۆی زنجیرەیەک ڕووداو بوو بە بەرپرسی پاریزگای شیرازو ئەوپاریزگایەی بەشیوەی سەلتەنەت دورست کرد، ماوەیک دوایە کرمانیشی پێوە لکاند. بەڵام بە هۆی توندوتیژیی مەزەبیو ترسێکی ویشک لەخودا، کە لەگەڵ دۆخی رووحی دانیشتوانی "شیراز" رێکنەدەکەوت خەڵکی ئەوشارە لێی ڕاپەڕین. بەڵام موبارزەدین شۆڕشەکەی دامرکاندەوەو بە ناوی خەلیفەی عەباسیی میسر، "ئەلموعتەزدباللە" لە مزگەوتەکان خوتبەی خویندەوە. لە سەردەمی ویدا فورمالیتەی، ئەمر بەچاکەو دووری لە خەراپە، بەتوندی بەڕیوەچوونو لە زۆربابەت بۆ خۆی بەڕیوەبردنی حوکمەکانی شەرعی بۆ کوشتن وەسوکر دەگرتو حکوومەتێکی مەزەبی ویلایەت فقیهیی لە وێ دامەزراند کە ڕیگای دیاریکراوی، بە نووسینی"روضەالصفا"بیبەزەییو بێدینیو بێڕوحمی بوو. جارێک کە کوڕی "شاچراغ" پرسیاری لێکردبوو کە ئاخۆ ناوبانگی وی کە هەزارکەسی بەدەستی خۆی کوشتووە ڕاستە یان نا؟ وەلامی دابۆوە: پێموایە ئەم ژمارەیە ۸۰۰کەس بێت.

زۆرجار وادەبوو نوێژی بەنیوە ڕادەگرت هەتا کەسێکی بە تاوانی بێدینی سەردەبڕیو پاشان دەگەڕاوەو لە نویژەکەی بەردەوام دەبوو. لە دوای سەرکوتی شۆرشی شیرازییەکان بۆ گرتنی شاری "تەورێز" چوو، دەستی بەسەرئەویش داگرت، بەڵام لەگەڕانەوەی سەرکەوتنانەدا لەو سەفەرە، "شاچراغ"ی وەلیعەت لەگەڵ "شامەحمود"ی براگچکەکەی، کە ئەو بەرلە چوون بۆ تەورێز بەتوەندی ئەهانەتی پێکردبوونو بەسزایەکی توند لەگەڕانەوە هەڕەشەی لێکردبوون، لە ئیسفەهان بەناغافڵی قوڵبەستیان کردو لە قەڵایەک بەناوی" تەبەڕەک"دزیندانیان کردو لە وێ خوارزایو زاوای بە شیشەی نشتەرگەری ئاوی پیسیان دە چاوی کێشاو کوێریان کرد. دوایە کە شاچراغ لە جێی وی دانیشتبوو بۆ قەڵای "سپی ڕودی فارس"ی گویزتەوە، بەڵام لە دوای سەردەمێک ئەمیری کوێر لە ڕێگای گوڕینەنەوەی نامە لەگەڵ کوڕەکانی خۆی ئاشتبۆوەو بە دەستووری "شاشوجاع" بۆ شیراز گەڕاندراوە. سەرلەنوێ سکەیان بە ناوی وی لێداو خوتبەشیان بە ناوی خوێندەوە. لەگەڵ ئەم هەموەدا داوی سێ مانگ بەپێی بەڵگە کە وەدەست شاچراغ کەوت، دەرکەوت کە باوکی بەگەرمی خەرێکی پیلانێکە بۆ لە ناوبردنی، ئەوجار بۆ قەڵای(بم)ی کرمانی ڕەوانەکرد،بەڵام ئەمیرموبارەزەدین کە نەساخ بوو بەر لەگەین بەوقەڵایە لە ڕێگادا مردو تەرمەکەیان بۆ کفنو دفنو بە خاک ئەسپاردن بردە "مەیبود".

سەلتەنەتی" شاە شوجاع"بەجێگری پادشایەکیوا کە قسەخۆشانی شیراز ئەویان بەپاڵشای داروغە ناودیرکردبوو و لە پیداگریوتوندوتیژیو لاسارییەکەی بڕستیان لەبەربڕا بوو وەزاڵە هاتبوون، لەگەڵ پێشوازیەکی گەرم ڕوو بەڕو بوو، مزگێنیی حافزشیرازی(کە دورشجاع است می دلیر بنوش) بوو بە زوانی حاڵی زوربەی خەڵک. بەڵام هێندەی پێنەچوو کە مەسەلەیەکی کرێتی دیکە سەبارەت بەگچکەومەزنی چەند سەت دانەی وڵات لەبارەگای شیرازی ویدا دوو پات بۆوە. دوای ماویەک "یەحیا"ی برازای شاشوجاع لە"یەزد"دژی مامی شۆڕشی کرد. پاش ماوەیەک "شا مەحمود"ی برای خۆی کە حکوومەتی ئیسفەهانی لە بەردەست دابوو لە سەری فەرمانی وی بادا. شەڕ لەنێوان ئەم دوو برایە دەستی پێکرد، لەم شەڕەدا "سوڵتان جەلایری" ئازەربایجانو فەرماندەرانی لوڕستانو قومو (کاشان)یش بەمەحمودەوە لکان بۆ لای شیراز وەڕێکەوتن. شاشوجاع بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ "سوڵتان ئەحمەد"ی براگچکەکەیو "سوڵتان ئوەیس"ی کوڕی خۆی لە شیرازهاتەدەر، بەڵام لەنیوەی ڕیگادا ئەحمەدیش لێی دلئێش بوو ڕەگەڵ ئوردووی مەحمودکەوت، لە ئاکامدا شاشوجاع شکەستی خواردو بۆ "شیراز" گەڕاوەو لە دوای سەردەمێک گەمارۆی شار، داوای ئاشتیی لە براکەی کردو پادشایەتی شیراز بوو بە هی مەحموود. بەڵام دوای چەندمانگان یەکگرتوانی شامەحمود جاریکی دیکە ڕەگەڵ مامی خۆیان کەوتنو شاشوجاع جاریکی دیکە بۆ شیرازگەڕاوەو مەحموود بۆ ئیسفەهان تێێ تەقاند. لەوە بەدوا هەتامردنی مەحموود، قوونە شەڕ لەنێوان ئەو دووبرایەدا بەردەوام بوو.

شاشوجاع لەساڵی ۷۸۵ لە سەفەرێکدا بەنییەتی شەڕ بۆ"سوڵتانیە" لەکورەکەی خۆی بەناوی"شبلی" گوماناوی بوو، کە دژی وی شوڕش بکات. دەجا ئەوی خستە بەندیخانەو دوایە کوێری کرد. لەم سەفەرەدا ئەوهاخەریکی شەرابخواری بوو کە نەخۆش کەوتو لە دوای ئەمە کە منالەکانی خۆی بە پێی دوو نامە بە"تەیموورگورگانی" و"سەڵتان ئەحمەد جەلایر" ئەسپارد مرد، لە حالێکدا لە سەریەک هەموو سەردەمی بیستو شەش ساڵ پاشایەتی خۆی بە شەڕو هەڵاو کێشە تێپەڕاندبوو، سەرنج راکێش ئەمەیە کە ئەم پاڵشایە کە باوکو کوڕی خۆی کویرکرد، لە نۆ سالێدا قورئانی لە بەربوو و لە مەکتەبی "قازی عەزوددین"ی پسپۆری مەزنی ئایینی سەردەمدا خوێندبووی.

دوای مەرگی شاشوجاع، کوڕەکەی" زەینەلعابدین" لە جێی دانیشت، بەڵام هەرلە سەرەتادا لەگەڵ شۆڕشەکانی مامو براکانی بەرەوڕوو بوو. کاتیک ئاگاداربۆوە کە "تەیموور" هاتۆتە ئیسفەهانو لەوانەیە بۆ شیرازیش بێت، بۆ بەغدا

هەڵات، بەڵام لە نزیکەی شوشتەر بە دەستی "مەنسوور"ی حوکمڕانی خوزستان بەدیل گیراو خرایە زیندانو دوای ماوەیەک کە"شامەنسوور" بۆ دەست بەسەرداگرتنی شیراز وەڕێکەوت، بە فەرمانی وی کویریان کرد. ئەمیرتەیموور کە لە بیشەرمیەکانی شامەنسوور ئەوەها دەهری بوو هەرپشووی دەخواردەوە، لە"شوشتەر"ڕا هاتە شیرازو زینەلعابدینی کوێری لە زیندان هینادەرو وادەی پێدا کە تۆڵەی لە شامەنسوور بکاتەوە، بەڵام شامەنسوورکە لەو چاخیدا لە ئیسفەهان بوو چل ڕۆژی تەواو خۆی حاشارداو وەبەرچاونەکەوت. پاشان دەرکەوت کە سەرجەمی ئەم ماوەیەی بە شەرابخواردنەوەو خۆشگوزەرانی تێپەڕکردوە. لەگەڵ ئەمەدا کە لە نزیک شیراز مەردانە شەڕی لەگەڵ هیزەکانی تەیموور کردو هەتا چەند زەبری شمشیری لەکڵاوی خودی تەیمووردا کە بەهۆی خۆ تێهەڵقوتانی یەکێک لە ئەمیرانی تەیموور بە ئاکام نەگەیی، بۆخۆی بە دستی یەکێک لە سەربازانی تەیموورکە ناسیبووی کوژرا. تەیموور لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ئیسفەهان دا سەرجەمی بنەماڵەی ئالی موزەفەری هەتا ژنومناڵەکانیشی کوشتنو هەریەک لە وانەی کە لە شارەکانی فارس بوون بوکوشتن دا دەسی حاکمەکانی ناوچەیی، بەم شیوەیە ئەوبنەماڵەی کە بەپێی بوونی حافز شیرازی ناوی چاکەی لە مێژووی ئەدەبی ئیراندا ماوەتەوە لە بەستێنێکی تەفرەقەو براکوژیو کوێرکردنی تف لێکراودا بە شیوەیەکی کارەساتهێنەرلە ناوچوو.

## چۆپانیەکان

چۆپانیان زنجیرە ئەمیرانێک بوون کە ڕەچەڵەی خۆیان دەبردوەسەر ئەمیرچۆپانی مەغوول، بە تایبەت بۆسەر یەکێک لەکوڕەکانی بە ناوی ئەمئیرتەیمورتاش چوپانی. ئەمیرچۆپان لە نزیکترین دۆستانی ئەبوو سەعید بهادوڕخان، نۆهەمین پاڵشای مەغوول لە ئێران بوو کە لە ١٣ساڵیدا لە سەرتەختی سەلتەنەت دانیشت ویەکەمین ئیشێ کوشتنی خواجە ڕەشیدەددین فەزلوڵڵای وەزیری زانایۆخو مێژوو نووسی بەناوبانگی سەردەمی باوکی، "ئەلجایتو"، بوو کە لە دەوڵەتی هلاکۆییەکاندا ساڵهای ساڵ ڕۆڵی وەک ئەمیرکەبیری لە حکوومەتی قاجارییەدا بەڕیوەبرد بوو. ئەو لە سەردەمی کوڕە١٢ساڵەکەی ئولجایتودا مەحکووم بە ئیعدام بوو لە مەیدانی ناوەندیی تەورێزدا دوو لەتیان کرد. ماڵو سامانە زۆرەکەیان زەوت کردو سەروەت وسامانە بەرفرەوانەکەی زەوت کردکۆیەکی گەلیک مەزنیان کە لەتەورێز بۆ بەلەنگازو وهەژارانی پێکهێنابوو هەروا گەلێک لەو بنکەکانەی خێرخوازی کەبە دەستی وی سازکرابوون پووڕکرد.

ئەبووسەعید بە چاکەی خزمەتەکانی سیاسیو نیزامیی ئەمیرچوپان خوشکی خۆی لێمارەکرد. دوای تەیموورتاش، کوڕی ئەمیرچۆپان لە ئاسیای سەغیر داوای "مێهدەویەتی"کرد. ئەودژی کوڕی خۆی لەشکری کێشاو بەدیلی گرتو بۆبارەگای سوڵتان ئەبوو سەعیدی هێنا، بەم شێوەیە، کرابە یەکێک لە بەدەسەڵاتترین ئەمیرەکانی ئێلخانی مەغوول. بەڵام دوایماوەیەک نێوانی ئەمانە چەتی ناکۆکیی تێکەوت، چونکە ئەبوو سەعید ئاشقی بەغداخاتوونی کیژەجوانەکەی ئەمیرچۆپان بوو کە خێزانی پیاوەکی بێناوونیشان بوو بەناوی حەسن جەلایرو داوای لە ئەمیر چۆپان کردهەتا زاواکەی بە تەڵاقدانی کچەکەی مەجبووربکات. ئەمیرچۆپان لە ڕوی غیرەت بەمکارە ڕازی نەبوو و کیژەکەشی حەزی لەمە نەدەکرد، لەبەرئەمە بەتوندی کەوتە بەرغەزەبی سوڵتانیو بۆ وەی دەستی وێڕانەگات چووە خوراسان. سوڵتان لە پاشملەی وی کوڕی ئەمیرحوسێنی بە تۆمەتی ئەمە کە لەگەڵ یەکێک لە هاوسەرینی تایبەتی ویدا نیوانی هەیە، کوشتو سەری لە قوتکەی قەڵای سوڵتانییە هەڵاوەسیو سەرجەم سامانەکەی دەست بەسەرداگرتو زەوتی کرد. ئەوجار ئەمیرچۆپان دژی هەستاوەو لەدوای هیندێک ململانەی چەکدارانە بەدیل گیراو کوژرا. لە ئاکامدا ئەبوو سەعید جەلایەری وادارکرد کە ژنەکەی خۆی بەناوی بغداد خاتوون تەڵاق بداتو لە خۆی مارەکرد، بەم شیوازە دوو ساڵ دوایی تەڵاقی دا، ئەوجار "دڵشادخاتوون"ی کیژی هەمان ئەمیرچۆپانی وەک خیزانی خۆی ناردەحەرەماسرای خۆی، کە بە دەستوری وی کوژرا، بەڵام ئەم پەیوەندیی ژنومیردایەتیە کە تازەبوو، هێندەی نەکێشا، چونکە ئێلخان لە سەفەری چوونی بۆ پێشگری لە هیرشی ئەتابەکان بۆ خوراسان دا لە نێوەی ڕیگا مرد، ئەوکات دەنگۆ بڵاوبۆوە کە بەغداخاتوون دەرمانداوی کردوە.

بەسەرهاتی ئەمیرشیخ حەسەن چۆپانی کوڕی ئەمیرتەیموورتاش، بەنۆرەی خۆی بەسەرهاتێکی سەرنج ڕاکێشە، چونکە لەپاش کوژرانی ئەمیرتەیموورتاش لەمیسر(کە ئەو لە دوایی لێ تیشکانی باوکی بۆ وێ هەڵاتبوو)، کوڕەکەی دەنگۆی بڵاوکردەوە کەئەو نەمردوە بەڵکوو لەوزیندانەی هەلاتووە کە لێی بووەو بەشیوەی نهینی لەحاشارگایەکدا

ژیاوه، دوای لە برەوبوونی ئەو دەنگۆیە، یەکێک لە غولامەکانی باوکی بە باوکی خۆی دانا کە زۆر وەوی دەچوو و بۆ ئەوەی نەخشەکەی سەرکەوێت دایکی خۆی لەو غولامە مارەکردو بۆخۆی لە ژێر ڕکێفی باوکی تازە دۆزراوەیدا بە پێیان بۆ قەراخو قوچاخان وەڕیکەوت. بەم شیوەیە دەنگۆی سەرهەڵدانو زاهیربوونی تەیمورتاش پاش داواکاریەکانی پێشووی لە مەڕ مێهدی بوونی دەنگۆیەکی زۆری بەدوای خۆیداهێناو پێکهەڵپەرژانو کوشتارێکی زۆری لێکەوتەوەو لە ئاکامدا ئەم هەراوهورایا بەسەلتەنەتی شیخ حەسەنی چۆپانی لە ئازەربایجانو ئاران جلی کردەوەی کردەبەر کە چوارسال ونیو دەوامی هەبوو. بەلام ئەم گەمەیەی حەسەن ئاکامی نەبوو، چونکە لە پاش زیندانی بوونی یەکێک لە سەردارانی ئەمیر بە ناوی یەعقوب شا، خێزانی ئەمیرچۆپان کەنێوانی لەگەڵ ئەم سەرداره هەبوو بەفەرمانی وی، لە نێوەشەوێکدا لەگەڵ دووژنی دیکە لەکەس وکاری خۆی کیری مێردەکەی (یان بڵێن ئیمام میهدی)یان لە خەو دابڕیو ناوبراو لە دوای  سەردەمێکی کەم بەهۆی کارتێکەریی ئەم برینە مرد.

دوای بڵاوبوونەوەی خەبەری مردنی وی، "مەلیک ئەشرەفی چۆپانی"ی برای داوای فەرمانڕەوایی کردو بۆئەوەی کە سەلتەنەتەکەی هۆکارو هەوێنێکی قانوونی هەبێت، بە سەرنجدان بەمەی ئەوکاتە شوێنی ئیلخانی مەغوول بێسەرپەرشت مابۆوە، "ئەنەوشیرەوان" ناوێکی لەتورکانی قەبچاقی مەغوول بەئیلخان داناکە دیگوت نەوەی هولاکۆیەو ڕەتەوە نامەیەکی بۆ سازدا کە ڕەچەڵەی خۆی دەگەیاندەوە کاوەی ئاسینگەرو بە ناوی ئەم پاشایە کە دەست پەروەردەی خۆی بوو بە نازناوی(نەوشیرەوانی عادل) سکەی لێدا، برەک دوایە، بۆ سەلتەنتی خۆی لە "ئازەربایجان" و"ئەران" و"ئێراق" فەرمانی لە وی وەرگرت. ئەم ئەنەوشیرەوانە عادلە بە وێنەی یەکێک لە بێخاسییەتترین پاڵشاکانی مەغوول، دوازدەساڵ لە سەرسەلتەنەت ماوە، بەڵام لەو ماوەیەدا تەنیا کاری گرینگی وی ئەمە بوو کە هەردوو مامی خۆی کە لەوانە بوو لە دواڕۆژدا تەنگەژەی بۆ سازکەن کوشت، پاشان (ئەمیر دەشت قبچاق)یشی دەرمانداوکرد کە لەسەر بانگهێشتنی وی هاتبووە"تەوریز". بەڵام لەمەڕ حکوومەتەکەی هەموو دەسەڵات لە دەست مەلیک ئەشرەف حەسەن چۆپانی دابوو کە سەرانسەری سەردەمی حکوومەتی بە شەڕە تالانچییانەکانی لە"تەورێز" و"گەنجە" و"ئیسفەهان"و"شیراز" تێپەڕکردو کاتێک کە لەم شەڕانە سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا ئەمیرەکانی خاوەن سامانی خۆی بەبەیانوو هەجەت لەزیندان دەکردو سامانەکەی لێ زەوت دەکردن. لە ئاکامدا هاو وڵاتیانی وی بۆ ڕزگاری خۆیان لەدەستی داوای یارمەتییان لە "جانیبەکی ئوزبەک"ی پاڵشای مەغوول یانی(دەشتی قەبچاق) کرد ، ئەو سوپایەکی زۆری بۆ شەڕی وی نارده ئازەربایجان، کە مەلێک ئەشرەفیش بە لە شکری خۆیەوە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵی چوو، بەڵام لەشکرەکانی "قەبچاق" بە سانایی بەسەرهێزی ویدا زاڵ بوون. مەلیک ئەشرەف کە بەیەکێک لە بێبەزەترین زاڵمانی سەردەمی ئاژاوەی سەدەی نێوەڕاستی ئێران ناسراوە، گەڕاوە تەورێزو لە وێ بەهۆی شورشی گشتی بەنییەتی هەلاتن لە شار بەشەو  باری ٢٨هەزارئێسترو ٧٠٠٠وشتری لەتالانی خۆیەوە لە ئاڵتوونوزیوو جەواهیراتو کاری دەستی زێڕاوی کە بەنووسینی مێژووی ئالی موزەفەر، سەنگی بارەکەیان خۆی بەلانیکەمەوە لە٧٠٠٠خەروار دەدا لە شاروەدەرکەوت بەڵام لە نیوەی ڕیگادا گیراو بەئەمری "جنیبەک خان"ی سەرۆکی قزل ئوردۆ بۆ "تەورێز"گەڕاندراوەو ئیعدام کراو هەموو ئەوخەزینەیەی کە لە ڕێگای زوڵم وتاڵنچییەتیەوە تەژیی کردبوو وەدەست ڕەقیبانی سەرکەوتووی کەوتو ئەم بەسەرهاتە تەنیا ئەم شیعرە بە ناوبانگەی شاعیری نەناسراوی لێ بەیادگارماوە کە:

((دیدی کەچەکرد اشرف خر؟   اومظلمە برد ودیگری زڕ !!)
بینیت کەچی کرد ئەشەرەفی کەر؟ ئەو زوڵمی بردو ئەوانیدی زەڕ

سەربەداران

یەکەمین ئەمیری سەبەداران ناوی"عەبدولڕزاق" بوو کە داواکاربوو ڕەچەڵەی لە ڕێگای باوکیەوە بۆ"ئیمام حوسێن"و لە ڕێگای دایکیەوەبۆ"یەحیای برمەکی" دەگەڕێتەوە. ئەو لە لایەن سوڵتان "ئەبووسەعید"ەوە بۆ کۆ کردنەوەی پێتاکی دەوڵەت لە پارێزگای "کرمان" ڕاسپێرابوو و کاری خۆی بە ڕێکوپێکی ئەنجامدا، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەد هەموو ئەو پارەی بە شەندەو ڕەندەدادا کە لەلای بە ئەمانەت دانرابوو و دەست بەتاڵ گەڕایەوە، بەڵام ئەبوو سەعید ئەوچاخ مردو کەس تەنگەژەی بۆسازنەکرد. کاتێک کە گەیەوە "سەبزەوار "ئاگاداربۆوە کە باڵوێزی وەزیری خوڕاسان چاخێک مێوانی براکەی بووە، داوای شەڕابو ژنی خراپەی لێکردوونو چونکە خانەخوێ پێی گوتوە کە لە "سبزەوار" ڕووسپی نییە، داوایکردوە کە وایە ژەنەکانی خۆتانم بۆ بێنن، ئەوان لە وەڵامی ئەم سووکایەتییەدا  کوشتوویانە. عەبدولڕەزاق ئەم دژکردەوی براکەی پەسندکردو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییەی کە لە لایان وەزیری خوراسانەوە ڕووی تێکردوە خەریکی کۆکردنەوەی جەماوەرێک لە دلێرانی بێهەق بوو هەتا جوامێرانە لەگەڵ زوڵمو زۆری مەغووڵ شەڕبکەنو دورشمی ئەو کۆمەڵەی ئەمە دانا کە یان زوڵمی زاڵمان کویردەکەینەوە یان لە سیداردەدرێین. کە سەرمان بەدارهەڵداوەسرێ.

سەبەداران شۆڕشی خۆیان بەڕاوو ڕووتی کاروانەکانی بازرگانیو تالآنی ماڵو سامانی دەوڵەمەندان دەسپێکردو لەم ڕیگایەوە شەوکەوت ودەسەلآتیان بە لەز بڵاوبۆوە، دوایە شاری "سەبزەوار"یان دەست بەسەرداگرتو تەپڵی سەربەخۆییەیان لێدا. بەڵام دوای ئەم سەرکەوتنە غروری بەرزبۆوە، کیژی یەکێک لە ساماندارەکانی مەزنی خوراسانی لە باوکی خوازبینی کرد، بەڵام کیژەکە ڕازی نەبوو لە "سەبزەوار" هەڵاتە نیشابوربۆلای کەسو کاری. عەبدوڵرەزاق برای خۆی بە ناوی "ئەمیر وجیەدین مەسعود" ڕائەسپارد کە بەدوایدابچێو لە هەرشوێنێک بیدۆزیتەوە بەزۆرەمل بیهێنێتەوەو جیەدین لە نزیکی نیشابوورگەییەکیژەکە، بەلام ئەو لە بەری پاڕاوە کە لە گەڕانەوەی بۆسەبزەوار چاوپۆشی بکاتو زوڵمی لێنەکاتو مەسعود کە ئیکجارناراحەت بوو ئەوی بەرەڵلاکردو گەڕاوە سەبزەوار. لە وێ براکەی لێی دەرهەڵبوو و گەلێک قسەی کاڵی پێگوتو جیەدین کە ئەمەی پێ قبووڵ نەکرا براکەی وەبەرخەنجەران داوکوشتیو بەم شیوەیە ڕێبەری سەبەدارانی بۆخۆی مسوگەرکرد.

ئەمیر وەجیەدین بزوتنەوەی سەربەدارانی گەشەو برەوپێدا، کە حەوت سەت غولامی تورک لە ژێرڕکێفیدا دەڕۆیینو دەستی بەسەر"نیشابوور"یش داگرتو"تەغاتەیموور"ی فەرمانڕەوای تاتاری خوراسانی تۆقاندو وای لێکرد هەتا لەشکرێکی زۆر بەسەرۆکایەتی "ئەمیرعەلی" برای بنێرێتە مەیدانی، بەلام لەو شەڕەدا ئەمیرعەلی کوژراو لەشکرەکانی تەغاتەیمور تیکشاندران، دەنگدانەوەی ئەوسەرکەوتنەی تەژی لە ئاوازە ئیختیارو دەسەڵاتی سەر بە دارانی خوراسانی زیدەکرد. کەمیک دوایە سوپای سەربەداران بۆ لای خودی تەغاتەیموور وەڕێکەوتو لە ڕەخ چەمی"ئەترەک" تیکیشکاندو ئەو هەڵاتو بەم شیوەیە دەستی بەسەر هەموو خوراساندا‌گرت. بەدوای ویدا لەشەڕێکی دیکەدا کە لە"هەڕات" ئەنجامیدا شکەستی خوارد. ساڵی داویە "ئەمیرمەسعود" بە نییەتی بەردەست کردنی "مازەندەران" لەشکری کێشا ئەو سەرزەمینە، لە گەڵ ئەمەدا کە بەسەر"ئامول" دا زاڵ بوو سەرکەوتنی وەدەست نەهیناو ناچاربوو ڕابکاو لە کاتی هەڵاتندا بە دەستی "مازەندەرانیەکان" کوژرا.

جێگری وی"کلوئەسفەندیار" لە پاش ساڵێک حکوومەت، بە دنەی یکی دیکە لە داواکارانی ڕێبەری،"شەمسەدین "ناسراو بە"عەلی چەشمی" کوژراو ئەمیری دواتر کە ئەویش هەر ناوی "شەمسەدین "و برای عەبدولڕەزاق بوو تووشی ئەم چارەنووسە هات. لە ئاکامدا نۆرەی حوکمڕانی گەیشتەخودی "خواجە شەمسەعەلی چەشمی" کە لەسەرەتای کاردابۆ چاوترسێن کردن ٥٠٠ڕووسپی بەزیندویی لە بیرهاویشتنو دوای چوارساڵو چەند مانگ خونکاری، بە دەستی پاڵەوان حەیدەر قەساب کوژرا. جێگری وی خواجە "یەحیاکرابی" لەگەڵ حەریفی خۆی"تەغاتەمەرخان" پەیمانی ئاشتیی ئیمزاکرد، بەڵام دوای بینێک ئەوی لە میوانداریییەکدا دەرمانداوکرد. بۆ خۆشی پاش سەردەمێک بە دنەی "عەلائەددەولە"ی برای خیزانی "تەغا تەمەرخان" کوژراو جێگای خۆیدابە براکەی خواجە "زەهیر کرابی"، کە پاڵەوان "حەیدەر قەساب" پشتیوانی بوو. بەڵام چونکە پیاوەکی بی ئازاربوو دوای ساڵێک حەوسەلەی لە حکوومەتداریو خوینڕێژیو پیلان دانانەوەو دەسیسیەو کوشت کوشتار بەسەرچوو، جلوبەرگی هەلگرتو لە "سەبزەوار" وەدەرکەوتو بەرەو"کراب"، شوێنی لە دایکبوونی، ڕۆیی. بەم شیوازە ئەو تاکە ئەمیری زنجیرەی سەربەداران بوو کەگیانی بە سەلامەت لە مەعرەکە ڕزگارکرد. دوای وی پاڵەوان حەیدەرقەساب لە شوێنی دانیشت، ئەو جار شەخسی وی ساڵێک دواتر بە دەستی کۆمەڵێک لە سەربەداران کوژرا. جێگرەکەی"خواجە لوتفوڵلا"ی ناو بوو کە بەداکۆکی پاڵەوانێکی دیکە بە ناوی"دامغانی" لە سەرکورسیی پاشایەتی دانیشت، بەڵام پاش ساڵێکو سێ مانگ حکوومەت لە گەڵ خودی ئەم پاڵەوانەدا کەوتنەبەریەک، ئەو بەشەو گرتیو بۆ قڵاتی"دەستجردان"ی ناردو لە ویش کوژرا. ئەو جارەخودی پاڵەوان "حەسەن" لە جێگای دانیشت، بەڵام هەرلە سەرەتای کارلەگەڵ شۆڕشی "دەرویش عەزیز" بەرەوڕوو بوو، چونکە تێگەیی کە دەرەقەتی نایە، لە نێوان ئەو دووە ئاشتیو ڕێککەوتن هاتەکایەوە کە بەپێێ ئەم ئاشتییە، دەرویش عەزیزقەبولی کردچەند خەروار ئاوریشم لە پاڵەوان حەسەن وەربگرێو لە"توس"ڕا کە مەقەڕی وی بوو بۆ ئیراقی عەجەم "ئاراک"بروات. بەڵام دەستبەجێ لە دوای ڕۆیینی دەرویش عەزیز، پاڵەوان حەسەن لەگەڵ شوڕشی یەک بەدوای یەکدا لە'استرئاباد" و"سەبزەوار" بەرەوڕووبوو، چونکە ئەو لە چەندکەسێک لە سوپاکەی لەچوون بۆشەڕگە، لەگومان دابوو بەکوشتنی کەسوکاری ئەوان هەڕەشەی لێکردن، ئەوانیش بە شەوجیهان پاڵەوانیان کوشتو کەللەسەرکەیان بۆ"خواجەعەلی مؤید ئەمیری ئەستڕئاباد" نارد. "خواجەعەلی" بۆخۆی لە شوێنی دانیشت دەرویش عەزیزی لە ئەراک هێناوەو بە مشوورخۆری خۆی دیاریکرد، بەلام ترسی لە وی ڕێنیشتو لەگەڵ حەفتاکەس لە مریدانی کوشتی. دوایە قەبری سەرجەم سەرۆکانی سەربەدارانی ویران کردو ئیسکو پروسکی ئەوانی فڕێداو چونکە لەوکاتیدا تەیموورگورگان چووە خوراسان، ئەو دەستی بەیعەتی دایەو بەم شیوەیە تەمەنی زنجیرەی سەربەداران کە هەموو ئەمیرەکانی وی بێجگە لە کەسێک بە دەستی یەکتر کوژرابوون، کۆتایی پێهات.

شۆڕشی سەربەداران لە سەبزەوار بێبەزەیی‌یانە بە دەستی تەیموور سەرکوت کرا، بەم شیووازەکە بە فەرمانی وی٢٠٠٠کەس لە شۆڕشگێڕان بە زیندوویی لە مۆرەی دیوارنراو ڕوخساریان لەگەجو ئاهەگ گرتن. دواى دەستبەسەراگرتنی ئیسفەهان بە دەستی ئەڕتەشی تەیموور، چونکەشۆڕشێک بەڕێبەریی ئاسینگەریک لەو شاری ڕویدا کە  دوو کارگێڕی پێتاکی تەیمووری تێداکوژران، تەیموور فەرمانیدا لە کەللەسەری کوژراوان، کە ژمارەیان بە٧٠٠٠٠ کەس بەرئاوردکرا، چەندین منارەیان بەرپاکردن.

سەرچاوکان:

بۆئاگاداریی زیاتر لەسەر مێژووی سەربەداران: ابن بطوطە،تاریخ رویان عاملی،خافظ ابرو،مجمل فصیحی دولتشاە،میرخاند(روضەالصفا)خواندمیر.
j.Masson: The History Of the Sarbadar, Dynasty,LaHaye,1970. A.H.Morton:The History Of the Sarbadars  in the Light Of new numismatic evidences, 1976. J.Aubin; La fin dei,Etat Sarbadar de Khorassan,Journal Asiatique,1974,pp.95-118

## باوندییەکان

لە مازەندەران لە کۆنەوە بنەماڵەیەک بە ناوی "ملووک باوند" دەشوغلێن، کە لە سەردەمی "خوارەزمشاییاندا" ملکەچی وان بوون. لەم سەردەمەدا "شەمسولملوک ڕۆستەم" کە لەکاتی سەلتەنتی باوکی لە زیندانی ویدابوو پاش مردنی بە پاڵشایی گەیی‌و لەگەڵ براکەی"قاران" ناکۆکییان پەیداکرد.   بارەگای خوارەزمشا لایەنگری قازانی گرت، بەڵام هیندیک دوایە قازان بەدەستی ئیسماعیلی کوژراو ڕۆستەمیش بە فێڵو گزەی یەکێک لە ساداتی عەلەوی کوژراو دورست لەم هەراو هوریاوگیرەو کێشەیەدا بوو کە هێرشی مەزن‌و بە لێشاوی مەغوول دەستی پێکرد.   سەردەمێک دوای ئەم هێرشە، سەر لە نوێ کەسانێک لە "باوندییەکان" لەم مەڵبەندە هاتنەوە سەرکار، بەڵام بارودۆخ کارەکانی ئەوها ئاستەمکردبوون کە بەپێی نووسینی مێژووی تەبەرستان(لە پاش کوژرانی "فەخرەودەولە" سێزدەساڵی تەواو دەڤەری مازەندەران لە ئاگری ئاژاوەدا سوتاو هەتا کاتژمیرو چرکەیەک  لە کوشتوکشتارو ترس‌و تاڵان بەتاڵ نەبوو و چەند هەزارخوێنی بە ناحەق ڕژاو گەلێک لە بنەماڵە کۆنەکان تەرت‌و تونا بوون) .   ئەمە هاوکات بوو لە گەڵ زاڵبوونی سەیدەکی "ئامول"ی بە ناوی (ئەمیرقەوامەددین مەرعەشی"  کە سەر زەمانێکی لە خوراسان بە گەشت وگوزاری سلووکی سوفیانەوە خەریک بوو و لە گەڕانەوە بۆ مازەندەراندا سفرەی ڕێنوینی‌و ئیرشادی پانکردوە بەلام وردە وردە ژمارەی لایانگرانی لە زێدەیی دەدا بە جۆرێک کە"کیائەفراسیاب "کە حاکمی وێ بوو ترسی ڕێنێشت‌و شەڕێک لە نیوان ئەوان‌و ئەو سەیدەی ئامولی‌و لایانگرانی دەستی پێکرد کە لەم شەڕەدا کیائەفراسیاب‌و مناڵاکانی‌و گەلێکی دیکە لە دەستەو دایەرەی بە دەستی"دەروێشانی تیرئەنداز" کوژران‌و سەید بە سەر"ئامول" و"ساری" و"قەلاع فیروزکوە "و"نوور"و"کەجور"و "روستەم ئاوا"و "رەویان" دا سەرکەوتوو بوو و حوکمڕانی سەرجەم مازەندەرانی کەوتە دەست.   تەنانەت ئەوکاتەی "خواندمیر"ی نووسەری کتێبی"حبیب السیر"بە نووسینی ژیاننامەی ئەوو بنەماڵەکەیەوە خەریکبوو، هیشتا حکوومەتی جێگرانی ئەم سەید دەروێشە لە هێندیک دەڤەرەی مازەندەران بەردەوام بوون، بەڵام لە سەردەمی هێرشی تەیموور بۆ سەرمازەندەران، ئەم ئەمیرانە ملکەچو فەرمانبەری دەوڵەتی تەیموور ببوون.

سەرچاە:

بۆزانیاریی زیاتر: جیب السیرخوندەمیر،ج 3،تاریخ طبرستان ورویان وماندران سیدظهیرالدین مرعشی،چاپ تهران،1330.

## تاتارانی تەیموور

تەنیا دوو سەدە لە پاش بەڵای مغول بەڵایەکی دیکەی لە مجۆرەو بەوبەرفرەوانییە، بە وێنەی بەڵای "تاتار" بۆ وڵاتێک هاتەخوار کە هێشتا خەڵکەکەی لە کوشتوکوشتارو وێرانیو کاولبوونی سەرانسەریی چەنگیزو بنەماڵەکەی پشتی ڕاست نەکردبۆوە، بەم تەوفیرەکە ئەمجارەیان خەبەرهێنەری مەرگو وێرانی داوکاری ئەمە بوو کە موسوڵمانێکی بەتینو گوڕو دڵسۆزەو قوڕئانی لەبەرەو هەرکارێکی دەیکات لە ڕیگای فەرمانی ئیسلامدا دەیکات، تەنانەت ئەو منارانەی لێرەو لە وێ لە کەللە سەری بڕاوی موسوڵمانانی بەرز دەکاتەوە.

تەیموور لە هۆزێکی تاتار، لە دووچۆمان (ماوراالنهر) لە دایک بوو. لە لایەن دایکیەوە ڕەچەڵەی لە بنەماڵەی چەنگیز بوو باوکیشی بە ڕەوالەت ئەمیرنشین بوو، هەرچەند کە"ابن عەرەبشا" مێژوو نووسی عەرەبی هاوچەرخی وی لە کتێبێکدا کە بە موعتەبەرترین ژیاننامەی تەیمووری ناسراوە، ئەوی بە شوانەوێلەو کۆپان ناوهێناوە. بە نووسینی گەلێک لە مێژوو نوسان، تەیموور لە قونەشەڕیکدا لە سیستان دژی پاریزگاری ئەوپاریزگایەد برینیکی دە قاچی بوو کە هەتاکۆتایی تەمەنی بەهۆی ئەم برینەوە دەلەنگی بەم هۆیەوە ناوی تەیمووری لەنگی بەسەردابرا، بەڵام لەم بارەشەوە"ابن عەرەبشا" دەنووسێ کە لەکاتی دزینی هیندیک مەڕ لەکاتی لاویدا تیری ویکەوتو شەل بوو. بەکورتی پلەوپایەی بەرز بۆوەو لە ئاکامدا بە کوشتنی برای خێزانی، ئەمیری ماوەراالنهر، بۆخۆی بە نازناوی ساحێب قران لە جێگای لە سەرتەخت دانیشت. زنجیرەی تاڵانو بڕۆیەکانی خۆی لە یەکەمین هێرشی بۆ سەرئێران لە ساڵی ٧٨٢ لەو سەرزەمینەدا دەستپێکردو لە چوارلەشکرکێشی لەماوەی چوارساڵی یەک بەدوای یەکدا"سەرەخس"و"هەڕات"و"ئەسفراین"و"سیستان"و"مازەندەران"و"ڕەی"و "سوڵتانیە"و " ئازەربایجان"و "لوڕوستان"ی دەست بەسەرداگرتن هەموویانی دە خوڵوخوێن وەردان. دەمێک دوایە بەنیەتی تەمبێکردنی"زەینەلعابدین"ی کوڕی شاشوجاع لەشیراز قەستی فارسی کردو لە نێوەی ڕێگادا، چونکە دانیشتوانی ئیسفەهان بەهۆی دەست دریژی پێتاک وەرگرانی وی بە ناموسی ژنانی شار، چەندکەسیان لەوان کوشتبوون، بەفەرمانی تەیموور لەشکرەکانی تاتارکە لە ڕۆژئاوا بوون هجومی سەرئیسفەهانیان کردو هەتاکۆتایی ڕۆژی دوایی خەریکی قەڵاچۆی گشتی بوونو٧٠٠٠٠کەسیان کوشتنو کەللەسەری ئەوانیان بەپێی ئەژمار ڕادەستی کارگێرانی تایبەت کرد. ئەوجار بەفەرامانی تەیموور لەم کەللەسەرانە نیوەی لە حەساری شاری ئیسفەهان ٢٨منارە ولە نیوی دیکە ١٩منارە، وهەرکام بریتی لە١٥٠٠قاپێلکەسەر ساز دان. لە دوای ئەم کوشتو کوشتارە، تەیموور بۆشیرازچوو دەستی بە سەرئەویش داگرت، ئەگەر چیڕۆکی دێمانەی وی لەگەڵ "حافزشیرازی" لەم شارەدا، بەمجۆرەی "دەوڵەتشایی" لە بیرەوەریەکانی شاعێرانەی خۆیدا گێڕاویەتەوە، ڕاست بێت، ئەم چاوپێکەوتنە لەم سەفەرەی ویدا ساڵێک بەر لە وەفاتی دەماوەری شیراز روویداوە.

پێنج ساڵ داویە تەیموور دەورەیەکی تازەی لە شەڕوکوشتارەکانی خۆی لەئیران دەستپێکرد کە ئەم کەڕەت سێ ساڵ بەدوای یەکدا بەردەوام بوو. پاش ئەمە بۆگورجستانو ڕووسییە ڕۆییو مەسکۆی لە ساڵی 798ی کۆچی(1386ی زایینی" دەست بەسەردەگرتوساڵی دوایی بۆ پایتەختی خۆت سەمەرقەند گەڕاوە. بەڵام تەنیا پاش چەندمانگ دوایە وی،هەربەو بێنوو هەجەتی(غەزوەی ئیسلامی) عادەتی سوڵتان مەحموود غەزنەوەیو لە عەینی حاڵداهەربەو ئامانجی تاڵانچییەتی ئەو،هەڵیکوتاسەر هێند و لە نزیکەی دێهلی، بۆ ئەوەی کە باری خۆی سووک کردبێو ترسو لەرزێکیشی نواندبێ،100000دیلی هێندی کە لە درێژایی شەرەکانی گرتبوو یەکجێ سەربڕی،جگەلەوەش کە واردی شاری دێهلی بوو بە قەڵاچۆی گەورەوگچەی شار فەرامانی دەرکرد. پاشان بۆ ئاسیای سەغیرچوو،و لە دوایی دەستەبەرکردنی ئەرزەڕۆم،لە شاری سیواس بە ئەمری وی4000ئەرمنی ئەم شارە بە زیندویی لەبن خۆڵ نران. بە دوایی ویدا دەستی بەسەرحەڵەبو شام داگرتودێمشق لەدوایی گرتن ئاگرتێبەردا بەدوایی ویدا بەغدای گەمارۆداو

چەنکە لەو جەرەیانداچەند کەس لە فەرماندەرانی وی بەدەستی خەڵکی شارکوژرابوون،بە بیست هەزار لەشکری خۆی فەرماندا کە هەریەکەی دووسەری بڕاو لە دانیشتوانی ئەم شارە بۆ وی بێنن. ساڵی دوایە بۆ شەڕی بایەزید ئیلدرم سوڵتانی عوسمانی چوو ئەویشی لە شوێنی ئێستای "ئانکاڕا" تێکشکاندو قوڵبەست کردو لە ناو قەفەسێکی ئاسنی دانا کە هەتا ئاخری تەمەنی لەو قەفەس داماوە. لە تەدارەکەکی بە وردی باسکراو لە سەمەرقەند ڕایگەیاند کە بۆ بۆچوون بۆغەزەوشەڕ لەگەڵ کافری چین وبەربڵاوبوونەوەی ئیسلام لە وێ،نییەتی لەشکرکێشی بۆ ئەوسەرزەمین هەیە. ناوەرۆکی فەرمانی وی لە"زەفەرنامەی نیزامشایی نووسێنی مێژووی نووسی تایبەتی وی ئەوها گێڕدراوەتەوە: کە((لەم سەردەمەدا دڵی ئیمە ئەوهای دەخوازێ کە کارێکی خێربکەێن کە لە دەست هەرکەسێک نایەو ئەو تەفرو تونا لە ناو بەردنی ئەوانەی کە شەریک بۆ خودا دادەنین یانی: بە لەشکر بۆ"چین'و"ختا"ی بڕۆین کە وڵاتی کفرو بێدینییە،و بوتخانەکان وێران بکەینو ئاگرخانەکان بڕوخێنینو لە شوێنی ئەوان مزگەوتو عیبادتگاە سازدەین)) . بۆ ئەمکارەلەشکرێکی بەرێتی لە دووسەت هەزارسوارەو دووسەتو پەنجاە هەزار پیادە حازر کردو سەفەری شەڕی خۆی لە گەڵ سەردارانی خۆی دەستپێکرد. بەڵام بە هۆی زستانێکی گەلێک ساردو سڕی ساڵی 807ی کۆچی لە"فاراب" ڕەخ چەمی جەیحوون تووشی کۆخەو هەڵامەت بوو، چونکە تازە لە سەرما خوردگی دیکە چاک ببۆوە بۆ دەرمان لە ڕادە بەدەر ئارەقی خواردەوە ئەم جار بە شیوەیەکی مەترسیدارتر تووشی نەخۆشی بوو لە ئاکامدا دوایە چەند رۆژ لە تەمەنی 71ساڵی دا مردو لە قەبرستانی ئەمیر لە "سەمەرقەند" بە خاک ئەسپاردرا.

چێرۆکی خەلافەتی تەیموور لەنگو جێگرانی وی لە سەردەمی خودی تەیموور هاتەگۆڕ،بەم شیوەیەی کە لە ((تزوکاتی تەیمووری) ڕوونکراوەتەوە،کە(هەوەڵین تزوکە لە ڕۆژئاوای دڵی وی سەری هەڵداو بڕەوی دینی ئاشکراو کات دانانی شەریعەتی محەممەدی بوو،چونکە بناخەی سەلتەنەتی ئەو پیاوە مەزنە بە ئایینی ئیسلام ڕێکوپێکو قایمو موحکەمە...و ناچار لە وڵاتەکانو کۆپەرەکانو شارەکانی دنیا دینی نابی محەممەدیو شەریعەتی ناوبراوی ڕەواجو بڕەو پێدا سەلتەنەتی خۆی بە وی ڕازاندەوە)) لە زەفەرنامەی نیزام شاهی بەویان ناسناوی((خەلافەت پەنا) داوە،وەلیعادی وی (شاروخ)یش لە" مطلع السعدين" بە گزنگی ڕۆژ ناساندراوە (کە لە بەرزایی ئاسمانی خەلافەت سەری هەڵداوە). لەم کتێبە لە کوڕی وی سوڵتان ئەبوو سەعید میرزاش بە ناسناوی حەزرەتی خەلافەت پەنایی)یادکراوە. مردنی بی وەختی خوێنخور تاتار بە لانیکەم ئەم فایدە بنەڕەتییەی هەبوو کە خەلافەتی تازە لە سەر زنجیرەخەلافەتەکانی دیکەی دنیای ئیسلام کە هیچکامیان کەمتر لە حکوومەتی تاتاری وی ئینسانکوژ وتاڵانچیتر نەبوون زێدە نەبوو.

کوڕی تاتاری ناو بزری "دووچۆمان" سەرجەمی تەمەنی خۆی لە شەڕوکوشتوکوشتار تێپەڕکردو هەموو ئەو خوینانەی کە ڕشتنی بە حیسابی ئیسلامی نابی محەممەدی داناو لە دوایی هەر قەڵاچۆیەک(قتل عام) دەستی شوکری بەرەو بارەگای خودا بەرزکرد کە بە وی بەختەوەری ئەم خزمەتە تازە بۆ بە هێزکردنی گوندارانی دین عەتا فەرمووە. زێدە لە 35 لەشکرکێشی کردو تانجی 27 پاڵشای کە کوشتبوو لە سەرخۆی دانا. لە دێواری "چین" هەتا"مەسکۆ" و لە"دێهلی" هەتا "ئاسیای سەغیر" و"قەفقاز" ی بۆ ژێر بەیداخی خۆی هێناو بۆ هەرشوێنێک کە چوو مەردنو خوێنی بۆ پیاوو ژنو منداڵو پیرو گەنج لەگەڵ خۆی برد. لەگەڵ ئەم هەمووە ئەم جەیناتەکاری خوێنخۆر لە بەرامبەرئەهلی تەریقەت ئەوانی تزکیەی نفس دەکەن گردنی لە مووی باریکتربوو پاڵپشتی قسەی(ڕزگاری لە ڕاستی دایە) بوو. تۆژەری بە ناوبانگی ڕووسی Barthold،سەبارەت بە دیمانەی وی لە یەکێک لە شەرۆچکەکانی" تەیباتی خوراسان" لە گەڵ"زاهد"ەکی گۆشەگیر بە ناوی"زەین العابدین ئەبوبەکر"دەگێرێتەوە کە تەیموور بە پێی پیادە بۆ لای ئەو چوو، بەگێڕانەوەی " ابن عربشاە" بە ڕیزو حورمەتەوە لە حزوری وی لە سەرچۆک دانیشت. پاشان خودی تەیموور بە"حافزئەبرو" مێژوو نووسی بارەگای خۆی گوت: کە لەم دیمانەیەدا لە دەرویشی پرسیارکرد بوو کە بۆچ حاکمی خوراسان بەو هەموو زانیاریو دانایی بە عیلم بە پیی شەرع ناجۆلیتەوە؟ و زاهد وڵامی دابۆوە کە ئیمەش بەر لە ئێوە ئەو قسەمان لە گویچکەی هەڵکێشا،بەڵام ئەو بایەخی پێنەداو لە ئاکامدا خوداوەند کەسیکی وەک تۆی بۆ سەرگیانو ماڵو نامووسی ئێمە زاڵو دەست ڕۆیشتووکرد.

بە پێچەوانەی چەنگیز کە ئەمپەراتووری مغولی وی هەتا دوو سەدە لە دوایی خۆی بەردەوام بوو،ئەمپەڕاتووری خوێناوی تەیموور لە پاش مردنی بنیاتنەری وی ئیکجارەکی تێکوپێکچوو، لە سەریەک هەموو مێژوونووسانی ڕۆژئاوا لەم بارەوە لێکۆڵینەوەیان کردوەو ئەم ناکۆکییە بە لکی ئەو دەزانن کە لە هەڵپێچانی حکوومەتی مغول دەمارگرژی مەزەبیو فەرقو جیاوازی سەرهەڵداو لە وی نەبوو،لە حالێکدا پەڵپو بیانووی تەیموور لە لەشکرکێشیەکانو تاڵانکردنەکانی دایمو دەرهەم هەجەتەکانی مەزەبی بوو و لەم ڕیگایەوە لە ڕەفتار لەگەڵ مغولەکان لە نیوان

موسڵمانو مەسیحی تەوفیری دادەنا،لە بەرئەمە بەستێنی بۆ دوژمنایەتییەکانی دیکە و سەرکوتکردنەکانی دیکە پێکدێنا.

مێژووی سەلتەنەتی جێگرانی تەیموور مێژووکی ڕەشو سەرانسەرمردنو خوێنە کە دەڵێی لە سەر ئەڵگۆی ژیانی وی گووراوە. "پیرمحەممەد جێگری وی بەدەستی یەکێک لە ئەمیرەکانی خۆی کەلە عەینی حاڵدا وەزیری ویش بوو کوژرا. میرانشا کوڕی دیکەی وی لەشەرێک کوژرا ومحەمەد عومەر کوڕی وی ئەبووبەکری براکەی بۆزیندانی سوڵتانیەنارد،بەڵام ئەوبۆخۆی لەسالی 809 وبراکەی لەساڵی 810 کوژران. کوڕی سێوەمی میرانشا کە بۆ حکوومەتی ئیراق چوو بوو لە811لەبەغداکوژرا. ڕۆستەم نەوەی تەیموور کە بەجێگری ئەوان دانیشت ئەسکەندەری برای کوێرکردو داویە ماوەیەک ئەوی لەزیندان کوشتو بۆخۆشی دوایە کوژرا. لە ساڵی 853"عەبدولموتەلیب کوڕی ئەلغ بەگ دژی باوکی ڕاپەڕیو باوکی یەخسیرکرد لە پاش دووساڵ وهەشت مانگ سەلتەنەت کوشتی،بەڵام بۆخۆشی لە پاش شەش مانگ سەلتەنەت بە دەستی غوڵامەکی باوکی بە زەبری چەند بیورکوژراو کەللە سەری ئەویان لە سەردەرگای "قوتابخانەی ئەلغ بەگ" لە سەمەرقەند هەڵاوەسی. ئەم شێعری بە ناوبانگ هیندیک دەڵین هی ئەوە کە:(پدرکش پادشاهی رانشاید،وگرشاید بجزشش مه نپاید) عەبدوللە نەوەی شاهروخ کە لە دوایە کوژرانی عەبدولموتەلیب بە سەلتەنەت گەیی بە دەستی مامی گیراوکوژرا. "بابڕ" نەوەی شاهڕوخ سوڵتان محەممەدی برای کوشتو لە شوێنی وی لە هەرات لە سەرتەختی سەلتەنەت دانیشت،بەلام حکوومەتەکەی بە دەستی سوڵتان "جهانشای قەرەقوێنلو" سەرنخون بوو. ئەبوو سەعید کە لەدوایە کوشتنی عەبدوللە بە سەلتەنەتی دووچۆمان گەیبوو لە شەڕلەگەڵ حەسەنە دریژ"ئوزون حەسەن"ئەمیری "ئاق قۆینلو کوژرا" لە ئاکامدا بەکوژرانی"یادگارمحەممەد" نەوەی "بایسغەر' بە دەستی یەکێک لە نەوەکانی "ئەمیرتەیموور" ئیدی بنەماڵەی تەیموور دوایی پێهات. بەدواییێکداهاتنەی خوێناوی سەلتەنەتەکانو مردنەکان،تەنیا سێکەس لە نەوەکانی تەیموور ناوەکەیان لە دنیای عیلمو زانیاریو هونەر- نەک پاشایەتی- لە خۆیان بەجێهێشت کە یەکێک لەوان "ئەلغ بەگ"بنیاتنەری زیجی بە ناوبانگی سەمەرقەند" ئەویدیکە"شاروخ"بناخەدانەری مەکتەبی نەقاشی هەڕات وخێزانی"گەوهەرشاد" دورستکەری مزگەوتی"گەوهەرشاد"ی مەشەد، و سیهەمی"بایسنقەر"کوڕی شاروخ بوو کە بۆخۆی لەکاتی لاوەتی بە هۆی زێدە ڕەوی لە شەڕاب نۆشی مرد.

ئەگەربکرێ بەردەوامی لێهاتووکی سەرنج ڕاکێش بۆ سەلتەنەتی بنەماڵەی تەیموور بدۆزینەوە، ئەم بەدوادا ڕۆینە دەبێ نەک لە "ماوراالنهر"دووچۆمانو ئیران،بەڵکوو لە هیندوستان سەردەمی پاشاکانی :گورگانی" بدۆزینەوە کە لە ڕەچەڵەی "زەهیرەئەدین بابر" نەتیجەی "میرانشاه" کوڕی تەیموربوونو بە دەستی ئەوان ئەمپەڕاتووریەکی مەزن، کە ئینگلیزیەکان بە هەڵە ئەویان بە ئەمپەراتووری مغول Moghul Empire،ناودێرکردوە،بەڵام بەکردەوە ئەمپەڕاتووری "هێند- ئێرانی"سەردەمی پاوانخوازی دنیاگرو مەزنوپاشای دونیاو مەلیکەکانی ئێرانی ڕەچەلەبوو، بناخەی دانراو هەتا سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام ماوە.

1-ابن عربشاه عجائب المقدور فی نوائب تیمور.این کتاب تەنها اثرتاریخی درباره تیموراست کەبەعربی نوشتەشدەاست ونویسنده آن احمدبن عربشاه دردمشق(متوفی درساڵ 854هجری) زندگی وسلطنت جهانگشای تاتار رامورد حملەای بسیارتند قرارەدادە است. متن عربی کتاب درساڵ 1868 درقاهره بچاپ رسیده وترجمەای انگلیسی ازآن درساڵ 1936 درلندن انتشاریافتەاست. ترجمەفارسی این اثرباعنوان(زندگی شگفت آورتیمور) درساڵ 1339 درتهران منتشر شدەاست.

2-شرف الدین یزدی: ظفرنامە،ج 2،،ص 447

3-تزوکات تیموری،با مقدمه مجتبی مینوی،.176

4-ظفرنامه ج 2،ص 171و.269

5-مطلع السعدین،چاپ لاهور،ص .6

7-همانجا،ص .5

1-تاریخ ایران ازدوران باستان تاپایان سدەهجدهم،نقل ازv.v. Bartold،ص.171

2-برای بررسی بیشتردربارەحکومت تیمور درایران: ظفرنامه شرف الدین علی یزدی،چاپ کلکته،1887زبدەالتواریخ حافظ ابرو(باویراستاریFelix Tauer،خاورشناسی چک،چاپ انستیوی خاورشناسی پراگ،1956وچاپ 1317تهران با حواشی خانبابا بیانی،مطلع السعدین ومجمع البحرین عبدالرزاق سمرقندی باویراستاری محمەشەفیع لاهوری،چاپ لاهور،1946،روضەالصفای میرخواند،چاپ تهران،1339 چاپ پاریس،1844.حبیب السیر ازهمین مورخ، چاپ تهران ،1333در4جلد،عجائب المقدور فی صفات التیمور،تألیف عربی ابن عربشاه،ترجمەفارسی باعنوان(زندگی شگفت آورتیمور) چاپ تهران،1330، Ruy Gonzalez De Clavijo Historir Del Gran Tamerlan e itinerrario ،y,narracion Drl viaje,Sevilla,1582.

## تورکەکانی قەرەقۆینلوو

لە دوایە تەیمووریەکان لە مێژووی ئێران دوو بنەماڵەی تورکی دیکە" بەم دوو ناوە: پەزە ڕەشەکان"قەرەقۆینلوو" و پەزە سپییەکان"ئاق قۆینلوو" هاتنە سەرکار. کە بنەماڵەی یەکەم "63"ساڵو بنەماڵەی دووەم" 48"ساڵ بەدوای یەکدا لە بەشەکانی بەرفرەوان لەم وڵاتە فەرمانڕوایان کرد. هەردوو بنەماڵە تورک بوون کە لە هێرشەکانی مغوول،لەگەڵ هۆزەکانی زەردپێستی دیکەی ئاسیایی ناوەندی بۆ دەشتەکانی ئێران هاتبوونە خوار.

بناخەدانەری زنجیرەی قەرەقۆینلوو "یوسفەڕەش" بوو کە"سوڵتان جەلایەری"مغوولی تیکشاندو کوشتیو سەرزەمینەکانی وی سەرجەم هاوپێچی سەر زەمینەکانی هۆزەکەی خۆی لە باشووری وەرمێ(ئورمیە) کردو لکێک لەو هۆزە لە (بەغدا)ش میرنشینیان وەرگرت. یوسفەڕەش،دوایە "شیروان" و"سوڵتانیە" و"قەزوین"یشی گرت،بەڵام لە شەریکدا کە لەگەڵ "شاروخ لە نەوەکانی ئەمیرتەیمووری کرد، بە هۆی سەکتە مردو سوپایەکەی بڵاوبوون. کوڕو جێگری وی"ئەسکەندەر" چەند کەڕەتی دیکە لە گەڵ شاروخ بەشەرهات،بەڵام چونکە لە کەڕەتی دوایین براکەی وی "جهانشا" لایەنی شاروخی گرت،شاروخ ئەوی لە سەلتەنەت دەرکردو براکەی لە شوێن وی بە پاشاڕاگەیاند. ئەسکەندەرشا، ئەوکەڕەت ڕاستەوخۆ لەگەڵ براکەی شەڕکرد بەڵام شکەستی خواردو بۆ"نەخجەوان" تێیتەقاند،بەڵام لە وێ بەدەستی کوڕەکەی خۆی کوژرا. "جهانشا" بەناوی پاشایەکی کەس بە گژیدا نەچووی"ئاق قۆینلوو" بە لەشکر کێشیەکانی یەک بەدوای یەکدا سنووری دەسەڵاتی ئەم زنجیرەیەی هەتا "کەنداوی فارس" و"کرمان" بەرفرەوانکرد و هەتا"هەرات"یشی بۆ سەردەمێکی کورت دەست بەسەرداگرت،بەڵام لەو هەڵلاوبگرە دوو کوڕی وی بە ناوی حەسەنو پیربوداغ،یەکێک لە تەوریزو ئەویدیکە لە بەغدا دژی وی شورشیان کرد،ئەو لە دووهێرشی جیاواز هەلێکۆتانە سەرو هەردووکی تێکشکاندنو گرتنو زیندانی کرد،لە دوایە ئەمە فیکری بۆ دەست بە سەرداگرتنی "سولەیمانییە" ڕەکێش بوو. بەڵام لە چاخی ڕاوشکار بەدەستی ڕەقیبی بە دەسەڵاتی خۆی "ئاق قوینلووی خودی ئۆزون حەسەن" بەدیل گیراو بە دەستی وی کوژرا. دوایین پاڵشای بنەماڵەی ئەو حەسەنعەلی میرزا کوڕی جهانشا بوو کە باوکی ئەوی بیست و پێنج ساڵی تەواو لە زیندان ڕاگرت بوو،بەم بۆنەوە کاتێک کە لە سەرتەختی سەلتەنەت دانیشت کاری باشی نەدەکرد. گەلێک لە ئەمیرەکانو نزیکانی خۆی کوشتو خەزێنەی باوکی لە سەردەمێکی کورت بە بای داداو لە ماوەی چەند مانگ دوو کەڕەت بەدوایکدا لە حەسەن بەک ئاق قۆینلوو کوڕی وی شکەستی خواردو لە ئاکامدا بە کوژرانی وی سەردەمی فەرمانڕەوایی زنجیرەی "پەز ڕەشان"کۆتایی پێهات.

تورکەکانی "قەرەقۆینلوو" لە نەزەر مەزەبی شێعە بوونو لەم بارەوە یەکەمین پاشاکانی شیعەی ئێران لە دوایە "دەیلەمیەکان" بەحیساب دەهاتنو دەکرێ ئەوان لەم ڕێگایە بە ڕێکەرەوەی "سەفەویە" دابنێین.

## تورکەکانی ئاق قۆینلوو

جێگرەکانی قەرەقۆینلووەکان،"ئاق قۆینلووەکان""مەڕەکانی سپی" بوون کە تایفەیەکیی دیکەیان لە تورکمانەکانی "غەز" پێکدەهێناو بە دوو دەستە بەو ناوانە: "بیات" و"بایەندەر" دابەش دەبوون کە ئەوانیان بەم هۆیە

به"بایەندەر،یش ناودەبرد چونکە ڕێگای چاکتری ئەوان نیشانەی"مەڕی سپی"بوو کە لە پرچیان نەخشی بەستبوو"ئەمن پیم وایە مەبەستی نوسەر" دورشمکردن" بووە کە گویچکەی مەڕ پێداغ دەکەن،وەرگێڕی کوردی". بنیاتنەری زنجیرەی ئەوان "ئوزن حەسەن"یانی حەسەنەدرێژ" بوو کە برای خۆی جانگیر کە بەپێی قانوونی ئێلایەتی سەرۆک قەبیلە بوو لەکار وەلاناو سەردەمەکیش لەگەڵ مامەکانی خۆی عەلی بەگو هەمزە بەگ شەڕی کرد هەتا توانی حکوومەتی خۆی بە تەواویی دامەزرێنێ. لە دوایە ئەو"جهانشای قەرەقۆیونلوو"ی کە لە ڕاوشکارڕێگای ونکرد بوو غافڵگیرکردو کوشت، بەم شیوەیە لە بەستێنی حکوومەتی وی لە ئێران سەرکەوتوو بوو. چونکە دایکی "شازادەخانم"ی عیسەوی لە بنەماڵەی ئەمپەڕاتووری "یۆنانی ترابوزان"بوو بۆخۆشی لەگەڵ کیژی ئەو پاڵشایەی کە ئاخرین ئەمیری بیزانسی ئەم وڵاتە بەرلە ڕوخانی وی بە دەستی تورکەکانی عوسمانی بوو مارەکردو لەو خاتوونەی کە:کاترینا"ی ناو بوو سێ منداڵ هەبوو،کە یەک لەوان"مارتاخاتوون"خێزانی شیخ حەیدەری سەفەویو دایکی شاسمایل سەفەوییە،کە لەگەڵ ئەو هەموو شمشیرکێشیەکانی کوڕەکەی لە ڕێگای ئایینی دوازدەئیمامی (اثنی عشری) هەتا دوایی تەمەنی هەربە مەسیحی مایەوە. "حەسەنە درێژ"لەدوایی دەست بەسەرداگرتنی بەستێنی بنەماڵەی ئاق قۆینلوو ملکەکانی خۆی بەرفرەوان کرد ووردەوردە هەموو ئێراقی عەڕەبو ئێراقی عەجەمو فارسو کرمانی هەتا لێواری ویشکایی کەنداوی فارس خستەبن چەنگی خۆیو بەم شیوەیە سنووری بەستێنەی حکوومەتەکەی لە"ئاناتۆلی" هەتا"عومان"ی دەباوەش گرت. بەڵام غروری سەرهەلداو لەم پێشکەوتووانە لەلایەکو دنەی زۆری و وڵاتانی مەسیحی ئورووپا بە تایبەت کۆماری"ونیز" کەلە شەپۆلی دنیاگری ئەمپەڕاتووری تازە سەرهەڵداوی عوسمانی بە توندی لە دڵەڕاوکەدابوونو بەسەرنجدان بەعەیسەوی بوونی دایکیو خێزانی پاڵشای ئاق قۆینلوو ئەویان بەیەکگرتووەکی سروشتی دژی سوڵتانی عوسمانی بە حیساب دەهێناو ئەویان بەناردنی باڵوێزو دانی پارەو چەک و چۆڵو گرێبەستی قەرارداد بەهێرش بۆ سەر"ئاناتۆلی" دلگەرم دەکردو هۆکاری پسانی پەیمانی دەستدرێژی نەکردن لە نیوان "حەسەنە درێژو" سوڵتان محەممەدی سانی بوو لە ئاکامدا سوڵتانی عوسمانی بە سەت هەزارلەشکر هێرشی کردە سەرو "حەسەنەدرێژ" بە ئیکجارەکی لە"قۆنیە" و جارێکی دیکە لە"ئەرزنجان"ی ئاناتۆلی شکەست داو یەکێک لە کوڕەکانی وی کوشت، بەڵام بۆخۆی بۆ "تەورێز" تێی تەقاندو ئیدی خۆی لە قەرەی "ئاناتۆلی" نەدا. لەگەڵ ئەم هەمووە هێندیک دوایی بۆ سەر تفلیس" هجومی کردو لە دوایی تاڵانی هەموو ئەوێ وگرتنی دیلێکی زۆر لە کافری گورجی بۆ فرۆشتنیان لە بازاری کۆیلە فرۆشانی دنیای ئیسلام،بۆ "تەورێز"گەڕاوە و لە ڕەمەزانی ئەو ساڵیدا مرد.

لە دوایی "حەسەنە درێژ" حەوت پاڵشا بێ ناوەرۆک لە بنەماڵەی ئەو هاتنەسەرکار،کە هیچ کامیان جگە لە خۆش ڕابواردنو شەرابخۆریو لۆتیایەتیو شەڕو پیکهەڵپڕژان لەگەڵ یەکتر کارێکی ئەرتییان ئەنجام نەدا. سوڵتان خەلیل میراتگری ڕاستەوخۆی ئەو لە دوایە شەش مانگ لە شەڕلەگەڵ براکەی یەعقوب کوژراو سوڵتان یەعقوبیش بۆخۆی بەدەستی خێزانی دەرماندراوکرا. لە دوایی وی لە نیوان کوڕە دەساڵەکەی "باینسقەر"کە جێگری قانوونی وی بوو لەگەڵ براکەی دیکەی مەسیح شەرێک هەڵایسا کە لەم شەڕەدا مەسیحوکۆمەلێک لە شازادەکانی "ئاق قۆینلوو" کوژرانو تەنیا بەزەییان بە ڕۆستەم نەوەی گچکەی "حەسەنەدرێژ "داهاتو لەکوشتنی وی چاو پۆشیان کرد،بەڵام برەک دوایی لایانگرانی ڕۆستەم دژی "بایسنقەر" شۆڕشیان کردو ئەو بۆ کن "فەروخ یەسار" ئەمیری شیروان هەڵات. ڕۆستەم کە لە شوینی وی لە سەرتەختی پاشایەتی دانیشتبوو بەیارمەتیو ئالیکاری سوڵتانعەلی کوڕی شێخ حەیدەر سەفەویو برای شاسمایل،بایسنقەریان لە مامەلەیەک لەگەڵ ئەمیر شیروان لە وی وەرگرتەوەو کوشت،و هێندیکی دوایی خودی سوڵتانعەلیان لە گەڵ دەستەیەک لە مریدانی کوشتن. لە سالی 902 ڕۆستەمیش بەنۆرەی خۆی بەدەستی مامی ئەحمەد بەگ کە لێی هەڵگەڕابۆوەو ئیشقیا بوو گیراوگوژرا،بەڵام ئەحمەدبەگیش لە پاش چەندمانگ بە دەستی پارێزگاری ئیشقیای کرمان کوژراوە. لە دوای ئەمە ئەمیرەکانی "ئاق قۆینلوو" بە سێ دەستە دابەشکران کە هەرکام لەوانە داکۆکی لە شازادەیەک بۆ دانیشتن لە سەرتەختی سەلتەنەت دەکردو لە سەرئەم مەرخیش مرخێشە لەگەڵ یەکتر بەشەڕهاتن. دوایین پاڵشاکانی ئاق قۆینلوو "سوڵتان مراد"و "ئەلوندبەگ" کە هەر دوو نەوەی حەسەنەدرێژ بوون و هەردوو لەو شەڕانەی کە لە نزیک "نخجوان" و"هەمەدان" لە شاسمایل سەفەوی تێشکانو پاشان بە دەستی وی کوژران.

پاشاکانی "ئاق قۆینلوو"مەڕە سپیەکان" بە پێچەوانەی قەرەقۆینلووە،"مەڕەڕەشەکان"سوننە مەزەب بوون،چونکە حکوومەتی ئەوان هاوڕێکەوت لەگەڵ سەرەتای کێشمەکێشمەکانی دوورو درێژی ئەمپەڕاتووری عوسمانی لە وڵاتانی مەسیحی ئورووپا بوو،پەیوەندی نزیک لە نێوان ئەوان لەگەڵ ئەم وڵاتانە،بە تایبەت لەگەڵ بارەگای"پاپی ئەعزەم" و دەوڵەتی "ونیز" بەرقەراربوو کە گەلێک لە سەفەرنامەی باڵوێزانو بازرگانانی"ونێزی"گەشەکردنی سەرلە نوێیە.

ئەم سەفەرنامانە سەرچاوی حەسلی ئاگاداری هەنۆکەی لێکۆڵەران سەبارەت بە پەیوەندی ئێران و "ئورِوپا" لە قۆناخەکانی سەرەتایی حکوومەتی "سەفەوی"یش بە حیساب دێن.

سەرچاوەکان:
1-بررسی بیشتر درتاریخ حکومت ترکان آق قویونلو: سفرنامەهای ویزنیان درائیران،ترجمە منوچهر امیری،تهران،1349.
2-برای بررسی بیشتر درتاریخ حکومت ترکان آق قویونلو: سفرنامەهای ونیزیان درایران ترجمە منوچهر امیری. V. Minorsky: persia in A.D. 1478-1490,

## قزلْباشەکانی سەفەوی

نۆسەت ساڵ لە دوایی هێرشی سەرکەوتووانەی شمشێرکێشانی سەعدی وقاس بۆسەر ئێرانو دامەزراندنو نیشتەجێکردنی حکوومەتی ئیسلامی دڵخوازی خەلافەت لەم وڵاتە، بەدوادا هاتووی زنجیرەی گچکەوگەورەی پاشایەتی زێدەتر لە چوارسەت خونکارو نیمچە پاڵشاو خانو ئێلخانو ئەتابەکوو ئەمیر، ئەو هەموو خوێنانەی کە بێ ڕاوەستان لەلایان وان ڕشترا، بارودۆخی سیاسی وڵات کە قەراربوو بە بەرەکەتو ممبارەکی حکوومەتی ئیسلامی خۆی بە ڕزگاری دینو ئاخیرەت بگات،ئەو جۆرەی کە لە شوێنەواری سەرجەمی توژەرو لێکۆلەرانی ڕووسی لە ساڵی 1966باسی لێکراوە بەکورتی ئەمە بوو:

((فارسو" یەزدو" کرمان" بە ناو ملکەچی سوڵتان قەرەقۆینلوو بوون. "کاشان"و"سمنان "سیستان" و"ئەبرکو"(ابرقو) هەرکامیان حکوومەتی گچکەو سەربەخۆیان هەبوو. لە گیلان سێ ئەمیرنشینی سەربەخۆی شیعە یەکێک لە لاهیجانو دووەکانی دیکە لە ڕشتو تاڵش میرایەتیان دەکرد. مازەندەران بەدە حکوومەتی سەربەخۆ دابەش کرابوو. لە "خوزستان"و "هەویزە" دوو بنەماڵەی شیعەو مشعشع فەرمانڕەوایان دەکردو هەرکام لەو حکوومەتانە بەنۆرەی خۆی بە سەر ژێردەستانێکدا حکوومەتیان دەکرد. خوراسانو ئاسیای میانە لە بەردەست 'ئەزبەکەکان" بەسەرۆکایەتی محەمەدخان شەیبانی" بوو. لە سەریەک زیدە لە چل سەلتەنەت نشینو میرنشینوحکوومەتو خان نشین لە دەڤەرەکانی جۆراوجۆری وڵات حکوومەتیان هەبوو کە لە سەریەک هەموویان لەگەڵ یەکتری دەرگیری شەڕەکانی ناوچەیی بوون)).

لە مەڕ ئابووری، ئێران لە بارو دوخێکی ئێکجارناڵەباردابوو کە ناردراوانی" ونیزی" لە سەفەرنامەکانیان دا شیانکردۆتەوە. دانیشتوانی شارەکانی مەزن بەنزمترین ڕادەی خۆی گەیبوو. ئیسفەهان تەنیا "50"هەزارکەس دانیشتووی هەبوو، سوڵتانیە" 7"هەزارو "لار"5"هەزارکەس.

لە نەزەر ئاویتەکردن مەزەبی زۆرینەی شارەکانی تەژی لە جەماوەری ئێران وەکوو ئیسفەهان، قەزوین، زەنجان، ئەبهەر، شیراز، یەزد، تەورێز، گوڵپایەگان، ئەردەبیل، ئەهەر، نەخجەوان، سوننەی شافعیو لە شارەکانی تەژی لە دانیشتووی ڕۆژهەلاتی ئێران سوننەی حەنەفی بوون، لە بەرامبەر بنەماڵەکانی شێعەی جۆراوجۆر وەک سەربەدارانی خوراسان، مەرعەشیانی مازەندەران،سەیدەکانی کارکیایی گیلان،مشعشعانی خوزستان،پەزە ڕەشاەکانی ئازەربایجانو ئیراقو فارسیش بوونیان هەبوو کە دایمو دەرهەم لە نیوان ئەوان لەگەڵ فرقەکانی سوننە چەقەو هەرا بەرقەرار بوو)).

حکوومەتی سەفەوی گزنگی پێناسو سەربەخۆیی نەتەوەیی ئێران نەبوو،بەڵام بە زۆرەمل کردنی مەزەبی شیعەی لە ئێران بەرِەواڵەت یەکییەتێکی مەزەبی بە وجودهێنا،بەڵام یەکیەتی نەتەوەیی بە وجود نەهات،چونکە لە تەرکەن

ئیسلامو به تایبەت شێعەگری لەگەڵ پێناسی نەتەوەییو گەلایەتیو ڕەچەڵەییو فەرهەنگیی ئێران دژایەتی هەبوو. شێعە بوونی ئێرانییەکان تەنیا هۆکاری بۆ یەکیەتی عاقیدەتیو بیروبۆچوون لە بەرامبەر سوننەکان پێکهێنا،یانی ئێران بە واحدەکی جوغرافیایی شیعە گۆڕدرا، بێئەمە بشێ ئەوی بەحکوومەتێکیی نەتەوەیی بزانی. وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە پیویستە کە لەسەرتای سەردەمی سەفەوییە هەتا سەردەمی کۆتایی قاجارییە، جگە لە سەردەمێکی کورتی حکوومەتی زەند، ڕێبەری حکوومەتی ئێران لە دەست هۆزەکانی تورکی نیشتەجێکراوبوو کە هیچ جۆرە هەستی لایەنگیری نەتەوایەتیان نەبوو.

تەخمینێکی واقع بینانە سەبارەت بەچلۆنیەتییو ناوەرۆکی نەتەوایەتیی دەوڵەتی سەفەوی،دیسان بەهۆی تێکڕایی تۆژەرانی ڕووسی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد دەکرێ بدۆزینەوە:

((ئەوحکوومەتە نوێیەی کە سەفەویەکان بنیاتنەری بوون بە وێنەی دەوڵەتیی قزڵباش پێکهات وگوڕا. یەکەمین ڕۆژهەلاتناسانی ئوروپای دەوڵەتی سەفەوییان بە حکوومەتێکی پەیوەندار بە گەلایەتی ئێران دەناسین، بەڵام ئەوبۆچوونە ڕاست نییە،چونکە لە بناخە دانانی حکوومەتی سەفەوی لە سەدەی شانزدەی زایینی، لە تەرکەن هیچ کام لە ئێرانییەکان لە دەموو دەزگای حکوومەت بەشداریان نەبوو. ئەمە کە پاڵشاکانی سەفەوی نازناوی "شاهەنشایان" بۆ خۆیان هەڵبژارد بە هۆی هەستی نەتەوەخوازی ئێرانی بوونی ئەوان نەبوو، چونکە هەڵبژاردنی ئەم ناسناوە لە سەردەمی "ساسانیان"یش تەنیا قسەکەری ئەمە بوو کە ئەم پاڵشایانە خۆیان بە فەرمانڕەوای پاڵشاکانی دیکە کە پەیوەندار بە گەلانی جۆراوجۆربوون دەناساند. هاوتای ئەم ئیستلاحە لە ئوروپایی سەدی "نیوەراست"یش ئاسایی بوو،نموونەکەی لە ئەمپەڕاتووری موقەدەسی ڕۆمیو ژەڕمەنی)).

سازمانی حکوومەتی سەفەوی کە بە زۆرەملی عەشیرەی کۆچەران تورک وەدیهاتبوو، تێکەڵاوێک لە عەشیرەو نەتەوەکانی ناجورو نایێکدەست بوو. لەم حکوومەتە هەتا بەر لە کۆتاییی سەدەی دەهەمی کۆچی ڕۆڵی ڕێبەری سیاسی قوماندارانی نیزامیو کۆچەرانی قزڵباشی تورکو ئازەربایجان بەڕیوەی دەبردو ئەڕتەش بریتی لە دەبەرگرتووی چریکەکانی پەیوەندار بەم عەشیرە کۆچەرانەی قزڵباشو ئەوانی دیکە بوو. ژمارەیەکی کەم لە نەفەراتی "ئەڕتەش"یش چریکی فئودالەکانی دانیشتووی ناوچە پێکیان دەهێنا. ئیرانییەکان بریتی لە"کارگێرانی دەوڵەت و دەستەی ڕووحانی" لە دەموو دەزگای حکوومەت ڕۆڵی دەرەجە دووهەمیان هەبوو،ئەوانەی کە لە بارەگای پادشا بوونو ئەڕتەشیەکان بەگشتی بە زوانی تورکی دەئاخافتن،خودی شاسمایلی هەوەڵیش بە زوانی تورکی شێعری دەهۆندەوەودەئاخافت. بەڵام لە نوسینگە بە پێی دابونەریت بەزوانی فارسی شتێکیان دەنووسی. لە سەردەمی سەلجوقییەکان،خانەکانی مغوولو جێگرانیان ئەو دابونەریتە بە فەرمی بەرقەرار بوو.

ئایینی شیعە ئیمامی کە ئایینی دەموودەزگای حکوومەت بوو دەبوایە بە زورملی بەسەر سەرجەم موسڵمانانندا سەپاندرابوایە. سوننەکانو لایەنگرانی سۆفیگەری زێدەڕۆو(بێدین) سزادەدران. بە پێچەوانە مەسیحیەکانو یەهۆدیەکان ئازاد بوونو دەیانتوانی لە سەردینو ئایینی خۆیان بمێننەوە. شاسمایل بە ئوسقۆفی مەزنی ئەرمەنیانی چاکتری داو لە پڕوپاگەندەبێژانی کاتۆلیک پشتیوانی کرد،چونکە دوژمنی مەزنی سەفەویان تەنیا تورکەکانی عوسمانی سوننە مەزەب بوون.

شیعەگەری کە بە ناوی ئایینی دەوڵەتی ئێران برەوی ئەستاند،بیچمی حەسڵی وی کە بەرێ بنکەی ئیدولۆژیکی ئاپۆرەی خەڵک بوو لە دەست داو بە پاڵەپشتی حکوومەت گوڕدرا. ڕژیمی دەوڵەتەکانی سەفەوی بە فەرمی شیعەبوو"هەتا بەپێی ئەو چێڕۆکانەی کە دواییەکان دەنگۆبوو ڕەچەڵەی سەفەویان دەگاتەوە ئیمام موساکازم ئیمام حەوتەم،و پاشاکانی سەفەوی خۆیان بە جێگری ئیمام دوازدەهەم"ئیمام غایب محەممەد مێهدی" بەر لە سەرهەلدان و زاهیربوونی وی زانی، هەتا پادشاش خۆی بەمورشیدی دەستەی سوفیانی سەفەوی دەهێناحیساب ودەژمارد. قزڵباشەکانو ماقولانو جەنگاوەرانی "ئاسایی"ش بەمجۆرە خۆیان بە"دەروێشو سۆفیو" مرید شاه کە"شێخی دەروێشان" بوو بە حیساب دەهێنا. بەڵام بەکردەوە ئەمانە هیچ کات بە دەروێشاکانو سۆفی پێشوو نەدەچوون،بەڵکوو لە تاقمەکی برایەتی بە فرقەیەکی ئاخوندی شەڕی وەکوو templier،کانی مەسیحی سەردەمی شەرەکانی خاچ پەرستان گوڕدرابوون کە لە بن سێبەری دین بەهێرشو هجومی دایمو دەرهەم بە بیانووهەجەتی خەزا"جهاد" خەریک دەبوون و بە دەستکەوتی گەلێک زۆردەگەڕانەوە.

له سەدەی رابردوو،خاوەن نەزەری رووناکبیری ئێرانی،میرزا :ئاغاخان کرمانی، بە نۆرەی خۆی لەم بەستێنەدا نووسی: ((بەبۆچوونی گەلێک لە ێرانییەکان پاشاکانی سەفەوییە، پاڵشای دەرەعیەت پەروەرو بە عەدالەت بوونە،بەڵام بە ئاقیدەو بۆچوونی من ئەو زوڵمەی کە ئەوان بە ئێرانیەکان گەیاندوە لە دوایە عەرەب هاوتاو هاوتەکی نەبووە و هەتا لە چەنگیزی خوێنرێژیش نە بینراوە،بەو رادەی خەراپەکەری کە لەو خەرافات پەروەرانە وە میللەتی ئیران کەوتووە لە هیچ کام لە پاشاکانی دوایی ئیسلام وێنەکەوتووە چونکە ئەو چینە ویستیان لە رێگای دین پەروەردەکردن ریشەی لە دڵی هەموو نەزانو جاهیلێکی داکوتن و بناخەی قایم بوونی حکوومەتو سەلتەنتی خۆیان لە سەردوو رووییو کۆڵەکەی ئایینو دین دابمەزرێننو خۆیان بە ئەولادی ئیمامو بنەچەکەی پێغەمبەرو خاوەن کەشفو کەرامەتو دانیشتوویی تەریقەتو حەقیقەت لە سەرکورسی سەروەری دنیاو ئاخریتو زاهیرو باتین بنوێنن،چونکە دارژتنی ئەو بناخەیە لە ئیرانو چاندنی تۆی خەرافاتو نەزانی بێ ئاوەزی پێویست بوو لەم بارەوە بە ئالیکاری هی وەک مەلا محەمەد باقرمەجلیسی ئاوزەو بەلگەی دانیشتوانی ئیرانیان بە باداکرد هەتا بناخەی سەلتەنەتی پاشاکانی سەفەوی لە ئیران بە هیز بێت.

مێژووی بنەچەکەی سەفەوی بەکردەوە لە "شیخ سەفییەدین ئەردەبیلی" سەرۆکی ئەم بنەماڵە کە ناوی هەموو زنجیرەکەی لە وی وەرگیراوە، دەستپێدەکات. شێخ سەفییەدین ئەردەبیلی هاوچاخی "مەولانا جەلالەدین" و سەعدی شیرازی بوو. ئەو لە سەردەمی مغوول لە دایک بوو، و85ساڵ ژیا، مێژووی "عالەم ئارای عەباسی" ئەم شیخ سەفییەی بە هۆی حەوت پشت بە(سولتان فیروزشای کڵاو زێر"زرین کلاه" گرێدەدا، کە حەزرەتی ئیمام موسای کازم باپیری مەزنی ئەو بوو. مێژوویکی مەعتەبەری دیکە بنەماڵەی سەفەوی،(صفوه الصفا) سەبارەت بەمە دەلێت: (شیخ سەفییەدین لە ژێرچاوەدێری شێخ زاهد حاملاندرا کە پەیوەنداری پالاپۆشی دەرویشانی وی (سیدالطایفه ابوالقاسم جنید) لەبەرکردو، و زنجیرەی مشایخی "شێج جنێد" دەگاتەوە پاڵشایی ئەولیا عەلی بنی مورتەزا)).

چێرۆک سازکردن سەبارەت بە رەچەڵەی شیخ سەفی لە داویە باپیرەگەورەی چوارەمی وی دەستپێدکات هەتا خودی شاسمایل بگرێتەوە. بە نووسینی"حبیب السیر" مەولانا محەمەد" باپیرەگەورەی شاسمایل لە حەوت ساڵیدا ون بوو، لە روخسار رۆژی خەبەرێک وەدەست نەکەوت، بەڵام(جەنابیان داویە حەوت ساڵ ون بوون بە مەندێلێکی سپی لە سەروجلو بەرگێکی سورمەیی لە بەرو قورئانێک لە دەست بۆ ماڵی باوکی مەزنیان گەرانەوە. وەختێک جەماوەر لە مەر غایب بوونیان لێان پرسیارکرد کە لە ماوەی ئەم حەوت ساڵە لەکوێ بووەو فەرموویان: هۆزیک لە ئەجنجەو نەمەچێتر کە ئیماندار بوون بۆ ناوەخۆیان بردوەو بە لە بەرکردنی قورئانو پەروردەو فیردکردن دابو نەریتیو فەرزەکانی دینی ئیسلام وادارو دلگەرمیان دەکرد ئاگاداریو پاراستنوئاسایشی ئەو بندەزادەیی حەقیقییان وەسوکرگرتبوو)).

بەگێرانەوەی" قەسەسولعولەما"(شۆڵی ئەم خزمەتکارە پەرەی گرتو چونکە داواکاربوو کە هەموو قورئانی لەبەرە، ئەویان بە نازناوی"محەممەد حافزالقورئان" شانازی پێداو سەر بەرزکرد، لەگەڵ ئەم هەمووەو ئەویش لەگەڵ ئەو هەموو پەیوەندییەی نزیکی لەگەڵ ئەجنە((بێداخی کۆچی دوایی بۆ بەهەشتی بەرین هەڵگرت)). لە دوایە مردنی وی کورە گەورەکەی بە ناوی"سەلاحەدین" هەستو نیستی لە رادە بەدەری وی کۆکردەوە لە گوندی "کەڵخۆران"ی ئەردەبیل خەرێکی کشتو کاڵ بوو،و کورەکەی دیکەی ئەمین ئەددین جوبرائیل لە وەرزێریدا دەشوغڵی هەتاکوو خێزانی کە جەوهەری پاکیو ئیمانداری بوو سەفییەدینی بوو،و(ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی کە لە دایکبوونی شیخ سەفییەدین بە رووداوێکی پەیوەندار بە بڕیارو ویستی ئاسمانی وەبەرچاو خەن)). شێخ سەفی لە لای شێخ زاهد گەیلانی کە مورشیدی دەهەزارمریدی بوو دەرسی"سۆفیایەتی" خویندو((شێخ زاهد یەکێک لە کێژەکانی خۆی کە بە ناوی فاتیمەزەهرا، سەلامی خوای لە سەربێت کرد بوو لێمارەکرد... و شێخ سەفی لە دوایی وەفاتی مورشیدی خۆی مریدەکانی وی لە خۆی کۆ کردنەوەو لە سەربەرماڵی رێنوینی وی دانیشتو هیمەتی بۆ قایم بوونی بناخەی شەریعەتی پێغەمبەر کورت کردەوە هەتا جیگایەک کە هەموو رۆژێ پێنج هەزارکولێرەی لە نیوان مریدەکانی دابەش دەکراو هەزار پەزیش پشکی نەدکردو لە بازێک ئامانجو مەبەست بیست هەزارکەس لە مزگەوت کۆ دەبۆنەوە.

بەنووسینی(صفوەلصفا) شێخ سەفییەدینی مەزن گەورەی بنەماڵەی سەفەوی لە سەرەتا تەنیا موچەوبەرەجۆیەکی هەبوو کە لە بەرهەمی وی ژیانی خۆی دابین دەکرد،بەڵام ئەو کابرایە لە کۆتایی تەمەنی خاوەنی زێدە لە بیست گوندو مڵکی کەسینی بوو. "رەشیدەددین فوزوللە"مێژوونووسو وزیری بە ناوبانگ،لە نامەیەک بۆ جەنابی شیخ سەفی دەنووسێ: کە بە بۆنەی جەژنی رەمەزان ئەو هەدیانەی خوارەوە بە نیشانەی عەرزی چووکەی نواندن ورێز

لێگرتن بە حزوریان پێشکێش دەکات: 150جریب گەنەم،300جریب برنج خاوینکراوە، 300مەنی تەورێزی روونی مانگا،800مەن هەنگوین،300من ماست،100مەن دۆشاو،400مەن شەکەر،30سەرگای نێر،130سەرمەڕ، 190قاز،600مریشک،30 قاروەرگولاب، 10000دینارپارەی نەغد. (وشەی جریب بەهەڵەنوسراوە چونکەجریب بۆپێوانی زەمین دەکاردەکرێ،هەروا من کەبەکوردی(مەن)دەنووسرێ،سێ کیلوی تەورزییە،وەرگێڕی کوردی)

بەهاتنەسەرکاری بنەماڵەی سەفەوی،شاسمایل بۆخۆی لە رێگای شێخ سەفی بەئیمامەکانی شیعە نیسبت دا ڕەتەوەنامەیەکی وردی لە لایان ئاخوندەکان بۆی سازدرا کە لەویدا حەسل ونەسەبی سەفییەددینی بەبیست ویەک پشت دەبردەوە سەرموسای کازم. بەلام هەرئەوکات مێژوونوسانی دیکە،کەدوایی لە بلاوکردنەوەی شوێنەواریان پێشگیری کرا، شیانکردبۆوە کە شێخ سەفی نەک تەنیا سەیدنەبووو،بەڵکوو هەرلەبنەڕەتدرا شیعەش نەبووە. هیچکاتیش داواکاری پەیوەنداری بە بنەماڵەی عەلی نکردوەو ئەم مەسەلە بە تایبەت لە"نزهەالقلوبی حەمدوللە مستەفەوی" پەسندکراوە. بەنووسینی J ،Aubin" کە لێکۆلینەوەیەکی بەرفرەوانی لەم بارەوەکردوە"تەرکەن هیچ کام لەکتێبەکانو بەڵگەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچی کە سەدەی ژیانی سەفییەددینە بە سەییدبوونی وی ئامازەنەکراوە، هەروا "خواجەڕەشیدەدین فەزولوللە"ش لە نامەیەکی ئیکجارموحتەڕامانەی خۆی بۆوی کە لە سەرەوەئامازەی پێکرا ئەوەی بەو ناوە ناو نەبردوە. لە کتێببێک بەناوی"عمدەالطالب فی انساب آل ابی طالب" کەنزیکەی سەت ساڵ لەدوایە مەرگی شێخ سەفی بەدەستی مێژوو نووسێک بەناوی"سەیدجەماڵەددین ئەحمەد" نووسراوە،لە سەرجەمی بنەماڵەکانی کە تۆرەمەیان دەگاتەوە ئیمام موساکازمو لە ئێران ژیاون بە تیروپڕی بیرلێکردوونە بەلام ناوێک لە بنەمالەی شیخ سەفی دەویدا وەبەرچاو ناکەوێت. لێکۆلینەوە دوورودرێژ و تۆژەرانە لەم بابەتە لە کتێبی "ئەحمەدکیسرەوی" بەناوی "شێخ سەفیو" ڕەچەڵەکەی دەکرێ سەیربکەین.

لایەنگرانی شیخ سەفی لە سەرەتا دورشمەکەیان دژی هەرجۆرە شەڕو پیکهەڵپرژانو خوێنڕێژی بوو،بەڵام نەوەی وی "خواجە عەلی" بۆ یەکەمین کەڕەت لەم بنەماڵەی سوننە مەزەب دەربڕینی ئیلاقەو حەزی بە شیعەگەری کرد. ئەو لەگەڕانەوە لە سەفەری حەج لە فەلەستین مردو لایەنگرانی شێخی خۆیان بە"سەرهەڵداوی نووری خداوند"زانیوگوتیان: کە خوداوند چۆتە کلیشەی،لەوکاتەوە لە شیوەی سازش ئاشتی لە گەڵ سوننە مەزەبان دوورە پەرێزیان کردو دژی ئەوان خەزایان"جهاد" ڕاگەیاند.

"فەزولوللە ڕوزبەهان خەنجی" لەکتێبی عالەم ئارایی ئەمینی،بەوەبیرهێنانەوەی ئەمە((زوربەی دانیشتوانی "تالش" و"سیاکێو" لە دوری"جونەێد"کۆ بوونەوە ڕیوایەت کراوە کە ئەویان وەکوو خودا دەپەرستو لە بەریوەبردنی نوێژو عیبادەت ئەویان بە قوبلەی کڕنۆش سوجدە بۆ بردن بە حیساب دەهێنا)) لەم بارەوە بیروبۆچوونی خۆی ئەوها دەردەبڕێ کە:((ئەم کەرو نەفامانە وەکوو مەسیحیەکان لە خۆیان سهیەم لە سێ وەدیهیناو شێج'جونەێد"یان بە خوداو کوڕەکەی حەیدریان بە کوڕی خودا ناودەبردو لە چاخی لە بەر پارانەوی "جونەێد" گوتیان کە ئەو "خدایی" زیندووە جگە لە وی خودایەک نییە)) ئەم وەبیرهێنانەوە نیشاندەدات کە لایانگرانی "جونەێد" لەو دەڤەرانە فرقەکانی "غەلاتییە" پێکیانهێناوە کە بە واردبوونی خودا بۆ ناو کلیشەی ئینسان باوەڕو ئاقیدەیان هەبوو. سەبارەت بەمە لە پاژەکی دیکەی ئەم کتێبە شیکردنەوەیەکی بەرفرەوانتر دەدۆزنەوە.

بەمجۆرە شێج جونەید،پلەی سۆفیاتەتی سوننەتی بنەماڵەکەی بەپلەی ڕێبەری سیاسی گۆڕیو بەنووسینی زێنەالمجالس،((کاتیک نۆرەی ڕێنوێنی بەو حەزرەتەگەیی داواکاری سەلتەنتی زاهیری فەرموو خۆی بەسوڵتان جونەید،ناودێرکرد)). و بۆ ڕەکێشکردنی وەفاداری زۆرینە لە لایان مریدان لە بنەماڵەی شێخ سەفی لەکارکردو بە کردەوە جەنگاوەرێی و"خەزای ممبارەکی دژی گاور" ژێربنای ئیدئولۆژیک ئەوان قەراری گرت. بەلێکدانەوەی Caterino Zeno،باڵوێزی کۆماری "ونیز" لە بارەگای حەسەنەدرێژ(( شێخ جونەیدو کوڕەکەی شێخ حەیدر بە ئالیکاری عەشایەری قزڵباشو هۆزەکانی "تالْشی" و"قەرەداغی" بە بەڕیوەبردنی دەست درێژیەکانی تالانچییەتی یەک بەدواییکدا لە ژێردورشمی شەڕ لەڕیگای دین دژی گورجستانو سەر زەمینەکانی یۆنانی ترابۆزان خەریکبوونو لە هەرکام لەو هیرشانە نەک تەنیا دەستکەوتیان وەچەنگ دەهینا بەڵکوو ئەو کۆیلەیی کە دەشیانگرتن لە بازاری کۆیلە فرۆشانی ئەردەبیل دەیانفروشتن،بەجۆریک ئەم بارودۆغەی پاڵشایانی "شێروان"یکەوڵاتەکەیان لە ڕوگەی ئەم هەموو هێرشانە قەراری گرتبوو وەترسی خستو بە شەڕ لەگەڵ قزڵباشانی وادارکرد،لەم شەڕانەدابوو کەشیخ جونەید لەسالێ 1460 وشێخ حەیدەر لەساڵی 1488(865و889ی کۆچی)کوژران. کوڕەکانی حەیدەر بەدیل گیران،بەڵام کوڕەگچەکەی سمایل کە لە کاتی کوژرانی باوکی یەک ساڵەبوو بەدەستی قزڵباشەکانی جامینخوازو ئەمەگناس

ڕزگارکراو بۆ حاشاردان بۆ"گیلان" بردرا.   سوڵتان حەیدەر باوکی شاسمایل، سەردەمێک کە لە دوایی مەرگی باوکی بە ئالیکاریو داکۆکی خاڵی خۆی حەسەنەدرێژی ئاق قۆینلوو لە سەرتەختی ڕێنوێنیو سیاسەت دانیشبوو بۆ مریدو سۆفیەکانی خۆی کە سەرجەم تورکمەن بوون تانجێکی بە12ئەستێرەی سوور بە نیشانەی دوازدە ئیمامانی شیعە سازدا کە بەقسەی خۆی ئەو"گەڵالە وی حەزرەتی عەلی کەڕار کوڕی ئەبووتالیب لە خەودا بەوی ئیلهام فەرمووبوو و ئەڵگۆی ویشی بەو مقەستەی کە لە دەستی دابووە بۆی بڕیبوو"ئەو کەسانەی کە ئەوکڵاوەیان لەسەر دەنا بە قزڵباش، یانی: "کڵاوسوور" ناو دێربوون.

(( سوڵتان حەیدەر شەوێک  حەزرەتی ئەمیرئەلمومینین لە خەودابینی کە پێی دەفەرمووبە: کوڕم کاتی ئەمە هاتووە لە دوایی تۆ کوڕی ئێمە ڕاپەڕێ و تۆوی گاوران لە سەر ڕووی هەرد ببڕێتەوە،بەڵام پێویستە بۆ سۆفیو مریدەکانی خۆت تانجێک لە پارچەی ئاوریشم سوور دورست بکەی، هەڵبەتە حەزرەتی عەلی مقەستی لە دەست دابوو تەرحی تانجەکەی بڕیو بە دوازدە ئەستێرە وەک کلاوخود.   سوڵتان حەیدەر کە وەخەبەرهات ئەو رەوشتەی وەبیرمابوو بەو شێوەیە تانجی سازداو دەستوریدا کە سوفیەکان ئەوکڵاوە لە سەردانێنو ناوی کڵاوی حەیدەریان لەسەردانا )).

بەم شێوەیە چونکە لە دوایە سەردەمی شاعەباشی قزڵباشەکان محیبەتیان لەگەڵ نەکرا، حەدیسێکی دیکە لە لایەن خودی پێغەمبەر بەهۆی شێخی حەیسان "مەلاباقرمەجلیسی" لە"حلیتەالمتقین" هاتووە کە:((لە حەزرەتی ڕەسوڵ سەلامی خوای لێبێ دەگێڕنەوە: کە هەرکات کڵاوەکانی خوود"کڵاوی قزڵباشان" لە ناو ئۆمەتی من زۆربوون زیناع لە نیوئەواندا پەرژو بڵاو دەبێتەوە ))

سوڵتان حەیدەر لەگەڵ "حەسەنە درێژ" پاشای ئاق قۆینلوو و خەزوری جونەێد،لە شەڕکانی تاڵانچییەتی خۆی لەسالی 872ی کۆچی هێرشیان کردە سەرجیهانشایی فەرمانڕەوای ئازەربایجانو ئەرمەنستانو دەستیان بە کوشتوکوشتاریکی بێبەزییانەو بێروحمانەکرد کە حەسەنەدرێژ بۆ بەدەست هێنانی ڕەزانەمەندی "سولتان محەممەد غازی پاڵشایی عوسمانی" سەبارەت بە وی لە نامەیەکدا بۆوی نووسی: (( جیهانشاو مناڵانی وی محەممەدی لەگەڵ کۆمەلێک لە ئەمیرانی بە ناوبانگی وی لە گەڵ پێنچهەزارمرۆڤی چەکداریان کوژرانو قاپیلکەسەری ئەوان بۆ وڵاتەکانی پاریزراو ناردرا، بە تەمەنای ئەمە کە جەنابتان بە گەورەیی مەزنایەتی لە ڕادە بەدەری خۆتان ئەم غولامانە لە موخلیسوگیانبەخشەرانی بارەگات بە حیساب بێنن))

سەرچاوەکان:


1-عالم آرای صفوی،تألیف درحدود 15سال پس ازدرگذشت شیخ صفی،چاپ تهران،1363،ص 3.
2-صفوەالصفا،نوشتەابنابزار،نسخەخطی کتابخانە بریتیش میوزیوم لندن،نقل ازکتاب تاریخ سیاسی واجتماعی ایران ازمرگ تیمورتامرگ شاەعباس،تألیف ابوالقاسم طاهری،ص 36،Etudes Saf
1-تاریخ ئیران ازدوران باستان تاپایان سدەهجدهم میلادی،ترجمەفارسی،ص 239،.247.
همانجا 241- همانجا،ص 239-
2-میرزا آقاخان کردمانی: (سەمکتوب) چاپ دو سللرف،1998.


## شاسمایلی هەوەڵ

شاسمایلی هەوەڵ،کوڕو جێگری سوڵتان حەیدەر،لە ناو ئاژاوەیەکی  هەموولایانە کە لە دوایین ساڵەکانی پاشایەتی بنەماڵەی مەرسپییان"ئاق قۆینلوو" لە سەرتانسەری ئێران بەڕێوەبوو،چالاکی خۆی لە سێزدەساڵێدا بۆ دانیشتن لە سەرتەختی سەلتەنەت دەستپێکرد.

چاخی ڕاپەڕینی شاسمایل دینی فەرمی ئێران سوننە بوو کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵات لکی حەنەفیو بەشەکانی باکووری و ناوەندیو ڕۆژ ئاوا لکی حەنەفی وی زال بوو. لە شێعەکانی "ئێران"یش هیندیک گروپ لە ناوەندییەکانی دێرینی خۆیان وەکوو باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتو رەیو قومو کاشان، جێگربوونو گروپەکانی دیکەش لە شوێنەکانی دیکە بە شێوەی کەمایەتی دەژیانو هیچ کات دەستدریژیان بۆ سەرنەکراو ئازاریان پێنەگەیی. جگە لە شیعەکانی دوازدەئیمامی"اثنی عشری" گەلێک دەستە لە شیعە زۆرینەی لە ڕۆژئاوای ئێرانو پاشمەنەکان لە شیعەی ئیسماعیلییە لە ناوەندییەکانی جۆراوجۆری دیکە بوون کە پێشوای ئەم دەستەیەیی دوایی،"شاتاهیر" لە سەردەمی دەسەڵاتداری شاسمایل مەجبوور بوو ئیران بەجێ بهێڵێ و بۆ"دکەن" لە هندوستان مهاجیرەت بکاتو ئاوارە بێت.

لە دێنەکانی پێشوو کەمایەتیەکانی دیکەش وەکوو زەردەشتیو یەهودیو مەسیحی لە ئێران دەژیان کەلەگەڵ مەسیحیەکانی گورجیو ئەرمەنی بە شیوەیەکی باشتر ڕەفتار دەکرا، بەڵام بارودۆخی زەڕدەشتیەکانی کرمانو یەزد هەروا نارێکوو پێک بوو، هەتا وایلێهات کە ئەوان ناچاربوون لەگەڵ مەحموودی ئەفغان لە ڕووخانی سەفەویەکان ئالیکاریان بکەن، چونکە دایمو دەرهەم لە قزڵباشانو شاعیانو مەلایانی شیعە بێحورمەتیو سوکایەتیو زەلالەتیان دەکێشا.

((بناخەی سەلتەنەتی سەفەوی هەرلە سەرەتا لە سەرتوندو تیژیو خوێنڕێژی داڕژابوو کە جاروابوو هەتا سنووری وەحشەت بەرەو پێش دەرۆیی. ئەم خووخەدەی خوێنخۆری ڕوخساری نا لەباری خۆی جارلە بەن سێبەری دینو جار لە جلو بەرگی سیاسەتو زوربە لە ڕێگای دامرکاندنی ئاگری غەزەبو غەزەزو دووبەرەکیو دوو ڕویی زاهیر دەکرد. سەربرین،دەستو لاق پەڕاندن،هەتک پیکردن،کەوڵکردنو کاە لە پێتی ئینسان ئاخنین،دوو لەت کردن، چاو دەرهێنان، کوێرکردن،خنکاندن، و لەم کارە وەحشیانە بە سانایی بە ڕیوە دەچوونو"مورشیدانی کامڵ" ئەگەر لە کوژانەوەی ئاگری توندو تیژی کە لەم بەستێنە هەیانبوو کەسیان لە دەرەوە وەچەنگنەدەکەوت بە نزیکانی خۆیان،یانی بە ژنو براو کورەمامو ئاخرەکەی لەگەڵ کوڕەکانی خۆشیان ئەم کارە دەکرد. شاسمایلی یەکەم لە سەرەتا فەرمانی دەرکرد سێ خەلیفە یانی: ئەبووبەکرو عومەرو عوسمان لە کوچەوگەڕەک بە لەعنەت بکەنو هەرکەس بە پێچەوانە ببزویتەوە سەری ببڕن. بەم شیوەیە بوو کە مەزەبی دوازدەئیمامی بە خوێن ڕشتنو ترسو لەرزی گشتی لە ئیران دامەزراندو قەباحەتتر لەمە هەرجۆرە ڕەفتارەکیان لەم بابەتانە بە"ناوی ئیمامانو پێشەوایانی دین "پەیوەند دەدا،یانی: داواکاری وەرگرتنی ئیجازە لە ئەوان چ لە بێداریو چ لە خەودا،بە تووندو تیژیوکوشتوکوشتارو تاڵان بوون))

شاسمایل زنجیرە پەرەچەنگەکانی بەردەوامی خۆی لە ساڵی 905ی کۆچی لە"شێروان" دەستپێکرد کە باوکی سوڵتان حەیدەر لە وێ کوژرابوو. لە هێرش بۆ"شکی"ئەرتەشی سێ هەزارکەسی ئەوان بە دەستی قزڵباشەکان کە ژمارەیان زۆر لە ئەوان کەمتربوو شکەستی خواردو قەڵای موحکەمو قایمی ئەوان(دژی گوڵستان) خۆی بە دەستەوەداو خودی "شێروانشا"ش کوژرا. ئەم سەرکەوتنە یەکەمین قۆناخ لە کوشتارەکانی بێبەزییانەیە کە هەتا کۆتایی سەلتەنتی ئەم پاڵشایە دەوامی هەبوو کە تاریفاتەکانی وی لە"ئەحسەن ئەلتەواریچ" ،موعتەبەرترین مێژوویی سەردەمی سەفەوی دەکرێ بخوێنیەوە:

((قزڵباشەکان لە"شکی" بەشمشیری بێقسورو بێدریغی خۆیان ئاگریان لە ژیانی شێروانییان بەرداو لە"شێروان" بە فەرمانی مورشیدی کامل،لە قاپێلکە سەری کوژراوان منارەیان سازدانو هەتا ژنەکانی ئاوسو سکپڕیشیان بە منداڵەوە کوشتن. لەگەڵ ئەم هەمووە مورشیدکامل بەمەش سویی نەشکاو بڕی تێنوایەتی خۆێنخوری بۆ دانەمرکاو فەرمانی دا کە قەبری سوڵتان یەعقوبی بکۆڵنەوە ئیسکو پروسکەکانی دەربێننو ناموسو ئەندامی دوژمنانیان دستخۆشی سوپاییەکان کرد. پوختەی کەلام شاسمایل زیندوەکانی بۆ قەبرستان ناردو مردوەکانی لە گۆڕهێنادەر)) شازادەی لاو لە دوایی ئەم سەرکەوتنە" دەستی بەسەربادکوبەو دەربەندی"ش داگرتو لە شەڕێکدا لە نزیک" نەخجەوان" بە سەر تورکمانەکان و "ئاق قۆیونلو" دا زاڵبوو، هەشتهەزارکەسی لەوان لە ڕۆژێکداکوشت. پاشان بە سەربەرزی واردی "تەورێز" بوو،لە وێ بە ناوی"شاهەنشاه" پاشایەتی ڕاگەیاندو ئەو شاری کردە پایتەختی خۆی. لەم سەردەمەدابوو کە"خەزای" خاچ پەرستی وی بە ڕاگەیاندراوەیەکی "شیعەی دوازدەئیمامی" بە شیوەیەکی فەرمی دەستپێکراو ئەمە خاڵیکی ئامازە پێکراو لە مێژووی 1400ساڵەی ئیسلامی ئێران بوو.

ئەم سەردەمەی نوێ،هەر وەک تێکۆشانی سیاسی باوکی ئەو سوڵتان حەیدر،لەگەڵ دێمانەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێک لە ئیمامانی"یزرگ" شیعە دەستیپێکرا. بەڵام ئەم کەرەت کوڕی سوڵتان حەیدر لە جیاتی هەوەڵێن ئیمام لەگەڵ دوایین ئیمام لە پێشەوایانی دوازدە دانە لایەنی وتووێژ بوو. شیکردنەوەی ئەم مەسەلە لە"عالەم ئارای سەفەوی ئەوها هاتووە: کە بەرلە وەی مورشیدی کامل لە"لاهیجان"سەرهەڵبدا،ئیمامی "غایب" لە زاهیربوونێک بە وی فەرموو: ئەی سمایل،کاتی ئەمە هاتووە کە ڕاپەڕیو سەرانسەری دنیا بخەیەژێر بەیداخی شیعە، ئەوجار نێوقەدی گرتو سێجار بڵیندی کردو لە هەردی داناو بە دەستی ممبارەکی خۆی شمشیری لە قەدی بەستو گوتی: برۆ کە بە ئەتۆ ئیجازەت هەیە. هەڵبەتە ئەم وتووێژە پێشگیری وتوویژی دیکەی شای قزلباش لە گەڵ خودی عەلی کوڕی (ئوبووتالیب)یش نەبوو، چونکە ئەو عالەم ئارای سەفەوی لە قسەکردنێک لە نێوان ئیمامی ئەوەڵ لەگەڵ موڕشیدی کامل ناوی بردوە کە بە ڕووناککردنەوەی نووسەر،یەکێک لە غولامانی تایبەتی ئیسماعیل میرزا بە ناوی "دورمشخان"یش ئەوی گوێ لێببوو.

یەکێک لە شاگردانی" ابن فەهد حلی"بە ناوی" سەید محەممەد کوڕی فەلاح" دەگێڕێتەوە کە "فەهد" نامیلکەیەکی بۆ شاسمایل نوسیو لە ویدا هێنابووی کە حەزرەتی ئەمیرئەلمومینین لە شەڕی"سەفین" لە دوایی شەهید بوونی "عمارياسر" بە هێندێک ئاگاداری پێوارو نەهێنی لە سەرهەڵدانی چەنگیزو شاسمایلی قازی خەبەریان دابوو، وسیەتیان فرموو بوو کە کەسانێک کە لە"حەویزە" ببن بە پارێزگارو سەردەمی شاسمایل فام بکەن ملکەچی بن‌و ئیتاعەتی بکەن)).

لە نامەیەکدا کە شاسمایل لە وەڵامی قاقەزی "شیبکخانی ئەزبەک" دوژمنی سوننە مەزەب نووسیویەتی،داواکارە کە ئەم دوو ئایەی قورئان کە(( ... و وەبیربێنەوە ئیسماعیلی کە پێغەمبەریکی سالحو پاکو راستگۆبوو دایمو دەرهەم ئەهلی بەیتی خودای بە نوێژوو زکات ئەمر دەکردو لە لای خودای عەبدێکی پەسندکراو بوو)). سووڕەی مریەم،54و55) بە نووکی پێنووسی فرشتەکان لە لایەن خوداوەند بە نیشانەی مزگێنی بە سەلتەنتی کاملەی وی بۆ سەرانسەری دنیا نووسراوە)).

ئاخوندەکان شێعرێکیان پەیوەندار بە عەلی کە مەعلووم نییە کام لەوان دورستیان کرد بوو مزگێنی دەری زاهیر بوونی شاسمایل سەفەوی دەزانی کە: (( بێگومان زارۆکێک کە هیشتا شەیتانی پێنەکەنیوە(بەڕادەی خۆناسینی شەرعی نەگەیوە)بۆ ئەم کارە مەزن‌وگرینگە ڕابێت)). خودی "شاسمایل"یش بەم داواکاریە کە لە لایەن ئیمامی دوازدەهەم جێگری هەیە،دەیگوت: کە ئەوهەی دەیکات بە پێی دەستووری پێشەوایانی پاک"ائمەاطهار" ئەنجامی دەدات)).
بەڵام داواکاریەکانی بەڕاستی شاسمایل سەفەوی زۆر زیدەتر لەمانە بوو،وئەم داواکاریانەی بە شیوەی ڕوون‌وبێپەردە لە دیوانی شێعرەکانی دەکرێ بدۆزینەوە کە بە زوانی تورکی هۆندۆتەوەو ناوەرۆکی کامڵ لە وی لە ساڵی 1966بەناوی"شاەئیسماعیل خطائی اثرلری" بەهۆی ئاکادامی علوومی کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجانی شوورەوی لە"باکۆ" بەچاپ گەیووە، هەرچەند کە وەرگێڕانی هەڵبژێژدراو لە وی بە زبانی ئینگلیزی سەردەمێک بەرلەوی،یانی لە سالەکانی 1940و1942 لە لایان ڕۆژهەڵاتناسانی پسپۆرولێهاتووی رووسی ڕەچەڵە دانێشتووی ئینگلیستان‌و لادیمیرمینورسکی،لەگۆڤاری(( زانکۆی موتاڵاوپێداچوونەوەی ڕۆژهەلاتو ئەفریقایی زانستگای لەندەن)) بڵاوی کردبۆوە.
لەم پارچەشیعرانەدا،شاسمایل کە لە شێعرەکانی نازناوی خۆی بە:خطائی"دەنووسی،لە هەڵکڕانێکی ویکچوو لەگەڵ هەڵکڕاوەکانی سەرجەمی فرقەی((غلاە))ی شیعە(زێدەڕۆیییانیک کە ئاقیدەیان وابوو کەخوداوەند لەکلیشەی عەلی‌و کەسینی هەڵبژێردراوی دیکەش لە سەرهەرد هەن،لە پاژێکی جیا لەکتێبی حازر سەبارەت بە ئەوان بە تیروپڕی زۆرتر قسەکراوە"،خوی نەک وەک ڕاسپاردەیەک لە لایان ئیمامی زەمان دەزانێ،بەڵکوو لە بنەڕەت راخۆی بە یەکێک لە نوورەکانی خوداوەند لە کلیشەی ئینسانان دەژمێرێ. وەرگێڕاوەی چەند پارچەشیعرلەم شیعرانە(1-4-5-14)لە رووی وەرگێراوەی مینورسکی ئەوهایە:

(( ئێستا ئیمامی حەق هاتووە. هەنۆکە سەردەمی مێهدییە. ئەمن کە سمایلم بۆ ئەم دنیایە ناردراوم هەتا لە سەرهەردیش وەک ئاسمان بە پێغەمبەرایەتی خۆم خەریک بم. بە نەزان‌و نەفامان بلێن کە ئەمن _(عەلی)م، و (عەلی) ئەمنە. ئەمن راستی راستیم، چونکە لە خودا جیابووتمەوە. یەکێک لە ئیمامەکانم کە هاتووم هەتا

چاریەکی ئاودانی تەحویل وەرگرم. ئەمن هاتووم یانی محەممەد مستەفا هاتووە،ئیمام جەعفەرسادقو عەلی بنی موسی الرزا هاتوونە. ئەمن خوداوەندم کە هەزارویەک جلوە خۆی زاهیرکردوەو هەرکەرت بەیەکێک لەو رەنگانە بەدوری دنیاگەراوە،لە بەرامبەرمندا کرنۆش بەرەو سوجدەبکە، چونکە ئەوەی هاتووە کوری ئادام باوکی بەشەر نییە، خودا بۆخۆیەتی کە هاتووە! خودایە کە هاتووە! ئەمنو خودا لە یەکیک زیدەترنین. ئەتۆ کە کوێری کە ڕێگا ون دەکەی بەرێگای گومراهی دا دەرۆی،وەرە لە لای من حەقیقەت بدینە،چونکە ئاچەری خەزێنەی راستی هەنۆکە لە دەست من دایە)).

بێگومان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمجۆرە شێوە فیکرەی شاسمایلو قزڵباشەکانی وێیە کە لە سەفەرنامەی بازرگانی "ونیزی" هاوچاخی وی دەکرێ بخوێنینەوە کە:( ڕەعیەتەکانی ئەوها مەدحو تاریف لەو سۆفیزادەیە دەکەن کە مرۆڤ وافیکر دەکات ئەمە خودایە کە تەشریفی بۆ سەرهەرد هێناوە. هەربەمجۆرە کە موسڵمانەکانی دیکەی سەرهەرد(لاالله‌الاالله محمدرسول الله) دەڵێن،دوعای ژێرلێوی قزڵباشەکانی وی:(لااله الاالله ئیسماعیل ولی الله)یە. گەلێک لەوان بەبێ ("زره" پۆشین) بۆ ئولکەی شەڕدەچن. چونکە باوەڕیان وایە کە کە مورشیدی کامل ئەوان لە تیرو نیزەو شمشیر دەپارێزێ. زورن لە وانەی کە ئەوی بە نەمر دادەنێن))

نوسەرەکی نەناس،کتێبەکی دەستختەتی سەبارەت بە مێژووی شاسمایل نووسیوەو لە کتێبخانەی"موزیومی بریتانیایە، بە نۆرەی خۆی لە م بارەوە دەڵێت: (( لەو شەوەیدا کە سبحەینەکەی بۆ دانیشتنی سمایل میرزا لە سەرتەختی پاشایەتی دیاری کرابوو،ئەو بوخچەی ئەو فیکرەی لەگەڵ سەرۆکانی قزڵباشو چەندکەس لە ئاخوندەکانی شیعە مەزەب کردەوە. هەموویان بە تێکڕایی وەبیریانهێناوە کەلە300000کەس دانیشتووی "تەورێز" بە لانیکەم 200000کەس سوننە مەزەبن و ئەگەرقەراربێ ڕۆژی دوایی بە ڕاشکاویو ئاشکرا لە مزگەوتی جامیعەی شار خوتبە بە ناوی ئیمامی دوازدە بخوێندرێتەوە،مەترسی لێدەکرێ کە خەڵک دەست بەشۆڕش بکەن. بەڵام شاسمایلی بەرزەفڕ فەرموویان: کە ئەمن مەعموریەتی ئەوکارم پێدراوەو خداو ئیمامەکانی گوناح نەکردوو لە تاوان بەدوور لەگەڵ منن‌و لە هیچ کەس ترسو خۆفم نییە. ڕۆژی هەینی دەچمو دەستوردەدەم کە خوتبە بخوینەوەو بە تۆفیقی خودا ئەگەر خەڵکەکە دژکردوە نیشان بدەن‌و قسەیەک بکەن شمشیریان لێدەکێشم‌وتاکەکی بە زیندویی ناهێڵمەوە))

(( ...ڕۆژی هەینی پاشای بەرزە پایە بۆ لای مزگەوتی جامیعەی تەورێز ڕۆییو دەستووریاندا هەتا خوتبەخوێنی وێ کە یەکێک لە پیاوە ماقولەکانی شیعەبوو بۆ سەرمەنبەربڕواتو شاسمایل بۆ خۆی بۆ سەرپلەکانەکان چوو ئەو شمشیرەی کە مێهدی لە قەدی بەستبوو لە کالان هێنادەرو وەک ڕۆژی ڕووناک دەتروسکاوە بە شیری ڕووت ڕاوستاوکاتیک لە خوتبە دەستەواژەی عەلی وەلی الله زێدەکرا،هەراوهورایا لە خەلک بەرزبوو))

لەم بارەوە لە"احسن التواریخ" هاتووە:
((هەر لەکاتی دانیشتنی شاسمایل لە سەرتەختی پاشایەتی فەرمانی دەرکرد کە دەماوەرانی مەملەکەتەکانی ئازەبایجان خوتبە بە ناوی دوازدەیمام سەلامی خوایان لە سەربێت بخوێنن، بانگدەرەکانی مزگەوتو عیبادتگاکان لەبزی"اشهدوعلیا ولی الله"لە ناو وشەکانی بانگدان جێ بکەنەوە،جەنگاوەرانی عابدو لەشکریان مەجاهید لە هەرکەسیکیان دژایەتی بینی دەستبەجێ سەری بە شمشیربپەڕێنن، بەمجۆرە دەنگی بەکۆی دوازدەئیمامیو دوعای پایەداری دەولەت پاشایی ڕینوینی کەرئایین، لە سەرمەنبەرەکان بەرزبۆوە)).

تەور بەدەستان لە حالێکدا کە هەریەکە بیورەکەیان بەدەست وەبوو یان گۆپالێک لە سەرشان،لە کوچەوگەرەکی ناوبازار دەخولانەوەو بە دەنگی بەرز جنێویان بە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان دەداو لە عنەتیان دەکردن‌و خەڵک مەجبوور بوون بەگوییسی دەنگی ئەوان دەست بەجێ بە دەنگی بەرز بڵێن زیادبیو کەم نەبێت،(بیش بادو کەم

مباد) و هەرکەسێک پچوکترین بێ دەنگیو غافڵ بوونی کردبوایە بێ محاکەمەو بی پرس سەری بەشمشیر دەپەڕاندرا)).

سەفەرنامەکانی "ونیزیان" "کاترینوتسنوو سەفەرنامەی سوداگر ونیزی" حیکایەت لەمە دەکەن کە خۆڕاگری خەڵک لە سەرەتا زۆرتوندو تیژ بوو،بەڵام سەفاکیو بێبەزەییو دڕەندیی شاسمایلو ئاکارەی وەحشیانەی وی لەگەڵ ئاخوندەکانی دینو مەعمورینی تەوریز نائاسایی بوو. شاسمایل لە دوایە گرتنی تەورێز فەرمانی دا ئێسکو پروسکی ئەوکەسانەی کە بەرپرسایەتی کوژرانی باوکی یانی: شیخ حەیدەر بوون لە قەبەرهێنادەرو لە بەرچاوی خەڵک لە ڕەخ سەرە بڕیوەکانی دەستەیەک لە دزانو ڕووسپیەکان سوتاندن. قەبەردانەوەو سوتاندنی ئێسکو پروسکی یەعقوب پادشا کە لە"باخی نەسرییەیی" تەورێز بە خاک سپێردرابوو کەفی تەورێزیانی هەستاند بەڵام هەرچەند خۆراگری خەڵک بەبڕشت تردەبوو بەڕادەیی وی پاڵشای سەفەوی توندو تیژو دڕندەتردەبوو. لە ئاکام بەگێڕانەوەی"ئانجوللو گەڕیدەی" ئیتالیایی(لەپاش ئەمە 20000کەس لە "تەوریز"لە سوننەکان کوژران، دانیشتوانی شار پارچەیەکی سوریان کە دورشمی شاسمایل بوو لە خۆ شەتەک دا ملکەچی فرمانی ئەوبوون)).

سەربازەکانی شاسمایل لە "تەورێز"ژنەکانی ئاوەسو سکپڕیشیان کوشتنو سێسەت کەس لە ژنانی "ڕووسپیان" ڕیز کردنو هەرکامیان لە نێوەراست دولەت کردن. هەتا سەگەکانی تەوریزیشیان کوشتارکردن. بە نووسینی ئەحمەدکسرەوی لە مێژووی سەفەوی مێژوونووسان دایمو دەرهەم پەردەیان بە سەرخوێنخواریو ناحەزکاریەکانی شاسمایل هەلکێشاوەو ئاخوندەکانی سەردەمی سەفەویەش لەم خوینخۆرییو زوڵمکاریە چاویان قوچاندوە.

ماوەیەک دوایی شاسمایل بۆ سەر"هەمەدان" لەشکرکێشی کردو لە نزیکەی وێ لەگەڵ "مرادبەگی ئاق قۆیانلوو" جەنگیو لە پاش تێشکاندنی وی ئەوها بێبەزیبیانەو بێڕوحمانە لەگەڵ لەشکرەکانی وی جوڵاوە کە هەرئەم "ئانجوللو"یە لە شیکردنەوەیەکی تێروپڕ کە سەبارەت بەکوشتاری سۆپاییەکانی "ئەلوند میرزاو ژنو مێردو تایفەو تۆرەمەی سولتان یەعقوب بایندەریو مرۆڤانی بارەگاکەی بەگەورەوگچکەو تاییەتوگشتی هاو ولاتیانی وی نووسیوە "بیروبۆچوونی خۆی ئەوها دەردەبڕێ کە:(( گومان ناکەم لە سەردەمی "نرۆن"یش هەتا هەنۆکە زاڵمی ئەوها لاقی لە دنیا نابێت)).

لە"مازەندەران"شاسمایل لە دوایی سەرکەوتن بەسەر"کیاحوسێنو کوشتارو قەڵاچۆی دەهەزارکەس لە لایەنگرانی، خودی "کیاحوسێنی" لە ناو قەفەسەکی ئاسن زیندانی کرد،ناوبراو ئەوهیندە لەگیانی خۆی بێزاربوو لەحەجمەتان ئەوهیندە سەری لە سیمەکانی تیژی قەفەس خشاند هەتا ئەوکی براوگیانی دا،بەو حاڵەش تەرمی وی لە ناو قەفەس لەگەل سوپاکەی بۆ ئیسفەهان بردو لە وێ ئاگرتێبەردانو سوتاندی. عەزابو ئەشکەنجەی "محمدکرەقوئی" لەمە توندتربوو،چونکە شاسمایل لە دوایە ئەوە بە سەریدازاڵ بوو ئەوی لە قەفەسێک زیندانی کردو فەرمانی دا هەتا هەنگوینی لە لەش هەڵسونو لە بەردەم مێشو مەگەسو زەرگەتانی دانا هەتا بە عەزابی جاهیلانەی خۆی بگات.

هەرلەوسالیدا نامەیەکی لەلایان سوڵتان "حوسێن بایقرا" کوڕی تەیموور لەگەڵ هێندیک سەوقاتو دیاری پێگەیی چونکە ئەمانەی لایەقی مقامو بارەگای خۆی نەبینی بێ ئەوەی کێشەیەک لە نێوان ئەوو تیمورپاشا هەبێت لە چۆلەواری "یەزد" بۆ "تەبەس" هێرشی کردە سەرو لە وێ بۆخۆییو قزڵباشەکان هەر ئینسانێکی کە لەو دەڤەرە وەبەر چاویان کەوت کوشتیانوکەسێک لە دەمی تیغی تیژیان دەربازی نەبوو لە سەریەک حەوت هەزارکەسیان لە دانیشتوانی "تەبەس" کوشتن. ئەم ئیلغارە بە ناپیاوانە غەزەبی لە دانیشتوانی شارگرت کە نەک تەنیا ئاگاداری نامە گۆڕێنەوەی نێوان پادشایی تەیمورو سمایل سەفەوی نەبوون بەڵکوو هەر لە بنەڕەت ڕا لە پەیوەندی نامەگۆڕینەوەی ئەوان بێخەبەربوون.

لەکۆتایی شەڕ لەگەڵ" ازبکان" بازێک لە غولامەکانی ژێر رکێفی شاسمایل تەرمی "شیبکخان"یان لەناو کەلاکی کوژراوەکان دۆزیەوە کە بەهۆی بە سەریەکداکەوتن لە بن تەرمەکاندا خنکابوو. خاقان ئەسکەندەرشا فەرمووی کە سەری ببڕن،پاشان بە شیوەی گوران کەوڵیان کردو پێستەکەیان تەژی لە کا کردو بۆسوڵتان بایەزیدی عوسمانیان

ناردو قاپیلکە سەرەکەشیان لە زێڕی گرتو وەک پەیمانەی مەیو لە مەجلێسیکی وێنە بەهەشت کە بەو بۆنەیان پیکهێنا، شەڕابیان لە ویدا دەگێڕا،جگە لەوە قزڵباشەکان دەستو پێی شیبکخانیان بە فەرمانی مورشیدی کامل لە گوێزنگو چۆک بڕیەوەو بۆ ڕۆستەم شای فەڕمانڕەوای مازەندەرانیان کە حازر نەبیوو کە شەڕ لەگەڵ شکیبخان بەشداری بکات، نارد )).

(( کاتێک لەشکرەکانی ئەزبەک لە ساڵی 916ی کۆچی لە شەڕێکی چارەنووس ساز لە ئاقاری شاری"مرو" لە سوپایەکانی شاسمایلیان شکەست خوارد،ئەو چەند زەبرە شمشیری لەکەلاکی بێ گیانی ئەو داو بە قزڵباشانی گوت: ئەوهەی کە ئەمنی خۆشدەوێ لە گوشتی ئەم دەژمنە بخوات. خواجە مەحموود ساغرچی کە لەو مەعرەکە حازربووە گوتویەتی: کە لەدوایی فەرمانی شا هروژمی سۆفیەکان بۆ خواردنی تەرمی شیبکخان وایلێهات کە دەستەیەک شمشیریان لێکهەڵکێشانو گۆشتی ئەو مردوەیان لە ناو خوێنوخوڕدا وەکوو داڵاشی سەرکەلاک لە یەکتر دەفڕاندو دەخوارد )).

((...فەرمانی دا هەتا پێستی سەری شیبکخانیان کا تێپەستاوتو بۆسوڵتانی عوسمانیان ناردو قاپێلکەسەرکەشیان لە زێڕگرت هەتا لە شوێنی جام یان پەیمانە لە مەجلیسی بەزمو رەزمی شادا کەلکیان لێوەرگرن )).
و دیسان (( فەرمانی دا هەتا لە کەللە سەرە براوەکانی "ئەزبەکان" چەندین منارەیان بەرپاکردن )).
(( گوشتی دوژمن کباب کردنو بەزیندویی کەوڵکردنو لە مەنجەڵدا کوڵاندنی گۆشتی تاوانباران یان لەشوێنی بەرز هەڵاوەسینوگاشەبەردێکی گەورە لەگەردن کردنو هەڵداشتن لە سزاکانی شاسمایل بوو. ئەم پاشایە لە شەڕەکانو قەڵاچوویەکان کە لە جەنازەی کوژراوەکان کیشەی سازدەکردنو گالێش لێدەدان بە ناوی ڕەواج بوونو لە برەو بوونی مەزەبی شیعەی کرد، لە سەریەک 250000کەسی کوشت )).

((لە ساڵی 914ی کۆچی،شاسمایل لە دوایی ئەمە کە ئێراقی عەربو بەغدای دەست بە سەرداگرت،فەرمانی دەرکرد هەتا قەبری ئەبوو حەنیفەیان کە شوێنی زیارتگای موسڵمانی سوننە بوو بدەنەوەو ئیسکەکانی وی لە وێ دەربێنو فرێدەنە بەردەم سەگانو خودی گومبەزەکەشیان کرد بە توالێتی شیعەکانو هەرکەس کە لە وێ بۆ دەستاوهەڵگرتن چووبوایە بیستو پێنج دیناری تەورێزی بە ناوی حەقولقدەم دەبوایە دابوایە. ئەوچاخ شاعیرەکانی شیعە ئەم شیعرەیان هۆندەوە:
شێعە برگورحنیفە رێدو سنی سجدەکرد
هست ریدگاە شیعە سجدەگاە سنییان ))

فەرمی بوونی ئائینی شێعەگەری،وێرانکردنی گەڵکۆیەکانی گەلێک مرۆڤانی ماقولی ئێرانی سوننەمەزەبی لێکەوتەوەو گەلێک گلکۆی جێگە ئیحترامی سەننەکان وێرانکران. بەجۆرێک کەکتێبی شیعەو سیاسەت لە ئیران لە سەرچاوەکانی جۆراوجۆر دەگیرێتەوە مەرقەدەکانی جامیو عین القوزاتو قازی بیزاویو شیخ ابواسحاق کازرونی سۆفی دەنگین لە ڕێزی ئەم گڵکۆیانە بوو.

لە"هەڕات"فرید ئەلەدین تەفتازانی" فرەزانای مەزنی فرقەی شافعی کەسی ساڵ بوو نازناوی شیخ الاسلامی ئەم شارەی هەبوو وبەوتەی: "زەهیرئەدین بابر(( حەفتاساڵ بوو کەنوێژی جەماعەتی تەرک نەکردبوو)) بەفەرمانی شاسمایل لە بەرچاوی خەڵک کوشتیانو پاشان تەرمەکەیان لە سیدارەداو دوایە سوتاندیان.

لەو سەردەم، "حافز زینەلعابدین"خوتبەخوێنو وتاربێژێکی بە ناوبانگی دیکە لە"هەڕات" لەکاتی مەوعیزەدان قزڵباشەکان لە سەرمەنبەریان هێنایەخوارو لە ناو مزگەوت سەریان بڕی.

لە"شیراز" کە یەکێک لەناوەندییەکانی بنەڕەتی عولەماکانی سوننەبوو چونکە ئەمانە لە جنێودان بە خەلیفەکانی یانی ئەبوبەرکروعومەروعوسمان لە قسەیان دەرچوون،بەفەرمانی ئەو هەموویان یەکجێ کوشتن. لە"ئیسفەهان گەلێک لە سوننەکانی خاوەن پلەوپایەو دەنگینیان لە تەندورهاویشتنو سوتاندیانن. لە سەریەک کوشتارەکانی شاسمایل لەم شارانە بەلانیکەم بیست هەزارکەس لە تەورێز،دەهەزار لە کاشان،حەوتهزارکەس لە"تەبەسو دەهەزارکەس لە شارەکانی جۆراوجۆری ڕۆژئاو باشوورو باشووری ڕۆژهەلاتی ئیران بوو کە کوشتنیانو هەموو ئەمانە ئیرانی بوون نەک دوژمنی دەرەکی.

دوژمنانی حەسڵی دەرەکی وی سروشتیە تورکەکانی عوسمانی بوون کە ئەوانیش وەک تورکەکانی سەفەوی سەردەمی جەنگاوەریو پاوانخوازی خۆی بە هەجەتی خەزا(جهاد)ی ئیسلامی دەستیان پێکردبوو هەردووکیان لەم بەستینە رەقیبی پشوو تازە بەحیساب دەهاتن کە پێیان گرینگ نەبوو بە ناوی خودایەکی هاو بەشو پێغەمبەریکی هاوبەشو کتێبێکی ئاسمانی کوشتو کوشتار لێکتر بکەن یان یخسیری یەکدی بە ناوی کۆیلە بفرۆشن،رژانی خوێنی یەکتریان بە ناحەزو دڵتەزینترین شێوە بە فتوای بە دواییکدایی گوندارانی شەرع نەک تەنیا بە حەڵال بەڵکوو بە واجب دەزانی.

یەکێک لە ئاخونەکانی بارەگای شاسمایل لەکتێبی خۆیدا نووسی: " خێری کوشتنی سوننەیەک لە بەرامبەرخێری کوشتنی پێنج"کافرحربی" گاوری شەڕییە. ژنو میردایەتی لە گەڵ سوننە حەلال نییە. خوێنیان بەلاشو ماڵیان حەڵاڵەو واجبە کە زگی ژنانی ئاوس بدڕینن منالی نێرینەیان بە سەری نیزە وەکەن. کرینو فرۆشتنی سوننەکانیش حەڵاڵە، چونکە لە دەرەوەی سەربەخۆیی ئیسلامین.)).

لە بەرامبەردا مەلاکانی سوننە پێکەوە فتوایاندا کە سەرجەمی لایانگرانی تەریقەتی شیعە بە تایبەت دوازدەئیمامی "اثنی عشری" لە حەوت ساڵە هەتا حەفتا ساڵە "مهدورالدمو" کوشتنیان واجبە،ئەمە گیانی 40000شێعەی دانیشتوی عوسمانی بە بادادا یەکێک لە خوێناوترین قەساویەکانی مێژوویی بەشەری لە بەستینی دەمارگرژی مەزەبی ئەنجامی گرت. هەرلەم جەرەیانەدا لەسەرنێوچاوانی دەستەیەکی دیکە لە لێیان مشکوک بوون کە ڕەنگە جامینخوازی شێعە بن بە داغی ئاسن دورشم کران. ئاخوندەکانی سوننە هەنگاوەکیش لەمە چوونە پێشترو فتوایاندا کە خێری کوشتنی هەرشێعەیەک بەرامبەری لە گەڵ خێری کوشتینی حەفتاکافری شەڕییە. ژنوکیژو هەتا زارۆکی نابالغی شیعەکان بە دەستووری مەلاکانی سوننە لە ناو لەشکرەکانی عوسمانی دابەشکرانو تۆمەتیان لە شیعەکان دەدا کە شەوانە چراکانیان دەکوژینەوە هەتا لەگەڵ ژنەکانی یەکتربنونو زناع بکەن.

و یەکێک لە ئاکامەکانی هەست پێکراوی ئەم دوژمندارییەی وەحشیانە کە هەتا ڕادەیەکی زۆر ریشەی لە سونەتەکانی تورکی مغولی ڕیبەرانی هەردوو لاهەبوو،ئەمە بوو کە بەرێک دوایی ئەمە کە بیست هەزار سوننە لە تەورێز بە فەرمانی شاسمایل کوژران،لە عوسمانیش چل هەزارلە شیعەکانی دانیشتووی ئاناتۆلی بە ئەمری سوڵتان سەلیم،لە یەکێک لە وەحشیانەترین قەڵاچۆیەکانی میژوو سەریان برا. بە نووسینی" یوزف فن هامر" باڵویزی ئوتریش لە"قوستەنتەنییە"(( ئەمە یەکێک لە دڵتەزینترین ڕوداوەکانی مێژوویی مەزەبەکان بوو کە جگە لە(قتل عام)قەڵاچۆ ناوەکی دیکەی ناکرێ لێبنێین.

ئەو بە بیرنامەکانی"نیکولو جوستینیانی" باڵویزی "وینز" لەبارەگای عوسمانی بۆ سەلماندن ئاماژە پێدەکات کە بۆخۆی لە حەوتمی ئۆکتوبەری 1514(920ی کۆچی)بەچاوی خۆی شایەدی هینديک لەو ڕووداوانە بووە. مێژوونووسەکی دیکەی ئورۆپایی مێژوویی عوسمانی، "ڕیچارد مولز" وەبیردێنێتەوە کە دوایی ئەم کوشتو کوشتارە سولتان سەلیم بە سەرۆک وەزیرانی خۆی یونس پاشا دەستوردا هەتا نێوچاوانی ئەوکەسانەی کە گومانیان لێدەکرێ مەیلی شیعەیان هەبێت داغ بکەنو هەرکەس لەوان کە بەسێ پشت لایانگری سەفەویە بێت ئەوهای داغی لەنێوچاوانی بدەن. لە دوایە سەرکەوتن لە شەڕی "چاڵدران" سەربازەکانی تورک دوو ژنیان لە حەرەمسرای شاسمایل بەو دووناوە: بێهروزخانمو تاجلی خانم لە ئەشکەوتێکی ئیران بە دیل گرتن.

جگە لەو ژنانەی کە بە دیل گیرابوون،تەرمی گەلێک لە ژنەکانی ئیرانیش لە مەیدانی شەڕ دۆزرانەوە کە بە فەرمانی سوڵتان سەلیم بە شێوەیەکی تایبەتی نیزامی بەخاکیان ئەسپاردن، چونکە ئەو ژنکەقارەمانانە شان بەشانی مێردەکانیان لە شەڕبەشداریان کردبوو لە خوین گەوزیبوون. Sagredoمێژوونووسی ئیتالیایی لەکتێبی مێژووی ئەمپەراتووری عوسمانی لەم باترەو دەنووسێ: " لە ناو مەیتەکانی جەنازەی ژنانی ئیرانی دۆزرانەوە کە جلو بەرگی پیاوانیان لەبەرکردبوو هاتبوون هەتا لە چارەنووسی مێردەکانی خۆیان بەشداربن. سوڵتان سەلیم بەهۆی بەغرەتیو قارەمانەتیی ئەوانی عافەرین گوتو فەرمانی دا کە ئەوان بە شیوەی تایبەتی نیزامی بە خاک بسپێرن".

لەو دوو ژنی حەرمسەرای شاسمایل، کە بە دیل گیرابوون تاجلی خانم کە یەخسیری مەسیح پاشازادە یەکیک لەسەردارانی تورک ببوو جووتەگوارەیەکی خۆی کە لە لەعل دورست کرابوو و ناوی"لعل برک) بوو بەپێشکێش دا بە مەسیح زادەو بە ڕەزامەندی وی جلی پیاوانی لە بەرکردو لە ئوردۆی عوسمانی هەڵات،بەڵام بێهروزەخانم خیزانی خۆشەویستی شاسمایل لە زیندانی تورکان ماوە.

سوڵتان سەلیم لە دوایی سەرکەوتن، تەوریزی کرد بە ناوەندی فەرمانداری خۆیو بەم مەبەستە کە وەرزی زستان لە وێ تێپەڕکاتو سەرانسەری ئازەربایجان بخاتە ژێرچۆکی خۆیو لە سەرەتای بەهار بۆ" ئاراکو" ئیسفەهانو" "فارس" هێرش برێت. بەڵام "ینیچریەکان" ناڕەزایەتیان دەربڕی هەرچەند بە فەرمانی سوڵتان موچەی سێ مانگی ئەوان یەکجێ درابوو. بە مانگرتن لە خواردنی(شوربا) لەکاتی نەهار کە نیشانەی ئیعتراز بوو ناڕزایەتی خۆیان دەربڕێ. سوڵتان فەرماندەری سوپای بۆ لای خۆی گاس کردو بە غەزەبەو پرسیاری لیکرد کە پێم بلێ بزانم هۆکارچییە کە سرباز بە وەرگرتنی بەشێکی بەرچاو لە دەستکەوتو هەروا ئەنعامی سەرکەوتنیشیان دوو قات وەرگرتووەو موچەی سێ مانگەشیان دراوەتێ دیسان بۆ مانیان گرتوو چیان دەوێ؟ سەردارەکان سکاڵای وەڵامەکەیان لە لایان سوپا بەسوڵتان داوە کە لەویدا هاتبوو: کە پسۆرانی ئایینی عوسمانیو نەخودی سوڵتان ئەوانیان لە مانای بەڕاستی "ڕافزیو ئیلحاد ئاگادارنەکردوە بە ئیخفاڵ بوونی ئەوان هۆکار بوونە کە چلو پینچ هەزارکەس لە وڵاتی عوسمانی بە تۆمەتی ئیلحادو بێدینیو بیست هەزارکەسیش لە ئیران بەم تۆمەتە سەریان ببڕدراوە، لە حالێکدا دانیشتوانی هەردوو وڵات لەکاتی پێنج فەرزەی نوێژ بانگی محەمەدی دەلێن دەستنوێژ هەڵدەگرنو نویژ بە جەماعەت دەکەنو ڕۆژو دەگرنو قورئان دەخوێننو لاالەالااللەو محەمەدڕەسول اللە دەلێن. لەو حاڵەدا ئەوان بە چ هۆکارو بەڵگەو دەلیلی شەرعی دەکرێ بکوژن؟ و ئەگەردەشفەرموون شەڕکەمان لە سەرخاکو مەملەکەتە ئاخو ئەم مەملەکەتە وێران بووە بایەخی ئەو هەهموو خوینڕژانەی هەیە؟)).

سوڵتان سەلیّم بە خۆێندنەوەی ئەم شکایتنامەیە سەبارەت بە بەردەوام بوونی بەرنامەکانی شەڕخوازانەی خۆی تووشی گومانو دوودڵی بوو، فەرمانی دا هەتا زانایانی ئایینیو قازیەکان کۆکەنەوەو سەبارەت بەمە داوی فتوای لێکردن، فرەزانایانی ئایینی لە دوایی ڕاوێژ کردن پێکەوە بەکۆی دەنگ فتوایەیان دا: (( لە بارەگای فرەزانایانی مەزەب حقە بەدەلیلو بەڵگە سەلماندراوە کە مەزەبی سۆفی ئۆغلی(شاسمایل) دژی قورئانو باتڵەو وەدەرکەوتن لە چوارچیوەی ئیسلامەو هەرکەس کە بەدوای ئەو تەریقەت دابڕوات ئەوە لەدینی لاداوە، لە سەرپاشای ئیسلام پەنا واجبە کە ئەوانەی لەدین وەرگەڕاوەن سزا بدات،چونکە ئەمانە گیانو ماڵی موسڵمانانی خاوین بۆ خۆیان بە حەڵاڵ دازاننو حەرام بە حەڵاڵو حەڵاڵ بەحەرام دەدەنێنو حوکمەکانی قورئان دەگۆڕن)). سوڵتان ئەم فتوایەی بۆ ناو ئوردوو نارد هەتا بۆ سەربازەکان بخوێننەوە،"ینیچریان"هەرچەند بە ڕەواڵەت ئارام بوونەوە بەڵام هەر وا بە ناڕازی مانەوە،بە شیوەیەک کەسوڵتان خۆی بە قەزا ئەسپاردو حازری گەڕانەوە بوو.

لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ عوسمانی،چوارکەس لە پیاوەماقولی خاوەن پلەو پایەی بارەگای سەفەوی لە شاری"ئەماسیە" لە لایان شاسمایل بۆ کن سوڵتان سەلیم هاتنو لە قەولی شاسمایل تکایان لێکرد کە خیزانی وی کە بەدیل گیراوە ئیجازەی گەرانەوەی بۆ ئیرانی پێبدا. بەلام سولتان سەلیم لە وەڵامدا گوتی: " بە سۆفی ئۆغلی گوزارش بکەن کە سوڵتان سەلیم دەڵێت: " لە سەرفتوای فرەزانایانی دین ژنەکەی ویم بە مێرداوە هەتا بزانێ کە ژنی موسڵمانان لە حزوری مێردەکانیان بە قزڵباشان چ کارتێکەری هەیە، ئەو ڕۆژانەی کە بە هەڵخەڵاتتن ولەخشتەبردنی ئاخوندەکانی بێدینو دنیاپەرست ماقولوگەورەپیاوانی سوننەی ئیرانی بە زیندوویی لە ئاگر داویشتوکیژی موسڵمانانی وەکوو دیلی گاوری حەڕبی ئاگری شەهوتی ئەوانی پێ دادەمرکاند، دەبوایە بیزانیبوایە کە تۆلە ئەستێنەرلە وی تۆڵە دەستێنێتەوە".

شاسەلیم لەم بارەیەدا لە"جەعفەرچەڵەبی تاجی زادە کە پسۆرێکی مەزنی ئایینی عوسمانیو قازی عەسکری "ئاناتۆلی"یش بوو سەبارەت بە مێرد دانی بێهروزەخانم فتوای ویستو چونکە ئەو لە مبارەو لە نەزەر شەرع فتوای دا لە وی داواکرد کە وایە لە خۆی مارەبکە بەڵام لە عەینی حاڵدا پێی گوت کە مەبەستی لەم کارە تەنیا بەکوچک وەدانی دڵی ئەردەبیلی ئۆغڵی(شاسمایل)ە دەنا ئەم ژنە سێغەی زەمانی سەفەویی نییە، بەڵکوو خێزانیەتی دەجا

بەپیی شەرع ناکرێ دەستی لێبدرێ.  لەگەڵ ئەمەش دوایی چەند مانگ گوییبیس بوو کە خانم بێهرۆزە ئاوس بووە سکپڕە،بەم هۆیەوە  قازی بە هەجەتی دنەدانی سەربازەکان تۆمەتبارکردو کوشت.

لەهەموو نیشانەوقەرێنە  دەردەکەوت کە شاسمایل مەبەستی وابوو کە ئایینی شیعەی دوازدەئیمامی"اثنی عشری" لەگەڵ حکوومەتی خۆی بۆ سەرانسەری گۆی زەوی بەرفرەوان بکات،بەڵام تیشکانی وی لە شەڕی "چالدران" ئەوەی لەم خەیاڵوخەونە کە بەرلە ویش ئەسکەندەرو ئاتیلاو شمشیرکێشانی عارەبو چەنگیزو تەیموریش لە میشکدا پەروەردە دەکرد پەژیوان کرد.    خولاسە مەرگی نابەوەخت کە لە ساڵی 930ی کۆچی لە تەمەنی 38ساڵیدا لەرێگای نەخۆشی کەوتوویی(حصبە) بە دوایداهات مەجالی بە وەڕاستگەرانی ئەم خەیاڵی خوێناوی پێنەدا.

## ئیسلام وشمشیر:

(تا بداند کافرو گبرو یهود
کاندرین صندوق جزلعنت نبود)
"مەولەوی"
**

لە ئیسلام شمشیرو تاڵانێک کە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی عەرەبستان، بە خەڵاتو سەوقات هاوەردرا،لە هیچ شوێنی بڕاوی کاتیو ئاستیو لە هیچ هەلوومەرجی سیاسیوکۆمەڵایەتی،شۆڵکەری مەزەب لە سەر قۆڵەمیری سیاسەتو حکوومەت بەرزتردانەنراو هیچ کات ئەمە ڕووی نەدا کە لە بەرچاوگرتنی هاوسەنگی مەزەبی لە جنیایەتەکان، پیلانەکان، بێعەدالەتیەکان، قازانجەکانوگەندەڵی ئیخلاقی کە پاشان بوو بە یاسای لە برەوی هەموو حکومەتەکانی"ئیسلامی"پێشگیری کردبێت.      ئەم ڕاستییە هەرلە سبەینەی وەفاتی محمەد(ص)، یانی لە"سقیفە بنی ساعدە" ئاشکرابوو، ئیدی هیچ کات شوێنی خۆی بە ڕاستییەکی بە پێچەوانەی وی نەدا.      ئەوەی هەتا لە نزیکترین یارانی محەمەد حکوومەتی دەکرد، تەنیا حەزی لە بەرپرسایەتیخوازی بوو...هەتا بنەماڵەی خودی محەممەدیش لەو قانوونەی گشتی لارێ نەبوو، چونکە هێشتا ساڵێک لە وەفاتی وی تێپەڕیبوو، کە خیزانی بە ئاشکرا لە ڕووی کوڕە مام و زاوی وی، شمشیرکێشاو نزیکترینی دۆستانی ئەو کوڕە مامەی، لەم هەراو هوریایە، لایانی دوژمنی ئەویان گرتو لە بە ئیحتوبار ترین ئەسحابەی محەمەد(ص) یانی ئەو دە کەسەی کە بە نیشانەی باوەڕ پیکڕاوەترین مرۆڤ بە پیامبەر، بەهۆی دورستیو سەداقەتو سالحو پاکی لە لایان وی بە"عشرە مبشرە"یانی بە(دە بەهەشتی) ناو دێر بوون، بەلانیکەم حەوت کەسیان لە مەزنترین تاڵانچی سەردەمی ئیسلام ناسران.

مێژووی خاوەن پلەو پایەکانی دنیای ئیسلام،لە ئەمیرالمومینینەکانی" 144"دانەیی بگرە هەتا ڕێبەران سیاسی چەند هەزار دانەییو،گوندارانی شەرع هەزار دانەیی دیکەی وی،بەو ڕادەیە، لە بەر پرسایەتی خوازیو قازانج تەژییە، لە پیاوانی دینی بە تاڵو خاڵییە.  چونکە ئەو پیاوانەی دین ئەگەر جارو بار لێرەو لە وێ، سەریانهەڵداوە ئیجازەی خۆتێهەڵقوتان "فضول"یان پێنەدراوە.          ئەگەر" 263"پاپ کە هەتا ئەمرۆ بە جێگری عیسا دانیشتوون"33"پاپ سەرەتایی لە ڕێگای بەرێوە بردنی ڕاسپێردراوەی خۆیان کوژراونو لە نێوان ئەوانیدیکەش دا بەو ڕادە لاقی ناسالح بوونیان هەبووە، کە پێ بە پێی سالح،لە زنجیرەی" 144" خەلیفەی دنیای ئیسلام، زێدە لە"4"کەس "ئەبوبکر،عمر،علی،عمربن عبدالعزیز" لەم بارەوە قبووڵ نەکراون،و ئێستا لە داوەری دنیای شیعەکان، لێهاتوویی‌و شیاوی سێکەس لەم چوارە،بە توندی بە چاوی شکو گومان لێیاندڕواندرێو یان حاشایان لێکراوە.

بە مجۆرە، بە پێچەوانەی دورشمێکی پڕ ئاوازە، کە لە سەرەتا لە دنیای ئیسلامی دووپات بۆتەوە،ئیسلامی قەویتیو ڕاسپێردراوی شمشیرو تاڵان، لەگەڵ ئەمە کە لە درێژایی  1400ساڵ، لە وی تێپەڕدەبێ،تەقریبەن لە هەموو وڵاتەکان لە سەرتەختی دەسەڵات بووەو هەموو دەمو دەزگای میریو قەزاییو پەروەردەو فیرکردن لە بەردەستو ئیختیاری

خۆیان بووە،نە بەرزبوونەوەی ئیخلاقی سەبارەت بە سەردەمەکانی بەر لە مێژووی ئیسلامی خەلکی ئەوان بۆیان هێناوەو نە بەرزبوونەوەی کۆمەلایەتی. بەڕێوەچوونی عەدالەت لەم دنیایە، تەقریبەن هەمێشە بە سەربڕینو دەست بڕینو سەنگەسارو حدو شەلاق لێدان دامەزراوە،هەموو ئەمانە پاشەرۆکی"ئافتاوەدزان" سنووردار ماوەتەوە،هەر وەک پاکدامینیو پیاوچاکیش لە نوێژوی جەماعەت و ڕۆژوگرتنو ڕیزگرتن لە شەرابخۆریو دانانی ڕیشی مرۆڤانو لە ئەستوری حیجابی ژنان کورت کراوەتەوە، بەلام لەو بازارە شیواوە،بە شێوەیەکی بەردەوام دەرۆ گوتراوە، بە شێوەیەکی بەردەوام کەم هێزو بێدەسەلات کەوتوونەتە ژێردستی زۆردارو خاوەن قودڕەتو دەسەلاتدارو بە سامانان،و بە شیوەیکی بەردەوام و بەرفرەوان گەندەڵی ئیخلاقیوگەندەڵی ماڵی لە بەرفروانترتن وێنەی خۆی لە سەرئەم کۆمەڵگایە فرمامڕواییوحوکمڕانیان کردوە.

هەم ئەو ئەمیرئەلمومینانەی کە داوای نوێنەرایەتی بێلاچوونیان لە لای خوداو پێغەمبەران لە سەر ڕووی هەرد هەبووەو هەم گۆپاڵبەدەستانێک، کە لە لایان ئەوان، یان بە ناوی ئەوان، لە وڵاتانی ئیسلامی حکوومەتیان کردوە، دەیانجارو دەینجار دەژکارانی خۆیان بە قانع کردنی سوێند بە قورئان ئەمان داونو دوایی خۆ بە دەستەوەدان کوشتوویانن!! دەیانکەڕەت هەر ئەو گوندارانەی دین، قەومێکیان بە ناوی برای دینی ئیسلامی بۆ مێوانداری بانگێشتن کردوون، بەلام هەرلە مەجلیسی زیافەتدا لە جیاتی کوشینی دەستی برایەتیومحیبەت،سەریان بڕیوون!! جاری واشبووە لە سەر تەرمی خۆێناوی ئەوان سفرەی چێشتیان ڕاخستووە!. سوودپەرستو بەرتیل وەرگرتن، سامان پاشکەوتکردنێکی سەر سوڕهێنەر، ئەوها لە بازاری ئەواندا لە برەو بووە کە لە هیچ شوێنی بڕاوی سوودپەرستیو ئاستی دیکە لە مێژووی دنیا بەرزترلە وی ناکرێ بدۆزیەوە!. ژمارەی خەلیفەکانو پاڵشاکانی ئیسلام پەنا، کە بە سێبەری خودا،یان بە سەگی سەردەرانەی دەرگای عەلی مشهور بوونە،لەگەڵ ئەو سیفەتەش لە سنووربەزاندن لە شەڕابخواردنەوە یان هاوجنسبازی مردوون،تەقریبەن ژمارەی هەموو ئەو ئیسلام پەنایان،یانی ئەوبازرگانانە، لە هەموو سەر دەم و دەورەکان بە نادورستیو بەرتیلو سودپەرستییەکانیان کە بە بەرەکەتی دورست کردنی کڵاوی شەرعی گوندارانی دین، ڕەنگی ڕەواڵەتی مەسەڵحەتیان وەرگرتووەو شۆڵکەری ئەو هەموو پاشقولدانی سامانانە بوونە، کە هەزاران قاتووقڕ ویکەوتوویان هەڵەپەستی دەمی عەزیایی مردن کردوە، بەلام بازرگانانی خوێن و فرمێسک کە لە"مەکە"گەڕاوەنەتەوە، لەم ڕێگایە،دیسان بە کەڵەکە،کردنی سامانی پتری با هیناو، چوارناڵ کوتاویانەو دەستیان وەئارزوە گەندەڵەکانیان ڕاگەیشتووە.

بیلانو تەرازنامەی سەرجەمی ئەم ئیسلامەی ڕاسپێردراو،بیلانیکی دوور لە شانازییە، کەلەگەڵ ئەوهەمووە دەتوانێ لە سێرەی بازاڕی دین جێگای ڕەزامەندی بێت،هەرچەند لە لێڕوانینی بیروبۆچوونی خودی دین،لە دەرچە لێدراوترو مفلیس ترو مایەپۆچترو وەرشکەستەترینی بیلانەکانی مێژووی سەرگۆی زەویە.

لەو ڕۆژەی کە شمشیرکێشانی سەعدی وقاس"بەرابەری"ئیسلامی بابەتی داوای مێژوونووسان ولێکدەرەوەکان میژووی ئیسلام-ونەک تەنیا مێژوونوسانو شیکەرەوانی دوێنێی ئەم مێژووە،بەڵکوو گەلێک لە هاوفکرانی سەدەی بیستەمو سەدەی بیست ویەکەم ئەمرۆی ئەوانیش- بە شیوەی تالانچیەکەی ڕیکووپێکو تەکوز، بۆ خەڵکی ئیران بە پیشکێش هینراون،هەتا دەگاتە ئەمڕۆ،ئەم گەمەیەی پڕمەترسی مەرگو خوێن هێشتا هەر ڕانەوەستاوە. ئاشی خوێنێک کە چواردە سەدەی تەواو لە وڵاتی ئێمە لە گەڕاندایە، تەنیا کارگێرانی ئەم ئاشەوانانە بوونە، کە جێگۆڕیان پێکراوە: عەرەبەکانی سەعدەی وەقاس جێگای خۆیان بەتورکەکانی سوڵتان مەحموود غەزنەوی داوە، و تورکەکانی غەزنەوی جیگای خۆیان بە تورکەکانی غەز، و تورکەکانی غەز بە تورکەکانی سەلجوقی،و تورکەکانی سەلجوقی، بەتورکەکانی خوارزمشاهی، و تورکەکانی خوارزمشاهی بە مغولان، و ئیلخانیەکانی مغول بە تاتارەکانی تیموور،و تاتارانی تەیمور بە تورکانی ئاق قویونلو،و تورکانی ئاق قوینلو بەتورکانی قراقویونلو،و تورکانی قرا قویونلو بو قزڵباشەکانی سەفەوی،و قزلباشەکانی سەفەوی، بە تورکانی ئەفشارو تورکمەنانی قاجار،و تورکمەنانی قاجار، بافترەتی کورت سەرلەنوێ بەمیرات بۆ سەعدی وەقاس. لە درێژایی1400سال،"81"بنەماڵەی سەلتەنەتی گەورەوبچوک بە"498 "پادشا ونیمچەپاشاە وخان وئەمیر وسالار لە سەرانسەری ئیران یان لە هیندیک بەشەکانیان فەرمانڕوایی وحکوومەتیان کردوە، کە مێژوویی فەڕمانروایی تەقریبەن هەریەک لەوان مێژوویەکی بیزاریو لەعنەتو تف لیکردن لە جنینایتەکانو دڕەندە بوونو زوڵمو زۆرو سەرەرۆییودیکتاتۆریوفەسادوگەندەڵییە.

هەروەک لەم کتێبە بە کارنامەی حکوومەتەکانی ئیسلامی ئێران تەرخان کراوە،لە"500"پاشاو ئەمیروخان کە لە چواردە سەدەی ڕابردوو لە ئیران حکوومەتیان کردوە"180"کەس لە شەڕەکانی دەسەڵات، زوربەی بە دەستی کوڕو، باوک و، براکانیان کوژراون،زێدە لە "100"کەس بە دەستی خۆیان کوێرکراون،زێدە لە "50 نەفەریان بە وەحشتی

ترین شیوەی ئەشکەنجە، گیانیان لێ ئەستاندراوە،لە هەموو ئەو بەزم و رەزمە، ئاپۆرەی زوڵم لێکراوی مل لە بن نیری کۆیلەتی ئیرانی،چ دانیشتووی گوندەکانو چ دانیشتووی شارەکان، ئەوها تاڵانکراوەن کە هەتا پاروە نانێک کە بە دەستی خۆیان پەیدایان کردوە بۆیان نەماوەتەوە. لە مەڕ ئەم گێژاوە ئافاتو بەلایە، پێویستە هەزاران جنیونامە لەو تاڵانچییانەی ناسراوی مغولو تورکو تاتارو ئەفغان لە گەڵ شارەکانی خاپورو ویرانکراو، منارەکانی بەرزکراوەی سەرلە ئاسمان خشاو لە کەللە سەری بڕاو، قەڵاچۆو، ئەشکنەجەو جەزربەی،شەڕەکانی مەزەبیو سوتانی کتیب وکتیخانەکان بکرێتە پاشکۆ، کە هیچ کات جیگای ئەوان لە مێژووی خوێنو مەرگ بە تاڵ نەماوەتەوە.

لە ئیران لە سەردەمی سەفەوی،کە دین سالاران ئێمە ئەوی بە سەردەمی زێڕاوی"تەریقەتی دوازدە ئیمامیان"ناسیوە،ئەم شمشیرکێشانەی سوڵتان مەحموودانە، نەک تەنیا گری بەرزایەتی تازەی گرت، بەڵکوو چەعرەێکی ترشو تاڵو ژەهراوی بە خۆوەبینی،چونکە ئەگەر هەتا ئەو چاخ کوشتنو بڕینو قەلاچۆ، لە لایان تورکو تاتارو مغولەکان بەڕیوە دەچوو کە خەڵکی ئیرانیان زێدە لە لۆچێک تێشکاوەو دیل لینەدەڕوانی، "ئەوجار ئەمە "ڕیبەرانونوێنەرانی" سەفەوی بوون کە بۆ خویان کوڕی ئەم ئاوە خاکە بوونو ئەو شمشیری کە لە کالانیان دەردێناو دەیانکیشا، لە ڕووی برایانو خوشکانوهاووڵاتیان خۆیان دەوەشاند،لە گەڵ ئەو هەمووەش شاسمایل، بنیاتنەری ئەم بنەچکەیەی پاکدامین، بە تەنیایی ئەوهێندە بە دەستی قزلباش خەلکی وڵاتی خۆی سەربڕی یان زگ دڕاند، یان بە شمشیر دوو لەت کرد،یان لە کەللەسەری ئەوان منارەی بەرپاکرد، یان ئەوانی بەمریدانی ئینسان خوری خیویدا کە بیانخۆن،کە یەکیک لە گەریدەکانی "ونیزی" لە سەفەرنامەی خویدا نوسیوە کە لە سەردەمی"نرون"هەتا هەنۆکە پاشایەکی ئەوها خوێنخور لاقی لە دنیا دانەناوە!هەموو ئەمانە بەهۆی ئەمە بووە کە ئەم کوڕە سۆفییەی سوننە مەزەب بۆ دانیشتن لە سەرتەختی پاشایەتی وڵاتەکەی بە پیویستی زانی کە نەک تەنیا سەییدی دوازدەئیمامی بێ، بەڵکوو ئیمامی زەمان بۆ خۆی شمشیری لە قەدی بستووەو مەعموریتی پێدا کە خۆی بە زۆری بەسەردنیادا بسەپێنێ، دەجا بەڕیوەچوونی ڕەساڵەتو پێشنیارەیەکی ئەوها، سروشتییە بە پێویست دەزانی کە بە میلیون ئیرانی، کە هەتا ئەوکات هەموویان سوننە مەزەب بوون، یەکشەوە بیانکاتە شیعەی ئاگرتێبەربووی دوازدەئیمامی، هەرچەند ئەوگۆڕانکاریو ئاڵەگۆڕەیەو کوشتنو قەڵاچۆی دوسەت هەزارکەسی(200000) هەرتەنیا لە شاری "تەورێز" لێکەوتەوە،لە کوشتنو سەربڕینو قەڵاچۆی دیکە بەدوایی ویدا لە سەرانسەری ئێران بەردەوامبوو ،هەموو ئەمانە لە هەڵومەرجو بارودۆخێکدا بوو کە مردوو پێهەڵگوتراوانی(روضەخوانان) هاوردەی "جبل لبنان" سوورییەو ئیراقو بەحرەین،لە سەر منارەکانیان بە شانازییەوە قسەیان لە(لااکراەفی الدین) دەکرد.

لە ئیسلام ئەو گۆپاڵبەدەستانەی کە بۆ ئێران هاوەردرابوون،هەرلە سەرەتای فەرهەنگی ژیانو سازدان کە بناخەی ئایینو هزرو فکری ئێرانی کۆن بوو،جێگای خۆی بە فەرهەنگی مەرگو عەزاداری شینو واویلاو گابۆڕ دا، کە شێوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئیسلامی ئێمە،بە تایبەت بەشیک لەم شیوەیە کەلە سەردەمی سەفەوی هەتا هەنۆکە دەباوەش دەگرێ،بە تەواوی لە سەرئەوی بناخەدانراوە. ئاخوندی شیعە ئەم بایەخانەی فەرهەنگی کونی بە وێنەی کۆمەڵێک ناڵەو شین وگابۆڕو لە سینگ کوتانو قەمەکیشان وزنجیرلێدان دەرهێناو فەرهەنگی خۆشیو شایی بە فەرهەنگی (شامی غەریبان" گۆڕاند، "مرشیدکامل"، شاسمایل سەفەوی،لە همان چاخدا کە کاروانێکی لە ئاخوندی هاوردە لە مەڵبەندەکانی جۆراوجۆری ڕۆژهەلاتی موسڵمان بۆ وڵاتی خۆی بانگهێشتن کرد،وەزیرێکی بە ناوی وەزیری (روضەخوانی)بۆ ئوڕوپای خاچ پەرست نارد، هەتا ڕێوورەسمی گریانو فغانی مەزەبیو سینگ کوتانو زنجیرلەخۆدانی ئەوان فێربێتو بۆ بەرهەم وەرگرتن لە ئەوان لە ئێرانی شیعە،بۆ ئێرانیان بێنێت.

لە فەرهەنگی مردنو تازیەداریو پرسەداری کە سەگەکانی دەرگەی عەلی دەستیان لە دەستی گوندارانی هاوەردەی دین بۆ گیان لێ ئەستاوان، شمشیرکیشانی قزڵباش گەڵاڵەکرد،دەرەجەی لێخۆشبوونو عافوکردنی هەرئیمانداریک لەم دنیایە چەند دڵۆپە فرمێسکە، کە لە سەرمەرگی شەهیدانی کەربەلا ڕژاندبووی، و لە بەرامبەروی حەدیسیک لە پیامبەردەگێڕدراوە کە: ئیمانداریک کە هەتا جاریکیش بە قاقا پێکەنێ،هەتا حەفتا نۆهەم، بە پاڵەقۆجەو سەرمەقولەتان بەرەوجەهەنم گلۆردەبێتەوەو هەتا ئەوکاتیش لە هەرتاڵە مووەکی وی مارو دووپشکو عفریت بەردەوام هەتا ڕۆژی قیامەت لە سەری موسەلەت دەبێت،حەدیسێکی دیکە دەلێت:کە بەو ئیحتوبارە لە حەزرەتی ئیمام جەعفەرسادق نەقل کراوە کە لە نێوان تەواوی گیان لە بەرانێک کە لە ڕۆژی قیامەت بۆ ئولکەی حیساب دەهیندرێن،هیچ کەسێک بە عەوزی کەوسەرو هوریەکانی بەهەشت دەست ویڕاناگات مەگین ئەوکەسە کە بۆ حوسێن گریابێت،ئەوانیدیکە چرووک بێکەلک وباتڵ دەمیننەوە.

لە سەدەی ڕابەردوو،ئێرانییەکی ئازادیخواز سەبارەت بەمە نووسی": هەرکەسێک دووعاو پاڕانەوەی بە داماویوو کزیو بەهیلاکی شێعەکان ببیسێ،وا فکردەکات زوڵم لێکراوەێکی دەستەوەستانو بێتین و ناتەوان ئەوانەی بۆ زاڵمێکی جەبارنووسیوە، هەتا بەشیوەی جۆراوجۆری گریانو پاڕانەوە، دڵی وەک بەرد ڕەقی ئەوی، لەگەل خۆی مێهرەبان بکات. دەڵیی هەموو گەورەیی خوداوەند لە قەهاریو جەباریو غەزەبی ویدا کۆ بۆتەوەو شتێک بە ناوی ڕەحمەتو مێهرەبانی وجودو بوونی نییە. ئەم خەڵکە چ پەیوەندی خزمایەتیان لە گەڵ "حبیب بنی مزاهیر"نییە لە گەڵ ئەمەش لە دوایی هەزارو چەند سەت ساڵ لە مەڕ مزلومیەتی وی کە مزلومییەتی خۆیان سەت قات لەوی بەرزترە، دەگرین. ئەگەر ئێرانییەکان لە جیاتی ئەو هەموو ئاخو ناڵە،کەمێک لە مەڕ ڕۆژگاری خۆیان فکر کردبوایەوە، بناخەی زوڵمیان لە سنوورتخوبەکانی ئێران خاشەبڕکردبوو)

نووسەری ئەم ئاگاداریە،بۆ خۆی دوایی سەردەمێک،لە شەوێکی تاریک،لە "باغشاەی تاران"لە حالێکدا کە محەمەد عەلیشای قاجار بۆ خۆی فانۆسی بەدەست وەبوو، هەتا مەیدانی کردەوەی میرغەزەب ڕووناک بکات،بە ساتۆری جەللادگیانی لێئەستاندرا. لەگەڵ ئەم مەسەلە،سەتو پەنجاەساڵ لەدوایی ئەو،لە سالەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم،وەلی فەقییەی ئەو خەڵکە،کە ئەو ئەوانی ئاگاداری دابوو،ڕووێ قسەی لە "ڕەوزەخوانەکانی" قوم بوو،فتوای دا،کە: 1400سال ئەو مەنبەرانە،ئەو رەوزەخوانانە، دەڕبڕینی ئەو موسیبەتانە،ئیمەیان پاراستووە. ئێمە ئەهلی مەنبەر هەرچی هەمانە لەو گریانو ناڵەو فنکەفنکو شین وگابۆڕو زنجیرلەخۆدانو سینگ کوتاندایە،ئەوانەی کە لەگەڵ گریانو شینگێڕیو قەمەزەنی دژایەتی دەکەن،دەیانهەوێ شیعە لە ناوبەرن. کارێکی بکەن کە هەموو ڕۆژێک بۆ خەڵکی ئیمە عاشوورایەک بێت)

لە مێژووی مەزەبەکاندا،پێشترلەمە، لە مێژووی ئاچەر بەدەستانی ئایینەکان،شتێکی نوێوتازە ناتوانی بدۆزیەوە،چونکە لە کۆمەڵگای نیونەتەوەیی ئاخوندی،هەنۆکەش دەرگاکان لە سەر ئەو ڕێسمەیەی کۆن دەسووڕێن،دەجا چ ئەم دەرگایانە لە کلیسایەکی بکرێنەوە،و چ لەکنیسەیەکیو چ لە ڕووی مزگەوتێک!!!.

لۆژینەکان لە هەموو حالێکدا وەک یەکدەچن،فتواکانیش. ئەمەی لەو هەردووە راستەوخۆ بەگوێچکەدەگات،چ لە زوانی خاخامی بشنەفی،چ لەلایان کەشیشیکو چ ئاخوندیک،وەبیرهێنانەوەی قسەیەکە،کە بەرلەویش لە ئاچەر بەدەستێکی دیکەی یاساکانی خوا،لە سەرهەرد بیسرابوو.

ئەمەی لەساڵی 1290ی هەتاوی ئاخوندێکی مەزنی سەردەمی قاجار،حاجی مەلاعەلی کنی،لە نامەیەک بۆ ناسرەدین پاڵشایی نووسی کە" ئەم کەلیمە ئابڕوتکاوە،یانی وشەی ئازادی، کە ئەم ڕۆژانە وەبن گوێچکە دەکەوێ،ئەگەر بەڕەواڵەت جندیو باشە،لە هەندوڕو ژورەوە، سەرانسەر عەیبو ئیرادەو تەژی لە کەم و کوڕییە، بە پێچەونەی سەرجەمی حوکماتی پێغەمبەرانو، وەسیەتەکانیانو سەرجەمی پاشاکانی مەزن حاکمانی پلەوپایە بەرز...و مانای وی ئەمەیە کە خەلکی ڕەمەکی بۆ سەر شێوەی کێوی بگڕێنەوە،ئەم بابەتە گشت فرەزاناو خاوەنی زانستەکانی وەدەنگ هێناوە)سەت ساڵ بەرلە وێ،لە دەستووری پاپی شەشم لە محکومییەتی ئینقلابی فرانسە هاتبوو کە: "ئەم ئازادیە کە بە خەڵک ماڤی فکرکردنوەی بێشەرمانە دەدات،ماڤێکی تف لیکردووە کە بە داخەوە کۆمەڵگەی یاسا دانانی فرانسە بە ناوی بەرابەری ماڤی ئینسانەکان قوڵی لە سەرکێشاوە،بەلام چ شتێک دەتوانی بێ ماناتر لەڕاگرتنی ئازادیەکی ئەوها لغاو پساوبێت، کە هاومانا لەگەل خنکانی ئاوەزو لۆژینە،چونکە ئەم ماڤەی کە بەخەڵک دەدرێت ماڤێکە کە لە خودای ئەستاندراوە)

ئەوهەی شێخ فەزلواللە نووری،لەگەرما گەرمی ئینقلابی مەشروتییەتی ئێران لە داخۆیانیکدا ڕایگەیاند کە(ئەسلی ئازادی ئەسلی زەرەردەرو زیاکارو وێرانکەری یاساکانی خودایە،چونکە بناخەو بنچینەی قورئان لە سەرئازاد نەبوونی پێنووس و زوان دانراوە، و بە ئازادبوونی ئەسلی ئازادی ملاحدەو ذنادقە(ملحد) دەتوانن بڵاوکراوەی وشەکانی کفراوی خۆیان لە منبەرەکان و وتارەکانیان جێ بکەنەوە. یەکێک لەو بڕگانە، گومڕانامەیەک،بە ناوی قانوون ئەساسی یە،،دەلیت کە:" خەڵکی مەملەکەت ماڤی یەکسان و وەک یەکیان هەیە،لە حاڵێکدا پەیوەندی ئیسلامو ئەسلی مەساواتو بەرابەری غەیرە ممکینە،چونکە بنچینەی ئیسلام لە سەرجیاوازیو تەوفیردانراوە،وەکوو فەرقو جیاوازی لە مابێنی ماڤی ژنو میردو مسڵمانو نامسوڵمان)

بەرلەویش لە داخۆیان و فەرمانی پاپ گرگوار،ی شازدەهەم هاتبوو کە (خەبەریان پێداوین) لەو ئەسلانەی بەناوی قەڵەم وئاخافتن لایانگری دەکرێ، کە دژایەتی تەواوی لەگەل یاساکانی خوداو وەفادارێکی بی ئەولا ئەملای ئیمانداران بە کلیسای موقەدەس هەیە، و لەم ڕێگایە دوژمنانی دین بۆ چەند بەرەکی و تۆی لێکدابڕان بە بیانووی مساوات و بەرابەری مافی هەموو دانیشتوانی وڵات یارمەتی دەدەن. دەبێ جارێکی دیکە بە سەرجەم دانیشتوان حالێ بکرێ، کە حاشاکردن لە تەفاوەت دانەنان‌و مافی وەک یەک لە نیوان ئیماندارو، بێ ئیمان، دژایەتی لەگەل مەیل و ئیرادەو ویستی خودای تەعالا هەیە.

ئەمەی ئایەتوڵلا محەممەد یەزدی بەرپرسی قووەی قەزائیەی کۆماری ئیسلامی ئیران، سەبارەت بە وەشەرعیەتخستنی ویلایەتی موتڵەقە،لە نیوکۆمەلێک لە ئیمامەکان لەڕۆژی هەینی ڕایگەیاند کە (شەرعیەت پێدانی ویلایەتی‌و حەقی حکوومەتی وەلی فەقییە مافێگی شەرعیەت پێدراوی ئاسمانییە، کە خەڵک ئەوی هەڵنابژێرن‌و دیاری ناکەن. کاتێک خەڵک بە پێغەمبەر(ص) یان ئیمان هێنا،بە مانای ئەمە نەبوو کە ئەو حەزرەت بە ئیمانهێنانی خەڵک بوو بە وەلی. بازێک خۆ بە ڕۆشنبیرناس، لە کتێبەکانی خۆیان ویلایەت‌و ئیمامەتیان لە یەکترجیاکردۆتەوە،لە حالێکدا ئەو دووە یەکێکن" بەرلەویش لە داخۆیانی کلیسای پاپ سرگیوسی چوارەم هاتبوو کە"پاپ دەتوانێ لە هەموو کەس بپێچێتەوە بەلام کەسی ماقی ئەمەی نییە لە وی پرسیاربکات‌و بپێچیتەوە،چونکە ئەو بەداخوازی ئەم ئەو نەهاتووە، هەتا بە داخوازی ئەو ئەم بڕوات،شەرعیەت پێدانەکەی شەرعیەتێکی ئاسمانییە، نەک زەمینی"و (هیچکەس ناتوانی لەگەڵ فرشتەکانی ئاسمانی پەیوەندی هەبێ مەگین ئەوکەسە لە هەرهەڵومەرجێکدا ملکەچی خالسی پاپی مەزن بێت،چونکە ئەو نەک لە سەر ویستی خەڵک،بەڵکوو بە ویستی خوداوو مەسیح لەم مقامە دانیشتووە) فتوایەک کە حجەالام ڕەفسنجانی وەک سەرکۆماری ئیسلامی لە "حەڕەمی موتەهەڕی" حەزرەتی ئیمام خومەینی دای کە"ئەسلی ویلایەتی موتڵەقە ڕەمزی ئیتاعەتی بێ ئەولائەملای میللەتی ئێمە، لە ئیمام‌و تەوەرەی جوڵانەوەی مێژووی دوارۆژی ئێمەیە" هێندیک بەرلەو،بەهۆی پاپ لئونی سێزدەهەم درابوو کە: "ئەوانی خەت بە سەرتاوانی خۆیاندا لە دەرەوەی ئیتاعەتی بێ ئەولا ئەملا لە ڕیبەری کلیسای مەسیح دەدۆزنەوە، بەڕیگای گومڕایی دادەڕۆن‌و حەول‌و تەقەلای کفراوی دەکەن"هەرواپاپ بونیفاسیوی هەشتەم کە : "ئیتاعەتی بێ ئەولا ئەملا لە "پاپ"ی مەزن مەرجی بنەڕەتی ڕزگاری هەرخەزمەتگوزارێکی مەسیحە،چونکە هیچ کەس ئەگەر بیهەوێ ناتوانێ جگەلە ڕێگای پاپ لەگەڵ فرشتەی خودا پەیوەندی راچێنێ و پتەو کات)

ئەگەرڕێگای ئەو دوو مەسیرەی پێکەوە گاوکراوەو تەراز لە ئاکامدا لە یەکترجیا بۆوە،نەک بۆ ئەمە بوو کە ئاچەربەدەستانی کلیسا ومزگەوت ڕێگای خۆیان گۆڕی و عەوزکرد،بەڵکوو بۆ ئەمە بوو کە یەکێک لەو دووەی دنیای چۆماخ لە دەست کلیسا وەرگرت، و لە ویدیکە گۆپاڵ لە دەست مزگەوت باقی ماوە. لە هەڵ و مەرجێکی نوێ،ئەمجار شوورای بەرزی واتیکان،ناسراو بە واتیکانی دووەم و بەرزترین شوورای مەزەبی کلیسای کاتۆلیک،کە بە بەشدارای 2500کەس لە پلە بەرزانی دنیای کلیسا لە سالی 1962ی زایینی لە شاری "رم"بەڕیوەچوو،لە فەرمانی مێژوویی خۆی ڕایگەیاند کە: (هەر ئینسانیک لە ماقی ئازادی مەزەبی بەرهەم وەرگرە، و ناوەرۆکی ئەم ئازادییە ئەمەیە کە: هەموو خەلکی سەرگۆی زەوی مافی خۆیەتی دوورەپەرێز لە هەرشیوە زورەملی لە لایان خەلک یان سازمانەکان و یان هەرشیوە ناوەندی دەسەڵاتی دیکە، لە مەڕ ئاقیدە و بیروبۆچوونی خۆی بڕیاردەرو بڕیارگربێ، بە جۆرێک کە هیچ کەسێک لە مەڕ مەزەب،چ لە ژیانی تایبەتی و چ لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی، چ تەنیا و چ بە وێنەی بەشداری لەگەڵ ئیدیکە،لە سێرەی هێچ جۆرە بەسەرداسەپاندن بە پێچەوانەی ویجدان خۆی قەرار نەگرێ. شوورا ڕادەگەێنێ کە ماقی ئازادی مەزەبی بەشێکی جیا نەبوو لە حەسڵبونی ئینسانی هەرتاکی ئادەمیزادە،بەم شیوەیە کە مەیلی خوداو ئاوەزی ئینسانی سەلماندوویەتی.)
دیسان لەسەردەمی پاپ جووانی بیستوسێهەم،فتوایەکی جیاوزی بەناوی"........لەئاوریلی1963ی زایینی لەلایان خودی وی دەرچوو،کە بە پێی ناوەرۆکی وی: (هەرتاکی ئینسانیک ماقی خۆیەتی خودای لە سەر بنەڕەتی لێحالێبوون و لێکدانەوەلێهاتووی ویژدانی خۆی عیبادەت بکات و لە ژیانی کەسینی و کۆمەڵایەتی، بە پڕوپاگەندەی ئایینی خۆی خەریک بێ. هەرئینسانێک ماقی خۆیەتی شیوەی ژیانی خۆی بە مجۆرەی کە دڵی دیخوازێ هەڵبژێریێت. لە نەزەرو بیروبۆچوونی کلیسای کاتۆلیک،داخۆیانی دنیای حقوقی بەشەری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی،ڕێکەوت 10ی دسامبەری 1948،هەنگاوەکی بنیاتییە کە لە ڕێگای دامەزراندنی سازمانێکی قەزائی-سیاسی بۆ سەرجەم کۆمەڵگای بەشەری هەڵگیراوە. هەموو خەڵکانی گەشبینی دنیای ئەمڕۆ ئەرکێکی مەزنیان لە بەرابەرخۆیان هەیە،و ئەم هەودای پەیوەندییەی کۆمەڵایەتی لە سەربنچینەو بناخەی ڕاستی،عەدالەت،نەوعدوستی و ئازادییە. حەول وتەقەلای شەڕافەتمەندانە بۆ جیگیرو سەقامگیری نیو نەتەوەیی ئاشتی بە ڕاستی، لە ڕیگای تەکۆز و وردەکاری کە خوداوەند بەرقەرای فەرمووە)

دیسان لە سەردەمی جێگریکی ئیکجارناسراوی ئەم پاپ،ژان پل دووەمی هەنۆکە وجێگری ئەوپاپانەی کە فەرمانەکانیان لە سەرەوەی قانوون و بە دەنگدانەوەی ڕاستەو خۆی مەیل و ئیرادەی خودا ڕادەگەیاندرا،لە12ی مارسی 2000لەکلیسای سن پیر رم،دڵی دنیای مەسیحییەت،لە ڕێورەسمێک، کە لە لایان تەلەفزیونەکانی سەرانسەری دنیا بەڵاو کرایەوە،پاپ،ی مەزن لە بابەت جنایەتەکان و گوناحەکانی دووهەزارساڵەی کلیسا،و بە تایبەت لە بابەت شەڕەکانی خاچ پەرستی،سەرکوتکردنی مەزهەبی،دیوانی لێکۆڵینەوەی ئاقیدە بیرو بۆچوون(تفتیش عقاید)(انکیزیسیون)سوتاندنی بێتاوانان بە تۆمەتی جادوگەری یان مرتدبوون، بە سەرداسپاندنی زۆرەملی مەسیحییەت بە دانیشتوانی سەر زەمینەکانی قاڕەی نوێ و ئیجازەدانی کرین و فرۆشتنی ڕەش پێستەکان،لە بارەگای خودا و لە گیانی قوربانیانی ئەم جنیایەتانە داوای لێبوردنی کرد. هەر ئەو(پاپ)ی بەرێ بە نوێنەری لە لایان ئەوکلیسا،کە هەر جۆرە زانیاریکی لە دەرەوەی ئەمەی کە جێگای قبولی کلیسا بوو،محکووم ناسیبوو،لە جەرەیانی مەحکوم کردنی"گالیلە" لە لایان کلیسا، داوی لێبوردنی کردبوو، و بە حەسڵیەت و ڕەسانایەتی (زوربە لە ئەسلەکان)لێکرانی خەیاڵی بۆگەیشتن بەڕاستی(فرضیە) وکامڵبوونی "داروین" دەمی پێدا هێنا بوو.

بەڵام لە دنیایەکی دەرگا گاڵەدراو کە هێشتا گۆپاڵی سوننەتی لە دەستی مەندیل بە سەرو گۆپاڵبەدەستە،بە ڕاشکاوی ئایەتوڵلای مەزن لە خوتبەی نوێژی هەینەی خۆی ڕادەگەینێ کە( لە قورئاندا بە ڕوونی هاتووە کە لەگەڵ دوژمنانی خودا(محاربین) و مفسدین فی الارض) ڕوحم ڕەچاومەکەن و بە دەمانچە لە گەردنیان بدەن، یان دەست و قاچیان ببڕن و لە چیایەکی بەرز فڕێنادەنە خوار، هەموو ئەو ڕق وکینەو تووڕە بوونانە فەرمانی قورئانن و ئەرکی شەرعین)

بەڕاشکاوی ئایەتوللەیەکی دیکە لە خوتبەی نوێژی هەینەی دیکە،بە ئیمانداران ڕادەگەیەنێ کە هەڵسوڕینەران وکارگێڕانی ڕژیمی ویلایەتی فەقییە بۆ ئەوان حوکمی پیامبەرانیان هەیە، و ئیتاعەت و ملکەچی لە بارەگای ئەوان واجباتی شەرعییە،و خودی ولی فەقییەش نوێنەری ڕاستەوخۆی خوداوند لە سەرهەردە،و ئایەتوالڵەی سێهەم لە نوێژی هەینیەکی دیکە لاق لەمە زێدەتر ڕادەکێشێ و ئاگادارایین دەکاتەوە کە ئەندامانی شوورای نیگەهبان لەڕێگای ڕێبەری ویلایەتی فەقییە ڕاستەخۆ لەگەڵ سەرچاوەی وەحی لە پەیوەندیدان و هەر ڕەخنەیەک کە لەمە یان لەوی بگیرێ بێحورمەتیەکە، کە سەبارەت بە خوداوند کراوە. و لە ئاکامدا ئایەتوللەی چوارەم، ئەمکەرەت لە داخۆیانێک ڕوو لە میللەتی ئێران دەکات، هەڵویستی تەپکەدانەرانەی ئێرانی ئیسلامی بەم شیوەیە دیاری دەکات، کە(ئالی محەمەد باوکی ئۆمەتن و ڕێنوێنی ئیرشادی ئەوان لە سەرشانی ئەوانە،یانی بە بێ بوونی ئەوان ئۆمەت حالاتی هەتیوەکیان هەیە کە سێبەری باوکی لە سەرنەماوە. ئەرکی شەرعی جێگران و پێشوایانی پاکدامین ئەمەیە، کە ئەم سەغیرانە بەرعودە بگرن ،دورست وەکوو سەرپەرشت و قەیوومێک کە لە باوکی دەستەبەر، بەرعودەی ڕیوەبری کاروباری هەتیوان بکات. ئەگەر لەم قسەڕەخنەتان هەیە بەحەزرەتی ئیمام جەعفەر سادق کەئەم ریوایەتە لەوی نەقڵ کراوە،رەخنەبگرن.

1-مصباح یزدی لەخطبە نمازجمعە تهران،شهریور1378
2-علی مشکینی، لەخطبە نماز قم،اسفند 1372
3-محی الدین شیرازی،لەخطبەنمازشیراز،خرداد 1381
4-احمدجنتی،دربیانیە 18 بهمن 1377.

## لەیەکەمین

ساڵەکانی دوایی شمشیرکێشانەکانی "قادسییە" و"جلولا"دەماوەری ئێرانی لە هۆنراوەیەکی کە باورۆکی وی لەسەدەی ڕابردوو بەدەست هات و بە ناوی شوێنی دۆزینەوەی ئەو هۆنراوەی هرمزدگان ناو دێربوو،لە پەیوەندی لەگەڵ یەکەمین هێرش و شاڵاوی عاەربان بۆ سەرئێران لە1400ساڵ پێش،نووسی: (عیبادەتگایەکان وێران بوون و ئاگری ئاورگەکان کوژانەوە. عارەبەکانی زاڵم گوندەکان و شارەکانیان تاڵان کردن و لەگەڵ هەردیان ڕاست کردنەوە. جوامێرو و ئازادیخواز لە خوێن گەوزین و ژەنەکان وکیژەکانیان بە دیل گرتن، ئاییِنی زەردەشت بیپەنا مایەوەو،چونکە ئەهوڕاموزدا محیبەتی خۆی لەوان وەرگرتەوە.)

چواردەسەدەلەدوایی وی،دەماوەرەکی دیکەی ئێرانی،لەهۆنەراوەیەکی دیکەدا،ئەم کەرەت بەچەقووکێشانی میراتگرانی سەدی بیستەمی ئەوشمشیرکێشامی "جلولا" و"قاسییە" پەیوەندی هەبوو،مەسەلەکە ئەوها باس لیوەدەکات:

یک مشت گدای عرب از راه رسیدند
در میهن جانانه ما خانه گزیدند
با روضەو با روزه دراین باغ پر ازگل
چون گاو دویدندو چریدندو خزیدند
با چوپ وچماق و قمەو دشنەوچاقو
سرها بشکستندو شکمها بدریدند
گفتند کەاین منطق اسلام عزیز است
اینان که سیەکارتر از شمرو یزیدند
آنگاه بەصحن چمن دانش وفرهنگ
هرجمعەچنان گلە بزغالە چریدند!
درمیهن ما"منطق اسلام) چماق است
اکنون همگی پیرو این دین جدیدند!

لە نیوان ئەو دوو وتاربێژو دەماوەرەو ئەم دوو خەمنامەیە،هەزارو چوارسەت ساڵ مابەین هەیە،بەلام ئەم مابەینە،هیچ کات لە پەرچەنگی بەردەوامی فەرهەنگی ئێرانی لەگەڵ بێ فەرهەنگی هاوەردەیی زاتی ریکنەکەوتووە. مێژووی هەزاروچوارسەت ساڵەی ئیسلامی ئێران لە ڕووبەرووی بێ ڕاوەستانی نێوان دوو پێشکەوتوویی،دوو فەرهەنگ،دوو شیوه دەرک کردن ولێهەلکڕاندن وحالێبوون وهزروفکره کە لە هیچ هەل ومەرج وبارو دۆخێک،بە هێزی چ شمشیرێکی،پێکەوە ڕێکنکەوتن ونەسازاون،چونکە رەیشەی راستی ئەم دژ بەهاو بوونە،پیویستە لە دوو بەرەی هزری فەرهەنگی سامی و فەرهەنگی ئاریایی بدوزیەوە،کە لەیەکیان ئینسان مەحکووم بە بارهەلگری چارەنووسێکە، کە لە پێشدا بۆی دیاریکراوە،وگۆڕانکاری دەویدا ناکرێ و لە عەینی حالدا دەبی مرۆڤ ئەوهەی دەیکات وەلام بداتەوە و سزا ببینێ،و لە ئەویدیکەدا هەرئەو مرۆڤە ئینسانێکی ئازاد و خودموختارە کە هەم بڕیارگری چاەنووسی خۆیەتی و هەم وەلامدەری دوارۆژی ئەم بڕیارە. تەوفیری نیوانی ئەم دوو هەلکڕاندنە هیچ چاخ لە لایان خاوەن هزرانی ئێرانی هەزم نەبووە،بەم هۆیەوە نەک تەنیا سەرجەمی ئەدبیاتی پارسی دانگدانەوەکی لەم پرسیارەی بێوەلام بۆماوەتەوە، بەلکوو قوتابخانەکانی مەزەبی ئیکجار زۆری "معتزلە، و شعوبیە، و قەدرەییە، ومەکتەبی فاخری عەرفانی ئێرانیش،هەریەک لەم بەستینە پسیارکەرانێک بوونە کە بۆ پرسیاری خۆیان وەلامەکیان وەرنەگرتووە.

هەزاروسەت ساڵ پێش، زکریای رازی،یەکێک لە مەزنترین پسپۆروتورڤانی مێژووی بەشەریەت،لە دوو کتێب کە پاشان بەکفر ناو دێر بوون،بە ڕاشکاوەیەک کە یازدە سەدە دوایی وی لە لای"آلبرت اینشتاین"دیسان دەکرێ بیدوزیەوە،لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم روو بەڕوو بوونەی ئازادیخوازی و ئازادبیرکردنەوەی بنچینەی ئێرانی ئاریایی و ئەو بیرو بۆچوونانەی جزمی دنیای سامی ڕایگەیاند کە: هەموو ئینسانەکان بە ماڤی وەک یەک و مساوی پێ لە دنیا دەنێن،لە بەر ئەمە ناتوانین بۆ کەسانێک بە ناوی پێغەمبەر چاکتری و لە سەرتری بوون قائل بین. ئەو موجزانەی کە بە پێامبەران پەیوەند دەدن یان جعل و فریوون یان پەروەردی خەیاڵ، جۆراوجۆری ئەم مەزەبانە بۆ خۆی قسەکەری دژایەتی لەگەڵ ڕاستییە، کە لوژێنەن دەبێ بۆ سەرجەمیان وەک یەک بی.ئەم مەزەبانە تەنیا دەتوانن شەڕبخولقێنن و لایانگرانی خۆیان لە خوێن بگەوزێنن. کاتێک داوادەکرێ قەومێکی دیاریکراو لە لایان خودا مەعموریەتی پێدراوە هەتا ڕاستی بە شمشیر بە خولقینەرانی وی، قبوڵ بکات،هەم بە خوداوەند،هەم بە ئینسانەکان و هەم بەڕاستی درۆ دەگوترێ، چونکە ئەمە کاری خودایە،خودا بۆ خۆی دەشێ ئەمە بە بێ شمشیرکێشان ئەنجام بدات.
ئەمجارە هەرئەو ناسرخوسرەو،کەبەهۆی بیروبۆچۆن وئاقیدەی ئیسماعیلی خۆی خاوەنی ئەوقسانەی هێرش کردبووسەر وئەوی بە"ملحد" ناو برد بوو،بۆ خۆی وەک ئێرانیکی خاوەن هزر،ڕوو لە قاپی ئەوخوایەی دەکات و دەڵێت:

خدایا راست گویم،فتنەازتوست

ولی از ترس نتوانم چغیدن
سخن بسیار،اما جرئتم نیست
نفس از بیم نتوانم کشیدن
اگراصرار آرم ترسم از آن
که غیظ آری ونتوانم جهیدن
اگرمیخواستی کاینها نپرسم
مرا بایست حیوان آفریدن
اگر نیکم اگربدخلقت ازتواست
خلیقی خوب بایست آوریدن
تو دراجرای طاعت وعدەدادی
بهشت ازمزد طاعت آفریدن
ولی این مزدطاعت باشفاعت
چەمنت ها زتو باید کشیدن !
اگر خود دادەی در ملک جایم
نباید بر من آزارت رسیدن
بەکس چیزی کەنسپردی،چەخواهی؟
حساب اندرطلب باید کشیدن
اگرصدبار درکوره گدازی
همانم باز وقت باز دیدن
توگرخلقت نمودی بهرطاعت،
چرابایست شیطان آفریدن؟
بەما اصرارداری در ره راست
بەاو درپیچ وتاب ڕه بریدن
بەمافرمام دهی اندرعبادت
بەشیطان دررگ وجان ها دویدن
اگرمطلب بەدوزخ بردن مااست
تعدز چند بایست آوریدن؟
بفرما تاسوی دوزخ برندم،
چەمصرف دارد این گفت وشنیدن؟
اگر برنیک وبد قدرت ندادی
چرا برنیک و بد باید رسیدن ؟
توکه ریکی بەکفش خود نداری،
چرا بایست شیطان آفریدن؟

لە سەردەمی خودی ئێمە،نێهرۆ،بناخەدانەری سیاسی هیندی نوێ،لەکتێبی مەشهوری دۆزینەوەی هندوستان کەلە ساڵەکانی زیندان بە ناوی(نامەکانی بەکێژەکەی) نووسی: بە دوای سەرکەوتنەکانی نیزامی عەڕەب لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باشووری ئەفریقا،دانیشتونی ئەوشوێنانە زوربەی پێناسی نەتەوەیی خۆیان یانی زوان و ناسنامەی خۆیان لە دەست دا،وەک سوورییە و دووچۆمان(بین النهرین) و میسر بە تەواوی لە فەرهەنگی عەرەب دا توانەوە،و ئەمرۆش ئەوان هەرچەند لە نەزەرسیاسی لە یەکترجیان،بەلام بە وڵاتانی عەرب بە حیساب دێن. ئێرانیش وەکوو ئەوان بە دەستی عارەب داگیرکرا،بەلام هێرش بەران ئەو کەڕەت نەیانتوانی خەڵکی وێ وەکوو سورییە و ئیراق و میسر لە خۆیاندا بتوینەوە،چونکە ڕەچەڵەی ئێرانێک کە لە لکی کۆن و بەهیزی ئارییایی بوو. و لەگەڵ ڕەچەڵەی عەرب تەوفیری زۆربوو. زبانی ئیرانیەکانیش زبانی ئاریایی بوو. بەم هۆیەوە هاورەچەڵەکان لە یەکترچیا مانەوە،هەروا زبانەکانیشیان تیکەڵ یەکترنەبوون. و ئێران بە ڕەنگی عەڕەبی دەرنەهات و لە کۆمەڵگای عەڕەبیش نەتواوە،چونکە لە بناخەدا بۆ چوون و هزروفکری و فەلسەفی ئەم دووە لە گەڵ یەکدی دژایەتیان هەبوو،وهەتا لەو شیوە ئیسلامەی کە لە ئیران دامەزراندرا،ئەم جیاوازیە وەکوو خۆی ماوە. ئەگەرهەموو ئەوانە بۆ تۆ،کیژم، دەگێڕمەوە،بۆ ئەمە نییە کە بارێکی قورستر لە سەرحافیزەی تۆ دابنێم،بەلکوو بۆ ئەمەیە کەتێبگەی چلۆن پێناسی

فەرهەنگی ئەم جینارانەی هەزاران ساڵەی ئێمە، بە پێچەوانەی گۆڕانکاری گرنگی مێژوویی هەروا بەردەوامی خۆی پاراستووە).

دنیای شەش میلیارد کەسی ئێمە ئەمڕۆ بریتی لە191وڵاتی مەزن وگچکەیە، کە نزیکەی نێوەی لە هەموو وڵاتانی مەسیحی ونیوی دیکەی وڵاتانی مسڵمانن. پێشکەوتووترینی وڵاتی ئەمڕۆی سەرگۆی زەوی،بە یەکێک یان دوو وڵاتی بژاردە، سەرجەمیان بە بەشی خاچ پەرستان دالقین،و دێموکراسییەکانی ئەم دنیایەش،دیسان لەگەڵ چەند جیاوازی بە قەرا پەنجەی دەست،هەموویان ئەندامانی بەشی مەسیحین. لە مەڕ بەرهەم و دەرئامەدی سەرانەی سالانە،سەروو نشینانی ئەم پێرستە لەو 191ولاتە،جیا لەولاتی ژاپن وچەندشێخ نشینی عارەب کە لە بەرهەمی باهێنراوی نەوتی کەلک وەردەگرن،هی دنیای مەسیحین. لەبەستینی علم وزانیاریش، سەرجەمی پێشکەوتوەکانی دەگمەنی عیلمی سەردەمی نوێ بەو بەشە لە دنیای پاوانخواز،پەیوەندیان هەیە. لە پینچ سەت ساڵی کەلە تەمەنی خەلاتی نێونەتەوەیی"نۆبل" تیپەڕدەبێ،نزیکەی هەموو خەڵاتەکانی پەیوەنداربە لێزگەکانی فیزیک وشیمی و فیزیولوژی و دکتوری و ئابووری بە لێکۆلێنەوەرانی ئوڕوپایی و ئەمریکایی دراون. لە پێرستی داهێنانی ثبت کراوی سەت سالە.هەتا یەکدانەداهێنانی بنەڕەتی لەلایان ولاتانی ناخاچ پەرست جگەلەژاپن نەکراوە. لەبەستێنی پەروردەوفیرکردن،زاناترین کۆمەڵگای دنیای ئێمەی لەم بەشەی مەسیحی وی دەکرێ بدۆزیەوە،هەر وەک بەرزترین ژمارەی چاپی کتیبەکان و ڕۆژنامەکان دیسان جگە لە ژاپون،هەر لەو بەشە لە دنیا دەتوانی بە دەست بێنێ.

سەرجەمی ئەم 92 وڵاتەی مەسیحی دنیای ئێمە،بێ بژاردە،وڵاتانێکن کە لەواندا سیاسەت لە مەزەب جیا کراوەتەوە، وکلیسا جگە لە وەی کە پەیوەندی بە کلیسا وەهەیە ئیجازەی خۆتێهەڵقوتانی تێدا نییە. لە هیچ کام لەو وڵاتانە،نە کەشیشیک لە سەرکورسی سەرکۆماری دانیشتووە،نە لە سەرکورسی سەرۆک وەزیران یان پەرلەمان یان بەرپرسی قوەی قەزائیە. سروشتییە سەرۆک کەشیشیش لەواندا بوونی نییە کە هەموو ئەو کەشیشانەی دەستی دووەم لە حوزەی فەرماندەری موتڵەقەی خۆی هەبێت و بتوانێ بە سانایی ئاوخواردنەوە، جێگۆڕیان پێبکات.

لەبەرامبەری ئەوبەشی دوومیلیارد کەسی،بەشێکی زیدە لەمیلیارد کەسی دیکە قەراری گرتووە کە بەشی مسڵمانی دنیای ئیمەیە،ئەم بەشە لە حالێ حازردا بریتی لە: 54 وڵاتی گەورەو گچکەیە،کە نەک تەنیا لە مەڕ بەرفرەوانی خەک،کەمتر لە دنیای مەسیحی نییە،بەڵکوو لە نەزەر سامانەکانی ژیرزەوی،بە تایبەت سەرینچاوی نەوتی،لە یەکێک لە گەورەترین بەستێنی دنیا قەراریان گرتووە. هەموو ئەوانەش لە میراتی مەدەدنی و فەرهەنگی گرانی کەلک وەرگرن،لەگەڵ ئەوو هەمووش،سەرجەمی ئەو سوڵتان نشین و کۆماریی و شیخ نشینەکان،وڵاتانی دنیای سێهەمن کە نە لە دنیای پێشکەوتووی عیلم و سەنعەت و تەکنولوژی ئەمڕۆ شوێنیان هەیە،ونە لە لانیکەمی پەروردەو فیرکردن و لەش ساخی بەرهەم وەرگرن و نە لە هاوکێشی تیکبەزین و تیکچڕژان وهاووزنی سیاسی و ئابووری دنیا بەحیساب دێن. خەڵکانێک کە لە سەردەمی داهێنەری شوێنەواری بەرزی گشت لێزگەکان علیمی ئینسانی بوون،هەنۆکە لە ناو یەک میلیاردکەس ئاپۆرەی خۆیان نە هیزی داهینانێکی بەراستی عیلمیان هەیە،نە توانایی داهینانیکی نویی بەراستی پێشەیی یان لێکۆلێنەوەیی. ئەگەر یەکێک لەوان بە هۆی ئارامانی بەرزی خۆیان وەک لاوانی فەلەستینی بە پێشوازی مردن دەچن،هەتا ئەوچەکەی ئەون، بۆمبێکە، کە بەعیلم ودانیشی ئیدیکە داهینراوەو سازدراون،وگوللەکانی کە لە تەکنۆلوژی ئیدیکە بەوان فرۆشراون. بەم باسکردنە ئەمە دنیایەکە، کە دەستی تیوەردەدەن،سەنگەسار دەکەن،ژنان بۆ ناو چادرەکانی ڕەش دەنیرن،داری حەد لێدەن لە سیدارە دەدەن،هەڵداوەسن،و بە دەم پێداهێنانی مەزنترین شوێنی ڕووتیکەری قەزایی یەکیک لەو وڵاتانەی وی،بە حەفتا میلیون دانیشتوو،یەک میلیون کەسی لە زیندانەکان ژیان تێپەڕدەکەن.

تازە لە نێوە خۆی ئەم دنیای نەخۆشە،54 وڵاتی،تەنیا وڵاتێک نەخۆشتروبەهەنگدارتر لە هەمووان بوونی هەیە، کە دەویدا،بە شیوەی تایبەتدار بە خۆی لە سەرجەمی 191 وڵاتی دنیا،لە سەروو هەتا خوارەوە،و لە سەرەتا هەتا ئەنجام، شۆڵەکانی وی لە بەردەست و ئیختیاری بێئەم لاو ئەولای موتڵەقی مەندیل بە سەرانی فەقاهەتی قەراری گرتووە، کە بۆیان لە خودا و ئیسلام و قورئان، و هەم یاسا و قانوون و حقوقی بەشەرو عیلم و پیشە و ئابووری و فەرهەنگ و پێناسی نەتەوەیی،لەم فرومولەی تاک وتەنیا خولاسەوکورت کراوەتەوە،کە ئاخوند هەتا کاتی زاهیربوون و سەرهەڵدانی حەزرەتی مێهدی(صاحب الزمان)لە سەرئەم سفرە پانکراوەیە بە چوارمێرەکەی بمێننەوە.

چاخێک کە قسە لە مەزەب دێتەگۆڕ،زەرورییە و دەبی ئەم ڕاستتیە لە بەرچاو بگیرێ کە هیچ مەزەبێک بۆ مەلائیکە یان بۆ ئەجنەو ڕەوکی سەرهەرد، یان ماسی ناو دەریا و بالندەکانی هەوا پێکنەهاتووەو،بێگومان بۆ ئینسان داهینراوە و پێوستە لەگەڵ یاساکانی هەڵەولاڕێبوون قەبووڵنەکەری ژیانی ئەم ئینسانانە سازگاربێت،و گرینگترینی ئەم قانوونانە،قانوونی گۆڕانکاری و کامڵ بوونە،چونکە ئەگەر یاسایەک لەکاردا نەبوایە،مرۆڤی هەزارەی سێهەم ئێستاش لە سەردەمی مەفرغ و ئاسن دەمایەوە، ولەگەڵ مەزەبیش هەروا خوداکانی خۆی لە چێوو کەورو  تۆفان دەدۆزیەوە و یان لە باشترین وێنە،خەیالاتی سەردەمی چێرۆکی خۆی پاراستبوو. سەرهەڵدانی ئایینەکانی یەکپەرستی،بۆ خۆی دەربڕێنی ئەم ڕاستییەیە کە خودی خودا،بەر لە ئیدیکە لە مەڕ دەباوەش گرتنی ئەم قانوونەی گۆڕان وگۆڕانکاری یەکپەرستی خۆی واژۆکردوە،چونکە پێچەوانەکەی،لە دوایی پێ ڕاگەیاندنی یاساکانی(خۆڕەنگ و ئەبەدی ونەگۆڕ)ئەو بە وەسیلەی یەکەمین پەیامبەر،ئیدی هۆکارێکی بۆ ناردنی پێغەمبەرانی دیکە بۆ پێڕاگەیاندنی یاساکانیدیکە، لە لایان وی نەدەبوو. ئەگەر پێغەمبەرانی ئەوها ناردراون و ئاییینی دیکەیان هێناوەن،مانای روونی وی ئەمەیە، کە ئەوهەی پێغەمبەرانی بەرێ هێناویانە (نە ئەبەدی، و نە خۆڕەنگ و نە نەگوڕ) بووە.

لە یەکەمین ئایینی یەکپەرستی،خودا گرینگایەتییەکی ئەوهای بۆ خەتەنەی منالانی یەهود دادەنێ کەلەبەرابنەر قبوڵ کردنی ئەم سوننەتە بەوەسیلەی ئیبراهیم،بەقەومی وی لەقەبی(مللەتی هەڵبژاردە) دەدات و شەشدانگی هەرد بەسەخاوتمەندییەوە بەو قەومی دەبەخشێ وبۆوەی کەکەم وکوڕیەکی شوێن بۆئەو قەومەی نەێتەپێش،بەوان ئیجازەدەدا کەدانیشتوانی نایەهودی ئەو سەرزەمینانەی خەلات کراو بەتەواویی وەبەردۆخی شمشیربدەن،هەتا لەسەرداوای ئەوان ئەوهێندە ڕۆژ لەئاسمان دەگەنخێنێ هەتاکاری کوشتاری فەلستینیەکان بەتەواوی بەکۆتایی بگات. لەگەڵ ئەوهەمووش خوداوەند بەپێغەمبەری اولوالعزمی دوایی، کەئەویش لەناو قەومی یەهود هەلبژاردراوە،ئیجازەدەدات کەئەوسوننەتی خەتەنەی لەڕیشەوە بەبێهودوحیساب بکات،وسەتان میلیون مەسیحی دواڕۆژی دنیا،بێ خەتەنە بۆبەهەشتیان بنێرێت. ودیسان ئەوخودایەی تاق وتەنیا شەشسەت ساڵ دوایی،ملکەچانی سێهەمین ئایینی یەکپەرستی خۆی جارێکی دیکە بەخەتەنە بوون بۆگەرەنتی ودەستەبەری ڕیگا دۆزنەوەیان بۆبەهەشت بانگهێشتن دەکات.

ئەو ڕەگەی خوارەپێچە،لە تخمینی ویکچو،لە پەیوەندی لەگەڵ یاساکان پەیوەندار بە حەلاڵ وحەڕامی خواردەمەنییەکان دەتوانین بدۆزینەوە،یانی دەشێین ببینین کە دەستوراتی تیکهالاوی یەکەمین ئایینی یەکپەرستی کە لە دوو هەزارساڵ پێش لە وی بە شیوەیەکی بەردەوام لە سەرشانی(قەومی هەلبژاردە) قورسایی کردبوو،لە لایان پێغەمبەری اولو العزم ئایینی مەسیحیەت لە بن و ڕیشەوە باتڵ ناسراوە،بەڵام ئەو کەڕەتیش،بەشێکی بەر چاوو زۆر لەم دەستوورات،جارێکی دیکە بۆ سێهەمین ئایینی یەکپەرستی گەڕاندراوەتەوە.

بەشکردنی حەلاڵەکان و حەرامەکانی دیکە لەم سێ ئایینەی کە بە شەریکی لە لایان خودای یەکپەرست داهینراون و لە پێغەمبەریک بە ناوی ئیبراهیم ڕیشە وەردەگرن،لەم ڕەگەی نوێکردنەوە دوور نەماوەتەوە: لە دوو ئایین لەم ئایینانەی سێ سوچکلە،شەڕاب خواردنەوە ئیجازەی دراوە و لە سێهەمی یاساخ کراوە. لە دوو ئایین موسیقی قبوڵ کراوە و لە ئەویدیکە مەنع و بەربەست کراوە. لە دوو ئایین چەند ژن بۆ پیاوەک شەرعیەتی پێدراوە و لە سێهەمی ناشەرعی ناسراوە. بە پێچەوانەی هەموو ئەوانە،دنیای ئیسلام هەرسێ ئایینی بە ئایینی یەکپەرستی دەناسێ،و پێغەمبەرانیان بە پێغەمبەرانی اولوالعزم، و کتێبەکانیان بە کتێبی ئاسمانی،و لە خودی قورئانیش بە ڕاشکاوی لاق لە سەرئەمە دەقرسێنێ کە (ئەمەی بۆ تۆ ناردراوە، بۆ پێغەمبەرانی بەر لە تۆش ناردراوە،لە لای ئێمە هیچکام لە پێغەمبەران تەوفیریان نییە) (بقەرە،136و285،-ئاڵ عمران،83).

گەلێک لە یاسای لەش ساخی ئەو دینە، بە نوورەی خۆی هەلی ئەوەیان کە لە عادەت کۆمەڵگای بەشەری ئەمڕۆکە، قانوونی نەگۆڕو ئەبدی ئاسمانی بە حیساب بێن بۆ نەڕەخساوە.  بۆ نموونە لە دنیایەکدا، کە نزیکەی هەموو ماڵەکانی بەشی پێشکەوتوو، ئاوی لوولەکەشی پاکژیان هەیە،لە ماباقی ولاتانی دیکەش زوو یان درەنگ ئەوها دەبێت،یاسایەک لەمجۆرە،کە بەپێی شەرع ئاوێک دەتوانێ دستەبەری پاکژ بونەوەی پیسایی وگڵاویی و مرداری بێ،

ئاوی "کر"یانی ئاویک کە لەقولکەکیدا، کە درێژایی و پانایی و قوڵایی وی سی بست و نیو بێت بگنجێ،یان قاپیک کە350 لێترئاو دەخۆیداجێکاتەوە، بەسەرنجدان بەمە کە کمبوونی تەنیا چەند مثقال خاسییەتی پاکژی بۆونی ئەو ئاوە لە بەین هەڵدەگرێ،بەڵام ئەگەر سەگێک لە ئاوەکەدا، بەو ڕادە بمیزێ  کە ئەم کەموکوڕییە لە ناو بچێت،خاسییەتی پاکژ بوونی بۆ دەگەڕێنێتەوە. دەجا یاسایەکی ئەوها ئەگەر بتوانێ بۆ حجت الاسلامان حەوزەی عیلمییەی قوم و ئیماندارانی لایانگریان نەگۆڕ و لاتەغییرو ئاسمانی بە حیساب بێت،بە چەتوونی دەتوانێ بە خەڵکان،هەتا ئەگەرموسڵمانی دە کەڕوهێڕیش بن،بە حەسڵ خۆی ئیقناع بکات.

ئەو قانوونانەی وەک بەردە باران (سەنگەسار) و بڕین و پەڕاندنی قامکەکان و داری حەدو قەمچی لێدان و قەساس و خوینبایی (دیە)- جوینباییەک کە تەنیا هەلسەنگانی بە وشتری نێر یان مێ،جوان یان پێر کراوە- یەکیک لەو قانوونانەیە کە لە دنیای ئەمڕۆ کەس قبولی نییە،بەم بەڵگە ساکارە کە فەرهەنگی بەشەری بەتێپەڕ بوونی زەمان،یاسای لۆژینەتر ولەعەینی حاڵدا عادلانەتری لە شوێنی ئەوان داناوە. بەمجۆرە یاساکانی ئاخوندسازکەر کە لە سەربناخە و بنەڕەتی ئەوان ئینسانەکانی ناموسڵمان،هەتا"پاستۆرەکان و کوخەکان ومادام کوریەکان وفلمینگەکان،لە بیروبۆچوون ونهمبەندی پیسی لە ڕیزی گڵاو مردارو بول وغایظ و ئارەقی وشتر پیسخۆر هەڵدەسەنگێن،لە چاوگە ولێڕاونینی ئینسانی پێشکەوتوو ئەمڕۆی بەقانوونی دە ناقبولکەر حیسابیان بۆدەکرێ، هەتا ئەگەرلە(توضیح المسائلی گشتی (مجتهیدان جامع الشرایط)ئەو ئاخوندەی کە لە عیلم و ئەحکامی شەرع بە دەرجەی لێکۆڵەردەگەن، بە قانوونێکی نەگۆڕ و بێ گوڕانکاری مەزەبی، پیناسە بکرێن.
لە بیرمان دەچێ کە ئەگەرعیبادەت لە باشترین ماناو مفهومی خۆی خزمەت بە خەڵک بێت و نەک بە(تەسبێح بەرماڵ و جینگوڕلە بەرکردن)،لەو حالێدا پیاوانی خوداناس ئەوانەن کە لە ڕێگای عیلم و زانیاری خۆیان ڕێگایان لە تاعون،وەبا، ئازارەباریکە، مالاڕیاکان، کە لە درێژایی سەدەکان، سەدەها میلیون قوربانی لە بەشەر ئەستاندوە بەستن،و سەتان میلیون لە ئینسانەکانیان لە نەخۆشی کوێری وکەڕی و ئیفلیچی لە نەخوشخانەکانی مەرگ هێنەری دڵ، ڕەزگارداوە، و سەتان میلیونی دیکەش لە ڕێگای آنتی بیەتیکەکان لە نەخۆشخانەکان گیانی سەلامەتیان وەدەست هیناوە، و بەمردنی ڕەبیت و نادە و (زوو ڕەس) نوختەی دوایین کۆتاییان داناوە،و ڕادەی مام ناوەندی تەمەنی ئینسانەکانی تەنیا لە چەند دەیەی چل و پەنجا ساڵ، بۆ حەفتاو هەشتا ساڵ، و یان زۆرتر بۆ سەرەوو بردوە، ئەوانەی کە بۆ شەش میلیارد خەلکی سەرگۆی زەوی کارەباو تەلەفون و ڕێگای ئاسن و ماشین وفڕۆکەو هێناوە،و بە داهێنانی پێشەیی چاپ هەتا ئەمڕۆ زێدە لە بیست میلیون کتێب بڵاوکردۆتەوە،ئەوانەی کە دەیان هەزار زانستگاو، نەخۆشخانەو بەندیخانەو هەتیوخانە لە سەرانسەری دنیا دورست کردوە،سەتان میلیون بێسیوادیان با سیوادکردوە، سەدان میلیونی دیکەیان لە ژێرچەتری هەیڤی سوور،(هەلال احمر)ەکان، دکتۆرانی بێ سنوور و هەزارانی بنکەی خیرات و حەسەنات گچکەو گەورەی دیکە دامەزراندووە،بیئەوەی لە دنیای زێدە لە یەک میلیون کەسی موسڵمانان لە چەندین سەدە هەتا هەنۆکە بەشێکی لە هیچ کام لەو بەدەست هێنراوانەوداهینراوانەی بەرزو بە نرخ و پێشکەوتوویی شارستانیەتی و فەرهەنگی بەشەری هەبووبێت.

هەتا ئەو یاسایانەی کەلە هەرسێ کتێبی ئاسمانی بە یەکسانیان لەمەڕ ئەوان قۆڵ کێشاوەو دەم پێداهێناوە،لەوجێگایەی کەلەگەڵ ئەیارەو پێوانەی هەنۆکەی پێشکەوتووەکانی بەشەری ناعادلانە هەڵاوێردرێن،بە هیمەتی ئەوخەڵکەی کەبەڕادەی پێشاوو میزو پیسایی و مردارە ئارەقی وشتری پیسخۆر بە پیس ناسراوەن لە بەڕێوەچون ماوەتنەوە،لە ڕادەیەک هەتا مللەتێکی مەزن بەپێچەوانەی هەڵسەنگان وکێشانەکردنی توندوتیژی مەزەبی،بۆ باتڵ کردنی  ئەسلی زاڵمانەی کۆیلەتی ناوەخۆی وێرانکەرحازردەبێت،لە سالەکانی نزیکتر بە ئیمە فەرمانی وەک فەرمانی جێهانی مافی بەشەر،لە ڕاستیدا بەمە ڕاگەیاندراوە دەست پێدەکات کە: هەموو ئینسانێک بە ماڤی وەک یەک (مساوی) هەنگاو لە دنیا دەنێت و هیچ کەس ناتوانێ و نەشێ کۆیلەی زێڕکڕی کەسێکی دیکە بێت.

ئەوگوندارانەی مەزنی دین کە لە دنیای دەرگای گاڵەدراوی ئیسلام، ولە بەشی دیسان گاڵەدراوی( ویلایەتی فەقییە) ئەو،حەسل بوونی راستی مەزەبی خۆیان لەگەڵ(قانوونەکانی نەبزوتوو و نەگۆڕی ئەبەدی )سەنگەسارو داری حەدو شەلاق وپیسایی ومیزو بێنوێژی ژنان و خوێنی  زایمان(نفاس)پەیوەند دەدەن،لەگەڵ ئەو هەمووە زانیارەیە،بۆخۆیان لەو ڕاستییەی کە فەرهەنگی بەرزو بە نرخی ئێمە حەوت سەدە بەر، لە زوانی خودا ناسێکی مەزن،کە( ڕوو لە نەزان و جاهیلان دەکات، کە کڕنۆش بۆ مزگەوت دەبن) گوێبیس بووە. بیخەبەرماونەوە کە:

آن مجازاست این حقیقت، ای خران !
نیست مسجد جز درون سروران

مسجدی کاندر درون اولیاست
سجدەگاه آنجا است،چون آنجا خوداست!

ئەو دینەی کە لە دنیای بەشەری هەزارەی سێهەم دەبوایە لەگەڵ دانیش و زانیاری، پێ بەپێی بڕوا،و حەسڵیەتی خۆی لە جەلال وشکۆ وگوزارەیی(معنویت) ئەو پەیامە بدۆزێتەوە کە بۆ ئینسانەکانی هیناوە،و نەک لەو دەستوورانەی بێ بایەخ و بێ ناوەرۆکی میزوو پیسایی کە حەدیس سازکراوان، یان ئەو زانایانەی مەزنی برەوی دوکانداری خۆیان لە بارمتەی نەگۆڕی ئەوان وئاسمانی بوونیان قەرارداون،بە شیوەی هەوەڵ ناتوانن خودا ناسی لایانگرانی خۆیان لە بارمتەو داگیرانەوەی ئەوان بە بووت پەرستییەکانی ناپەسند و ناشیرین نوێ لە شوێنی بووت پەرستانی تخ لێکردوەی کۆن دابنێن،ئەزقەزا ئەمە هەر ئەو شۆڵە کە سالانی ساڵ لە لایان پسپۆرانی میزوپیسایی ئێمە لە هەوەل و پێشکەی بەرنامەکانی ئەو گوندارانەی(ئیسلامی نابی محەمەدی) دامەزراندراوە. ئەو بووتەی کە دورستیش دەکرێ،ئاخوندیکێ مەزنە کە هەتا ئێستا هیچ دەسەڵاتدارکی دیکەی لە هیچ یەک لە وڵاتانی دیکەی موسڵمانی هەنۆکەی دنیا، بە ڕادەو ئەندازەی وی بۆ موسڵمانانی وڵاتەکەی مردن و خوێن لەگەڵ خۆی بەدیاری نەهێناوە.

هەتا ئەگەرسەرجەم جینایات و بێئینسافی و بێبەزەیی بێڕوحمی و پەلاماردەری و فەسادی (نیزامی ئیلاهی)دورستکراوەی ئەو ئاخوندانە بە نەبین بگرین و پێ لێبخشینین،تەنیا ئەم ڕاستتیە کە ویستی وی،یانی(شەخسی خومەینی) وڵاتی ئێمەی لە شەڕی هەشت ساڵەی کولەمەرگی و خاپووری ووێرانکەری تووش کرد، کە لە دوایی سەرکەوتنی ساڵی یەکەم،ئیدی پیویست و زەروورییەتی بۆ بەردەوام بوونی وی نەبوو،لەگەڵ ئەمە کە ئەم شەڕە نزیکەی یەک میلیون قوربانی و نەقوستانی بۆ میللەتی ئێمە لەگەل خۆی بە دیاری هێنا و بەرهەمی جگە بە سەردا سەپاندنی ئاگربەسێکی ملکەچانە بۆ(سەربازانی ئیمامزمان) و فڕکردنی جامی ژەهر بە دەستی جێگری ئەو ئیمامی بەدیاری نەهێنا، دەجا پێویست بوو کە ئەوی بە هۆی بەرپرسایەتی ئەوهەموو خوێن ڕژانە لە ڕێزی پێنوشەکان و میلوسویچەکان، بۆ مەحاکمە ڕەکێش بکەن. بەلام ئەوەی لە کۆماری(عەدالەتی ئیسلامی) ئێمە ڕوو دا،ئەمە بوو کە لە لایان بەشدارانی ئەو جنیایەتانە بۆ وی گومبەزیکی پاکژ(مرقدمطهر) کە 150جار بەرتەقای گومبەزی حەزرەتی پێغەمبەری ئیسلام دورست کرا،و زیارەتنامەیەکی بەتام و خویتر لە زیارەتنامەکانی سەرجەم ئیمامانی شێعە سازدرا، و لە پرسەو سەرخۆشی مەرگی وی یانی خومەینی،بە بێشەرمیەکی لە نەزەر مەزەبی کفرئاوی و لە مەڕ تێگەین و ئاوەزو شعووری ئینسانی ئیستیفراق هێنەر و لە چاوگەی پێناسی فەرهەنگی ئێمە ئێهانە و سخیفگوتن،لە لایان گوندارانی مەزنی دین ئەوها سازدران ودورست کران و بووتێک لە خاوەنی ئەم (مەرقەدەی موتەهەر) لەکێ بەرکیێ دانا، کە هەتا لە پاشکەوتووترین هۆزی ڕەش پێستانی ئەفریقایی یان خۆ جێیی ئوستەرالیایی نموویەکی بۆ وی نەشێیی بدۆزیەوە. رەنگە جێیخۆی بێ کەهەتا بەبایی درێژکردنەوەی بابەت،هیندیک نموونە لەبووت تراشییەکانی بێزان وجارزی نواندن و لێوەڕزبوون بگێڕمەوە هاتا مناڵاکانی ئێمە لەدوارۆژێکی نزیک یان دوور بزانن وتێبگەن کە میللەتی ئینبی سیناکان و خەیامەکان و مەولەویەکان، لە ئەوسالانەی کە عیلم و زانیاری بەشەری بەو پەڕی خۆی گەیبوو،چ جۆرە ئاخافتن لە زبانی داواکەرانی نوینەری خاوەن ئیختیاری خوداوند لە سەرهەرد گوییبیس دەبوو:

(ئەمڕۆ ئیمامی کۆچکەری ئێمە هەڵپەرکی مەلائیکەتانی بەحزوری خۆی پێکهێناوە. ئیمامێک کە پەپلەوپایەی وی دەبێ تەنیا لەناو لاپەرەکانی ئایەتەکانی قورئان بدۆزینەوە، چونکە بەر لەسەرهەڵدانی وی ئێمە قورئانمان هەبوو ونهج البلاغەشمان هەبوو،بەڵام لەڕاستیدا هیچ کاممان نەبوو.  ئەو هەرئەو ئیسمی ئەعزەم بوو کەدەرگاکانی گاڵەدراوی دەکردەوە،هەرئەورۆژی ڕۆش بوو کەگیانی وەبەرهەمووشت دەهێنا،وئەوعیسا بوو کەمردووی زیندوو دەکردەوە. ئەو بوو کەبە گۆچانی مووسای کەڕامەتی بەئینسانەکان بەخشی وتێیگەیندن کە بوون بە عەلی هەتا سنووری پاکی پێشوایانی بەرەوپێش چوون خەیال وئەفسانە نییە. خاوەنی بینین و وشیاری ئاگاداری گروپی نزیک لە خودایان لە نیوچاوانی نوورانی ئەو بیننی، و وشەی پاکی قورئانی کەریمیان لە تۆوک دوزیەوە کە ئەو چاندی.  ئەم مەرقەدەی کاژوخاوێنی وی،ئەم ماڵە شەریفەی وی،ئەم شوێنی ممبارکەی وی،ئەو حەوش وحەسار ماڵکی مەلکوتی ئەو،لەم ڕۆژە بەدوا سەرینچاوی نوور وحی هەمووموسڵمانان دونیا دەبێت)

((پڕنوورترین هەسارە لە سەردەمی حەزرەتی ئیمامی زەمان هەتا ئەمڕۆ کوژاوەتەوە، وهەڵبژاردەترین نووری ئیلاهی لە ڕووی هەرد بە ڕەحمەتی ئیلاهی لکاوە،بەمجۆرەی کە پێغەمبەری خودا بەڕەحمەتی ئیلاهی لکا بوو)) ئەمڕۆ

زەمان لەشوێنی خۆی ڕاوستاوە هەتا دنیا بەرپێی وی بەکڕنۆش وئیحتڕام ڕابوەستێ،وئاسمان بەخۆی شانازی دەکات کە میوانیکی ئەوهای بۆماڵ هاتووە))
((ئێستا هەموو مەئیکەلان بەحزووری ئیمامی ئێمە وەڕەوش کەوتوون وفرشتەکانی خودا بەبەسبیح گوتن لەدەورەی ئەویان کۆزیلەبەستووە،بۆخۆشی لەناو کۆری ئەنبیاوئەولیای مەزن دانیشتووە. گومبەزی ممبارەک وپاکژی وی لەمە بەدوا کابەی دوومەی موسڵمانانی دنیا وهاوڕیزی کابەی حەزرەتی ڕەسوڵ وپێشەوایانی دەبێت،ئێوە کە بەپێی خۆتان بۆزیارەتی ئەم گڵکۆیەی ممبارەک هاتوون،ئەگەرسەت سال چاوی خۆتان لەڕیگای خودا ببڕن، ئەوەندە بایەخی نییە کە ئەمڕۆ بەوچاوی خۆتان لە سەرئەومەرقەدە فرمێسک هەڵدەوەرێنن. چ گرینگایەتی هەیە کە دەست و قاچ و چاوی خۆتان لەشەر لەدەست دابیت،ئەوانە هەموو لەبەرامبەر سەعادەتی بوونتان لەم بارەگای موقەدەس بایەخی نییە)).
ئەمشەو هەموو پێغەمبەران وهەموو پێشەوایان وهەموو ئەولیایان هاتوون هەتا تۆزی مەرقەدی پاکژو ممبارەکی تۆ وەک تۆتیا لە چاوی خۆیان کەن و بەوکەلە چاوی خۆیان بڕیژن و هاواربکەن کە ئەتۆ بووی کە قورئانت لە هەندەران هێناوە و ئەتۆ بووی کە (حج)ت فیرکردین ، ئەمشەو هەموو هاتوون هەتا لە شوێنی پیرۆزی ڕاژەو ڕوتبەی تۆ سەرلە نوێ لەگەڵ تۆ بەیعەت بکەن))

(( لەدوایی تێپەڕینی چواردە سەدە لە دنیای ئیسلام،سەرلە نوێ خودا تاک وتەنیا ببوو، پیویست بوو کە پێغەمبەرێکی دیکە سەرهەڵدا(ظهوربکات) و ئینسانی سەرکێش و لغاو پساندراو،بۆ خودای خۆی بگەڕێنیتەوە، ئەوها بوو کە خومەینی بەگۆچانی موساو نەفەسی عیساو ڕێبەری محەمەد (ظهوری کرد) سەری هەڵدا.))
((پان و بەرینی و بەرفرەوانی گەورەیی و حەزەمەتی گیانی پاک و بی گەردی ئیمام خومەینی لە ڕاستایی دونیا ئەوندە پان بۆتەوە ودنیای تەنێوەتەوە،کە لە مێشک وهزوفکرو زینی بەشەری دا جیێی نابیتەوە. ئەوەی دنیایی وە جۆڵە دەخەست نفسی گەرمی ئەو بوو. خودا مەزن و باری تەعالا بۆ هەڵسوران لە سەردەمێکی سنووورداری مێژوویی و بزوتنەوەی قافلەو کاروانی گەورەی ئینسانیەت وجودی ممبارەکی حەزرەتی ئیمامی زاهیرکرد. سەردەمێکی نوێ لەپەیوەندی خەڵکی سەرگۆی زەوی وەدیهاتووە کەناوی سەردەمی خومەینی یە. لەمە بەدوا دنیا لەسەربنەڕەتی ڕێنوێنییەکانی ئەو ئیمامە دەجۆلیتەوە،چونکە سەردەمی نوێ دنیا دەبی بەدەورانی خومەینی ناوبەرن))
(( سەرجەمی ڕاپەڕێنەکان و شوڕشەکانی موسڵمانان ڕیشەی لەهزوفکری بەرزو بەبایەخی ئیمام خومەینی هەبووە. فەرهەنگی ئێمام ئێستا لەسەرجەمی دنیا ڕایاڵووپۆی تەنێوە. لەکۆی فیلۆسۆفان وفرەزانایان و خوداناسان وعارفانی ئیسلامی کە ئاوازەی ئەوینیان داوە،لەسەدەی هەنۆکەی ئێمە،ئێمام خومەینی یە،کەلیوی بەئاخافتنی شەکەرین کردوە))

((ئەی تالی تەلوی بێتاوان وقەت گوناح نەکردوو،ئەی بەرزترینی ئینسانەکان لەسەردەمی ون بوونی حەزرەتی مێهدی، ئەی دەلیل وبەلگەی ئایەی(ولقد کرمنابنی آدم)ئەتۆ بووی کەلە سەرەتای مێژووی هەژدیهای شەرک وکفرت لەهەرجل وبەرگیک سەرنخون کرد. ئەتۆبووی کە لەبیت المقدس بەبەرزایی خاچ رۆیشتی کەعیسایان لەسەلیب دا،ئەتووی کەسەرەتایی هەموو سەرەتایانی،ئەتۆی کەمەلائیکەی الله لە مەدح وتاریفی جەلالت ماندووشەکەت بوونە ولەبەرانبەری ڕازاندنەوەی گەورەییت نوێژی کرنوشیان کرد))

خەڵک نەیانزانی کە ئەتۆ رووحی خودا بووی و لە سەرهەرد متنزل بووی هەتا ئینسانەکان بتوانن ئەتۆ ببینن. کەڕامەتی تۆ ئەمە بوو کە خۆت لە بەرزایی کەهکەشانەکان تەواو هەتا نەهەمی ژێروە هێنایە خوار هەتا نەزانیش بتوانن لەگەڵ تۆ دانیشن و قسەبکەن وگوێبیسی فەرمایشەکانی تۆ بن... ئەتۆ نووری بێ شک و شبهەی حەزرەتی بارەی تەعالا لە سەر هەرد بووی. ئەتۆ قورئانێک بووی کە بە وێنەی ئینسان متنزل ببوە. ئەتۆ مانای( وجعلنا من الماء کلّ شیئی حی) بووی. خودا فەرمووی کە؛ (یسئلونک عن الروح،قل الروح من امر ربی))وتۆ هەمان ڕوحی خدا بووی کە بە هاتنت ئەم ڕاستییە مانای پەیدا کرد... ئەگەر بۆ "مەکە" بچی حەج شکۆ وەدەست دێنیٚ، و ئەگەر لە نیوەی ڕێگا بگەڕیەوە زەمینی "مەکە" شایەدی دەدا،کە ئەوساڵ حەج نەبوو،و هیچ کەسێک ئحیرامی نەبەست(یانی بە نیازی ناوحەرم فۆتەی حاجیان لە خۆ نەبەست) وحەجی نەکرد،وەک ئەوەی کە حەج لە شوێنی خۆی تەلاسابوو،ڕوویی و مهاجرەتی کرد))

ئەوقسەکفرانە ئەوئاخونانە گووتانە:

1-سیدعلی خامنەای،ولی فقیەجمهوری اسلامی،14ی خرداد 1368.

2-بيانيه مشترک رئيس جمهوری،رئيس مجلس شوورای اسلامی،رئيس هيئت دەولت ورئيس ديوان عالی کشور،14خرداد 1368.
3-بيانه هيئت وزيران جمهوری اسلامی، 14 خرداد .1368
4- سيدعلی خامنەای،درمراسم چهلمين روز درگذشت خمينی،22تير.1368
5-کيهان تهران،21خرداد .1368
6-موسوی اردبيلی رئيس ديوان عالی کشور.23 تير.1368
7-هاشمی رفسنجانی درجلسه فوق العاده مجلس شورای اسلامی،18 خرداد .1368
8-کروبی،رئيس مجلس شورای اسلامی،18خرداد .1368
9-اطلاعات، 14 خرداد 1369.

دەجا بۆ پێگەندن وکاملٚکردنی ئەم بووت پەرستييە،بيست ساڵ بەرێ بە گەنجەکانی کۆماری ئيسلامی ئێمەلە کتابی(( فەرهەنگی ئيسلامی و رێنوێنی دينی))ساڵ سێهەم و چوارەمی قوتابخانەکان فيرکراون کە: (( ئيمام کەسێکە کە خوداوەند ئەوی بۆ ويلايەت بە خەڵک هەڵبژاردوە و پێغەمبەر بە ئەمری خودا رێبەری و سەرپەرشتی ئۆمەتی ئيسلامی بە وی ئەسپاردوە، چونکە ئەويش وەکوو خودی پێغەمبەر گوناح ناکات و هەڵەی نييە،هەموو دانيش و زانياری و عيلمەکانی بە وی داوە و وەک پێغەمبەر رێبەريکی کاملٚ وبێ کەم وکوريە))

..ولە رستەی کەليماتی کورت ئەو ئيمامەی کە ئەوی دەبێت لە ناو لاپەڕی ئايەکانی قورئان بدۆزينەوە،و زەمان لە شوێنی خۆی ڕادەوەسێ هەتا لە پێش لاقی ئەو ڕاوەستێت،و مەلائيکە بە زکرو مناجات لە دەوری وی کۆزيلە دەبەستن و ئەنبيا و ئەولياء و پێغەمبەرانی ڕابردوو تۆزی گڵکۆی پاکژو خاوێنی وەک تۆتيا دەچاو خۆيان دەرێژن،و خوداوەند سوپاسی ئەو دەکات کە ئەوی بۆ سەر شوێنی خودايخۆی گەڕانۆتەوە، و سەرەتای هەموو سەرەتايانە کە مەلائيکە لە بەرامبەری عەزەمەتی وی نوێژ دابەستووە،و خەڵک نەيانزانيوە کە ئەو روحی خودا بوو کە بۆ سەرهەرد هاتبوو،هەتا ئينسانەکان بدينێ، و قورئانێک بوو کە بەوێنەی ئينسان هاتبووخوار، مانای ئەمەيە کە: (( پێغەمبەر بۆ ئەمە دێت کە شەڕ بکات و خەڵک بکوژێ. قورئانيش دەڵێت بکوژن و لێدن، زيندانی بکەن. ئەوانەی کە دەڵێن ئيسلام نابێ ئينسان بکوژێت،ئينسانی کەڵلەپوک و نەزانن و نەفامن و لە مانای ئيسلام نەگەيون. رۆژی خودای رۆژێکە کە خودای تەبارەک و تەعالا بۆ تەمبێێ ميللەتەکان بوومەلەرزە دەنێرێ،لێمشت دەنێرێ، طۆفان دەنێرێ،شەلاق لە خەلک دەدات کە بفامن و ببن بە ئينسان. يوم اللە ڕۆژێکە کە ئەميرالمومينين سەلامی خوای لێبێ شمشيردەکێشێ و700کەس لە خوارج يەک بە دوای يەکدا سەردەبرێت. ڕۆژێکە کە ڕەسوالله يان جێگری وی فەرمان دەدات کە فلان تايفەو هۆز لە ناو بەرن،يان فلان ماڵ ئاگرتێبەردن و بسوتێنن. ئێوە ئاغايانی (علما)بۆچ ئاياتی رەحمەت لە قورئاندا دەخوينەوە و ئاياتی قتاڵ ناخوێننەوە؟ بۆچ لايانێک دەگرن کە بە ئيستلاحی خوتان رەحمەتە؟ ئەمکارە دژای فەرمايشی خودايە،لەو ڕەحمەتانەی کە جاروبار بۆ خوتان دەيکەن دەست هەڵگرن))

## ئيسلام ئەوجۆرەی کە ئەمن تێيدەگەم(1)

چاخێک کە قسە لە مەزەب دێتەگۆڕ،زەروريیە و دەبی ئەم ڕاستتيە لە بەرچاو بگيرێ کە هيچ مەزەبێک بۆ مەلائيکە يان بۆ ئەجنەو ڕەوکی سەرهەرد، يان ماسی ناو دەريا و باڵندەکانی هەوا پێکنەهاتووەو،بێگومان بۆ ئينسان داهينراوە و پێوستە لەگەڵ ياساکانی تاوان قەبووڵنەکەری ژيانی ئەم ئينسانانە سازگاربێت،و گرينگترينی ئەم قانوونانە،قانوونی گۆڕانکاری و کامڵ بوونە،چونکە ئەگەر ياسايەک لەکاردا نەبوايە،مرۆڤی هەزارەی سێهەم ئێستاش لە سەردەمی مەفرەق و ئاسن دەمايەوە، و لەگەڵ مەزەبيش هەروا خوداکانی خۆی لە چێوو کەورو تۆفان دەدۆزيەوە و يان لە باشترين وێنە،خەيالاتی سەردەمی چێرۆکی خۆی پاراستبوو. سەرهەڵدانی ئايينەکانی يەکپەرستی،بۆ خۆی دەربڕێنی ئەم ڕاستييەيە کە خودی خودا،بەر لە ئيديکە لە مەڕ دەباوەش گرتنی ئەم قانوونەی گۆڕان وگۆڕانکاری يەکپەرستی خۆی واژۆکردوە،چونکە پێچەوانەکەی،لە دوايی پێ ڕاگەياندنی ياساکانی(خۆرەنگ و ئەبەدی ونەگۆڕ)ئەو بە وەسيلەی يەکەمين پەيامبەر،ئيدی هۆکارێکی بۆ ناردنی پێغەمبەرانی ديکە بۆ پێراگەياندنی ياساکانيديکە، لە

لایان وی نەدەبوو. ئەگەر پێغەمبەرانی ئەوها ناردراون و ئاییینی دیکەیان هێناوەن،مانای ڕوونی وی ئەمەیە، کە ئەوهەی پێغەمبەرانی بەرێ هێناویانە (نە ئەبەدی، و نە خۆڕەنگ و نە نەگوڕ) بووە.

لە یەکەمین ئایینی یەکپەرستی،خودا گرینگایەتییەکی ئەوهای بۆ سوننەت(ختنە)ی منالانی یەهود دادەنێ کە لە بەرابنەر قبوڵ کردنی ئەم سوننەتە، بە وەسیلەی ئیبراهیم،بە قەومی وی لەقەبی (میللەتی هەڵبژاردە) دەدات و شەشدانگی هەرد بە سەخاوتمەندییەوە، بە قەومی وی دەبەخشێ، و بۆ ئەوەی کەمبونی جێگا بۆ ئەو قەومەی نەێتەپێش،بەوان ئیجازەدەدا کە دانیشتوانی نا "یەهودی" ئەو سەرزەمینی خەلات کراو، بە تەواویی وەبەردۆخی شمشیربدەن،هەتا لە سەرداوای ئەوان ئەوهێندە ڕۆژ لە ئاسمان دەگەنخێنێ هەتاکاری کوشتاری فەلەستینیەکان بەتەواوی بەکۆتایی بگات. لەگەڵ ئەوهەمووش خوداوەند بەپێغەمبەری اولوالعزمی دوایی، کە ئەویش لە ناو قەومی یەهود هەلبژاردراوە،ئیجازە دەدات کە ئەو سوننەتی (ختنە) لە ڕیشەوە بە بێهودوحیساب بکات،و سەتان میلیون مەسیحی دوارۆژی دنیا،بێ (خەتەنە) بۆ بەهەشت بنێرێت. ودیسان ئەو خودایەی تاق وتەنیا شەشسەت ساڵ دوایی،ملکەچانی سێهەمین ئایینی یەکپەرستی خۆی جارێکی دیکە بە (خەتەنە) بوون بۆ گەرەنتی ودەستەبەری ڕێگا دۆزینەوەیان بۆ بەهەشت بانگهێشتن دەکات.

ئەو ڕەگەی خوارەپێچە،لە تخمینی ویکچو،لە پەیوەندی لەگەڵ یاساکان پەیوەندار بە حەلاڵ و حەڕامی خواردەمەنییەکان دەتوانین بدۆزینەوە،یانی دەشێین ببینین کە دەستوراتی تیکهالاوی یەکەمین ئایینی یەکپەرستی کە لە دوو هەزارساڵ پێش لە وی بە شیوەیەکی بەردەوام لە سەرشانی(قەومی هەلبژاردە) قورسایی کردبوو،لە لایان پێغەمبەری اولو العزم ئایینی مەسیحیەت لە بن و ڕیشەوە باتڵ ناسراوە،بەڵام ئەو کەڕەتیش،بەشێکی بەر چاوو زۆر لەم دەستوورات،جارێکی دیکە بۆ سێهەمین ئایینی یەکپەرستی گەڕاندراوەتەوە.

بەشکردنی حەلاڵەکان و حەرامەکانی دیکە لەم سێ ئایینەی کە بە شەریکی لە لایان خودای یەکپەرست داهینراون و لە پێغەمبەریک بە ناوی ئیبراهیم ریشە وەردەگرن،لەم ڕەگەی نوێکردنەوە دوور نەماوەتەوە: لە دوو ئایین لەم ئایینانەی سێ سوچکڵە،شەڕاب خواردنەوە ئیجازەی دراوە و لە سێهەمی یاساخ کراوە. لە دوو ئایین موسیقی قبوڵ کراوە و لە ئەویدیکە مەنع و بەربەست کراوە. لە دوو ئایین چەند ژن بۆ پیاوەک شەرعیەتی پێدراوە و لە سێهەمی ناشەرعی ناسراوە. بە پێچەوانەی هەموو ئەوانە،دنیای ئیسلام هەرسێ ئایینی بە ئایینی یەکپەرستی دەناسێ،و پێغەمبەرانیان بە پێغەمبەرانی اولوالعزم، و کتێبەکانیان بە کتێبی ئاسمانی،و لە خودی قورئانیش بە ڕاشکاوی لاق لە سەرئەمە دەقرسێنێ کە (ئەمەی بۆ تۆ ناردراوە، بۆ پێغەمبەرانی بەر لە تۆش ناردراوە،لە لای ئێمە هیچکام لە پێغەمبەران تەوفیریان نییە) (بقەرە،136و285،ئال عمران،83).

گەلێک لە یاسای لەش ساخی ئەو دینە، بە نوورەی خۆی هەلی ئەوەیان کە لە عادەت کۆمەڵگای بەشەری ئەمڕۆکە، قانوونی نەگۆڕو ئەبدی ئاسمانی بە حیساب بێن بۆ نەڕەخساوە. بۆ نموونە لە دنیایەکدا، کە نزیکەی هەموو ماڵەکانی بەشی پێشکەوتوو، ئاوی بۆڕیە(لوولەکەشی) پاکژیان هەیە،لە ماباقی ولاتانی دیکەش زوو یان درەنگ ئەوها دەبێت،یاسایەک لەمجۆرە،کە بەپێی شەرع ئاوێک دەتوانێ دستەبەری پاکژ بونەوەی پیسایی وگلاویی و مرداری بێ، ئاوی "کر"،یانی ئاویک کە لە قولکەیەکدا، کە درێژایی و پانایی و قولایی وی سێ بست و نیو بێت بگنجێ،یان قاپیک کە 350 لیترئاو دەخۆیداجێکاتەوە، بەسەرنجدان بەمە کە کەمبوونی تەنیا چەند مثقال خاسییەتی پاکژی بۆونی ئەو ئاوە لە بەین هەڵدەگرێ،بەڵام ئەگەر سەگێک لە ئاوەکەدا، بەو ڕادە بمیزێ کە ئەم کەموکوڕییە لە ناو بچێت،خاسییەتی پاکژ بوونی بۆ دەگەرێنێتەوە. دەجا یاسایەکی ئەوها ئەگەر بتوانێ بۆ حجت الاسلامان حەوزەی عیلمییەی قوم و ئیماندارو لایانگریانیان نەگۆڕ و لاتەغییرو ئاسمانی بە حیساب بێت،بە چەتوونی دەتوانێ بە خەڵکان،هەتا ئەگەرموسڵمانی دە کەڕو هێڕیش بن،بە حەسڵ خۆی ئیقناع بکات.

ئەو قانوونانەی وەک بەردە باران (سەنگەسار) و بڕین و پەڕاندنی قامکەکان و داری حەدو قەمچی لێدان و قەساس و خوینبایی (دیە)- خوینباییەک کە تەنیا هەڵسەنگانی بە وشتری نێر یان مێ،جوان یان پێر کراوە- یەکیک لەو قانوونانەیە کە لە دنیای ئەمڕۆ کەس قبولی نییە،بەم بەڵگە ساکارە کە فەرهەنگی بەشەری بە تێپەڕ بوونی زەمان،یاسای لۆژینەتر ولەعەینی حالڈا عادلانەتری لە شوێنی ئەوان داناوە. بەمجۆرە یاساکانی ئاخوندسازدەر، کە لە سەربناخە و بنەڕەتی ئەوان ئینسانەکانی ناموسڵمان،هەتا"پاستۆرەکان و کوخەکان ومادام کووریەکان و فلمینگەکان،لە بیروبۆچوون ونهمبەندی پیسی لە ڕیزی گلاو مردارو بول وغایظ و ئارەقی وشتر پیسخۆر

هەڵدەسەنگێن،لە چاوگە ولێڕاونینی ئینسانی پێشکەوتوو ئەمڕۆی بە قانوونی دە ناقبولکەر حیسابیان بۆدەکرێ، هەتا ئەگەرلە(توضیح المسائلی گشتی (مجتهیدان جامع الشرایط)ئەو ئاخوندەی کە لە عیلم و ئەحکامی شەرع بە دەرجەی لێکۆڵەردەگەن، بە قانوونێکی نەگۆڕ و بێ گوڕانکاری مەزەبی، پیناسە بکرێن.

لە بیرمان دەچێ کە ئەگەر عیبادەت لە باشترین ماناو مفهومی خۆی خزمەت بە خەڵک بێت و نەک بە(تەسبێح بەرماڵ و جینگوڕلە بەرکردن)،لەو حالێدا پیاوانی خودناس ئەوانەن کە لە ڕێگای عیلم و زانیاری خۆیان ڕێگایان لە تاعون،وەبا، ئازارەباریکە، مالاڕیاکان، کە لە درێژایی سەدەکان، سەدەها میلیون قوربانی لە بەشەر ئەستاندوە بەستن،و سەتان میلیون لە ئینسانەکانیان لە نەخۆشی کوێری وکەڕی و ئیفلیچی لە نەخوشخانەکانی مەرگ هێنەری دڵ، ڕەزگارداوە، و سەتان میلیونی دیکەش لە ڕێگای (آنتی بیوتیکە)کان لە نەخۆشخانەکان، گیانی سەلامەتیان وەدەست هیناوە، و بەمردنی ڕەبیت و نادە و (زوو ڕەس) نوختەی کۆتاییان داناوە،و ڕادەی مام ناوەندی تەمەنی ئینسانەکانی تەنیا لە چەند دەیەی چل و پەنجا ساڵ، بۆ حەفتاو هەشتا ساڵ، و یان زۆرتر بۆ سەرەوو بردوە، ئەوانەی کە بۆ شەش میلیارد خەڵکی سەرگۆی زەوی کارەباو تەلەفون و ڕێگای ئاسن و ماشین وفرۆکەو هێناوە،و بە داهێنانی پێشەیی چاپ هەتا ئەمرۆ زێدە لە بیست میلیون کتێب بڵاوکردۆتەوە،ئەوانەی کە دەیان هەزار زانستگاو، نەخۆشخانەو بەندیخانەو هەتیوخانەیان لە سەرانسەری دنیا دورست کردوە،سەتان میلیون بێسیوادیان با سیوادکردوە، سەدان میلیونی دیکەیان لە ژێرچەتری هەیڤی سوور،(هەلال احمر)ەکان، دکتۆرانی بێ سنوور و هەزارانی بنکەی خیرات و حەسەنات گچکەو گەورەی دیکە دامەزراندووە، بیئەوەی لە دنیای زێدە لە یەک میلیون کەسی موسڵمانان لە چەندین سەدە هەتا هەنۆکە بەشێکی لە هیچ کام لەو بەدەست هێنراوانەو، داهینراوانەی بەرزو بە نرخ و پێشکەوتوویی شارستانیەتی و فەرهەنگی بەشەری هەبووبێت.

هەتا ئەو یاسایانەی کە لە هەرسێ کتێبی ئاسمانی بە یەکسانیان لە مەڕ ئەوان قۆڵ کێشاوەو دەم پێداهێناوە،لەوجێگایەی کەلە ئەیارەو پێوانەی هەنۆکەی پێشکەوتووەکانی بەشەری ناعادلانە هەڵاوێردرێن،بە هیمەتی ئەوخەڵکەی کەبەڕادەی پێشاوو میزو پیسایی و مردارو ئارەقی وشتری پیسخۆر بە پیس ناسراوەن، لە بەرێوەچون ماوەتنەوە،لە ڕادەیەک هەتا میللەتێکی مەزن بەپێچەوانەی هەڵسەنگان وکێشانەکردنی توندوتیژی مەزەبی،بۆ باتڵ کردنی ئەسلی زاڵمانەی کۆیلەتی بەشەری ناوەخۆی وێرانکەر،حازردەبێت. لە سالەکانی نزیکتر بە ئیمە فەرمانی وەک فەرمانی جێهانی مافی بەشەر،لە ڕاستیدا ڕاگەیاندراوەکەی بەمە دەست پێدەکات کە: هەموو ئینسانێک بە ماڤی وەک یەک (مساوی) هەنگاو لە دنیا دەنێت و هیچ کەس ناتوانێ و نەشێ کۆیلەی زێڕکڕی کەسێکی دیکە بێت.

ئەوگوندارانەی مەزنی دین کە لە دنیای دەرگای گاڵەدراوی ئیسلام، ولە بەشی دیسان گاڵەدراوی( ویلایەتی فەقییە) ئەو،حەسل بوونی ڕاستی مەزەبی خۆیان لەگەڵ(قانوونەکانی نەبزوتوو و نەگۆڕی ئەبەدی )سەنگەسارو داری حەدو شەلاق وپیسایی ومیزو بێنوێژی ژنان و خوێنی زایمان(نفاس)پەیوەند دەدەن،لەگەڵ ئەو هەمووە زانیارەیە،بۆخۆیان لەو ڕاستییەی کە فەرهەنگی بەرزو بە نرخی ئێمە حەوت سەدە بەر، لە زوانی خودا ناسێکی مەزن،کە( ڕوو لە نەزان و جاهیلان دەکات، کە کڕنۆش بۆ مزگەوت دەبن) گوێبیس بووە. بیخەبەرماونەوە کە:

آن مجازاست این حقیقت، ای خران !<br>
نیست مسجد جز درون سروران<br>
مسجدی کاندر درون اولیاست<br>
سجدەگاه آنجا است،چون آنجا خوداست!

ئەو دینەی کە لە دنیای بەشەری هەزارەی سێهەم دەبوایە لەگەڵ دانیش و زانیاری، پێ بەپی بڕوا،و حەسڵیەتی خۆی لە جەلال وشکۆ وگوزارەیی(معنویت) ئەو پەیامە بدۆزێتەوە کە بۆ ئینسانەکانی هیناوە،و نەک لەو دەستوورانەی بێ بایەخ و بێ ناوەرۆکی میزوو پیسایی کە حەدیس سازکراوان، یان ئەو ئاخوندانەی مەزن کە برەوی دوکانداری خۆیان لە بارمتەی نەگۆڕی ئەوان وئاسمانی بوونیان قەراردراون،لەڕێگای هەوەڵی ناتوانێ خودا ناسێک لایانگرانی خۆی، لە بارمتەو داگرانەوەی ئەوان بە بووت پەرستییەکانی ناپەسندی نوێ لە شوێنی بووت پەرستانی

تخ لێکردوەی کۆن دابنێ،ئەزقەزا ئەمە هەر ئەو شۆڵەیە، کە سالآنی ساڵ لە لایان پسپۆرانی میزوپیسایی ئێمە، لە پێشکەی بەرنامەکانی ئەو گوندارانەی(ئیسلامی نابی محەمەدی) دامەزراندراوە. ئەو بووتی کە دورستیش دەکرێ،ئاخوندیکێ مەزنە کە هەتا ئێستا هیچ دەسەڵاتدارکی دیکەی لە هیچ یەک لە وڵاتانی دیکەی موسڵمانی هەنۆکەی دنیا، بە ڕادەو ئەندازەی وی بۆ موسڵمانانی وڵاتەکەی مردن و خوێن لەگەڵ خۆی بەدیاری نەهێناوە.

هەتا ئەگەرسەرجەم جینایات و بێئینسافی و بێبەزەیی بێڕوحمی و پەلاماردەری و فەسادی (نیزامی ئیلاهی)دورستکراوەی ئەو ئاخوندانە بە نەبین بگرین و پێ لێبخشینین،تەنیا ئەم ڕاستتیە کە ویستی وی،یانی(شەخسی خومەینی) وڵاتی ئێمەی لە شەڕی هەشت ساڵەی کوڵەمەرگی و خاپووری ووێرانکەری تووش کرد، کە لە دوایی سەرکەوتنی ساڵی یەکەم،ئیدی پیویست و زەرووریەتی بۆ بەردەوام بوونی وی نەبوو،لەگەڵ ئەمە کە ئەم شەڕە نزیکەی یەک میلیون قوربانی و نەقوستانی بۆ میللەتی ئێمە لەگەل خۆی بە دیاری هێنا و بەرهەمی جگە بە سەردا سەپاندنی ئاگربەسێکی ملکەچانە بۆ(سەربازانی ئیمامزمان) و فڕکردنی جامی ژەهر بە دەستی جێگری ئەو ئیمامی بەدیاری نەهێنا، دەجا پێویست بوو کە ئەوی بە هۆی بەرپرسایەتی ئەوهەموو خوێن ڕژانە لە ڕێزی پێنوشەکان و میلوسویچەکان، بۆ مەحاکمە ڕەکێش بکەن. بەلام ئەوەی لە کۆماری(عەدالەتی ئیسلامی) ئێمە ڕوو دا،ئەمە بوو کە لە لایان بەشدارانی ئەو جنیایەتانە بۆ وی گومبەزیکی پاکژ(مرقدمطهر) کە 150جار بەرتەقای گومبەزی حەزرەتی پێغەمبەری ئیسلام دورست کرا،و زیارەتنامەیەکی بەتام و خوێتر لە زیارەتنامەکانی سەرجەم ئیمامانی شێعە سازدرا، و لە پرسەو سەرخۆشی مەرگی وی یانی خومەینی،بە بێشەرمیەکی لە نەزەر مەزەبی کفرئاوی و لە مەڕ تێگەین و ئاوەزو شعووری ئینسانی ئیستیفراق هێنەر و لە چاوگەی پێناسی فەرهەنگی ئێمە ئێهانە و سخیفگوتن،لە لایان گوندارانی مەزنی دین ئەوها سازدران ودورست کران و بووتێک لە خاوەنی ئەم (مەرقەدەی موتەهەر) لەکێ بەرکیێ دانا، کە هەتا لە پاشکەوتووترین هۆزی ڕەش پێستانی ئەفریقایی یان خۆ جێیی ئوستەرالیایی نموویەکی بۆ وی نەشێیی بدۆزیەوە. ڕەنگە جێیخۆی بێ کە هەتا بە بایی درێژکردنەوەی بابەت،هیندیک نموونە لە بووت تراشییەکانی بێزان وجارزی نواندن و لێوەڕزبوون بگێڕمەوە هاتا منالآکانی ئێمە لە دواڕۆژێکی نزیک یان دوور بزانن وتێبگەن کە میللەتی ئینبی سیناکان و خەیامەکان و مەولەویەکان، لە ئەوسالآنەی کە عیلم و زانیاری بەشەری بەو پەڕی خۆی گەیبوو،چ جۆرە ئاخافتن لە زبانی داواکەرانی نوێنەری خاوەن ئیختیاری خوداوند لە سەرهەرد گوییبیس دەبوو:

((ئەمڕۆ ئیمامی کۆچکەری ئێمە هەڵپەرکی مەلائیکەتانی بەحزوری خۆی پێکهێناوە. ئیمامێک کە پلەوپایەی وی دەبێ تەنیا لەناو لاپەرەی ئایەتەکانی قورئان بدۆزینەوە، چونکە بەر لە سەرهەڵدانی وی، ئێمە قورئانمان هەبوو ونهج البلاغەشمان هەبوو،بەڵام لەڕاستیدا هیچ کاممان نەبوو. ئەو ئیسمی ئەعزەم بوو کە دەرگاکانی گاڵەدراوی دەکردەوە، ئەو ڕۆژی ڕۆشن بوو کەگیانی وەبەرهەمووشت دەهێنا،و ئەو عیسا بوو کە مردووی زیندوو دەکردەوە. ئەو بوو کە بە گۆچانی مووسای کەڕامەتی بەئینسانەکان بەخشی وتێیگەیندن کە بوون بە عەلی هەتا سنووری پاکی پێشوایانی بەرەوپێش چوون خەیال و ئەفسانە نییە. خاوەنی بینین و وشیاری ئاگاداری گروپی نزیک لە خودایان لە نیوچاوانی نوورانی ئەو بینی، و وشەی پاکی قورئانی کەریمیان لە بنەتۆوک دوزیەوە کە ئەو چاندی. ئەم مەرقەدەی پاکژوخاوێنی وی،ئەم ماڵە شەریفەی وی،ئەم شوێنی ممبارکەی وی،ئەو حەوش وحەسار ماڵی مەلکوتی ئەو،لەم ڕۆژە بەدوا سەرینچاوی نوور وحی هەموو موسڵمانان جیهان دەبێت)

((پڕنوورترین هەسارە لە سەردەمی حەزرەتی ئیمامی زەمان هەتا ئەمڕۆ کوژاوەتەوە، وهەڵبژاردەترین نووری ئیلاهی لە ڕووی هەرد بە ڕەحمەتی ئیلاهی لکاوە،بەمجۆرەی کە پێغەمبەری خودا بەڕەحمەتی ئیلاهی لکا بوو)) ئەمڕۆ زەمان لەشوێنی خۆی ڕاوستاوە هەتا دنیا بەرپێی وی بەکڕنۆش وئیحتڕام بچەقێ،و ئاسمان بەخۆی شانازی دەکات کە میوانیکی ئەوهای بۆماڵ هاتووە))
((ئێستا هەموو مەلائیکەلان بەحزووری ئیمامی ئێمە وە ڕەوش کەوتوون و فرشتەکانی خودا بە تەسبیح گوتن لە دەورەی ئەویان کۆزیلەبەستووە،بۆ خۆشی لەناو کۆری ئەنبیاو ئەولیای مەزن دانیشتووە. گومبەزی ممبارەک وپاکژی وی لەمە بەدوا کابەی دوومەی موسڵمانانی دنیا وهاوڕیزی کابەی حەزرەتی ڕەسولْ و پێشەوایان دەبێت، ئێوە کە بەپێی خۆتان بۆ زیارەتی ئەم گڵکۆیەی ممبارەک هاتوون،ئەگەرسەت سال چاوی خۆتان لە ڕیگای خودا ببڕن، ئەوەندە بایەخی نییە کە ئەمڕۆ بەو چاوی خۆتان لە سەرئەومەرقەدە فرمێسک هەڵدەوەرێنن،. چ گرینگایەتی هەیە کە دەست و قاچ و چاوی خۆتان لە شەڕ لە دەست دابیت،ئەوانە هەموو لە بەرامبەر سەعادەتی بوونتان لەم بارەگای موقەدەس بایەخی نییە)). ئەمشەو هەموو پێغەمبەران وهەموو پێشەوایان وهەموو ئەولیایان هاتوون هەتا تۆزی مەرقەدی پاکژو ممبارەکی تۆ وەک تۆتیا لە چاوی خۆیان کەن و بەو کلە چاوی خۆیان بڕیژن و هاواربکەن کە ئەتۆ

بووی کە قورئانت لە هەندەران هێناوە و ئەتۆ بووی کە (حج)ت فیرکردین ، ئەمشەو هەموو هاتوون هەتا لە شوێنی پیرۆزی ڕاژەو ڕوتبەی تۆ سەرلە نوێ لەگەڵ تۆ بەیعەت بکەن))

(( لەدوایی تێپەڕینی چوارده سەده لە دنیای ئیسلام،سەرلە نوێ خودا تاک وتەنیا ببوو، پیویست بوو کە پێغەمبەرێکی دیکە سەرهەڵدا(ظهوربکات) و ئینسانی سەرکێش و لغاو پساندراو،بۆ خودای خۆی بگەڕێنیتەوە، ئەوها بوو کە خومەینی بەگۆچانی موساو نەفەسی عیساو ڕێبەری محەمەد (ظهوری کرد) سەری هەڵدا.))

((پان و بەرینی و بەرفرەوانی گەورەیی و عەزەمەتی گیانی پاک و بی گەردی ئیمام خومەینی لە ڕاستایی دونیا ئەوندە پان بۆتەوە ودنیای تەنێوەتەوە،کە لە مێشک وهزوفکرو زینی بەشەری دا جیێی نابیتەوە. ئەوەی دنیایی وە جۆڵە دەخەست نفسی گەرمی ئەو بوو. خودا مەزن و باری تەعالا بۆ هەڵسوران لە سەردەمێکی سنووردداری مێژوویی و بزوتنەوەی قافڵەو کاروانی گەورەی ئینسانیەت وجودی ممبارەکی حەزرەتی ئیمامی زاهیرکرد. سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندی خەڵکی سەرگۆی زەوی وەدیهاتووە کەناوی سەردەمی خومەینی یە. لەمە بەدوا دنیا لە سەربنەڕەتی ڕێنوێنییەکانی ئەو ئیمامە دەجۆڵیتەوە،چونکە سەردەمی نوێ دنیا دەبی بەدەورانی خومەینی ناو بەرن))

(( سەرجەمی ڕاپەڕینەکان و شۆڕشەکانی موسڵمانان ڕیشەی لە هزوفکری بەرزو بە بایەخی ئیمام خومەینی هەبووە. فەرهەنگی ئێمام ئێستا لە سەرجەمی دنیا ڕایاڵوویۆی تەنێوە. لەکۆی فیلۆسۆفان وفرەزانایان و خوداناسان و عارفانی ئیسلامی کە ئاوازەی ئەوینیان داوە،لە سەدەی هەنۆکەی ئێمە،ئێمام خومەینی یە،کە لیوی بە ئاخافتنی شەکەرین کردوە))

((ئەی تالی تەلوی بێتاوان وقەت گوناح نەکردوو،ئەی بەرزترینی ئینسانەکان لە سەردەمی ون بوونی حەزرەتی مێهدی، ئەی دەلیل و بەلگەی ئایەی(ولقد کرمنابنی آدم)ئەتۆ بووی کە لە سەرەتای مێژووی هەژدیهای شەرک وکفرت لە هەرجل وبەرگیک سەرنخون کرد. ئەتۆ بووی کە لە بیت المقدس بە بەرزایی خاچ ڕۆیشتی کە عیسایان لە سەلیب دا،ئەتووی کە سەرەتایی هەموو سەرەتایانی،ئەتۆی کە مەلائیکەی الله لە مەدح و تاریفی جەلالت، ماندووشەکەت بوونە، و لە بەرانبەری ڕازانەوەی گەورەییت نوێژی کرنوشیان کرد))

خەڵک نەیانزانی کە ئەتۆ رووحی خودا بووی و لە سەرهەرد زاهیر(متنزل) بووی هەتا ئینسانەکان بتوانن ئەتۆ ببینن. کەڕامەتی تۆ ئەمە بوو کە خۆت لە بەرزایی کەهکەشانەکان تەواو هەتا نەهەمی ژێروە هێنایە خوار، هەتا جاهل ونەزانیش بتوانن لەگەڵ تۆ دانیشن و قسەبکەن وگوێبیسی فەرمایشەکانی تۆ بن... ئەتۆ نووری بێ شک و شوبهەی حەزرەتی بارەی تەعالا لە سەر هەرد بووی. ئەتۆ قورئانێک بووی کە بە وێنەی ئینسان متنزل ببوە. ئەتۆ مانای( وجعلنا من الماء کلّ شیْئی حی) بووی. خودا فەرمووی کە؛ (یسئلونک عن الروح،قل الروح من امر ربی))وتۆ هەمان ڕوحی خدا بووی کە بە هاتنت ئەم راستییە مانای پەیدا کرد... ئەگەر بۆ "مەکە" بچی حەج شکۆ وەدەست دێنێ، و ئەگەر لە نیوەی ڕێگا بگەڕیەوە زەمینی "مەکە" شایەدی دەدا،کە ئەوساڵ حەج نەبوو،و هیچ کەسێک ئحیرامی نەبەست(یانی بە نیازی ناوحەرم فۆتەی حاجیان لە خۆ نەبەست) وحەجی نەکرد،وەک ئەوەی کە حەج لە شوێنی خۆی تەلاسابوو،ڕوویی و مهاجرەتی کرد))

ئەوقسەکفرانە لەدەمی ئەم ئاخوندانە دەرچووە:

1-سیدعلی خامنەای،ولی فقیەجمهوری اسلامی،14ی خرداد 1368.
2-بیانیە مشترک رئیس جمهوری،رئیس مجلس شوورای اسلامی،رئیس هیئت دەولت ورئیس دیوان عالی کشور،14خرداد 1368.
3-بیانە هیئت وزیران جمهوری اسلامی،14 خرداد 1368.
4- سیدعلی خامنەای،درمراسم چهلمین روز درگذشت خمینی،22تیر.1368
5-کیهان تهران،21خرداد 1368.
6-موسوی اردبیلی رئیس دیوان عالی کشور.23 تیر.1368
7-هاشمی رفسنجانی درجلسە فوق العادە مجلس شورای اسلامی،18 خرداد 1368.
8-کروبی،رئیس مجلس شورای اسلامی،18خرداد 1368.
9-اطلاعات،14 خرداد 1369.

دەجا بۆ پێگەندن وکامڵکردنی ئەم بووت پەرستییە،بیست ساڵ بەرێ بە گەنجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێمەلە کتابی(( فەرهەنگی ئیسلامی و ڕێنوێنی دینی))ساڵ سێهەم و چوارەمی قوتابخانەکان فیرکراون کە: (( ئیمام کەسێکە کە خوداوەند ئەوی بۆ ویلایەت بە خەڵک هەڵبژاردوە و پێغەمبەر بە ئەمری خودا ڕێبەری و سەرپەرشتی ئۆمەتی ئیسلامی بە وی ئەسپاردوە، چونکە ئەویش وەکوو خودی پێغەمبەر گوناح ناکات و هەڵەی نییە،هەموو دانیش و زانیاری و عیلمەکانی بە وی داوە و وەک پێغەمبەر ڕێبەریکی کامڵ وبێ کەم وکوریە))

..ولە ڕستەی کەلیماتی کورت ئەو ئیمامەی کە دەبێ ئەوی لە ناو لاپەڕی ئایەکانی قورئان بدۆزینەوە،و زەمان لە شوێنی خۆی ڕادەوەسێ هەتا لە پێش لاقی ئەو ڕاوەستێت،و مەلائیکە بە زکرو مناجات لە دەوری وی کۆزیلە دەبەستن و ئەنبیا و ئەولیاء و پێغەمبەرانی ڕابردوو تۆزی گڵکۆی پاکژو خاوێنی وەک تۆتیا دەچاو خۆیان دەرێژن،و خوداوەند سوپاسی ئەو دەکات کە ئەوی بۆ سەر شوێنی خودایخۆی گەرانۆتەوە، و سەرەتای هەموو سەرەتایانە کە مەلائیکە لە بەرامبەری عەزەمەتی وی نوێژیان دابەستووە،و خەڵک نەیانزانیوە کە ئەو روحی خودا بوو کە بۆ سەرهەرد هاتبوو،هەتا ئینسانەکان بدینێ، و قورئانێک بوو کە بەوێنەی ئینسان هاتبووخوار، مانای ئەمەیە کە: (( پێغەمبەر بۆ ئەمە دێت کە شەڕ بکات و خەڵک بکوژێ. قورئانیش دەڵێت بکوژن و لێدن، زیندانی بکەن. ئەوانەی کە دەڵێن ئیسلام نابێ ئینسان بکوژێت،ئینسانی کەڵەپوک و نەزانن و نەفامن و لە مانای ئیسلام نەگەیون. ڕۆژی خودای ڕۆژێکە کە خودای تەبارەک و تەعالا بۆ تەمبێێ میللەتەکان بوومەلەرزە دەنێرێ،لێمشت دەنێرێ، طۆفان دەنێرێ،شەلاق لە خەلک دەدات کە بفامن و ببن بە ئینسان. یوم اللە ڕۆژێکە کە ئەمیرالمومینین سەلامی خوای لێبێ شمشیردەکێشێ و700کەس لە خوارج یەک بە دوای یەکدا سەردەبڕێت. ڕۆژێکە کە ڕەسوالله یان جێگری وی فەرمان دەدات کە فلان تایفەو هۆز لە ناو بەرن،یان فلان ماڵ ئاگرتێبەردن و بسوتێنن. ئێوە ئاغایانی (علما)بۆچ ئایاتی رەحمەت لە قورئاندا دەخوینەوە و ئایاتی قتاڵ ناخوێننەوە؟ بۆچ لایانێک دەگرن کە بە ئیستلاحی خوتان رەحمەتە؟ ئەمکارە دژای فەرمایشی خودایە،لەو ڕەحمەتانەی کە جاروبار بۆ خوتان دەیکەن دەست هەڵگرن))

## ئیسلام ئەوجۆرەی کە ئەمن تێیدەگەم(2)

ڕاستییەکە ئەمەیە کە سەردەمایەتی دوورودرێژ بەرلەمە کە ماکیاول(پرنس)ی خۆی نووسیبێ،(ماکیاولیسم)نەک تەنیا لە مەکتەبی ئاخوندی ناسراوە، بەڵکوو مەکتەبی (ئاخوندیسم) لە سەربنەڕەتی وی پێکهاتووە- شێکردنەوە: ماکیالیسم سیاسەتێکە کە لە سەربناخەی ئیخلاقی نییە و هەرکردەوەیەک بۆ گەیاندن بە ئامانج پێویست بزانێت دەیکات، دەجا ئاخوند لە وی پەیرەوی دەکات،و--. وئەم پسپۆرەی دەنگینی نموونەی فەرزی،ئیتالیایی سەدەی شانزدەهەم دەیتوانی تەنیا کۆپی لە ئەساسنامەی مەکتەبی ثقەالاسلامەکان و بحرالعلومەکانی سەدەی بەرلە وی بێت:

((ئیخلاق ومەزەب و(تقوێ) یانی ۔بەرماڵ لە سەر ئاوگەڕان و پاریزکار،پاریزکردن لە ئاوی شەوی-کەل و پەلێکن کە دەبێ لە ئەوان کەلک وەرگری،بەلام نابێ ئیجباری و پێویست کردنی ئەوان لە بەرچاوبگری. حەق و قانوون ودەستوراتی قەزائی دەبێ لەگەڵ بریارو ویستی ڕێبەر وەکیەک و بەرابەر بکرین،چونکە ڕێبەر لە شوێنی قانوونە،بەلام بۆ خۆی مەجبوور بە لەبەرچاوگرتنی وی نییە و لەکاتی پیویستی قانوونی دەتوانێ بە پیی بڕیارو مەسڵەحەتی وی روونووس یان دابەش بکرێ. حکومەت لە سەربنچینەی بەرهەم وەرگرتن لە خاڵی کزی خەڵک قایم و ڕاوەستاوە وبەلام نابی لە بیر بەرەینەوە کە ئەم کەسانە بۆ پاراستنی خۆیان لەکەسانی دیکە،دایم و دەرهەم نیازمەندی پاڵپشت بە حکوومەتن. دەسەڵادارانی جڵەو بەدەست چ بۆ نیشاندانی دەسەڵات وچ بۆ پاراستنی قودرەت،دەست لە هەموو کردەوەیەکی ڕیاو فریوکارانەو دۆزو کەڵەک و ئیخفاڵ و تزویرو تەقولب و زورملی وفیڵ وپەیمان شکێنی و خەوش وعەیب وزەدە و شکانی دامو دەستووری ئیخلاقی، و ئەگەر پیویست بوو جنیایەتش ڕەوایە وچ جۆرە کردەوە لەم بەستێنانە بۆ وی یاساخ نییە،بەم مەرجە ئەم شۆڵە بە زیرەنگی و لێزانی ئەنجام بدرێ.

هەڵبەتە زوڵم و جنایەت دەتوانێ تۆمەتدەری ڕیبەرێک بێ،بەڵام لە هەموو بەشەکاندا سەرکەوتوویی دوایین ئەوی لە هەرتۆمەت وەپاڵدانێک بێ تاوان دەکات).

لەدوایی چەند وەبیرهێنانەوەی پێویست وزەروری، ئێستا ئەمن بۆخۆم لەوهەڵگڕانەی کەلە ئیسلامم هەیە،هەڵگڕانێکە کە بەرهەمی موتالای سالیانی درێژی من لە لایەک و هەڵسەنگانەکان وئاکامی وەرگرتنەکانی کەسینی خۆم لەلایەکی دیکەیە،لەحاڵێکدا چەند ڕاستینی کورت و ڕوون نیشاندەدەم هەتا بەویستی گەلێل لەخوێنەرانم،ئەوجۆرەی کەلەسەرەتای کتێب شیم کردۆتەوە،وەڵامم دابێتەوە. لەم پەرسڤ دانەوەدای بێ ئەولا ئەملا(ئەمانەتی کەسم وەرنەگرتووە). ئەوەی وتوومە سرشتیە ئەمە نییە کەگوندارانی هەزاروچوارسەت سالەی دین زوربە بەهۆکاروبەڵگەی بەبرشتی گۆپاڵ،بە وانەی ئیمە،کەکۆچی دوایان کردوە، گوتووە،و ئێستاش لە ناو چواردیواری زیندانی ئیسلامی هەر بەو دەلیل و بەڵگە بەزافتەی گۆپاڵ بە زیندوانی ئیمە دەڵێن. سەرشتیە لەهیچ خوێنەرێک بۆخۆم چاوەنوار ناکەم کەئەوەی کەدیڵێم بەناوی ڕاستینی بێ ئەولا ئەملاقبوڵ بکرێ،چونکە بەپێچەوانەی گوندرانی ویلایەتی فەقییە نە لەگەڵ لاساکەرەوپەیرەوی مقامی اجتهاد- اصطلاح فقه- سەرکارم هەیە،ونە لەگەڵ سەغیرانی مادام العمری،بەلێکدانەوەی دەماوەری شیرازی:
(نەمفتیم نە مدرس نە محتسب نە فقیە).
ئەوهەی لەبەرامبەردەتوانم بەدڵنیایەوە داوای بکەم،ئەمەیە کەلەگەڵ خوێنەرانی ناسراویان نەناسراوی خۆم،لەهەڵویستی ئێرانیەکی سەدەی بیست ویەکەم دەدوێم ولایەنی خۆمیش بەنەسلی سەدەی بیست ویەکەم بەحیساب دێنم نەک ئینسانی سەدەکانی ناوەراستی یان لەسەردەمی جاهیلیەتی عەرەبی. ئەوهەی بۆمن جیی گرینگاتی هەیە ئاگاداری زۆرتری کوڕانی سبەی ئیرانە نەک لێخۆشهاتنی فەزییەنشینان کە نە بۆخۆیان لە سەردەمی مەلاباقرمجلسی هاتوونەدەر، ونە ڕادەی ئاگاداریان لەبحارالانوار وی بەرزتر بووە.

ڕاستینی یەکەم
ئەمەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەی لە سەرتا هەتا ئەمڕۆ،بە شێوەیەکی حیساب کراو گوتراوەو نووسراوە، بە جۆرێکی بەردەوام چەند پات بووتەوە،دینی ئیسلام بەوێنەی ئایینی عەرەبی هاتووە نەک بەشیوەی ئایینی جیهانی،و ڕاسپاردەی خوادا(پێغەمبەر) بانگهێشتنی دینی خۆی وەکوو پیامبەر عەڕەب دەست پیکردوە، نەک وەک پێغەمبەری هەموو دنیا،و راسپاردەیی خۆشی بەناوی پێغەمبەری عەڕەب کۆتایی پێهێناو ڕاگەیاند،نەک بە ناوی پێغەمبەری سەرانسەرگۆی زەوی. ئەوەی پاشان سەبارەت بەجیهانی بوونی دینی وی داواکرا،وەک ئەوەی بەرلە وی سەبارەت بە جیهانی بوونی دینی عیسا داواکرابوو، کە دەستکردوو و بناخەدارێژی هەڵسوڕێنەرانی دوایی ئەو دوو مەزەب بوو، کە لە شوێنێک ئەمپەڕاتوری ڕۆم و لە شوێنی دیکە جێنشینانی پێغەمبەر،یانی خەلیفەکانی ئیسلام بوون.

ڕاستینی مێژوویی ئەمەیە کە لە سەردەرانەی سەرهەڵدانی ئیسلام،سەرجەم سەرزەمینەکانی سوونەتی مەزەبەکانی کۆن،هەڵویستی مەزەبی دیارایکراو ناسراویان هەبوو: بەشی ڕۆمی (بیزانس)ی یەم سەرزەمینانە کەئەمپەڕاتووری ڕۆم کەبۆنموونە نیوی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی لەباوەش دەگرت سەرجەم بەئایینی مەسیحی لکابوون، وبەشی ئێرانی کەشاهەنشاهی ساسانی لەباوەش دەگرت ئایینی زەڕدەشتی هەبوو،وئەم دووە،ئەوئاییانەبوون کەخودی قورئان بەیەکپەرستی بوونیانی دەم پیداهێناوسەلماندنی(سورەی حج،ئایەی 17). تەنیا خەڵکانێک کە لەو دەڤەری بەرفرەوانی دنیا، لە ئاسیای میانە بگرەهەتا قەراخەکانی ئوقیانوسی ئەتلەس،هێشتا لەبووت پەرستی دابوون کە دانیشوانی جزیرەالعرب(وەک دوورگەی عەڕبستان بوون.

بناخەی بوونی ئایینی ئیسلام کە لەم چاخ لاقی لە ئولکە نا،لە سەر ئەمە نهادینەکرا بوو کە ئەم قەومی مشرکیش بە نۆرەی خۆیان بە یەکپەرستی بانگهێشتن بکرێت،و راسپاردەی ئەم شۆلە مەزنە،بە پێی ئەوەی دەیان کەڕەت لە خودی قورئان قۆڵی لە سەرکێشراوە و پێی لە سەرقرساوەو سەلماندراوە بە محەمەد،مرۆڤێک لە قەومی عەڕەب ئەسپێردرا،چونکە قانوونی هاوبەشی هەر سێ ئایینی یەکپەرستی سامی لە سەرئەمە بناخەدانرا بوو کە بۆ ڕێنوێنی هەر قەومێک پێغەمبەرێک لە ناو دانیشتوانی ئەو قەوم بۆ لایان بنێردرێت.

لە نیوان سێ کتێبی ممبارەکی تەورات و ئەنجیل و قورئان،سەلماندنی ئەم ئەسلە کەخودا بۆهەرقومێک پێغەمبەری لەنیوان ئەو قەوم هەڵدەبژێرێت،بەتایبەت لەقورئان دەتوانێ بدۆزیەوە کە لەویدا لە19بابەتی جۆراوجۆر لەسەرئەم قانوونەی گشتی پەنجەڕاداشتراوەو سەلماندویەتی. لایە دوو بابەت چوارچیوەی سنورداری جوغرافیایی ئەم ڕەسالەتەش بەوێنەی(ام القری(مەککە)وسەرزەمینەکانی دەوروپشتی وی)بەروونی وئاشکرایی وبێ پێچ وپەنا

دیاریکراوە. گرینگایەتی ئەم ئاسایە لەرادەیەکدابووە کە بەپەردەلەسەرلابردنی قورئانی خودا بۆ قەومی جندوکەش پێغەمبەری لەکۆی ئەجنە ناردوە،و(ئەگەرقەراربوایە فرشتەکانیش لەسەرهەرد ژیانیان کردبوایە،پێغەمبەری لەناوکۆی مەئیکەکان هەڵدەبژاردو بۆلای دەناردن)

لە پەیوەندی لەگەڵ خودی قورئانیش لەگەلێک شوێن و بابەتی زۆر ئەمەی سەلماندوە کە قورئان بە زوانی عەرەبیەکی رەوان ناردراوە هەتا لێتێگەینی وی بۆ قەومی عەڕەب هاسان بێت،و لە شوێنێک وەبیری هێناوەتەوە کە ئەگەر قورئان بە زوانی عەجەمی نەناردراوە بەم هۆیەبووە کە ئەم کتێبە بۆ عەجەم نییە.

هەموو حەول وتەقەلای محەمەد چ لەسەردەمی "مەککە" وچ لەسەدەمی "مەدینە" سەرتا بەشیوەیەکی ئاشتی وپاشان بەچەکداری،لەم ڕێگادا هەڵسوراوە، کەشوێنەواری شرک لەدوورگەی عەڕەب مەحوکاتەوە ولەجیاتی پەرستنی بووتەکانی 360دانەیی بوتخانەی کابە(کعبە)،دورشمی نوێی(لاالە الاللە)بدەن. کاتێک کەئەم ئامانجە بەدەست بەسەرداگرتنی مەککە بەدەستی موسڵمانان وشکانی بووتەکان کەعبە وسەقامگیربوونی حکومەتی ناوەندی ئیسلامی لەمەدینە دابین کرا،محەمەد لەئاپورەیەکی زۆری دەنگین بە(حجتەالوداع) بەپێی وتارێکی مێژوویی بەوەبیرهێنانەوەی ئەمە(الیوم اکملت لکم دینکم واتممت علیکم نعمتی ورضیت لکم الاسلام دنیا) رەساڵەتی خۆی بەتەوەبوو ڕاگەیاند وبێگومان لەشمشیرکێشیەکانی دواڕۆژ بۆ کامڵ بوونی ئەم ڕەساڵەتە هیچ قسەیەکی نەکرد، لەحالێکدا ئەگەر دەستەبەرێکی یەوها لەسەرشانی وی بوایە نەیدەتوانی لەبابەتی گرینگایەتی کۆمای حجەالوداع نەیدرکینێ وبەناگوتن بمێنێتەوە،هەروەک خودی قورئانیش لەئایەی سێهەمی سوڕەی مائیدە هەر ئەم ناوەرۆکی لە باوەش دایە،نەیدەتوانی بەقۆناخی بە کامل گەیاندن وکۆتایی ئەم ڕاسپێراوەیە، ئامازەیەکی نکردبوایە.

تەنیا لەیەکەمین ساڵەکانی پاش وەفاتی محەمەدە،کەسیسەتەکانی پەلاماروهێرشی خەلیفەکانی ئیسلامی بەپێویستی دەزانی کەلەخودی قورئان شەهادتیک بۆڕاسیراوەی جیهانی وعالەمی ونەک تەنیا عەرەبی نیشان بدرێ هەتا شمشیرکێشەکانی دەروەی سنووری عارەبی لەشەرعیەت پێدانی مەزەبی کەلک لتەنیا لەیەکەمین ساڵەکانی پاش وەفاتی محەمەدە،کەسیسەتەکانی پەلاماروهێرشی خەلیفەکانی ئیسلامی بەپێویستی دەزانی کەلەخودی قورئان شەهادتیک بۆڕاسیراوەی جیهانی وعالەمی ونەک تەنیا عەرەبی نیشان بدرێ هەتا شمشیرکێشەکانی دەروەی سنووری عارەبی لەشەرعیەت پێدانی مەزەبی بهرەوەرگربێت. لەڕیگای ئەم شەعیەت پێدانە،تۆژەران وشیکرەوانی دەمو دەزگای خەلیفەکان بەبەسەرداچوونەوەی زێدەلەشەش هەزارئایەی قورئان لەمەڕ هەشت ئایە لەسوورەکانی فرقان،سبا،انبیاء،آل عمران،نساء،وتۆبەو اعراف وفتح،پەنجە بۆڕیکێش کرد کەلەواندا(نذیراللعالمین) و(کافەللناس) و(رسول اللە الیکم جمیعا) و(دین الحق لیسطرە علی الدین کلەولوکرەالمشرکون) قسەگوتراوە، بەلام تۆژەرانێک کەلەمەڕ لایانی عەرەبی نەک جیهانی راسپێراوەیی(رسالت)ی محمەد سەلماندووە، لەگەڵ کێش وهەلسەنگانی یەکە یەکەی ئەم ئایەتانە،ئامازەکانیان بەتەواوی وسەرجەم بەخودی کۆمەڵگای عەرەبستان یانی لایانەکانی رووتێکەری ڕاستەوخۆی بانگهێشتن بەئیسلامی محەمەد پەیوەندیان زانیوە،نەک بەمانا ومفهومی گشتی کەلەسەردەمی پاوانخوازیەکانی عەڕەب ودوایی وی بەوانیان لێکداوە،سەرنج دان بەمە هەتالەحالاتێکی ئەوهاداش هیچ کام لەوانە مورێکی سپیشیان بۆ بەڵگەی شمشیرکێشانی عەڕەب ماف یان ئەرکی بەسەرداسەپانی ئایینی خۆیان لەڕیگایی زورەملی بەلایناگرانی دینەکانی دیکەی یەکپەرستی هەبووبێ نەدۆزیوەتەوە.

پەندێکی ئورۆپاییە کەجوغرافیا خودا نووسیویە،بەلام مێژوو شەیتان دەینووسێ. لە ئیرانی ئیسلامی ئێمە بە ڕەواڵەت جوغرافیاش وەکوو مێژوو بە دەستی شەیتان نووسراوە، چونکە ئەم سەرزەمینە لە چوارچیوەیەکی جوغرافیایی ڕاسپاردەی پێغەمبەرێک قەراری گرت کە نە بۆ خۆی ئیرانی بوو،نە بەزبانی فارسی دەئاخافت،نە کتێبی بە زوانی فارسی پێبوو،ونە لە راستیدا بۆ خۆشی داوایەکی ئەوهای کردبوو. ئەوانەی لە دوایی ئەو، ئەورەسالەتە لەم بارەوە بۆ وی قائل بوون،عەینەن وەکوو  ئەو گەورەپیاوانی دیکەیان کرد کە مەزنایەتی وسەروەری عەرەبیان لە سەرعەجم و نوکەری وغولامی ئیرانیان لە بەرامبەر ئاغایەتی هۆزەکانی حیجاز و فرۆش وکڕینی ژنان و لاوەکانی ئەم سەر زەمینە لە بازارەکانی عەبد فرۆشانی "مەککە"و"مەدینە"وەڕاست گەرانی وادەی(انماالمومنین اخوە)ی قورئانیان زانیبوو.
ڕەنگە وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵەش پێویست وزەروری بیت کەلەبنەڕەت را ئەم ئایینەی تازونوێ کەبۆ خودی قەومی عەڕەب سەرەتایی گۆڕانکاری وچارەنووس سازبوو بۆ میللەتەکانی خاوەن پێشێنە لەدەرەوەی عەرەبستان کەبۆخۆیان بەئەنقەست لەگەڵ دوو ئایینی یەکپەرستی دیکە،زەردەشتی ومەسیحی،دەژیان شتێکی تازە کەلایانگانی ئەو دوو ئایننە ویکچوی ئەویان لەئایینەکانی خۆیان نەبووبێت،یان لەگەڵ نەبوو. بیروبۆچوون ئاقیدەی ئیسلامیش نەک تەنیا

لەم هەردوو ئایین بوونی هەبوو، بەڵکوو لەسەربنەڕەتی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەتۆژەرانی بەناوبانگ ودەنگینی دوو سەدی رابردووی دنیایی ڕۆژئاوا(کەبۆخۆیان بەگشتی یەهودی یان مەسیحی بوونە)نزیکەی سەرجەم ئاقیدەوبیروبۆچوون پەیوەندار بەژیانی دوایی مردن ورۆژی قیامەت وبەهەشت وجەهەنەم وپردی سیرات وفرشتەکان و شەیتان لەسەردەمی کۆن ودێرینی یەهود لەئاقیدە باوەرەکانی زەردەشتی ئێرانیان وەرگیراوەو ودوایی لەم سەردەمی دیرین بەسەردەمی نوێ وتازە وقورئان ڕێی پەیداکردوە.

## واقعیەتی دووەم:

ئەمە بە پێچەوانەی ئەوەی دەمووەزگای خەلیفەکانی ئیسلامی لە سەردەمی پیرۆزیەکانی عەرەب داوای کرد و هەموو زانایوخان وپسپۆرانی وحدیث نووسان و تۆژەران و لێکۆڵەوران و ئیدیکە پەیوەداران و دەماوەرانی ئەم دەمووەزگایەش سەلماندویانە، ئەو ئیسلامی کە محەمەد دایبەزاند لە هەڵکرانی بنچینەیی خودی ئیسلامی شمشیرنەبوو،بەم بەڵگەیە لە ماوەی سێزدەساڵی سەرتایی بانگهیشتنی ئیسلامی،یانی لە سەردەمێک کە شیوەی دورستکرانی ئیدولوژیکی ئەم ئایینی نوێ بە دەستی خۆدی محەمەدپێشکێش کرا ولە شوێنی نیشاندان و دەربڕین،جۆراو جۆری پرسیارەکان و ڕەخنەلیگرتن و وتوویژو گەلێک لێکۆڵینەو سەنگ وسوژن قەراری گرت و لە هیچ جیگایەک باسێک لە شمشیرکێشان لە قورئان نەهاتەئارا. ئەم ڕاستییە بە ڕوونی لە بەشی مەککەی قورئان کە86سوورە لە سوورەکانی 114دانەی وی و4617ئایە لە ئایاتی 6236دانەی وی(یانی لە هەردوو بابەتی چوارپێنجەم لە سەرجەمی قورئان)دەبەرەخۆی دەگرێ کاردانەوەکەی بدینی.

ئایەکانی پەیکار و دەستکەوت، تەنیا لە سالەکانی مەدینە،یانی لە سەردەمیک کەکۆمەڵگای نوێی ئیسلامی بەئەنقەست بۆ پاراستنی بوونی خۆی لە بەرامبەر شەڕکەرانی قورەیش و لایانگرانی ئەوان دەست بە سازادانی نیزامی خۆی دا و بۆ ناو قورئان ڕێی پەداکرد، بەم بەڵگە ئەم کەڕەت بە پێچەوانەی ئایاتی سەردەمی مەککە،هەریەک لەو ئایانە بەوردی لەگەڵ ڕووداوەکانی دیاریکراو وەکوو شەڕەکان یان پیکهەڵپەرژانی ناوچەیی یان بە سەرداچوونەوەکانی سیاسی یان پیلان و کێشەکانی قەبیلەیی ویان بابەتەکانی سەرجەمی کەسینی و تایبەتی پەیوەندیان هەیە کە لە سەریەک هەموو ئەوان لە لایان خودی تۆژەران ولێکۆڵەرانی قورئان، و لە دەرجەی یەکەم لە لایان تەبەری(طبری) لە تفسیرالکبیر سی جلدی ئەو کە موعتەبەرترین لێکۆڵەر،وەک خۆی بەحیساب دین، بەوێنەی (شانی نزول)ئایەکان دیاریکراون.

بەتەریب وهاورێکی 33ئایەی پەیوەندار بە پەرچەنگ،31 ئایەش لە بەشی مدینەی قورئان لە پەیوەندی لەگەڵ خەزا(جهاد) دەکرێ بدۆزینەوە کە تێکۆشاون هەتا بۆ ئەوان ماناو مەفهومی بەرابەری و هاووەزنی ئایەتەکانی پەرچەنگ،یانی شمشیرکێشانەکانی بۆ هیرشی ئیسلامی قائل بن،بێئەمە هیچ کام لەوانە بە ڕاستی مانایەکی ئەوهان هەبێت،چونکە وشەی "جهاد" لە قورئان هەمێشە بە مەفهومی لۆغەتی ناسراوی وی کە لە"تێکۆشان"ریشە وەردەگرێ لە کارکراوە،بێئەمە ئەم تێکۆشان و حەولدانە زەروری بیت کە ڕیگای شمشیر پەیدا بکات. ڕەنگە ئەو وەبیرهێنانەوە پێویست بێ کە هەتا لە سەردەمی شمشیرکێشانەکانی سەدەی یەکەمی هیجری وشەی "جهاد" بە مانای شەری ممبارک، ئیستلاحێکی نەناسراو بوو،و تەنیا لە دەورانی پەرچەنگەکانی خاچ پەرستی دابوو کە ئەم ئیستلاحە لەلایان موسڵمانان بە وێنەی دورشمێک لە بەرامبەر شەڕی خاچ پەرستان(جنگ صلیبی)دەکارکرا. لەم بەستێنە،باسێکی سەرنج ڕاکێش لە کتێبی(بانگهیشتنی ئیسلام(دعوت اسلامی)"آرنولد" لێکۆڵەری ئینگلیزی سەدەی نۆزدەهەم بەلام بە تایبەت لەکتیبی تازەتری دەتوانین بدۆزینەوە کە چەند پێشتر خاتون "چابی" مامۆستای موتالاکانی ئیسلامی زانستگای پاریس بۆ وی تایبەتمەندو تەرخان کردوە.

## ئیسلام ئەوجۆرەی کەئەمن لێیحالیم(3)

واقعیەتی سێهەم

کە سەرجەمی لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوا لە هەڵسەنگان و لێکدانەوەو شیکردنەوەکانی خۆیان سەلماندویانە،ئەمەیە: کە محەمەد بەرلە مەرگی بێوەختی خۆی، هیچ جۆرە ڕێنوێنی لە بەرنامەکانی دوارۆژ، بۆ جێگرانی خۆی دانەنابوو. گەلیک لە تۆژەران و لێکۆڵەران لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتە، بیروبوو چوونی خۆیان دەربڕیوە، کە بە سەرنج بە پێشبینی واقع بینانەو بەرفرەوانی محەمەد،ئەگەر ئەوها زوو نەمرد بوایە،بە وێچوونیکی زۆر ساڵەکانی دوایی وی،بەر لە هەرشت بەختی قایم بوونی چوارپێچکی حکوومەتی تازەبنیاتی ئیسلامی و پێکهینانی تەشکیلاتی پێوستی سیاسی و ئابووری و مەزەبی یەکەمین دەولەتی ناوەندی مێژووی عەربستان دەکرا،بەڵام بە مردنی بێوەخت،لە هەلوو مەرج و بارو دۆخێک کە هێشتا هیچ کام لە ئامانجەکان جلی کردەوەیان لە بەر نەکردبوو،ئاڵۆزی و بە قینداکەوتنی هەموولانە کە بە(ردە)ناودیربوو لە سەرانسەری جزیرەالعرب هەستاند کە مەوجودیەتی حکوومەتی تازەبنیات نراوی ئیسلامی لە بنچ و ڕیشەوە لە مەترسی خست،و حەول و تەقەلایەکی پێویست و زەروری و خوێناوی لە لایان دەموودەزگای لەرزۆکی خەلیفەکان هۆکاربوو کە دەبوایە بە دواداهاتووی درێژخایەنی وی لە سەرتەواوی مێژووی ئیسلامی پاش محەمەد هەتا دەگاتە ئەمڕۆ قورسایی بکات،چونکە لە دوایی دامرکانی بێبەزو بێڕوحمانەی ئەم یاخیگەری خووخدەی خەلافەت کە هیشتا چ جۆرە شەرعیەت پێدانێکی قبولکراوی نەبوو،خۆی لەگەڵ گرێ کوێرەکانی سەرکوتکراو بەڵام لە ناو نەچوو سارا نشینانی تووڕەو تۆسن ڕووبەڕوو دۆزیەوە کە دەیتوانی هەرچرکە سەرهەلدانێکی نوێ لە لایان وان وەڕێخات ،و تەنیا ڕیگای چارە کە بۆ نەجات بوون لەوتەنگەژە بەرەو روی خەلافەت بوو، لارێکردنی هەسپی چلیسی شەڕکەرانی تالانکەری ئەم عەرەبی دەشتەکی، بۆ دەرەوەی سنوورەکانی جزیرەاڵعرب بوو.

ئەم ڕاسینیە بۆ مێژوو نووسانی دوێنێ و ئەمڕۆی عەڕەبیش داپۆشراو نەماوەتەوە،کەدەکرێ وەک نموونەیەک لەهەڵکڕانەکانی گشتی ئەوان ئەم بەراوردەو تەخمین وهەڵسەنگانی مێژوونووسێ بەناوبانگی هاوچاخی میسری"حەسەن برایم حەسەن" لەکتبی (مێژووی سیاسی ئیسلام)(کەکەمێک لەدوای بەڵاوبوونەوەی ناوەرۆکی عەرەبی وی بەفارسیش وەرگێڕدراوەتەوە)بگێڕینوە:

((نیشانە جوانی سیاسەتی ئەبووبەکر ئەمە بوو کە عاڕەبی بۆ شەڕەکانی دەرەوە سەرقاڵ وخافڵاند، هەتا سەرکێشی وشەڕانیبوونی ئەوان هۆکاری نیوان ناخۆشی و ناکۆکی و ئاژاوەی ناوخۆنەبێت و بناخەی دەوڵەتی ئیسلامی کە هێشتا بە تەواوی قایم نەبووە سەرنخون نەکات)). لەم بەستێنە،لە وڵاتی خۆمان،نەمڕعەلی دەشتی لە بەراوردەکی کامڵتر لە کتێبی 23سالە نووسیبووی: ((عومەرلەدوایی هەسانەوە لەشەڕ لەگەڵ مورتەدین، لەشکری خۆی سەرنج ڕاکێش بەشکۆیەکی بێ پێشینەکرد،یانی بەئاگاداری بە سروشتی قەومی عەڕەب،شەڕ لەگەڵ ئیران و ڕۆمی کردە زاخاوی مێشکیان،چونکە دەیزانی کە ئەو هۆزانەی عەڕەب لێهاتووی کاسب وکاری زەڕاعەت و بازرگانی وپیشەیان نیەو ناشتوانن ئارام دانیشن و شەڕنەکەن،دەجا هیزی نهێنی لە وجود ئەوندا کۆلاوکەیەکی پێویستە. ئەوان لێهاتووی بە خۆ هەلاگوتن و بەدوای تاڵان و خۆش گوزەرانین، وباشتر ئەمەیە کە سەرنجی ئەم هێزانەی رام نەکراو بۆ ئەولای سنوورەکان ڕەکێش بکرێت و بەم شیوەیە تەماع ونەوسی چلێسی عاڕەب بۆ وەدەست هێنانی سامان و سەروەت ڕەکێشی ئامانجێکی قازانج تیدابووتر وکەم مەترسیتر بکرێ).

لە سەریەک هەموو لێکۆڵەروتۆژەرەکان کە قەیران وگۆڕانکاری مێژوویی ئەم سەردەمیان بەراوردە وتەخمین کردوە(ونموونەیەکی زۆرتان لەم هەلسەنگان و بەراوردە لە لاپەرەکانی ئەم کتیبە خۆێندۆتە)لە سەرئەمە کۆک و هاوبۆچوونن کە هاتنەخواری عاڕەب بۆ دەرەوە لە سنوورەکانی جزیرەالعرب بە پێچەوانەی ئەوەی داواکراوە هۆکاری مەزەبی نەبوو. لە سالەکانی خودی ئێمەش،نووسەری عەرەب(مێژووی ڕەشی ئیسلام) کە پێشدا لەمە لێی ئاخافتین،لەم بارەوە بە سادەیی شایەدی داوە کە(عەرەبەکان چاویان لەبەدەست بەسەرداگرتنی ئیران بوو،چونکە پێغەمبەر لە سەردەمی ژیانی خۆی گەنجەکانی کسڕای بەوان وادەدابوو).

چاخێک کەخەلافەت ڕیگای سەربڕو بێ ئەوملائەملای خۆی لە دنە دانی سارا نەشینیان عەرەب بۆ شەڕەکانی پاوانخوازی و دەستکەوت وەرگرتن لە دەرەوەی عەڕەبستان هەڵبژارد،پێویست بوو کە شەرعیەتی مەزەبی بەم شەڕانە،هەڵکڕاندنێکی تازەی لە قاعیدەو ڕێووشوێنی ئیسلامی بە موسڵمانان پێشکێش کات کە بتوانێ ئەم دڕوشەڕانیانە لە شیوەی تاڵانکردنی سوننەتی بەرێ بێنێتەدەر ولە ئەوان بەڕێوەبردنی ئەرکێکی مەزەبی ساز دات. لە بەڕیوەبردنی بەرنامەیەکی ئەوها بوو کە گەلێک ئایەت لە قورئان لە نەزەر لێکدانەوە وشیکردەوە دەستکاریان

بەسەردا هات. لە لایەکی دیکە لە نیوان زێدەلە (6000)هەزارئایەی قورئان،نزیک بە(5000) ئایەی سەردەمی مە"ککە"ی، وی(کەلەواندا باسێک لە قەتاڵ و شمشیرنەکرابوو) بەتەواوی لەو لا دانران،لە لایەکی دیکە لە نیوان هەزاروچەند ئایە لە ئایەکانی سەردەمی مەدینە تەنیا 33ئایەی هەڵبژاردراو پەیوەند بە قەتاڵ و(9)ئایە پەیوەنە بە دەستکەوت دەستچین کران( لەهەلومەرجێک کەلەخودی قورئان،لەگەلیک ئایە روون کرابووە کەهەموو ئایاتی قورئان بەیەک رادە ئیحتوباربەهرەمەندن، و هیچ ئایە لەمبارەوە لە ویدیکە چاترو لە سەرتر(رجحان)ی نیە)ولەئاکامدا هەرئەو(42)ئائەی هەڵبژاردەش لەچواردیواری(شانی نزول)تابەتی خۆیان(کەتەنیا بەشەڕەکانی سەردەمی خودی پێغەمبەر لەمەدینە پەیوەنداربوو) بۆدەرەوە ناردران هەتابەهەمووسەردەمەکانی دوایی محەمەد وبە سەرزەمینەکانی دەرەوەی جزیرەالعرب ڕەنگ وڕووی گشتی بدرێت.

بەتەریبدانی ئەم دەستکاری حیساب کراو لە ناوەرۆکی ئایات و حوکمەکانی قورئانی و دەستکاریەکانی حیساب کراو وەێکچووش لە هەڵکڕانی قورئانی پەیوەند بەکەسینی وکەسایەتی خودی پێغەمبەری ئیسلام کرا،هەتا ئەم هەڵکڕانانەی بەنووری خۆی لەگەڵ نیازەکانی شمشیرکێشانەکانی خەلافەت بەرابەر بکرێن،چونکە ئەوکەسایەتییەی کە هەتا ئەوسەردەم لە خودی قورئان لە محەمەد نیشاندرابوو بەدەردی ئەم ئیسلامەی سفارشی نەدەخوارد. ئەوجارکەوتنەبەرئەمە کە لەخودی ئەو پێغەمبەرەی بووت شکێن،بووتێکی قەهارتر لەهەموو360بووتی شکاندراوی بووتخانەی مالێ کابە(کعبە)دورست وسازبکرێ،دەجاهەرواشبوو کەلەپێغەمبەرێکی کەبەخۆی دەیانجار سەلماند بووی کەمعجزەیەکی جگە لە خودی قورئان نییە،پێغەمبەریکیان سازدا کە ژمارەی معجزەکانی هەرلەسەدەی دووەمی هیجری لەیەک هەزارزێدەتر بوو ولە سەردەمەکانی دوورتر بە دەستی حەدیس سازانی مەزن لە دنیای شیعەگەری خۆی لە4440دانەدا،ولە ئاکامدا لە سەردەمی خودی ئیمە ئایەتوالله خومەینی ئەم ژمارەیەی لە بنەڕتدا(بێحیساب وبێ ئەژمار)زانی.

بە شیوەیە لەو ڕاسپاردەی خودا کەگووتبووی(نالێم لە عالەمی غەیب باخەبەرم و ئاچەری خزێنەکانی خودا لە دەست ئەمن دان،چونکە ئەگەر قودرەتی غەیبم هەبوایە لە وی بە قازانجی خۆم بەرهەم وەردەگرت و بارهەڵگری ئەو هەموو رەنج وکوێرەوەری و خەسارە نەدەبووم)) پێغەمبەریک دورست کرا، کە نەک تەنیا بۆ خۆی لە مەڕسەرجەم هەوەڵ ودوایین ئاگاداربوو،بەڵکوو ئەم عیلم لدنی لە ناو پێستی گای بۆ ئیمامەکانی شیعەی بەمیرات هێشتبۆوە هەتا لە هەرئیمامێک بۆ ئیمامی دوایی وی دەستاو دەستی پێبکرێ،و لەگەڵ وی لە پێغەمبەریک کە خۆی بە ئینسانێکی تاوان لێواقع بوو(جایزالخطا) وەکوو ئینسانەکانی دیکە زانی بوو،پێغەمبەریک دورست کرا کە نەک تەنیا بۆ خۆی بێتاوان بوو،بەڵکوو ئەم بێتاوانییە دوایی خۆی بە ئیمامانێ دوازدەدانەیی دنیای شیعەگەری دەستاودەست کرا. زنجیرەیەکی بێ سنوور لە چیرۆکەکانی بی سەروبن پەیوەند بەم پێغەمبەرەش سازدرا کە داستانی نامەکانی ناردراوی محەمەد بۆ پاشایانی ئیران و بیزانس و حەبەشە و شکان وچرۆتیک وقەڵشت بردنی تاقی کیسرا لە شەوی لە دایک بوونی وی وکوژانەوەی ئاگردانەکانی فارس لەوشەوی،یەک لەوانن.

ودیسان لە بە ڕێوەبردنی ئەم بەرنامەیە حیساب کرا بوو کەلەدرێژایی 14سەدە،ئەم فرمۆلەی سوننەتی کەشمشیرکێشی عەڕەب لەبەڕێوەبردنی فەرمانی ئیلاهی وڕێنوینی پێغەمبەرەکەی لەگەڵ ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئیسلام لەسەرانسەری گۆی زەوی وتەنیا بەهۆی شەوق وباوەڕی یەکپارچەی جەنگاوەرانی ئیسلام دەست پێکرا وبەوێنەی ئەوها بەردەوام گوترا لەلایان قسەکەرانی دەموودەزگاکانی خەلافەت،ولێکۆڵەروشیکرەوان،مامۆستایانی ئایینی،و مێژووونوسان،وەعزادەر ڕەوزوخوانانی ودەزگاکانی (ئەوان بەسەرجەم شەرعیەتی خۆیان لەم قائیدەو ڕەوشتە وەردەگرت)لەکتێیەکان ولە سەرمەنبەرکان ئەمە لەگوێچکەی جەماوەر چرپاندرا،وسەدە لە دوای سەدە ئەو هێندە ڕیوایەت و حەدیثی(ڕاستی) لەم بەستێنەلە لایان نەقلکەرانی حەدیث و سوننی و شیعە سازدرا و سەلاملە قەولی خوداپێغەمبەر وئیمامانی وی بەپیاوچاک وئیماندارا‌ن تەحویل دران،کە لەبنەڕەتدا فکری شک وگومانیک سەبارەت بەڕاستی ئەم ڕەویش وقاعدانە بەزەینی هیچ موسڵمانێک شوین تیکەرنەبوو،یان ئەگەرشوێن تێکەربوو خۆی لەقۆناخی پرسیارکردن نەگەیی کەدەیتوانی بۆ قسەکری وی تۆمەتی مورتد ومەلعون وکفر لەگەڵ هەموبەدواداهاتنی بەدوادابێنێت.

## راستینی چوارەم:

ئەمەیە کەقانوون بەرزی(انماالمومنون اخوه)کە لە قرآن قسەی لە بارە کراوە،دەمودەست لەگەڵ وەفاتی محەمەد شوێنی خۆی بە قانونێکی ملکەچانەی نویکردنەوەی دوژمنایەتیەکان و کێ بەرکێیەکانی سوننەتی هۆزو و

بنەماڵەکان ئەسپارد کە لە سەردەمی خودی محەممەد بە حاڵی کاتی و ساتی لەو لا دانرابوو،ئاکام ڕەشی نوێکردنی حیسابەکان- کە دوایی کارتێکەری لە سەرجەم مێژوویی 1400ساڵەی ئیسلام هەبوو- حەول و تەقەلای بنی ئومیە بۆ وەدەست هێنانەوەی هەڵکەوتیکی باشقەو بژاردە بوو کە سەرهەڵدانی پێغەمبەری لە نێو بنی هاشم،ئەوی لە دەست ئەوان دەرهێنابوو. ئەم حەول و تەقەلایە لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین،خەلیفەی سێهەمی لە سەرکورسی خەلافت دانا،بەڵام دوایین شەڕی دەسەڵات لە سەردەمی معاویە لە نیوان وی لەگەڵ عەلی وپاشان لەگەڵ حەسەنی کوڕی هەڵایسا، کەگوێزتنەوەی ئیکجارەکی خەلافەت بە بنەماڵەی ئەمەوی ولەگەڵ وی بە گۆڕانکاریەکی بنیاتی ئایینی تازە لە شیوەی مەزەبێک بە کۆنەپەرستێکی تووڕەو دەمارگرژی عەرەبی تەواوبوو.

دابەش بوونی دنیای ئیسلام بە دوو بەشی سوننەو شیعە بەکردەوە لەوکاتی دەستی پێکرد. ئەو دوو بەرەکیە لە ڕاستیدا ڕوو بە ڕوو بوونێکی مەزەبی نەبوو،بەڵکوو لە سەرەتا ڕوو بەڕووەکی سیاسی بوو کە ڕیشەی لەو شەڕی دەسەڵاتی بنی هاشم و بنی ئومیە داهەبوو،وئەگەر دوایی ئێرانییەکان لایانی بنەماڵەی عەلیان گرت بۆ ئەمە بوو کە ئەوانیش دەیانەویست پەرچەنگی خۆیان لەگەڵ خەلافەتی ئەمەوی بە شەرعیەت پێدانی مەزەبی تێکەڵ بکەن. هەموو ئەو سێڵاوانەی خوێن کە لە درێژایی سەدەکان لە شەرەکانی وێرانکەری سوننەو شیعە هاتبووخوار لەو شەڕی قودرەت و دەسەلاتی هۆزەکانی عارەب هەوێنی وەرگرت،هەر وەک سێڵاوی خوێنێک کەلە شەڕەکانی شێوەدڕندانەی کاتولیکەکان و پڕوتستەکانی ئوڕوپایی مەسیحی جاری بوو،ریشەی لە شەڕی دەسەڵات کارگێرانی کلیساکانی لاتینی و ژرمەنی دابوو.

لە دنیایی سوننە لەو سەردەم بنیات نەرانی خەلافەتی ئەمەوی بە دەستی معاویە،حوکمی ناڕەوایی ئیخلاقی و مەزەبی خەلیفەکانی ئیسلام بەگۆڕان ئەم خەلافەتە لە شیوەی هەڵبژاردن بە شیوەی میراتی بە ئیمزاگەیی،چونکە بوونی خەلافەتێکی ئەوها میراتی نەک تەنیا لاڕێبوونی ئاشکرا لە یاسای قورئانی(اکرمکم عندالە اتقکم) بوو،بەڵکوو سەرەتایەک بۆ هاتنە سەرکاری ئەمیرالمومینەکانی ئەوها ئینسان کوژ و فاسید فاسق و فریوکار بوو کە سەرجەمی مێژووی 1400ساڵەی دوایی ئیسلامی هەتا بەکۆتایی گەینی خەلافەتی عوسمان بە شیوەی زنجیرەیەکی جنیایی و ڕەزالەت دەرهێنان،زنجیرەیەک کە چیرۆکی زۆرکورتی ویتان لە پاژی ڕاستەوخۆ،لەم کتێبە خۆێندۆتەوە.

لە فارنای ئەوەی ئاتاج بەهەڵسەنی زێدەو بەرفرەوانتر هەیە- چونکە بە وێنەیەکی گەلێک نزیک لەگەڵ مێژویی ئیسلامی وڵاتی ئیمەپەیوەندی هەیە-ڕاستییەکانی دنیایی شیعەگەرییە کە بەتایبەت چوارسەدەی ڕابردوو ئەم مێژوو لە ژێرتوانایی وهێگن هەموولایانەی ڕابردووە، و ئەمڕۆش ڕادەبوێرێ.

ئایینی شیعەگەری لەگەڵ ئەمە لە بنەڕەت خستنەڕووی شەڕی دەسەڵاتی ناوخۆی عارەب بوو،زۆر زوو لەلایان ئێرانییەکان ڕوخساری روو بەڕوو بوونی سیاسی و فەرهەنگی ئێرانی و عەرەبی بەخۆوەگرت،و لەو ناوەرۆکی نوێ، بەکردەوە بە گوڕانی  کۆپی ئیسلام لە شیوە دورستکردنی کۆمەڵایەتی و مەزەبی ئێرانی ساسانی بوو، کە دوو تایبەتمەندی ئوسولی وی بە میرات بوونی هیمی سەلتەنەت و بەرهەم وەرگرتن پاڵشاکان لە نیعمەتی خوداوەند بوو. ئەم دوو تایبەتمەندی بە وێنەی ئیامەتی میراتی و بەرهەم وەرگرتنی ئیمامان لە بێتاوانی جبلی بێکەموو زیاد بە ئیمامانی شیعە دەستاودەست بوو.

مەکتەبی شێخ بەوڕادە کە لەنەزەرسیاسی لەبەستێنی ئاگاداری وپاراستن لەپێناسی نەتەوەیی ئێرانیەکان لە بەرانبەرتواناخوازی عەرەب جوڵانەوەیەکی لەباروبەکەلک بوو،لەنەزەرمەزەبی شەرعیەتێکی نەبوو،نە لەقورئان بەشیوەیەکی راستەوخۆ یان هەتا ناڕاستەوخۆ بەوی ئاماژەیەک کرابوو،نە وتاری محەمەد لەکۆمەلگای(غدیرخم) لەڕاستیدا حوکم بە دانانی عەلی بەجێگری ئەو هەبوو ونە بەڵگەیەکی قبوڵ لەمەڕ دورستکردنی ئەوداوای دوایی شیعەکان بوونی هەبوو کە محەمەد-لەگەڵ ئەوی لەخودی قورئان امی بوونی وی سەلماند بوو-لەچاخی نزیک لەمەرگ خۆی پێنوس وکاغەزی ویستبوو هەتاعەلی بەجێگری خۆی دیاری بکات. بەم دەلیلە هەر لەوسەرەتا زۆرینەکی زۆر مەزن لەموسلمانان ئەم مەبەست وبڕیاردانەیان تەنیابەباوەری تازەی پێچەوانەی دین هینانەحیساب وئەمڕۆژ لەگەڵ تێپەڕبوونی چوارده سەدە،هەروا ئەوی بەباوڕ بەپیچەوانەی دین لێکدەدەنەوە.

## ئیسلام ئەوەندەی کەئەمن لێیحالّیم(5).

ئەگەرنا ئەو ئاخافتنانەو دەمەلاسکانەی دنیای زێدە لە یک ملیارد کەسی ئیسلامی،لە رێگای زەبرو زۆری و هەوڵ و تەقەلاکانی تروریستی و بۆمب دانانەوەو کوشتاری کوێرانە، هەتا ئیستا نەیانتوانیوە رۆژئاوای زاڵبوونخوازو قازانج ویست لە بەردەوامی رێگای خۆی بگێرنەوە، بە هۆی ئەمە نییە کە گیان بەخشەرانی ئەنجامدانی خۆ کوژی لە دنیای ئیسلامی بە رادەیەکی تەواو نەبووە،یان لە بەرەوپیری مردن دریغ و قسووریان کردوە، بەڵکوو بە هۆی ئەمەیە کە ئەم دنیای دەرگا گاڵەداراو، کە چەندین سەدەیە لە شوێنی خۆی مەنگ راوەستاوە و رێگای بۆ هیچ داهێنانی نوێ و پێشبینی دوارۆژ ناکاتەوە، و شتێکی نییە کە بە ناوی جێگری باشتر لە بەرامبەرڕێکوپێکی هەنۆکەی دنیای پێشکەوتوو، پێشکێش بە دانیشتوانی سەرگۆی زەوی بکات. بناخەدانەرانی ئەم دنیایی ئیسلامی لەمەڕ فەسادی پێشکەوتوویی رۆژئاوا دەپێڤن،بەڵام تەواوی ئەوەهەی بۆ خۆیان لە بەرامبەر ئەوان نیشانی دەدەن لەگەڕانەوە بۆ(سەردەمی زیراوی پێشکەوتووی ئیسلامی)زێدەتر ناڕوات،و ئەم سەردەمی زیراوییەش زێدەلەهەرشتێک، لە هەڵکراندنی ئەوان بە چارشیوی ژنان و بێبەشکردنییان لە تەراز ویەکسانی لەگەڵ پیاوان،یاساکانی بەردەبارو قەساس و دەست و قاچ برین و بێ ریزی لە موسیقی وکوژتنەوەی حەیوانی حەلاڵ و ردێن پانوو درێژو نوێژی هەینی سنورداردەبن،بێئەوەی لەوێدا شوێنێکی زۆر بۆ دەست وێراگەیشتن بە زانیاری پێشکەوتووی دنیای ئەمرۆ- کەلە زۆر بارەوە لەگەڵ سەرجەم قاعیدەکانی ئاسمانی دابین کراو لەلایان مامۆستانی ئایینی هەوسەنگ لەگەڵ شەرع نایتەوە – حیساب کرابێ،و ئەمە لە بارودۆخێکدا کە ئەم دونیای پێشکەوتوو زانیاری پیشکەوتووی، بەهۆی جیاوازی بوون لەگەڵ ئەم قاعیدەیەی(ئاسمانی) داواکاری خودی ئاخوندەکان،توانیویتی کۆت و بەندەکانی خۆی بپسێنێ و رێگا بۆ بە داهێنانی ئاسمانی و زەمینی زۆر بکاتەوە، کە کلیسا و هەموو ئەمانە بەپێچەوانە لەگەڵ ناوەرۆکی کتێبی ئاسمانی زانیبوو،پسپۆرانی دنیای ئیسلامی ئێمە،ئیستاش کردەوەی ئەوان بە دژی ناوەرۆکی کتێبی ئاسمانی دەزانن.

رێگای رزگاری دنیای نەساخ ونەخۆشی ئیسلامی لەمە زێدەترنییە،ئەویش بەرهەم وەرگرتن لەدنیای زانیاری وعلم وزانستی پێشکەتووە،کە دنیای رۆژئاوا لەڕابردوو بەشێکی گرینگی لەوی لە خودی ئەم دنیا دەبەرگرتووە،سەرکەوتن لەوهەوڵ تەقەلایە زیدە لە هەرشتێک پێویستی بەوەیە کە لێروانێنی داب و نەریتی کۆن و دژی گۆرانکاری و مەنگی ئەم دنیای ئیسلامی شوێنی خۆی بەتێکۆشان لە رێگای هاو هەنگاو کردنی خۆی لەگەڵ پێشکەوتوویی و فەرهەنگی بزوێنەورو پێشرەوی دنیای هەزاری سێهەم بسپێرێ. رێگاکەرەوەی گۆرانکاریەکی ئەوها چارەنووس ساز،بێگومان سازمان و بنکەکانی دەمارگرژی ئەخوان المسلمین وفیدائیانی ئیسلامی والقاعیدەو دەیان و سەتانی وەک ئەوان لە ولاتانی ئیسلامی نین،بەڵکوو زانستگاکان و زانایان و روناکبیران و رۆشنفکرانن کە ژمارەیان لە هیچ کام لەو ولاتانە کەم نین،بەڵام سەرجەم دەستیان لە تەنافەکان یان زنجیرەکانی دەمارگرژی و زێدە لە وی لە حیسابەکانی تایبەتی بەرهەم وەرگرانی سونەتی دین بەستراوەتەوە.

راستینی حەوتەم ئەمەیە: کە ئەگەرسەرجەمی چواردە سەدەی مێژوویی ئیسلامی ئیمە،مێژوویی دەستکاریکراو، کە لە خزمەت پاواخوازو تالانچیەکانی عەرەب وتورک و مغول وتاتاری بوو،مێژوویی چوارسەدەی رابردووی ئێمە،یانی سەرەتای سەردەمی سەفەوی هەتا ئەمرۆکە،مێژوویی ئیسلامی دەستکاری کراو لە خزمەت نەیاری نەحس تر لە هەموو ئەو پاوانخوازانە،یانی لەخزمەت پیلانێکی شەیتانی بۆ گۆرانی مللەتێکی سەربڵیند بە کۆمەڵگایەکی هەژار لە سەغیرانی مادام العمری ژێر قەیومایەتی وچەپۆکی شەرعی ئاخوندی هاوەردەو میراتگرانی دوایی ئەوان، و پێکهێنانی هەل ومەرجێک بوو کە ئەم سیستەم ونیزامی داو پەروەری هەتا سەردەمی سەرهەڵدانی ئیمامی زەمان بەردەوام ماوە.

ئەم ئاخوندانەی کە بە بانگهێشتنی(مورشدانی کامل)ی سەفەوی لە سوختەو موستەعیدەکانی خۆیان لە"جبل عام" و"شام" و"بەحریین" و"قەتەر" بۆ ئێران هاتن و بەلێکدانەوەی عەلی شەریعەتی لە حوجرەی فەقێیایەتی خۆی چوونە دەرو لە رەخ پاشاکانی سەفەوی دانیشتن،بۆ خۆیان بەرادەی ئەو مورشیدانەی کامل- ئەگەر نەک زێدەتر لەوان- مامۆستایانی ئەزموون دەری فێڵ و فەندی درۆ و دوو رویی بوون،بەم هۆکارە ئێکجارخێرا یەکییەتی نامبارک لە نێوان ئەو دووە ئیمزاکرا کەیەکێک لەو دوولایان، کورانی شێخ سەفی سوننە مەزەب وسوفی هەواو هەوەسێک بوون کە لە نەکاو بەپێی رەتبە نامەیەکی نەناسراو بە ساداتی خاوەن نەسەب لە رەچەڵەی راستەو خۆی حوسێن کوری عەلی و ئیمام موسێ ناو دیربوون،و دورست لە شوێنی ئەو رێگروجەردانە،خودی ئیمام مێهدی(صاحب الزمان) بۆ دیمانەی

ئەو نەوەی شیخ سەفی هاتوو و شمشیری لە قەدی بەست و ئەوی مەعمور هەڵکردنی بەیداخی شێعە لە سەرانسەری دنیا کردبوو،ولایەکی دیکەپێکهاتنی ئاخوندی هاوردەی "جبل عام" بوو کە ئەوەیش بێ سەرەتا بە جێگری تەواو دەسەلاتی ئەم ئیمام زەمان لە سەرگۆی زەوی سەری هەڵدا ومەعلوومی کرد کە سەردەمێکە بێ ئەوەی بۆ خۆی ئاگای لێ ببێت لەلایان خودا مەعموریەتی بەرێوەبردنی دنیایی ئیسلامی پێ ئەسپاردراوە. هەڵبەتە ئەم ئاخوندە نە هیچ شتێکی لەئیران ولە پێناسی مێژوویی یان فەرهەنگی وی دەزانی،نە لەزوانی خەڵکەکە،دەگەیی ونە ئیلاقەیەکی بەوخەڵکە هەبوو. ئەو مەعموریەتی لەو بەستێنە هەیبوو لەچوارچیوەی شوێنتیکەری ئەم خەڵکەبوو کە سەردەمێک بەرلەوی لەگەڵ بەڵکەی پتەوی شمشیری قزڵباش هۆگرانی بێ سێوودووی گروپی (ناجیەدوازدەئیمامی) سەریان لە قاوخ دەرهێنابوو

لە بەڕێوەبردنی سناریوی گەڵاڵەکراوی ئەم یەکیەتیەی نامبارەک بوو، کە مرشدکامل،خۆی بە تەنیا غولامی شەرعیەت لەغولامی جێگری تەواو ئیختیاری ئیمامی سەردەم،لە سەرگۆی زەوی بەحیساب هێنا، و جێگری تەواوئیختیاری ئیمامیش لە جیاتی ئەرکی بەرێوەبردنی کارو باری ئەم دنیایە کە بەپیی داوای ئیمامی زەمان لە سەرشان بوو، بە سەرنج بە لێوەشاویی تەواوی شەرعی وعرفی مرشدکامل بە وی ئەسپارد. هەڵبەتە ئەم مرشدی کامل هەرئەو سوڵتانی ئیسلام پەنایە بوو کە هێنیدک بەرلە وی لەکاتی پەنابەری وەلێعهدی عوسمانی بۆ وڵاتەکەی،بەبارمەتەی سویند بە قورئان دەستەبەرببوو کە بە هیچ شیوە،ئەو پەنابەری بە باوکی، کە نیازی کوشتنی وی بوو، تەسلیم نەکاتەوە،لەگەل ئەوهەمووە بە وەرگرتنی کۆی زێڕ وزیوی سوڵتانی عوسمانی، ئەو هانا پێدراوە مەزلومەی  بەدەست و پێی گرێدراو بە ناردراوانی باوکی تەحویل داوە، هەتا لە مەیدان شای قەزوین تەنافی لەگەردن بکەن و بیخنکێنن.

مورشدانی کامل دواییش،کەلەسەردەمی شاعەباسی هەوەڵ لەقەبی سەگی بەردەرگای عەلی لەقەبەکانی پێشینی خۆیان زێدەکردو، یەک بە دوای یەکدا هەرلەو جێگری تەواوئیختیاری ئیمام زەمان، بۆ سەلتەنەت کردن لە سەر وڵاتی خۆیان وەکالەتنامەیان وەرگرت،لە بارودۆخێکدا کە سەرجەمی ئەم سەگانی بن سەردەرانەی عەلی باب کوژو دایک کوژو براکوژ وکوڕکوژ ناسران،وهەتا گەلێک لە وان بەهۆی زۆرخوری و ئیسراف لە شەڕاب خواردن و(همجنس بازی) گیانیان لەدست دا. و هەموویان بی تەوفیر فەسادی و گەندەڵی و بەرتیل و فەرق و جیاوازیان لە بەرزترین ئاست و ڕادە لەوڵاتی خۆیان بەڕێوەبرد. بە بەرەکەتی دەسەڵادخوازی زورتری ئەم ئاخوندانەی هاوردە،ڕێووشوێنی کۆنی علم وەدەست هێنان بە تەوای لەوڵات جل و بەرگی کۆکردەوە و شوێنی خۆی بە دوعاکانی جوشن کبیرو جەعفەر طیارو بەفاڵ و ئیستحارە و تەلیسم وجادو جن گرتن ئەسپارد،و لە سەردەمیک کە(فەلسەفی سروشتی) نیوتن و(نقد خرد )کانت و(لێکۆلینەوەی تێگەیینی ئینسانی) لایب نیتن و(دیکسیونر فلسفی) ولتر، لە ئوروپای سەدەی رۆناکبیری بڵاو دەبۆوە،ڕادەی بەرزی علم و زانیاری ئیرانی شیعە لە"بحارالانوار مەلا باقرمجلسی" و گورانی چڕانی(روضتەالشهدای کاشفی)وێوەترنەچوو. هەتا روخانی بی شانازی ئەمپەراتوری بە دەسەلاتی سەفەوی بە دەستی لۆچێک ئەفغانی پێپەتی لە بەردەوامی پیلانگێری ئاخوندەکانی هاوردە کۆتایی پێ نەهینا،چونکە ئەمانەش بۆ سەردەمێکی کورت سەرلە نوێ لە سەردەمی ئاخوند پەروەری قاجارییە، سەریان هەڵدا و ئەوکەڕەت ئەوها لە بەرێوەبردنی سناریوی کۆنە پەرستی و خوێن مژی و چەوساویی خۆیان بەرەوپیش چوون کە لەکۆتایی ئەم سەردەمی کورتی قاجار، مەملەکەتیان بە تەواوی لە سەردەرانەی تێکتەپینی بەدوایی بە دواینی ئینگلیزی داگیرکەر ئەسپارد،هەرچەند کەهەل و مەرجێکی هەڵاواردەیی نیونەتەوەیی هاوهەنگاوی قالووەلای نەتەوەیی موجیزەوارپێشگری لەم روخان وتیکتەپینە کرد ودیسان بەشیوەیەکی موجزە وڵاتی بۆسەردەمێکی چاوەڕوان نەکراو بۆ بەرەوپێشچوون وگوڵکردن برد،هێندەی پێنەچوو کەسێهەمین بەشی سناریوی کۆنەپەرەست وچوساوەیی لەسەرڕا  بۆ بەڕیوەبردن دانرا.

ئەوهەی لەماوەی یەک چوارەم سەدە پێش لەئێران تێدەپەڕێ،ڕەنگە شەرمهێنەرترین ولەعەینی حالدا شەرم هینەرترین کارەساتی سەردەمی 1400ساڵەیە کەلەوڵاتی ئێمە تیپەڕیوە،چونکە ئەم کارەساتە لەساڵەکانی وەک ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم وساڵەکانی سەرەتای هەزارەی سێهەم تێدەپەرێت کەلەواندا ئیدی شوێنێک بۆ بەتڵانی کات نەمابۆوە،ومانینێک کەلەنیوان پاشکەوتویی کاروان لەگەل جلەوداریێش قەروڵانی ئەوان روو دەدات بەسانایی ئیمکانی بۆپڕکردنەوە وقەرەبۆکردنەوەنییە. هەتابەرلەسەردەمی سەفەوی،چلۆنایەتی وناوەرۆکی بەدەنەی مللەتی ئیمە بوو کەزەبری وەدەکەوت وقەواری برینی تێدەکەوت،بەڵامدوایی ئەوسەردەم،ئەمەی تێپەڕدەکات هەوڵ وتەقەلا بۆ لەناوچوونی حەسڵیەتی ئینسانی وشەڕافەت وبوونی ئێرانییە. هەوڵدان وتێکۆشان بۆ گۆڕانی یەکێک

لەکۆنترین ولاتانی پیشکەوتووخولقێنەر ومێژووسازی دنیا بەکۆمەلگایەکی سەغیر ونابالغ، کەئەگەردەستیان لەعەبای خۆیان دایە،مێشکیان لە بن عمامەکانی ئایت واللەکان و حجەالاسلامەکانیان جیگیرکردوە.

نیزامی ویلایەتی فقیە،بەپێچەوانەی داوکاری خۆی لەم بارەوەکە سەری هەودای لە عەرش ئیلاهی و وکالەتنامەی حکومەتی موتڵەقەکەی بە ئیمزاکردنی ئیمان دەبێ بدۆزنەوە،بەلێڕوانینی ڕاستیەکانی مەزەبی نیزامیکە، لە سەرەتا هەتا کۆتایی لە سەردۆزو کەلەک وتەقولب سازدراوە: داودۆزی وتەقلوب لەگەڵ قورئان،دەغلکاری و فێل ونادورستی لەگەڵ ئیمامی زەمان و داو دۆزی و فەندو تەڵەکە، لەگەڵ دانیشتوانی ئێران. ئەو ئیسلامەی نابی محەمەدی کە ئەم نیزامە داواکار بە ئاچەرهەڵگەری ئەوە،نە بێئەولائەملا نابە،نە بێئەولائەملا محەمەدیە،ناوەرۆکی ئیسلامی ویش زۆر زێدەتر لەوەی لە قورئانی محەمەد چوزە وەرگرتبێت، لەئیسلامی دەستکاری کراو چوزەی وەرگرتوو،کە ئەبۆکرو عومەر بە بەژنی ئەمپرالیسمی عەربیان درووو. تازە لە ئێرانی ئێمە،هەر ئەو ئیسلامەی دەستکاری کراویش بەدەستی شاسمایل سەفەوی دیسان دەستی تێوەردرا،هەتا ئەوکەڕەت لە خزمەت پاوانخوازی (مرشدکامل) دەکاربکرێت،و بۆ سێهەمین کەڕەت بە دەستی ئایت الله روح الله خومەینی دەستکاری کرا،هەتا کەل و پەلی دەرچوونی(صدور) ئینقلابی ئیسلامی وی بە(هەموو ولاتانی دنیا )بڕوات. لەم دەستکارییەی سێهەم،خودی ئەوئیمامی زمان، کە لە ئیمزای خۆی روون کردبۆوە کە هەرکەس لە سەردەمی غەیبەتی مەزنی ئەو،داوای دیمانەی بکات،لە بوختانکەرو درۆزنێک زێدەنییە،لەلایان ئەوجێگری خۆی بۆ مەیدانی شەڕ لەگەڵ سەدام عەفلەقی هیندرا و هەتا فەرماندەری لەشکرەکانی ئیسلام بەناو ئەو کرا.

زنجیرەدرۆکانی نیزامی ولایەتی فەقیە هەرلەوسەت رۆژەی کەلە"نۆفل لۆشاتۆی پاریس"دەستیپێکرا وبەپێچەوانەی درۆکانی دیکە کەلەماوەی 1400ساڵی ڕابردوو لە لایان ئیسلام پەنایانی دیکەگوترابووە لە بیرچۆبۆوە،ئەم کەرەت ئەم درۆیانە لە سەرلاپەری ڕۆژنامەکان و لە ئارشیۆکانی رادیو و تەلەڤزیونەکان بۆ پستاوتن لەمێژوو باقی ماوە،بەم لێکدانەوەو شیکردنەوە کە ئەم درۆیانەی وەرگیراو تەنیا بە شێکی گچکە لە چیای درۆی جەمەد بەستوو بوو کە لە سەری لە ئاو وەدەرنابوو،نە ئەو چوارپێنجەمەی یا جارزورتری کێوی سهۆڵبەستوو کە هەر وا لەبن ئاودا ماوەتەوە هەتا ڕۆژێک کە نورەی سەر وەدەرنانی ئەو دەگاتێ.

لەوسەت ڕۆژی ڕابردوو لە"نۆفل شاتۆ" ئایەتوالڵەیەک کەدوایی بەئیمامی پازدەهەمی دنیای شیعەگەری ناوبانگی دەرکرد لەریزی ئەولیاوپیاوچاکان وپێغەمبەران جێی بۆکراوە وقەراری گرت،سەت کەڕەت یانی بەکەمەوە ڕۆژێ جاریک وادەی درۆی دا کەدوایی تاک تاکی ئەودرۆیانە بی هەتا دانەیەک لێدەرهاویشتن وەرگرتەوە. متمانەی داکەلەئیرانی ئیسلامی ئاخوندەکان بۆخۆیان حکوومەت ناکەن وتەنیاچاودێری وڕێنوێنی کەری کارگێران دەبن،وبۆخۆشی لەحکوومەتی ئیسلامی مقامی ڕێبەری ناوێ وتەنیا نخشی ڕێنمونی بەسوکردەگرێ.

## ئیسلام ئایینی سەرگۆزەوی،یان ئایینی عەڕەبی؟ بەشی (2)

لە سوورەی احفاف"هاتوە کەگروپێک لە ئەجنەکان بەگوێبیس بوونی ئاتاتی قورئان مسڵمان بوون و بۆ پڕوپاگەندەی قەومی خۆیان لە نیوان قەومی ئەجنە بۆ لای وان گەرانەوە(احفاف،29و30). لە حەدیسیک لە مێژووی تەبەری هاتوە کە ناوی ئەو ئەجننانەی  کە گوێچکەیان لە وەحی پێغەمبەری بووە(لە یەکەمین سوورەی جن بەوانیان ئاماژەکردوە)حس و مس وشاصره ناسرەو ایناالارد و ابنین و الاقعیم، بوون. ئەمە نیشاندەدا کە دەبێ قەومی جن  ناوەکانیان عەرەبی بن. ئیبنی سینا فیلیسۆفی ئیسلامی بوونی جندوکەی بە ڕاشکاوی و بڕشتەوە لە بنیتات رەت کرددۆتەوە. توژەرانی و روپایی قورئان،سەبارەت بەگوێزتنەوەی ئاقیدی دیکەی خەڕافاتی عاڕەبی جاهیلییەت،یەک لەوانە نەزەرو چاوی پیس وسێحر،لە قورئان بەدورودرێژی لێکۆلێوەتەوەو....لە سوننەتەکانی دیکەی تایبەتمەندکراوەی عەڕەبستانی بەر لە ئیسلام کە ڕاستەوخۆ بۆ ناو قورئان ڕێگای پەیداکردوە، مەسەلەی مانگەکانی حەرام یانی ڕەجب،ذیعقدە،ذیحجە،و محرم، کە هۆزەکانی عەڕەب لە درێژایی ئەوندا دەستەبەر بە دوورە پەرێز لە هەر جۆرە پێکهەڵچوون و

پێکهەڵپرژان و شەڕلە گەڵ یەکتربوون، قورئان ئەویشی بە قانوونێک زانی کە لە ڕۆژی ئەزەڵ لە"لوح محفوظ"ی خودای تاپۆکراوە. و دەبێ هەتا کۆتایی دنیا بەو شێوەی کە هەیە بمێنێتەوە،(تۆبە36)بەم شێوەیە بە لێکدانەوەی سوننەتی تایبەت بە قەومی عەڕەب بەدونیای بەشەریت کردەگشتی،هەرچەندکە بەکردەوە هەتا لە پاوانخوازیەکانی خودی ئیسلامیش ئەم قانوونە لە بەرچاو نەگیرا. لە ئاماژە بەم مەسەلە لە کتێبی 23سالداهاتووە کە( ڕیوو ڕەسمی تایبەتی عەڕەب کە حەرام بوونی چوارمانگی ساڵی بۆ شەر وخوێن ڕشتن بێت، لە قورئان بە قەوارەی ئەسلیکی پەیمان نەشکێنی دنیای سروشتی دەرهێناوە، وەکوو ئەمەیە کە خودایەکی ئەوها،خودای ناوچەیی وتایبەتی جزیەالعربە)
هەرلەوکتێبی 23ساڵ لەمەڕ ئەو پرسیارەش لە پەیوەندی لەگەڵ یەکی دیکە لە ئەسلەکانی دین یانی یاساکانی ڕۆژوو قامکی لە سەرداناوە کە(قانوونی مانگێک لە ساڵ ڕۆژووگرتن،و لەم ماوەیەی تەواوی ڕۆژەکان لە بەیانی هەتا ڕۆژئاوا لە حالێ ڕۆژوو بوندا بە سەرنج بە درێژایی و پانایی جوغرافیایی کورەی هەرد کە لە بازیک لە وڵاتەکان ڕۆژەکان جاروایە خۆی لە 20کات ژمێردەدات وجاریش لە4کات ژمێر زۆرتر درێژترنابێ،و لە مەڵبەندێکیش ڕۆژ هەرئاوا نابێ، نیشاندەدات کە شێوەی ئەم قانوونە تەنیا گووڕەپانی حیجاز لە بەرچاوگیراوە و شارعی ڕۆژوو لە شوێنەکان و ولاتانی دیکەی سەرگۆی زەوی ئاگاداری نەبووە. ئەم وەبیرهێنانەوەی نووسەر بە ئایەی 187 سورەی بقەرە پەیوەندی هەیە، کە لەویدا گوتراوە: (لە شەوی ڕەمەزان ئیجازەتان هەیە کە بخۆن وبنۆشن هەتا ئەوکات کە خەتی سپی ڕۆژ لە ڕەشایی شەو لە بەرەبەیان وەدەر دەکەوێ. لەوکاتی وە هەتا شەو دادێ بەرۆژوو بن) ڕەنگە پێوست بە وەبیرهێنانەوەیەکی زورتری دیکە نەبێ ئەگەر لە جزیرەالعرب درێژایی و کورتایی رۆژەکان لە 12مانگی ساڵدا لە چەند دەقیقە تێپەرناکات،لە ولاتانی وەک ئەسکاندیناوی وسیبری وکانادا درێژیی ڕۆژەکان و شەوەکان بە پیی گۆڕانی وەرزەکان زێدە لە23کات ژمێر هەتا کەمتر لە یەک ساعەت زێدەیان کەم دەبێت،و چونکە لە ساڵی قەمەری کە سالی فەرمی ئیسلامە جێگوڕینی مانگی ڕەمەزان لەگەراندا،هەرچەند ساڵ جارێک مابینی نیوان ئیفتار و بەیان لە بەین دەچێت و لە بەرانبەررۆژ تەقریبەن دەبێتە24ساعەت ولە دەورەیەکی دیکەمابەینی ئیفتارو سیواد دان تەقریبەن شەو ڕۆژەکەیەتی، لە عەوز رۆژ لە ناودەچێت. دیارەکە قانوونێکی ئەوها ئەگەر بۆ جزیرەالعرب قانوونێکی قابلی قبولە،ناتوانی بۆ ئەو بەشانە لەکۆمەڵگای بەشەرییش کە بەشی سەرووی نیوکورەی باشووری یان بەشی خوارەوتری نیوکورەی باکووری ژیان دەکەن، قابلی بەڕیوەچوون بێت.

قاعدەو دەستووری مالی مفت و مەرجانی وەرگرتن،(غنیمەت) یەکێک لەگرینگترین مەسەلەکانی سەردەمی "مەدینە" لە قورئان دا هاتووە، بە تەواوی لاساکردنەوەیە و ڕابردووی بە مفت ئەستاندنی مالێ خۆڕایی و بەلاش لە عەربستانی سەردەمی جەهالەت وەرگیراوە، بەم تەوفیرە کە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد،لە سەردەمی جاهیلییەت،بەشی سەرۆک هۆز لە ماڵی غەنیمەت یەکچوارەم بوو و لە قورئان ئەم بەشە بە یەک پێنچەم کە دەبوایە لەمەڕ پێغەمبەرحیسان کرابوایە کەمبۆتەوە(ئەنفال 1و4و69وفتح 19و21وحشر6و10وممتحنە11).

یەکی دیکە لە ڕێوو ڕەسمی بەرلەئیسلامی عەربستان کە لە ئیسلام پاراستراوە،ڕەسمی"بەیعەتە).
بەیعەت پەیمانیک بوو کەلەنیوان فرمانڕەواو فەرمانبەردەبەسترا ودوومیەکە هەمووئیختیاراتی خۆی بەهەوڵیەکە،دەدا ودەستەبەردەبوو فەرمانی وی چ بەقازنج وچ بەزەرەری بی،قبوڵ بکات ولەگەڵ وی پیکهەڵنەپەڕژێ وبەگژی دانەچێتەوەو لیی ئاڵەدین نەبێتەوە،وشەی بەیعەت(بیعت)بەمانای فرۆشتن ومفهومی وی ئەمەیە کەهەر وەک کڕیاروفرۆشندە بۆ وەرگرتنی کالاوبایی وی دەست لە دەستی یەکتردەنێن لە بەیعەتیش فرماندەرو فەرمانبەر دەست لە دەستی یەکدی دەنێن.

گرینگایەتی ئەم سوننەتەی عەرەبستان بەرلەئیسلام،لە دێنی ئیسلامدا بەرادەیەکە،کە لە قورئان، خوداوەند پەیوەندی خۆی لەگەڵ عەبدەکانی لە سەربناخەی بەیعەت قایم وموحکەم دەکات کەلەرۆژی ئەزەل لەوی وەرگیراوە( کاتیک وەبیرەخۆت بینەوە کە خوداتۆ،لە پشتی منالانی ئادەم نەسلی ئەوانی

وەرگرت ولە ئەوانی پرسیارکرد کە ئاخۆ ئەمن خولقێنەری ئێوەنیم؟(الست بربکم؟) وئەوان گوتیان: بەلێ،ئەمە ئێستا بە پەروەردگاری تۆ شایەدی دەدین هەتا لە ڕۆژی حیساب نەتوانین بلێین کە لە غافلان بوینە)(اعراف،172)وئەم ئاماژەیە بە بیعەتی ڕۆژی بەرێ لە وی بەدوا شوێنێکی مەزنی لە مێژووی عەرفان وتەسەوفی ئیسلامی وەدەست هێناوە.

ئاماژەی مێژویی وجوغرافیایی قورئان بە نوورەی خۆی بە تیکڕایی ڕەنگ و قەلافەتی دیاریکراوی عەرەبیان هەیە و بێگومان لەگەڵ کتێبێک کە بۆ هەموو دانیشتوانی سەرگۆی زەوی نووسرابێ،بەرابەری ناکات. لەم ئاماژەیە،لە هەمان حاڵدا کە مەزنترین هۆزەکانی ئەو سەردەم و(ئەمڕۆ)ی سەرهەرد،وەک دانیشتوانی چین و هند نەدیتو گرتراون و چاوپۆشیان لێکراوە،یانی چ باسیکیان لەمەڕنەکراوە، هەروا لە ئەمپەڕاتوری بەهیزی ڕۆمیش تەنیا جارێک بە وشەی ڕۆم ناوی بردراوە،هۆزەکانی زەرەبینی جزیرەالعرب و ڕووداوەکانی مێژوویی یان ئەفسانەیی پویەندار بە ئەوان بە وردی ناو بردراوەن،کە بۆ نموونە دەتوانین لە (اصحاب الاخدود)،(اصحاب الحجر)، (اصحاب الرس)،(اصحاب الرقیم)،(اصحاب السبت)،(اصحاب الفیل)،( اصحاب المدین)،(اصحاب القریه)،(اصحاب الکهف)،(قوم التبع)،(قوم عاد)،(قوم ثمود(،وهەروا (شعیب)،(صالح)، و(ذوالکفل)ناوبەرین کەهیچ کام لەوانە جگە لە چواردیواری جزیرەالعرب لە هیچ شوێنی عارەب مێژوو جوغرافیایەکیان نەبووە و ئەمڕشۆش نییانە...

تەمەنی 1400سالەی ئیسلام: نووسینی د.شجاع الدین شفا.
وەرگێرانی بەکوردی حامیدرەشیدی زرزا.2009/11/6ی زایینی

...

سەرچاوە: www.peshmergekan.com
20091110